MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزم و ریفراندۆم

ئاسۆ کەریم

هەولێر - 2008



**ناوی کتێب: دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزم و ریفراندۆم**

- نووسینی و ئامادەکردنی: ئاسۆ کەریم
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ( )
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2008
- نرخ: (3000) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (38)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

## ڕوونكردنەوە

خوێنەری بەڕێز، ئەو كۆمەڵە باس و بابەتەی بەردەستت، هەندێكیان خۆم نووسیومن و ئامادەم كردوون، هەندێكیشیان لە ئینگلیزییەوە كردوومنەتە كوردی، بەڵام كەمو زۆر بابەتەكان بەم یان بەو شێوەیە پێوەندییان بە یەكترەوە هەیە. هیڤیا من ئەوە سوودێكیان هەبێ.

# پێرست

پێرست ........ 5
مافی چارەی خۆنووسین، دەستوور و ریفراندەم ........ 7
مافی دەستووریی جیابوونەوە لە تیوریی ........ 73
سیاسی و مێژوودا ........ 73
مافی دەستووریی جودابوونەوە لە تیوریی سیاسیدا ........ 77
دەسەڵات دابەشکردن لەگەڵ کوردی عێراق ........ 137
بینا ((ستراکتور))ی دەوڵەت: فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی ........ 175
دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق و لێبوردنی گشتی ........ 201
سیستەمی دەنگدان بەپێی دەستوور لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا ........ 231
سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ........ 235
17 ساڵ دوای راپەرین: کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی دادپەروەرانەتر هەیە ...... 261
مسألة حق تقرير المصير في كردستان العراق ........ 265

# مافی چارەی خۆنووسین، دەستوور و ریفراندەم(★)

**بەرایی:**

لە نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە، زۆرینەی شەڕو شۆڕەکان، هەم شەڕی ناوەکیی ولاتان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بووە[1] لایەنێکی ئەم شەڕانە، بزووتنەوەی گەل و کەمینەی ستەملێکراوی ناو دەولەتی فرە- نەتەوەن کە داوای جیا- جیایان هەبووەو هەیە: لە مافی کولتووری و ئیداری و ئۆتۆنۆمی و فیدرالییەوە بگرە تا جیابوونەوەو پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ.. لایەنی تری ئەو شەڕانە: حکوومەتانن کە ئەم داخوازییانە بە دژایەتی سەروەریی و یەکێتی خاکی دەولەتەکانیان لێکدەدەنەوە و بەتوندی ئامبازیان دەبنەوە، ئاکام وا کەوتووەتەوە یان ئەوەتا بزووتنەوەکە تێکشکێنراوە وەکو بزاڤی بیافراییەکان لە نایجیریا (1967-1970) یان زەبروزەنگ و یەکدی قڕکردن بەردەوامبووەو پشووی لەبەر هەردوولا بڕیوە وەکو باری باشووری سودان، تامیل لە سری لانکا، Moluccas, Aech لە ئەندەنووسیا، کۆمەڵەکانی Shan, Karen, Karenni, Mon و هی تر لە بۆرما، کورد لە تورکیا.. لەم کێشەو ئاریشانەدا، پێشێلکاری زل و زەقی قانوونی نێودەولەتیی مرۆیی و قانوونی نێودەولەتیی مافەکانی مرۆڤ کراوە و دەکرێ و لە هەندێ باردا، شوێنەواری ئەم



کێشانە تەنیا لە جغزو سنووری دەولەتی دیاریکراو نەماوەتەوەو پەڕیوەتەوە بۆ ئەودیوی سنووری نێودەولەتی و کارەساتی مرۆییان لێکەوتووەتەوەو بووە بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و تەنایی ناوچەو جیهان، ئیدی ئەو دەمە کێشەکە بووە بە کێشەیەکی جیهانی و جێ سەرنجی کۆمەڵی نێودەولەتی بە UN یشەوە و بڕیارگەلی نێودەولەتی بۆ دەرچووە[2].

ئێمە لەم باسەدا، هەوڵدەدەین کە داخوا چارەی خۆنووسین لەم سەردەمەی ئێستادا، کە کۆلۆنیالیزم بەشێوەی کلاسیکی خۆی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە پاکتاو بووە، چ ماناو ناوەڕۆك و ئاقارێکی هەیە؟ ئەو گەلانە کێن کە دەشێن سوود لەم مافە وەربگرن؟ داخوا ئاوات و مافی نەتەوەی بەژمارە کەمتر لە چاو نەتەوەی بالادەست لە دەولەتی فرە نەتەوەدا، چ کۆت و بەندێکی لەسەرە؟ تا چەند گەلی کوردستان لە ناو عیراقدا، دەشێ و دەکارێ بەرخوردار بێ لە مافی چارەی خۆ نووسین؟ بەچ دەستئاوێژ و میکانیزمێکی رەوا دەتوانێ بەپێی ئەم مافە خواست و ویستی خۆی دەربڕێ و باری سیاسی و قانوونی خۆی بڕیار بدا و رێچکەی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی- ئابووری - کولتووری خۆی ببینێەوە. داخوا پەنابردن بۆ ریفراندۆم بۆ زانینی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان و داخوازیی چەسپاندنی بەندێکی قانوونی لە دەستووری عیراقدا کارێکی رەوایە، یان نا؟

باسەکە بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

1- بنەمای قانوونیی چارەی خۆنووسین

2- ناوەڕۆك و ئاقاری مافی چارەی خۆنووسین

3- سوژێتەکانی مافی چارەی خۆنووسین

4- شێوە شیاوەکانی پیڕەوکردنی چارەی خۆنووسین

5- کۆت و بەندەکانی سەر پراکتیزەکردنی چارەی خۆنووسین

6- دەستووری دەولەتان و مافی چارەی خۆنووسین

7- دەستئاوێژەکانی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین

8- دەرەنجام

## یەکەم: بنەمای قانوونیی چارەی خۆنووسین

ئێمە لەم باسەدا شوێنپێی ئەم پرەنسیپە لە باری فیکری و سیاسییەوە هەڵناگرین کە داخوا چۆن لە پرەنسیپێکی ئایدیال و ئاکارەکی و داخوازییەکی سیاسییەوە پەرەی گرتووە و بووە بە مافێکی قانوونیی گەلان بە بچووک و گەورەیانەوە[3].

1–1: لێ جێگیربوونی ئەو پرەنسیپە لە مادده (12) و مادده (55)ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان (1945)[4]، ئەم پرەنسیپەی لە پرەنسیپێکی سیاسییەوە کرد بە پرەنسیپێکی قانوونیی جیهانی[5] و هەم هێمایەکیشە بۆ داننان بەو پرەنسیپە، وەکو دەستناوێژو پرەنسیپێکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتی، چونکە وەکو واقیع سەلماندوویە بە واقیعی عیراقیشەوە کە ئاشتی بەبێ وەدیهێنانی دادپەروەری و وەکیەکی لەنێوان گەلاندا، هەتاسەرو چێ نابێ.

1–2: پاشان ئەم پرەنسیپە لە چەندین دۆکیومێنت و بڕیارگەلی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و را و فەتوای دادگەی دادی نێودەوڵەتی ICJو هی تردا جەختی لەسەر کراوەتەوە وەکو:

1- جاڕنامە لەبارەی سەربەخۆییدان بە گەلان و وڵاتانی کۆلۆنیکراو (بڕیاری 1514ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، خولی 15، 14ی کانوونی یەکەم -1960) [6].

2- جاڕنامەی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین (بڕیاری 1541ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، خولی 15، 15ی کانوونی یەکەم-1960 ).

3- مادده (1)ی هاوبەشی نێوان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان -1966 .[7]



4- جاڕنامە لەبارەی پرەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتی لەمەڕ پێوەندی و هاوکاری دۆستانە لەنێوان دەوڵەتاندا بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیاری 2625ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، خولی 25، 1970).[8]

5- قانوونی کۆتایی هیلسنکی کە کۆنفرەنسی تەنایی و هاوکاری لە ئەورووپا (CSCE) لە 1975 بڕیاری لەبارەوە داوە[9].

6- جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی گەلان کە بە جاڕنامەی جەزایر ناسراوە، تەمووزی 1976 [10] .

7- پەیمانی ئەفریقی لەبارەی مافی مرۆڤ و گەلانەوە 1981 [11].

8- جاڕنامەی ڤیێنا و بەرنامەی کاری ساڵی 1993کە کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پەسندی کردووە[12] و چەندین دۆکیومێنتی تر.

9- هەروا دادگەی دادی نێودەوڵەتی ICJ یش لە چەندین رای راوێژکاری خۆیدا جەختی لەسەر ئەم پرەنسیپە وەکو پرەنسیپێکی پابەندکاری قانوونیی نێودەوڵەتی کردووەتەوە: لە کێشەی نامیبیا،21ی حوزەیرانی 1971 [13]، کێشەی بیابانی رۆژئاوا (16ی ئوکتۆبەری 1975 [14]) کێشەی هەرێمی تیموری رۆژهەڵات (30ی حوزەیرانی 1995، کە بە کێشەی پورتوگال دژی ئوسترالیا ناسراوە)[15].

کەواتە چارەی خۆنووسین، مافێکی قانوونیی بنەڕەتیی گەلانە و سیفەتی بنەمایەکی قانوونیی پابەندکاری Jus cognesی هەیەو دەبێ لە هەموو کاتێکدا دەوڵەتان بێ ئەملاو ئەولا ملی بۆ دانەوێنن و لە هەمانکاتدا بەشێکە لە قانوونی نێودەوڵەتیی عورفی و پێش مەرجیشە بۆ شادبوون بەهەر مافێکی تر کە لە ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە[16]. لەوەش زێتر، دادگەی دادی نێودەوڵەتی و Inter- American Commission on, Human, Rights of the Organization of American States لە چەند کێشەیەکدا پشتیوانیان لەو بۆچوونە کردووە کە پرەنسیپی چارەی خۆنووسین، باری قانوونیی erga omnes ی هەیە، واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی ئەرکێکی پابەندکاری کەوتۆتە ئەستۆ و دەبێ لە هەموو هەلومەرجێکدا لەگەڵ یەکتری ریزی ئەو پرەنسیپە بگرن. [17]

## دووەم: ناوەڕۆک و ئاقاری چارەی خۆنووسین

جەوهەری ئەو دۆکیۆمێنتانەی ئاماژەیان پێکرا ئەوەیە کە هەر گەلێك مافی دیاریکردنی پێناسەی خۆی هەیە. لێ کە ئەم مافە پراکتیزە بکرێ، بەرەنجامی جودا- جودای لێدەکەوێتەوە: لە سەربەخۆیی سیاسییەوە بگرە تا کۆنفیدرالی، فیدرالی، ئۆتۆنۆمی، تێکەڵبوون و بوون بە بەشێك لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەو مانایە، چارەی خۆنووسین، پرۆسەی بواردان و (اختیار)ە choice بە گەل کە داخوا چ هەڵدەبژێرێ و چ هەڵنابژێرێ، لێرەدا ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە هەرچییەك بێت کار لە بوون یان نەبوونی ئەو مافە (مافی چارەی خۆنووسین) ناکات. بەڵام لەعەمەلدا حکوومەتان لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامە شیاوەی کە لەو پرۆسەیە دەکەوێتەوە و لەو داخوازی و دروشمەی بزووتنەوەکانی ئەو گەلانە بەرزی دەکەنەوە، هەڵوێست لە داخوازیی راستەقینەی گەلێك وەردەگرن. وەکو تا ئێستا وابووە، بە زۆری حکوومەتان بەگژ جیابوونەوەو سەربەخۆیی سیاسیی بەشێکی هەرێمەکانیان دادێنەوە و بەتوندی بەرەنگاری دەبنەوە، بەڵام لەڕاست مافی کولتووری و ئیداری و شتی تری لەم بابەتە نەرمترن و تا رادەیەك ئامادەن بکەونە گفتوگۆوە.

ئەوەی تا ئێستا بێنە و بەردەی لەسەر نەماوە سەربەخۆیی سیاسیی تەواوە بۆ گەلانی کۆلۆنیکراو و وڵات داگیرکراو وەکو ئەنجامێکی پەسندکراوی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام سەبارەت ئەو گەلانەی کە ئێستا لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئارادان، ناتەبایی لە رادا هەیە کە داخوا چی بۆ ئەو گەلانە بەڕەوا دەزاندرێ، لەمبارەوە دوو ئاراستە هەن:

1- جیابوونەوەو سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت، یان

2- پێوەندیی فیدرالی و ئۆتۆنۆمی و.. لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتی ئارادا.

بەکورتی تا ئێستا زۆربەی دەوڵەتان، رێکخراوی نێودەوڵەتی و هەندێ لە یاساناسان مافی چارەی خۆنووسینیان بەشێوەیەکی سەرەکی تەنیا بۆ ئەو گەلە بەکۆلۆنیکراوانە بەڕەوا زانیوە کە لەژێر فەرمانڕوایی کۆلۆنیالیی شێوە کلاسیك دابوون لە بابەتی جەزایر و مۆزەمبیق.. ی جاران. لێ دوای دەرچوونی بڕیاری



1514 و 1541ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (1960)، کە کۆلۆنیالیزم نزیکەی لە شەستەکان و حەفتاکاندا پاکتاو بووە و چەند دوورگەیەکی بچووك نەبێ، پێویستییەکی ئەوتۆ بە پراکتیزەکردنی ئەو مافە نەماوە. بەو مانایە ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین بە پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆییدان بە گەلانی بەکۆلونیکراو ببەستینەوە، ئەوا دەکرێ بڵێین ئەو مافە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە دنیای ئەمڕۆ نەماوەو چۆتە مێژووەوە. ئەم لێکدانەوەیە، لێکدانەوەیەکە لە روانگەی دەوڵەتی و لەسەر بنەمای هەرێمایەتی Territorial Approach دامەزراوە و زێتر ئەو وڵاتانەی دوای 1945لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتیندا سەربەخۆییان وەرگرتووە بە ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند، پێی لەسەر دادەگرن. هەرچی ئاڕاستەی بەرانبەرە، لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای گەل People Approach دامەزراوەو لە دیدگای گەل و نەتەوەی بی دەوڵەت Stateless Nations یان نەتەوەگەلی ناو دەوڵەتانی ئارا Nations within States سەرچاوە هەڵدەگرێ، پێیوایە مافی چارەی خۆنووسین، گەل و نەتەوەی لەبابەتی "کورد، باشوورییەکانی سودان، کشمیرییەکان، تیبتەکان، بیافراییەکان، چیچانییەکان، تامیلەکان... "یش دەگرێتەوە. هەروا ئەم ئاراستەی دوایی ئەو راستییەشی لەبەرچاوە کە دوای نەمانی شەڕی سارد، چەندین دەوڵەتی تازە هاتوونەتە ئاراوە: (لاتڤیا، لیتوانیا، ئستونیا، ئەرمەنستان، ئازەربێجان، کازاخستان، تاجیکستان، کیرگیزستان، تورکمانستان، ئۆکراینا، بیلۆرووس، مۆلداڤیا، جۆرجیا، ئۆزبەکستان، ئەریتریا، سلۆڤینیا، کرواتیا، بۆسنیاو هرزەگۆڤین، مەقدۆنیا، کۆماری یۆگۆسلافیای فیدرالی، سلۆفاکیا، چیك، تیمووری رۆژهەڵات) و هیچ کام لەو دەوڵەتانە لە پێشاژۆی کۆلۆنیالی بەشێوەی کلاسیك دانەبوون.

بەهەرحاڵ مافی چارەی خۆنووسین لە رەوتی مێژوویی خۆیدا، هەم لە باری مانا و هەم لەباری ناوەڕۆك و ئاقاری پراکتیزەکردنییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. قانووناسان لەسەر ئەوە هاودەنگن کە چارەی خۆنووسین چ وەکو پرەنسیپێکی

جەوهەری و چ وەکو مافێکی بنەڕەتی لە قانوونی نێودەوڵەتیدا جێگەی خۆی گرتووە[18]، وێرای ئەم جەختکردنەوەیە، لە بەرانبەردا حکوومەتان و سازمانە نێودەوڵەتییە حکوومەتییەکان لە دەرەوەی سیاقی کۆلۆنیالی و بەپێی تێڕوانینی سەرەوە پێیانوایە، پراکتیزەکردنی ئەو مافە هەڕەشە لە سەروەریی و یەکێتیی خاکی وڵاتان دەکا و پشێوی و گرژی و کێشە و نا سەقامگیریی لە سیستەمی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە[19] .ئەگەر پرسەکە بەم شێوەیە بێ، من لەگەڵ ئەو گوتەیە دام کە یاساناسێکی نێودەوڵەتی دەڵێ: "ئەگەر چارەی خۆنووسین، پرەنسیپێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە، چما ئەو پرەنسیپە تەبای هەرێمگەلە بەکۆلۆنیکراوەکانی تر، بەسەر ئاریانای ڕۆژئاوا، تیمووری ڕۆژهەڵات، تیبت، کشمیر و هەرێمگەلی دندا، پەیڕەو ناکرێ"[20] واتە ئەم دووفاقییە لە دیدگاو پراکتیکدا بۆ؟

کەواتە بنەچەکەی ناتەبایی چ لە پراکتیکی نێودەوڵەتی و چ لە راو بۆچوونی یاساناساندا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاودەنگی هەم لەبارەی مانای وشەی "گەل " و هەم مانا و ناوەڕۆکی تێرمی "چارەی خۆنووسین [21]"و هەم جیاوازیی بەرژەوەندیی سیاسیی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتە دەستڕۆیشتووەکان. چونکە لە چەندین وڵاتدا گەل و گروپ و کەمینەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی داخوازیگەلی خۆیان لە ئۆتۆنۆمییەوە بگرە تا جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت، پاساو بە مافی چارەی خۆنووسین دێننەوە. ئەم داخوازیگەلە لە لایەك و نکولیکردنی حکوومەتان لەو مافە لەلایەکی دیکەوە کێشەو هەرای ئیتنی و شەڕو کارەساتی مرۆییان لێکەوتۆتەوە و لەهەندی باریشدا هەڕەشەیان بۆ سەر ئاشتی و تەنایی جیهان دروستکردووە. نموونەی هەرە نزیکیش ڕەوشی دارفورە لە سودان.

نەبوونی پێناسەیەکی گشتگر بۆ چارەی خۆنووسین وایکردووە هەر دەوڵەت و لایەنە بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی راڤەی بکا و لێکی بداتەوە. کەواتە بەشێوەیەکی "ئینتقائی "و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندەکان مامەڵە لەگەڵ چارەی خۆنووسیندا کراوە و لەمبارەوە R. Fursland، نوێنەری بەریتانیا لە لیژنەی سێیەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 12ی ئۆکتۆبەری



1984دا دانی بە پێڕەوکردنی فراوانی مافی چارەی خۆنووسین ناوە و دیاریکردووە کە ئەم مافە [22]:

Is both inalienable and indivisible, it is fundamental to International peace and security, and to the protection of national integrity. As nation- states, all of us have a vital interest, in it, we cannot be selective in its application.

بۆ زێتر روونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو مافە دەگەڕێینەوە سەر پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆکیومێنتەکانی تر:

2–1: ئەم پرەنسیپە وەکو لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە بەشێوەیەکی ئەوتۆیە کە هیچ ئاراستەیەکی تێدا نییە، داخوا گەل peopleچییەو چارەی خۆنووسین چ دەگرێتەوە[23] .لێ لە پراکتیکدا ئەم مافە تەنیا بۆ ئەو هەرێمانەیە کە لە بەشی 12ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەژێر ناوی "الاقاليم المشمولة بالوصاية "Trust territoriesو ئەو هەرێمانەی کە لە بەشی 11ی پەیماندا بەناوی هەرێمگەلی نا- خودموختار non- self-governing territories دانراون، دەستەبەر کراوە. واتە ئەو گەلانەی لە سیاقی غەیرە کۆلۆنیالیدان خراونەتە دەرەوە. بەمانایەکی دی UN لە پراکتیکدا ئەم مافەی لە قەبەڵ هەرێمگەلێکی دیاریکراو کردووە نەك گەلان ئەمەش بەپێچەوانەی سەرەتای دیباجەکەی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

2–2: بڕیاری 1514ی کۆمەڵەی گشتی، مافی چارەی خۆنووسینی بە پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم decolonization-ەوە گرێداوە[24]. لەهەمانکاتدا بڕگە (6)ی هەمان جاڕنامە جەختی لەسەر پرەنسیپی یەکێتیی خاك و سەروەریی دەوڵەتان کردۆتەوە[25]، بڕیاری 1541ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان- یش کە ڕۆژی 15ی کانوونی یەکەم 1960دەرچووە، هەمان زمانی ئەنتی کۆلۆنیالی پێوە دیارە[26] لێ جیاوازی نێوان ئەم دوو بڕیارە لەوەدایە کە بڕیاری 1514 تەنیا یەك

ڕێگاکاری بۆ (الاقاليم المشمولة بالوصاية أو الاقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي، او جميع الاقاليم الاخرى التي لم تنل بعد استقلالها) دیاری کردووە: ئەویش سەربەخۆییە، هەرچی بڕیاری 1541-ە ئەوا سێ ڕێگەی بۆ داناون: دەوڵەتی سەربەخۆ، بەیەکەوە هەڵکردنی ئازادانە لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان تێکەڵبوونی ئازادانە و بوون بە بەشێکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

2–3: ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966)، لە مادده (1)دا، چارەی خۆنووسینی وەکو مافێك بۆ هەموو گەل و تاکێك سەلماندووە و وەکو پێش مەرجی شادبوونیش بە مافەکانی تر. ئەم سەلماندنە تەنیا بە پێڤاژۆی کۆلۆنیالییەوە بەند نییە، چونکە ئەو ڕێککەوتننامەیە موخاتەبەی هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە پەسندیان کردووە و دەبێ ڕێز لەو مافە بگرن چونکە "جێبەجێکردنی ئەو مافە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ زەمانەتی بەکردەوەو ڕێزگرتنی بەکردەوەی مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردن و جێگیرکردنی ئەو مافانە"[27].

2–4: بڕیاری 2625ی ساڵی 1970یش، جغزی مافی چارەی خۆنووسینی فراوانکردووە لە گەلانی کۆلۆنیکراوەوە بۆ ئەو گەلانەش کە لەژێر چەپۆك و کۆنترۆل و چەوساندنەوەی بێگانەدان. لە بابەتی ئاپارتایدی خوارووی ئەفریقیا. ئەم بڕیارە سێ ڕێگەکاری بۆ پراکتیزەکردنی ئەو مافە لە سیاقی کۆلۆنیالیدا داناوە واتە بۆ "الاقاليم المستعمرة او الاقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي": "ويكون انشاء شعب من الشعوب لدولة مستقلة ذات سيادة، او ارتباطه ارتباطا حرا بدولة مستقلة، او اندماجه الحر في هذه الدولة، او اكتسابه اي مركز سياسي يحدده بنفسه اعمالا من جانبه لحقه في تقرير مصيره بنفسه".



سەبارەت بە پێڤاژۆی ناکۆلۆنیالیش ئەوا ئەم بڕیارە وەکو لە بڕگەیەکدا دەڵێ:

"ولا يجوز أن يؤول شيء مما ورد في الفقرات السابقة على أنه يرخص بأي عمل أو يشجع على أي عمل من شأنه أن يمزق أو يخل جزئيا او كليا بالسلامة الاقليمية او الوحدة السياسية للدول المستقلة ذات السيادة التي تلتزم في تصرفاتها مبدأ تساوي الشعوب في حقوقها وحقها في تقرير مصيرها بنفسها الموضح اعلاه والتي لها بالتالي حكومة تمثل شعب الاقليم كله دون تمييز بسبب العنصر او العقيدة او اللون" کەواتە مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی دەوڵەتانی تەرەف لەم ڕێککەوتننامەیە بەستراوەتەوە بە بوونی حکومەتێك کە نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوان بکا بەبێ جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ئیتنی، ڕەگەزو ڕەنگ. بەپێچەوانەی ئەوە بوونی حکوومەتێکی لە بابەتی حکوومەتی صدام حوسێن لە عیراقدا، ئەو مافە بە گەلە چەوساوەکە دەدا کە پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسین بکا. بە زمانێکی نزیك لەم بڕگەیە، لە کۆنفرانسی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1993دا لە ڤیێنا بەستراوە، ئەم بۆچوونە لە پەرەگرافێکدا دووبارە کراوەتەوە کە دەڵێ:

"بەگوێرەی جاڕنامە لەبارەی پرەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتی لەمەڕ پێوەندیی دۆستانەو هاریکاری لەنێوان دەوڵەتاندا و بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم مافی چارەی خۆنووسینە، نابێ وا ڕاڤەو لێکبدرێتەوە کە هان و دنەی کارو کردەی وا بدا، چ بەشێوەیەکی تەواو و چ بە شێوەیەکی پاژەکی، کە ببێ بە مایەی بنکۆڵکردن و لەباربردنی یەکێتیی خاك، یان یەکێتیی سیاسیی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆ و سەروەرانەی کە بەگوێرەی پرەنسیپی وەکیەکی گەلان لە مافەکان و مافی چارەی خۆنووسیندا ڕەوتار دەکەن و حکوومەتێکی وایان هەیە کە نوێنەرایەتی گشت گەلی ئەو خاکە دەکەن بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەك"[28].

دیارە پێموانییە نکوڵی لەوە بکرێ کە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە، ڕێزیان لە پرەنسیپی وەکیەکی گەلانی عیراق

له مافەکانیاندا نەناوەو هەرگیز حکومەتێك نەبووە بەڕاستی نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوان بەبێ جیاوازی بکا، بەڵکە هەمیشە کەمینەیەکی عارەبی سوننە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو سیاسەتێکی ستەمکارانەی دەرهەق بە کورد پەیڕەو دەکردو لەسەردەمی سەدام حوسێندا، کار گەیشتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی جینۆسایدو بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیایی قەدەخەکراوی نێودەوڵەتیش.

بەهەرحاڵ یاساناسان لێکدانەوەی جیا- جیایان بۆ ماناو ناوەڕۆکی چارەی خۆنووسین کردووە، کە بەم شێوەیە پوختی دەکەینەوە(29):

### 1- لێکدانەوەی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، تەنیا هەرێمگەلی کۆلۆنیکراو و داگیرکراو مافی سەربەخۆبوونیان هەیە. بەپێی پرەنسیپی xiی بڕیاری 1541ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست ئەو هەرێمانەیە کە بەشێوەی کلاسیك کۆلۆنیکرابوون بەپێی تیوریی saltwaterی کۆلۆنیالیزم: واتە ئەو هەرێمانەی لە باری جوگرافییەوە لە دەوڵەتی میترۆپۆل (دەوڵەتی بەڕێوەبەر) دوور و لەباری ئیتنی، یان کولتوورییەوە جیان.. پرۆفیسۆر جیمس کراوفۆرد- یش بەم شێوەیە پێناسەی کۆلۆنی دەکات(30):

Colonial territory is a generic term used to refer to geographically separate territories which are dependent upon and subordinate to metropolitan state The united nation charter refers to two classes of such territories: non- self- governing territories and trust territories, dealt with respectively in chapters xi and xii.



### 2- لێکدانەوەی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بێگانە:

واتە نابێ هێزی دەوڵەتێکی بێگانە، خاکی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەروەر داگیر بکا و دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدا، یان پەلامارو هێرشی بکاتە سەر. بەم پێیە ئەو گەلەی وڵاتی داگیرکراو بێ مافی ئازادبوونی لە دەسەڵاتی بێگانە هەیە.

### 3- لێکدانەوەی ناسیۆنالیستی

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە هەر کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی مافی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەیە، یان دەبێ دەسەڵاتی بەسەر زێدو هەرێمی خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئارادا هەبێ. ئەم لێکدانەوەیە بگرەو بەردەی زۆری لەسەرە.

### 4- لێکدانەوەی کۆمافی کەمینە:

واتە کەمینە مافی ئەوەی هەیە پلەیەك لە ئۆتۆنۆمیی کولتووری و سیاسی لە دەوڵەتێکی فرە- نەتەوەدا هەبێ بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هەروەکو لە مادە (27)ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسییەکاندا هاتووە. دیارە یاساناس و لایەنی ئەوتۆ هەن کە نەتەوەی بە ژمارە کەمتر لە نەتەوەی باڵادەستی ناو یەك وڵات، بە کەمینە حیساب دەکەن و هەمان مافیان پێ ڕەوا دەبینن.

### 5- لێکدانەوەی حوکمی دیموکراتی

واتە تەواوی دانیشتوانی ناو چوارچێوەی وڵاتێك مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئارادا دیاری بکەن لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراتییەوە وەکو هەڵبژاردنی ئازادانەو بێگەرد و ناوبەناو، ئازادی بیروڕا و قسەکردن و کۆبوونەوە. واتە چەمکی ڕۆژئاوایی بۆ دیموکراسی بەمانای فەرمانڕوایی زۆرینە بەسەر کەمینەدا. ڕەنگە ئەمە بۆ وڵاتێکی هاوچەشنی

ئیتنی لە بابەتی هۆلەندا لەبار بێ. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، ئەگەر کۆمیونیتەی زۆرینەی باڵادەست (بۆ نموونە عارەب لە عیراقدا لە چاو کورد) دانی بەبوونی کۆمەڵەیەکی ئیتنی بەجیا هەڵکەوتووی (وەکو کورد) نەنا و ڕێگەی بەشداری لە ژیانی دەوڵەتدا لێگرت و وەکو هاووڵاتی پلە دوو یان غەوارە و نامۆ مامەڵەی لەتەکدا کرد، ئایا لەباری وادا، ئەو کۆمەڵەی دواییان مافی ئەوەی نییە پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی بکا و جیا ببێتەوەو دەوڵەتی نیشتمانی خۆی لەسەر خاکی خۆی دروست بکا[31]؟ دیارە ناکرێ بڵێین کام لێکدانەوەیان لە هەموان پەسندترەو لەهەموو بارێکدا دەشێ پێڕەو بکرێ، لەبەر ئەوە، پێموایە و دەبێ هەلومەرجی کۆنکرێت و مێژووکردی هەر کێشەیەك و سیاقی جیۆ-سیاسیی و نیزامی دەستووریی ئەو وڵاتەی کێشەکەی بەرەو روو کراوەتەوە و کاودانی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی لەبەرچاو بگیرێ. هەندێ لە یاساناسان دوو روو لە چارەی خۆنووسین لێکدی جیا دەکەنەوە[32]:

**أ- چارەی خۆنووسینی دەرەکی:** External Self - Determination

واتە هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە ئازادانە ستاتۆی سیاسی و پێگەی خۆیان لەڕاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیاری بکەن بەپێی پرەنسیپی وەکیەکی لە مافەکان و بەپشتبەستن بە رزگاربوونی گەلان لە کۆلۆنیالیزم وقەدەخەکردنی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی بێگانە[33]. بەکورتی واتە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. دیارە ئەو مافە تەنیا بۆ ئەو گەلانە بەڕەوا زانراوە کە لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی، یان داگیرکاریی بیانیدان، واتە هەر گەلێك لە هەلومەرجی وادا بێ، مافی سەربەخۆبوون و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بەبێ دەستتێوەردەرانی دەرەکی هەیە. ئەم لایەنە پێوەندیی بە ماددە 2 "7"ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە کە ڕێگەنادا، هیچ دەوڵەتێك دەست لە سەروەری و یەکێتیی خاکی دەوڵەتێکی تر وەربدا. پاشان لە بڕیاری 1514ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جەختی لەسەر کراوەتەوە. وەکو گوتمان ئەم



رووەی مافی چارەی خۆنووسین هەم بەسەر پێڤاژۆی کۆلۆنیالی شێوە کلاسیك (کە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریکای لاتین باو بوو، ئێستا بەکردەوە ئەم شێوەیە دوای پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم بوونێکی ئەوتۆی نەماوە) پەیڕەو دەکرێ و هەم بەسەر بوونی دەسەڵاتی بێگانە لە وڵاتێکی تردا (واتە دەوڵەتێك، دەوڵەتێکی تر بخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە جا چ لە ڕێگەی سەربازی بێ یان ئابووری یان کولتوورییەوە. نموونە: غەزووی عیراق بۆ سەر کوێت لە 2ی ئابی 1990دا، یان وەکو بوونی هێزی سەربازیی سوری لە لوبنان). لەراستیدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەندێ باری ناوازە نەبێ، دەنا لەراست ئەم شێوەی دواییدا خۆی کەڕ کردووەو تەنیاو تەنیا ئەوە چەند پات دەکاتەوە کە گەلان مافی خۆیانە لە ژێر چەپۆکی بێگانە رزگار بن.

**ب- چارەی خۆنووسینی ناوەکی:** Internal Self-Determination

واتە دانیشتوانی ناو دەوڵەتێك مافی ئەوەیان هەیە حکوومەتی خۆیان دیاری بکەن و بەئازادانە ڕێچکەی پەرەسەندنی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بگرنە بەر بەبێ هیچ دەستتێوەردانێکی دەرەکی. لەم سەرچاوەوە دەبێ حکوومەتان نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانی ناو وڵاتەکانیان بکەن بەبێ هیچ فەرق و جیاوازییەك. لێ ئەمە ئاریشەی زۆری دێتە سەر ڕێگا بەتایبەتی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا کە نەتەوەیەکیان کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کردبێ و پێناسەی نەتەوەیی خۆی بە دەوڵەتەوە نابێ. ئیدی لەمەوە زۆرینەی کێشەو هەراو شەڕوشۆری ناوەکیی وڵاتان، لەو سیاسەتی خۆ داسەپاندن وتێبزرکردنی پێناسەی نەتەوەیی کۆمەڵەکانی ترەوە سەرچاوە هەڵدەگرن و بەم یان بەو شێوەیەش داخوازیگەلی ئەو کەمینەو گەلانەش پشت بە پرەنسیپی وەکیەکی گەلان و مافی چارەی خۆنووسین دەبەستن. لێرەش دوو ئاراستە هەن:

1– چارەی خۆنووسینی ناوەکی بەمانای مافی بوونی حکوومەتێکی نمایندەیی[34]:
بەپێی ئەم ئاراستەیە دانیشتوانی دەوڵەتێکی دیاریکراو مافی خۆیانە

حکوومەتێکی نماینده و هەڵبژێردراوی دیموکراتییان هەبێ و لە شوێنەواری بێگانە دوای قۆناخی کۆلۆنیالی رزگاریان ببێ. لە راستیدا ئەگەر مەبەست تەنیا حکوومەتێکی شێوە رۆژئاوایی، بەمانای حکوومەتی زۆرینە بەسەر کەمایەتیدا بێ، ئەوا مەرج نییە مافی کۆمەڵەکانی تر (کە بە ژمارە لە چاو نەتەوەی باڵادەست کەمترن) بپارێزرێ. نموونەی وا هەیە لە دنیادا، کە هەم دیموکراسییان تێدا پەیڕەو دەکرێ و هەم حکوومەت کەم تا زۆر لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دێتە سەرکار کەچی جیاوازیش لەگەڵ کەمینەدا دەکرێ. نموونەی تورکیامان لەبەرچاوە کە کەم تا زۆر هەڵبژاردنی ناو بەناوی ئازادانەی تێدا دەکرێ و بە ئاشتیانە ئەم دەست و ئەودەستی دەسەڵات دەکرێ و ئازادی رۆژنامەگەری و رادەربڕین و کۆڕو کۆبوونەوە هەیە، کەچی لەهەمان کاتدا سیاسەتێکی کەم وێنەی چەوساندنەوەی کوردی تێدا پەیڕەو دەکرێ. لێ دەبێ ئەوەش بگوترێ لە هەندێ وڵاتی وەکو (بەلجیکا، کەنەدا، سویسرا..) رێوشوێنی دەستووری وا پەیڕەو دەکرێ سەبارەت بەدابەشکردنی دەسەڵات و بەشدارییپێکردن کە دەرفەت بە کۆمەڵەکان دەدا پراکتیزەی "سیادە"ی ناوەکی بەسەر هەرێمەکانی خۆیاندا بکەن و رێچکەی پەرەسەندنی ئابووری و کولتووری خۆیان دیاری بکەن. دەکرێ بڵێین لە عیراقدا هەنگاوی سەرەتایی سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات هەڵێنراوەتەوەو گرنگ ئەوەیە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا بچەسپێندرێ.

2 – چارەی خۆنووسین وەکو مافی جیابوونەوە: واتە گەلی بەجیا هەڵکەوتووی ناو دەوڵەتی فرە- نەتەوە، مافی چارەی خۆنووسینی بە مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتیش هەیە[35] وەکو کیوبیکەکان و کورد و تیبیتی و کشمیری و تامیل و چیچانییەکان.. بەڵام دەوڵەتان ئەم ئاراستەیە بە پێشێلکردنی یەکێتیی خاکی دەوڵەت Territorial Integrity و پرەنسیپی Uti Posseditis juris دەزانن[36]. لایەنگرانی جیابوونەوەش دەڵێن: هەم یەکێتیی خاکی دەوڵەت و هەم سنوورو تخوبی دەوڵەتان بەشێوەیەکی



دەسکردو بە ئارەزووی کۆلۆنیالیستان کێشراوە بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوەو کەمینانەی کە لەناو ئەو هەرێمانەدا کۆکراونەتەوە هەروەکو عیراق کە ساڵی 1925 بە بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ویلایەتی موسڵ (واتە کوردستانی باشوور) بەبێ خواست و ئیرادەی دانیشتوانەکەی بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقەوە لکێندرا. بەڵام داخوا هەموو نەتەوەو کەمینەیەکی ناو دەوڵەتی فرە- نەتەوە مافی پێڕەوکردنی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوەیان هەیە، لەمبارەوە هەندێ سیماو خەسڵەت وەکو پاساو بۆ مافی جیابوونەوەی کۆمەڵەیەك دێننەوە[37]:

a) حکوومەتی ناوەندی سیاسەتێکی جیاخوازیی سیستەماتیك، یان زوڵم و زۆرێکی بێ ئەندازە دژی نەتەوەیەکی خۆناس و قەبارە بەرچاوی ناو وڵاتەکەی پێڕەو بکا.

b) بوونی کۆمەڵەیەکی بەجیا هەڵکەوتووی نەتەوەیی لەناو وڵاتێکدا کە لە باری زمان و داوو نەریت و مێژوو کولتوور و بنەچەکەی ئیتنی و.. لە کۆمەڵەکانی تر بەتایبەتی لە کۆمەڵەی سەردەستی ناو وڵاتەکە جیا بێ و لە ناوچەو دەڤەرێکی دیارو بەسەریەکەوە بژی و تێکڕا، یان زۆرینەی هەرە زۆریان لایەنگری جیابوونەوە بکەن.

c) جیابوونەوە وەکو چارەسەرێکی واقیعی و بەکردەوەی کێشەی نێوان هەردوو تەرەف بێت و لەئاکامی لێکجیابوونەوە، ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی کۆن و نوێدا بێتە کایەوە.

d) حکوومەتی ناوەندی رێگەچارەی سات و سەودا لەگەڵ کۆمەڵەی تاییندا رەت بکاتەوە. گریمان ئەم مەرجانەش لە گروپێکدا کۆبوونەوە، لێ هێشتا کۆسپێکی هەرە گرنگی تر لەپێش دەمێنێ، ئەویش دانپێداهێنانی نێودەوڵەتییە بە جیابوونەوەی ئەو گروپەو پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت بە خۆی. بەهەرحاڵ تا ئێستا لەمبارەوە بنەمای پابەندکاری وا لە قانوونی نێودەوڵەتیدا وجودی نییە، کە دەوڵەتان ناچار

بکا دان بە هاتنەگۆڕێی دەوڵەتێکی تازەدا بنێن، لە هەمان کاتیشدا قانوونی نێودەوڵەتی رێگە لە جیابوونەوەش ناگرێ. بەڵام ئەگەر دەوڵەتێك پێشوەختە ددان بە جیابوونەوەی هەرێمێك لە هەرێمەکانی دەوڵەتێکی تردا بنێ، ئەوا بەدەستخستنە ناو کاروباری ئەو دەوڵەتەو پێشێلکردنی قانوونی نێودەوڵەتی حیساب دەکرێ و لە سۆنگەی ئەمەوە بە زۆری دەوڵەتان خۆ لە کردەوەو هەنگاوی وا دەپارێزن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێوەری پەسندکراوی نێودەوڵەتی هەن کە دەبێ لە قەوارەی گەلێکدا هەبن تا ئەم قەوارەیە مافی بوونە دەوڵەتێکی نوێی هەبێ[38]:

1. ئەو گەلە لە هەرێمێکی دیاریکراودا زۆرینەی دانیشتوان بێ .
2. ئەو گەلە دانیشتووی هەمیشەیی ئەو هەرێمە بێ.
3. حکوومەتێکی رێکوپێکی هەبێ کە کاروباری ناوەخۆی ئەو هەرێمە بەڕێوەببات.
4. توانای دروستکردکردنی پێوەندیی هەبێ لەگەڵ دنیای دەرەوەدا.

دادگەی دادی نێودەوڵەتیش هەندێ پێوەری دیکەی بۆ زیاد کردوون:

1. ئەو قەوارەیە ئارەزووی بوونە دەوڵەتی هەبێ.
2. ئاشتی دۆست بێ
3. ئیلتیزامەتەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند بکا
4. توانای جێبەجێکردنی ئەو ئیلیتزاماتانەی هەبێ
5. ئارەزووی جێبەجێکردنی ئەو ئیلیتزاماتانەی هەبێ.

سەرباری هەبوونی هەموو ئەوانە، لە عەمەلدا، مەسەلەی داننان بە هاتنەئارای دەوڵەتێکی نوێ، زێتر مەسەلەیەکی سیاسییە تا قانوونی. ئا لێرەوە پشت وپەنا وەدەستهێنان بەتایبەتی هی پێنج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش مەرجێگی گرنگە بۆ بەردەوامبوونی جیابوونەوەی هەر هەرێمێك و دواتر بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.



بە کورتی دەبینین لێکدانەوەی جیا- جیا و تێکەڵوپێکەلی و نا روونییەك هەیە سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین لە پێڤاژۆی غەیرە- کۆلۆنیالیدا. لێ سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتی تازە دوا بەدوای بەکۆتاهاتنی شەڕی ساردو زێدەبوونی کێشەی ئیتنی لە چەندین جێگەی دنیادا کە هەندێ جار کارەساتی مرۆییان لێکەوتۆتەوە و بوون بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و تەنایی جیهان، وا دەخوازێ چاو بە چەمك و مانا و ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسین بگێڕدرێتەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی، وەکو پارێزەری ئاشتی و تەنایی و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، خۆی ئەم کارە ئەنجامبدا و میکانیزمی کارا بۆ بەپیرەوەچوونی داخوازیگەلی نەتەوە ستەملێکراوەکانی دنیا بدۆزێتەوە.

## سێیەم: سوژێتەکانی مافی چارەی خۆنووسین

کە قسە دێتە سەر سوژێتەکانی مافی چارەی خۆنوسین، ئەم پرسیارە زۆر دووبارە دەبێتەوە کە داخوا بە چ گروپ و کۆمەڵەیەك دەگوترێ گەل people ؟ بەو مانایەی کە چ گروپێ مافی چارەی خۆ نووسینی بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی هەیە؟ تا ئێستا پێناسەیەکی ورد و قانوونی بۆ گەل نەکراوە. واتە شەرت و مەرجی بابەتی وای بۆ دانەندراوە کە لە ڕێگەیانەوە بزاندرێ داخوا ئەم یان ئەو گروپ بە گەل حیساب دێ یان نا؟ ئەگەر وەڵام بە ئەرێ بوو ئەوا ئەو گروپە مافی چارەی خۆنووسینی دەبێ. با لە مادده 1 (2) ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەس پێبکەین. بەرای هەندێ لە یاساناسان ئەم وشەیە هەموو گەلان دەگرێتەوە[39]. بەهەرحاڵ یاساناسان هاودەنگ نین[40]. لەمبارەوە چەندین بۆچوون هەن:

1- گەل: واتە سەرجەم دانیشتوانی ناو سنووری وڵاتێکی سەربەخۆ، یان دانیشتوانی ناو هەرێمێکی کۆلۆنیکراو.

2 - یان هەر گروپە مرۆڤێك کە هەندێ سیفات و سیمای هاوبەشیان هەبێ و خۆیان پێ گەلێکی جیا بێ.

3- گەل هەم بە سەرجەم دانیشتوانی دەوڵەتێك و هەم بە گروپ و کۆمەڵەیەکی ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینی دەگوترێ کە لەناو هەمان دەوڵەتدا دەژین.بەڵای دەوڵەتانیشەوە، گەل بەمانای دانیشتوانی هەرێمێکی دیاریکراو بەکاردەهێندرێ بەجەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی وڵات. بەرای زۆرانەوە ئەم لێتگەیشتنە کورت دێنێ، هەر چەندە لە پراکتیکی نێودەوڵەتیدا مافی چارەی خۆنووسین لەهەندێ باردا بە "گەل"ی واش گوتراوە کە بەشێکە لە دانیشتوانی دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو (فەلەسینییەکان لە ئیسرائیل) و (تیبیتەکان لە چین)، یان پێشتر دەوڵەتی نەبووە وەکو چیك و سلۆفاك، یان بە رەنگی پێست لە گەلی تر جیا کراوەتەوە وەکو رەشپێستەکانی خوارووی ئەفریقیا. هەروا لە ماددەی (1)ی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ



مافە مەدەنی و سیاسییەکان -یش گوتراوە: هەموو گەلان all peoples (لكافة الشعوب الحق في تقرير المصير، ولها، استنادا لهذا الحق، أن تقرر بحرية كيانها السياسي وأن تواصل بحرية نموها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي). جا بۆ ئەوەی بزانین ئەم هەموو گەلان-ە کێ دەگرێتەوە دەبێ لەپێشدا، لە مانای ئاسایی[41] (هەموو گەلان) بگەڕێین. ئەوەتا لە فەرهەنگی Webster بەم شێوەیە پێناسەی " گەل "people کراوە:

The entire body of persons who constitute a community or other group by virtue of a common culture, religion, or the like.

لی مۆدێرنترین پێناسە، ئەو پێناسەیەیە کە ساڵی 1989 لە کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیی کارناسانی UNESCO کراوە سەبارەت بە روونکردنەوەی چەمکەکانی مافی گەلان، ئەم پێناسەیە بە پێناسەی کێربی ناسراوە:

کۆمەڵە مرۆڤێك کە هەموو یان هەندێك لەم سیماو خەسڵەتە هاوبەشانەیان هەبێ:

أ- داوونەریتی مێژوویی هاوبەش: a common historical tradition

ب- پێناسەی رەگەزایەتی یان ئیتنی: racial or ethnic identity

ج- هاوچەشنیی کولتووری: cultural homogeneity

د- یەکێتیی زمان: linguistic unity

هـ- هاوبەندیی ئایینی یان ئایدیۆلۆجی: religious or ideological affinity

و- بەسەریەکەوەبوونی ئەقلیمی territorial connection

ی- ژیانی ئابووریی هاوبەش common economic life

پاشان کارناسانی یۆنسکۆ ئەم خەسڵەتانەشیان بۆ زێدە کردوون: ئەم گروپە، وەکو گشتێ، دەبێ بایی ئەوەندە ئیرادەی هەبێ کە خۆی وەکو گەلێکی جودا بناسێنێ یان ئاگایی بوون بە گەلی تێدا هەبێ، هەروا دەبێ ئەو گەلە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەوتۆ پێکهاتبێ کە مەرج نییە زۆریش بێ، لێ تەنیا گردبوونەوەی چەند کەسێکیش نەبێ لەناو دەوڵەتێکدا. ئیمکانی ئەوەش هەبێ کە ئەم گروپە دام ودەزگا و دامەزراوە، یان دەستئاوێژی دەرپڕینی ئەو خەسڵەتە

هاوبەشانە و ئیرادەی پێناسە و خۆناسینی هەبێ[42]. هەر بەقسەی ئەم کارناسانە مانای ئاسایی "هەموو گەلان": هەموو ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لەژێر سەیتەرەو چەپۆکی کۆلۆنیالی و بیانی دان، یان ئەو گەلانەی کە وڵاتیان داگیرکراوە، یان ئەو گەلە رەسەن و کۆمەڵانەی کە ئەو پێوەرە بەگشتی پەسندکراوانەیان تێدایە کە بۆ دیاریکردنی بوونی گەلێك پێویستە .کەواتە دەکرێ بڵێین ئەو گەلانەی مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە بریتین لە:

1- ئەو گەلانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆو خودان سەروەریان بۆ خۆیان پێکهێناوە، بۆ نموونە وەکو گەلی میسر.

2- ئەو گەلانەی کە سەربەخۆیی و سەروەری خۆیان لەدەست داوە و کار بۆ گەڕاندنەوەی دەکەن. بۆ نموونە وەکو گەلانی کۆمارەکانی بەلتیك لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کە بە نارەوا لە ساڵی 1940دا بە سۆڤیەتەوە لکێندرابوون و لە دوای 1990-ەوە سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتەوە.

3- ئەو گەلانەی کە سەرباری ئەوەی کە دەوڵەتی سەربەخۆو سەروەریان هەیە، لێ حکوومەتە دیکتاتۆریەکانیان رێگەیان لێگرتوون پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسین بکەن.

4- ئەو گەلانەی بەشێکن لە دەوڵەتان، لێ بەشێوەیەکی رەها خۆیان لە توخمەکانی تری ناو دەوڵەتەکە جیا دەکەنەوەو دەیانەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ. بۆ نموونە وەکو کشمیرییەکانی هیند، گەلی باشوری سودان، کورد، بیافراییەکانی نایجیریا، تامیلەکانی سری لانکا.

5- ئەو گەلانەی دەوڵەتی خۆیان بەشێوەیەکی شکلی و بەناو پێکهێناوە لێ بە زەبری هێز لە لایەن دەوڵەتێکی ترەوە کۆنترۆڵ کراوە.

6- ئەو گەلانەی بە خۆیان حوکمی خۆیان ناکەن و هەرێمەکانیان لە لایەن هێزە کۆلۆنیالییەکانەوە بە رێوە دەبردرێ[43]کەواتە ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین بەتەنێ لەقەبەڵ گەلانی کۆلۆنیکراو و داگیرکراو، یان زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتێ، یان دەوڵەت بکرێ، ئەوا ئەو دەمە ئەم مافە، مافێکی شێواوو



نەقوستان دەردەچێ سەبارەت بەو گەل و نەتەوانەی کە بەرچاون لەڕووی ژمارەو جیان لە باری زمان و کولتوورو مێژوو، هەرێمی جوگرافی تایبەت بە خۆیان هەیەو بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان، کۆلۆنیالیستان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە نیشتمان و گەلی تریان لکاندوون. وەکو گەلی کورد. سەرباری ئەم زولمە، لە لایەن نەتەوەی باڵادەستیشەوە هەرەشە لە بوون و پێناسەی نەتەوەییان بکرێ و پێشێلکاریی زلیان دەرهەق کرابێ یان بکرێ (وەکو کردەوە بەدناوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە گەلی کورد لە عیراقدا). لەهەمان کاتیشدا، دیارە ناکرێ هەر کەمینەو دەستەیەکی ئیتنی یان ئایینی بەبێ مەرج داوای پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی بکا، چونکە پراکتیزەکردنی لەم بابەتە ئاکامگەلی نا مەنتیقی و نا عەمەلی لێدەکەوێتەوەو پوترس گالی گوتەنی "هیچ سنوورو رادەیەك بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتان نامێنێ و زۆر بە زەحمەت ئاشتی و تەنایی جیهانی و بەخۆداهاتنی ئابووری مەیسەر دەبن"[44].

بەهەرحاڵ ئەگەر پێناسەی کیربی بکەین بە پێوەر ئەوا گەلی کورد لە عیراقدا، هەموو ئەم سیمایانەی تێدا هەیە کە بە گەل حیساب بکرێ و ئیدی بۆی هەیە مافی چارەی خۆنووسین پەیڕەو بکا. پێموایە پێویست بەوە ناکا لێرە داتا لەبارەی بە گەل بوونی کورد بخەمە روو، چونکە هەم دەستووری کاتی ساڵی 1958 و هەم دەستووری کاتی 1970 و هەم قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بۆ ماوەی گواستنەوە باس لەم راستییە حاشاهەڵنەگرە دەکەن کە کورد نەتەوەیەکی سەرەکییە لە تەك نەتەوەی عەرەبدا لە عیراق[45]. کەواتە چ کۆسپ و لەمپەرێك لەبەردەم کورددا هەیە پراکتیزەی ئەم مافەی خۆی بکات؟

## چوارەم: شێوە شیاوەکانی پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین

بەپێی بڕیاری 1541 و دواتر بڕیاری 2625 ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان: سێ ڕێگە چارە بۆ ئەو هەرێمانە دانراوە کە حوکمڕانیی خۆییان تێدا نەبووە: ويكون انشاء شعب من الشعوب لدولة مستقلة ذات سيادة، او ارتباطه ارتباطا حرا بدولة مستقلة، او اندماجه الحر في هذه الدولة، او اكتسابه اي مركز سياسي يحدده بنفسه اعمالا من جانبه لحقه في تقرير مصيره بنفسه. واتە لە پێشاژۆی کۆلۆنیالی شێوە کلاسیکدا ئەم شێوە شیاوانەی پراکتیزەکردنی چارەی خۆنووسین هەن:

1- ڕزگاربوون و سەربەخۆیی لە فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی یان بیانی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەروەر. لە ساڵی 1945 بەدواوە لە پراکتیکدا سەربەخۆیی کۆلۆنییەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت هەم ئەنجامێکی دڵخوازی UN[46] و هەم لە واقیعیشدا باو بووە و نزیکەی 100 دەوڵەت بەم شێوەیە پەیدابوون.

2- "اندماج "integration یکی ئازادانە لە گەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆدا جا چ لە گەل دەوڵەتی میترۆپۆل بێ و چ لە گەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی تردا وەکو بەشی باکوری هەرێمی کامیرۆن -ی ژێر ڕاسپاردەی بەریتانیا بووە بەشێك لە دەوڵەتی نایجیریا و بەشی باشووریش تیکەڵی کۆماری کامیرۆن بوو.[47]

3- یەکگرتن و پێوەندیکردنی ئازادانەfree association و ڕێکخستنی پێوەندی چ لەگەڵ دەوڵەتی میترۆپۆلدا و وەدەستهێنانی ستاتۆیەکی جیاو کەمتر لە سەربەخۆیی، وەکو پێوەندیی پۆرتریکۆ بە ئەمریکا، پێوەندیی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای هیند بە بەریتانیا، دوورگەکانی Cook و Niueبە نیوزیلاندەوە، یان یەکگرتنی ئازادانە لە گەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی تردا وەکو گرینلاند بە دانیمارك، دوورگەکانی ماریانای باکوور بە ئەمریکاوە، ئاریانای ڕۆژئاوا بە ئەندەنووسیاوە[48].سەبارەت بە پێشاژۆی نا کۆلۆنیالیش هەروەکو لە پێشەوە



ئاماژەمان بۆ کردووە، پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین شێوەی جیا-جیای بە خۆوە گرتووە بە هەردوو ڕووی ئەو مافە: چارەی خۆنووسینی ناوەکی (چ وەکو پاراستنی کۆمافی کولتووری کەمینەکان و بەشداریکردن لە ژیانی گشتی وڵات و چ وەکو ڕێکخستنگەلی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و شتی تری لەم بابەتە..) و چارەی خۆنووسینی دەرەکی (جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەکو جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان، تیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندەنووسیا، ئەریتریا لە ئەتیوبیا..). بە کورتی و بەسەریەکەوە چارەی خۆنووسین ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

a) مافی ڕزگاربوون لەژێر چەپۆك و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی، یان بەپێچەوانەوە مافی مانەوە لەژێر ڕکێفی دەوڵەتی میترۆپۆلدا، ئەگەر ئەم مانەوەیە، ویستی ڕاستەقینەی خەڵکە بندەستەکە بێ لە هەرێمێکی کۆلۆنیالیکراودا، هەروەکو پێوەندیی پۆرتریکۆ بە ئەمریکاوە.

b) مافی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، بەلانی کەمەوە ئەگەر ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئەنجامبدرێ. واتە دەوڵەتگەلێکی نوێ لەسەر خاکی دەوڵەتی کۆن دروست بکرێ. وەکو جیابوونەوەی 3 وڵاتەکەی بەلتیك: لیتوانیا، استونیا، لاتڤیا لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران لە 1991، جیابوونەوەی (11) دەوڵەتی تر: ئەرمەنستان، ئازەربیجان، بیلۆرووس، ئۆکراینا، مۆلداڤیا، ئۆزبەکستان، جۆرجیا، تورکمانستان، کیرگیزستان، تاجیکستان، کازاخستان لە ساڵی 1991 لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، جیابوونەوەی چیك و سلۆڤاکیا 1993)، هەڵوەشانەوەی کۆماری فیدرالیی سۆسیالیستی یۆگۆسلافیا و هاتنەئارای: سلۆڤینیا، کرواتیا، هرزەگۆڤین، مەقدۆنیا، کۆماری فیدرالی یۆگۆسلافیا (سربیا و مۆنتینیگرۆ).

c) مافی جیابوونەوە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تر و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. وەکو جیابوونەوەی سەنگال لە مالی (1960)، سەنگاپورە لە مالیزیا (1965)، بەنگلادیش لە پاکستان (1972- 1974) و جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەتیوبیا (1993).

d) مافی یەکگرتنەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە پێشتر لەت- لەتببوون. وەکو یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەن و هەردوو ئەلمانیا.

e) مافی شادبوون بە خۆ فەرمانڕەواییکردنێکی سنوورداری دەستووری لەچوارچێوەی یەکێتیی خاکی وڵاتدا و رازیبوون بە ستاتۆیەکی قانوونی - سیاسیی کەمتر لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ ئەو کۆڕو کۆمەڵانەی کە لە هەرێمێکی دیاریکراوی دەوڵەتێکدان و پێوەندیگەلی هاوبەشی ئیتنی و داوو نەریتی مێژوویی و زمان و ئایین کۆیان دەکاتەوە.. ئەمە لە چەندین وڵاتی دنیادا پەیڕەوی لێکراوەو دەکرێ. بۆ ئەمەش یان ئەوەتا لە وڵاتدا ریفۆرمی دەستووری دەکرێ، یان دەوڵەت ناچار دەبێ لەژێر فشاری نێودەوڵەتی، ریفۆرم لە دەستووری خۆی دا بکا (وەکو تورکیا خەریکە لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەورووپی بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا ریفۆرم لە دەستووری ناوخۆی وڵاتەکەی دەکا)، کە هەندێ دەسەڵات لەسەر ئاستی ناوچەیی و لۆکال بە ئوستان و هەرێمەکان بداو جۆری لە نا- مەرکەزییەت بێتە گۆڕێ: ئەمە رێوشوێنی ئۆتۆنۆمی، فیدرالی و.. دەگرێتەوە: نموونە کەنەدا، ئیسپانیا، بریتانیا، فیجی، سریلانکا، هیند، بۆرما و ئێستای عیراق دوای رووخانی سەدام حوسێن و پەسندکردنی (قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گواستنەوە لە 2004/3/8.)

f) کەمینە لەناو چوارچێوەی وڵاتدا، بەپێی مادده 27ی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسسیەکان و جاڕنامەی 1992ی



کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆمافی ئەو کەسانەی سەر بە کەمە نەتەوەی زمانەوانی وئایینی و نیشتمانی و ئیتنین، بە مافەکانیان بگەن.

g) مافی چارەی خۆنووسینی ناوەکی بۆ دیاریکردنی بە ئازادانەی شێوەی تایبەتیی حکوومەت، یان وردتر، مافی شادبوون بە حکوومەتێکی دیموکراتی کە ئەمە زێتر مۆدی دیموکراسیی رۆژئاوایی دەگرێتەوە لە رێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە و ئەم دەست و ئەو دەست پێکردنی دەسەڵات و پابەندبوون بە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە .دیارە رەگ و ڕیشەی دیموکراسی دەچێتەوە سەر ئەو پرەنسیپە کە دەبێ گەل خۆی فەرمانڕەواکانی خۆی هەڵبژێرێ. هەڵبەت بۆ پراکتیزەکردنی ئەو مافە دەبێ گەل کەشوهەوایەکی وای بۆ بڕەخسێندرێ کە بەشێوەیەکی ئازادانەو بێگەرد، ویست و خواستی خۆی لەمبارەوە دەربڕێ. ئەم مافە تا رادەیەك لە وڵاتانی دیموکراتیی رۆژئاوادا جێبەجێ بووە. لێ لە وڵاتێکدا کە فرە ئیتنی و فرە نەتەوە و ئایین و کولتوور بێ، پێڕەوکردنی ئەو مافی هەڵبژاردنە هەم لەباری تیوری و هەم لەباری کردەنییەوە، گرفتی خۆی هەیە کە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە. لێ ئەگەر وا لە دیموکراسی حاڵی ببین بەمانای حوکمی زۆرینە (لە رووی ژمارەوە) بەسەر کەمایەتیدا، ئەوا لە زۆر باردا نەتەوە بە ژمارە کەمترەکە هەستی بەوە کردووە کە زۆرینە دەربڕی خواستی ئەو نین. لێرەدا پێویست دەکا، بۆ لابردنی ئەم ستەمە، هەندێ رێوشوێنی دەستووری بۆ دەسەڵات دابەشکردن و ئاڵۆگۆڕ لە بنیادی دەوڵەتدا بکرێ. تا بکری بڵێین بەڕاست پرۆسەیەکی دیموکراتی لە ئارادایەو حکوومەت تەعبیر لە سەرجەم دانیشتوانی وڵاتەکە دەکا. ئەگەر نا بێ لە رێگەی جیابوونەوە شتێکی دی لەبەردەم نەتەوە بچووکەکە نامێنێتەوە.

## پێنجەم: کۆت و بەندەکانی سەر پراکتیزەکردنی چارەی خۆنووسین

دیارە پرەنسیپ، یان مافی چارەی خۆنووسین، پرەنسیپ و مافێکی رەهاو ئەبستراکت نییەو یەکلایەنە نایەتە جێبەجێکردن، بەڵکە دەبێ لە سیاقی پرەنسیپە سەرەکییەکانی تری قانوونی نێودەوڵەتی لێکدانەوەی بۆ بکرێ و جێبەجێ بکرێ. بەو مانایە نابێ پراکتیزەکردنی ئەو مافە، پێشێلکردنی مافە پارێزراوەکانی تری لێبکەوێتەوە. بێ شك کاتێ گەلێك داخوازیی خۆی بەپشتبەستن بەو مافە دێنێتە گۆڕێ، رووبەرووی ماف و پرەنسیپگەلێکی تر دەبێتەوە و گەلێ جار ئەو داخوازییە گۆڕانکاریی لە بنیادی دەوڵەت پێ دەوێ و هەندێ جار کار لە مافی کۆڕو کۆمەڵەی ترو تەنانەت لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی تایبینیش دەکا[49]. لە سۆنگەی ئەمەوە، دەبێ بەلانس لە نێوان مافە پێکناکۆك و پرەنسیپە سەرەکییەکانی قانوونی نێودەوڵەتی رابگیرێ و هەڵومەرج و کاودانی تایبەت بە هەر داخوازییەك بەرچاو بگیرێ. لێ لە هەمانکاتدا پێویستە لێکدانەوەی بەرفراوان بۆ ئەو کۆت و بەندانە نەکرێ کە لە مەوداو جغزی مافی چارەی خۆنووسین وێکدێننەوە. چونکە مافی چارەی خۆنووسین، مافی گەلە..بۆیە لە بەلانس راگرتنی نێوان مافی گەل و مافەکانی تردا، لەدوا ئەنجامدا دەبێ بە قازانجی گەل بڕێتەوە.کۆت و بەندەکان دوو جۆرن:

### 1- ئەو کۆت و بەندانەی بۆ پاراستنی کۆمافی کەسان و گرووپی تر دادەنرێ:

دیارە هەر دەوڵەتێ لەبەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەندێ ئیلتیزاماتی هەیەو دەبێ نوێنەرایەتی سەرلەبەری دانیشتوانی ولاتەکەی خۆی بکاو بەرژەوەندییان بپارێزێ. ئەم کۆتە لە ماددە (5 برگە 1)ی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ئاو دەخواتەوە کە دەڵێ: ليس في الاتفاقية الحالية ما يمكن تفسيره بانه يجيز لاية دولة او جماعة او شخص اي حق في الاشتراك باي نشاط او القيام باي عمل يستهدف القضاء على اي من الحقوق او الحريات المقررة في هذه الاتفاقية لدرجة اكبر مما هو منصوص عليه في هذه الاتفاقية.



کۆمەڵەی ئەورووپی، لە کۆنفرانسی 27ی ئابی 1991دا، سەبارەت بە یۆگۆسلافیا، لیژنەیەکی تەحکیمی The European Arbitration Committee on Yugoslavia دامەزراند کە بە کۆمیسیۆنی بادنتر بەناوبانگە، بۆ پرس ورای قانوونی سەبارەت بە کەمینەی سیربی ناو دەوڵەتی هرزە گۆڤین، ئەو لیژنەیە لە رایەکی راوێژکاریدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ گرەنتی دەستوری بە سیربەکان بدرێ (واتە دڵنیا بکرێنەوە) بەر لەوەی بۆسنیا پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بکا[50]. بەم مانایە نابێ پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین کە لە ماددە 1ی هەمان رێککەوتننامەدا هاتووە، وەها پراکتیزە بکرێ کە مافێکی دیکەی ناو رێککەوتننامەکە پێشێل بکا. لێرەدا گرنگ ئەوەیە مافی ئەو کۆڕو کۆمەڵ و کەمینانەی ناو هەرێمێکی دیاریکراو بپارێزرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کۆتە هەق وایە مافەکانی تورکمان، کلدان و ئاسووری و ئەرمەنییەکانی ناو کوردستان لە بەندێکی ناو دەستووری کوردستاندا بچەسپێن وەکو گرەنتی دەستووری و بۆ دڵنیابوون لە ئایندەی خۆیان و پێڕەوکردنی مافە ئیداری و کولتووری و سیاسییەکانیان.

### 2- ئەو کۆت و بەندانەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگە دادەنرێ بەتایبەتی ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتی

هەڵبەت دەبێ پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەگەڵ دەقەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرەنسیپە گشتییەکانی قانوونی نێودەوڵەتی جووت بێ. چونکە دەوڵەتان بەپێی پەیمانی ناوبراوو دۆکیومێنتی تر، کۆمەڵێ ئیلیتزاماتیان وەئەستۆی خۆ گرتووە: "بەکارنەهێنانی هێز لە دژی یەکتر، دەست لەکاروباری ناوخۆی یەکتر وەرنەدان، چارەکردنی کێشەکان بەشێوەی ئاشتییانە، هاریکاریکردنی یەکتر، وەکیەکی سەروەری:دیارە بڕیاری 2625ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە برگەیەکدا دەڵێ: ئەو پرەنسیپانە لە کاتی لێکدانەوەو جێبەجێکردندا بەیەکەوە گرێدراون و دەبێ هەر پرەنسیپەیان لە پێڤاژۆی پرەنسیپەکانی تردا راڤە بکرێ. ئەم پرەنسیپانەش بەگشتی جەخت

لەسەر ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتی دەکەنەوە. تا رادەیەکیش لە دنیای ئەمڕۆدا، ئاشتی و تەنایی بە سنوورو تخووبی نێوان دەوڵەتان و نەبەزاندنیان بەستراوەتەوە. بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی دوو کۆت لەئارادا هەن:

**1-5: کۆتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت** Territorial integrity

ئەم پرەنسیپە، پرەنسیپێکی قانوونی و سیاسی و پراگماتییە و خزمەتی مەبەستێکی عەمەلی دەکا، ئەویش پاراستنی ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتییەو لەگەڵ پرەنسیپی دەخالەت نەکردن لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتان تێکدەکاتەوە. ئەو دەمە ئەم کۆتە دێتە بەرباس، کە مافی چارەی خۆنووسین کار لە سەروەریی دەوڵەت بکا. دەوڵەتیش خۆی بەبەرپرس دەزانێ لە بەرانبەر هەر کارێ کە زیان بەو سەروەرییە بگەیەنێت. کەواتە ئەم پرەنسیپە کۆتێکی گشتییە لەسەر پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین و لە چەندین دۆکیۆمێنتی وەکو پەیمانیUN ، جاڕنامەی سەربەخۆیی دان بە گەلان و وڵاتانی کۆلۆنیکراو، جاڕنامە سەبارەت بە پرەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتی، بڕیاری 2625 ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وهی ترداو هەم لە پراکتیکیشدا چەند پات کراوەتەوە، چونکە دەوڵەتان دەیانەوی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و قانوونی تا رادەیەك جێگیر دروست بکەن و ئەمەشیان بە سەقامگیریی سنووری وڵاتەکانیانەوە بەستۆتەوە و لە پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا رەچاوی ئەو پرەنسیپە دەکەن. هەر بۆ نموونە ساڵی 1990-1991، تا سۆڤیەتی ئەوسا دانی بە سەربەخۆیی لیتوانیا نەنا، ئەمریکا دانی پێدانەهێنا، بەشێکی ئەم بڕیارەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆتە[51]. لێ ئەم کۆتە لە هەموو بارێکدا لەبەرچاو ناگیرێ و رەها نییەو "تەنیا ئەو دەوڵەتانەی لە رەوتاری خۆیاندا پابەندن بە یەکسانی گەلان لە مافەکان و مافی چارەی خۆنووسیندا وحکوومەتێکی ئەوتۆیان هەیە کە نوێنەرایەتی سەرلەبەری گەلی هەرێمەکانیان دەکەن بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی رەگەز، ئایین.."[52] ئەم پرەنسیپە بە هانایان دێ. چونکە ئەگەر ئەو کۆتەمان وەکو کۆتێکی رەها دانا، واتە رەوایی بە ستەمکردن لە گەلان دەدەین. لە



پراکتیکیشدا، جاری وا هەبووە، ئەم پرەنسیپە فەرامۆش کراوە وەکو نموونەی جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان، سەنگافورە لە مالیزیا، بیلیز لە گواتیمالا. هەندێك پێیانوایە ئەم پرەنسیپە، تەنیا لەبەرانبەر لایەنێکی دەرەکی و بیانی پاساو دەدرێتەوە، واتە کە دەوڵەتێ هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتێکی تر بکا، نەك لە بەرانبەر کۆمەڵەو هاوڵاتیانی ناوخۆدا، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە پێوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵەو نەتەوەکانی وڵاتی تایبن، بەندە بە پرەنسیپی چارەی خۆنووسینەوە. ئەگەر دەوڵەتێ نکوڵی لە مافی پێڕەوکردنی چارەی خۆنووسین بۆ گەلێکی ناو سنووری وڵاتەکەی بکا، ئەوا ئەو دەوڵەتە بۆی نییە پرەنسیپی یەکپارچەیی خاکی وڵات بکا بەبیانو وەکو دەستئاوێژێکی داکۆکیکردن لە خۆ[53] و ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ئەم بڕگەیەی بڕیاری 2625ی کۆمەڵەی گشتی دەگونجێ کە دەڵێ: ولا يجوز أن يؤول شيء مما ورد في الفقرات السابقة على أنه يرخص بأي عمل أو يشجع على أي عمل من شأنه أن يمزق أو يخل جزئيا او كليا بالسلامة الاقليمية او الوحدة السياسية للدول المستقلة ذات السيادة التي تلتزم في تصرفاتها مبدأ تساوي الشعوب في حقوقها وحقها في تقرير مصيرها بنفسها الموضح اعلاه والتي لها بالتالي حكومة تمثل شعب الاقليم كله دون تمييز بسبب العنصر او العقيدة او اللون.

بەهەرحاڵ پرەنسیپی چارەی خۆنووسین و یەکپارچەیی خاکی وڵات، وەکو دوو پرەنسیپی دژ بەیەك دێنەبەرچاو. لێ دەکرێ ئەم دووانە بەیەکەوە هەڵبکەن: مادده (1)ی هەردوو ڕێککەوتننامەی ساڵی (1966) وا راڤە دەکرێ کە ئەوە مافی گروپ و تاکەکانە کە بە مافە سیاسی و مەدەنییەکان شاد ببن و بەبێ جیاکاری بەشداریی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکانیاندا بکەن (واتە مافی چارەی خۆنووسینی ناوەکی). ئەمە ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدان لە دەرەوەی پیشاژۆی کۆلۆنیالیدا.. هەرچی مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکییە ئەوە بۆ گەلانی بەکۆلۆنیکراو و داگیرکراوە..ئەگەر لەبارێکدا، دەوڵەت

ڕێگەی لە پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کۆمەڵەو تاکەکان گرت و ستەم و زولمی گەورەی لێکردن و پێشێلکاری زلی دەرهەق کردن، ئەو دەمە سەروەریی ئەقلیمیی دەوڵەت ناپارێزرێ و مافی کۆمەڵە ستەملێکراوەکەیە لە دەوڵەتەکەی خۆی جیابێتەوە و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ[54]. واتە پلەی چەوساندنەوە و پێشێکردنی قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، چارەسەرەکە دیاری دەکا، لە پاراستنی کەمینەوە بگرە تا جیابوونەوە.

### 2-5: uti possidetis juris **پرەنسیپی پاراستنی ئەو سنوورانەی کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە کێشراون**

بەپێی قانوونی پاراستنی دەسکەوتەکان ئەم پرەنسیپە ئەو دەمە دێتە گۆڕێ کە گروپ و نەتەوەیەکی ناو سنووری دەوڵەتێکی سەربەخۆ داوای جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکات. ئامانج لەم پرەنسیپە وەدیهێنانی سەقامگیرییە لەرێگەی پاراستنی ئەو سنوورانەوە کە لە ساتەوەختی کۆلۆنیالیدا کێشراون بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ گوێدانە خواست و ویستی گەلان، چونکە بەشێکی کێشەو هەرای نێوان دەوڵەتان لەسەر سنوورو تخووبی نێوانیانە و ئەمەش هەڕەشە لە ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتی دەکا.ئەوەتا دادگەی دادی نێودەوڵەتی لە رایەکی راوێژکاریدا دەڵێ "زۆر جاران وەکو تاکە رێگەیەکی لەبار بۆ پاراستنی سەربەخۆیی گەلانی ئەفریقیا، سەیری پاراستنی باری ئارای ئەفریقیا کراوە کە بە خەبات وەدەستیان هێناوە، هەروا بۆ دروست نەبوونی کەلێنێکی وا کە ئەم کیشوەرە لەو دەسکەوتانە بێبەش بکا کە بە قوربانییەکی زۆر وەدەستیان هێناون.. لە سۆنگەی ئەمەوە دادگە هانی دەوڵەتە ئەفریقیەکانی دا لە راڤەکردنی پرەنسیپی چارەی خۆنووسیندا، حیساب بۆ پرەنسیپی uti possidetis juris بکەن"[55].لێ لە پراکتیکدا پێچەوانەی ئیلتزامکردن بەو کۆتەش روویداوە. بۆ نموونە تۆگۆی بەریتانی لەسەروبەندی سەربەخۆییدا، لە رێگەی ریفراندۆمەوە، چووە ناو غانا، هەروا ددان بە جیابوونەوەی بیلیز لە گواتیمالا نراوە. هەروا



کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی ناوە بە تێکەڵبوونی گوا Goa بە هیند، هەرچەند پێشتر کۆلۆنیالیزم، سنووری گوای کێشا بوو. ئەمە بێ لەوەی کە ئەم سنوورانە هەندێ جار بە ناڕەوا کێشراون و سنووری سروشتیی جوگرافی و نەتەوەیی بەرچاو نەگیراوەو ئەمەش بووەتە مایەی سەرهەڵدانی دەیان کێشەی ئیتنی و شەڕو ئاژاوەو هەڕەشە لە ئاشتی و تەنایی ناوچەو جیهان. هەروا هەندێ جاری تریش لەبەر هۆی مرۆیی، کۆمەڵگەی نیۆدەوڵەتی دەخالەتی لەکاروباری ناو وڵاتێ کردووە، چونکە ئەو کارەساتە مرۆییە، هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاشتی و تەنایی جیهان وەکو دەرچوونی بڕیاری 688 لە 5ی نیسانی 1991دا و ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە کە یەکپارچەیی خاکی وڵات گرنگیی جارانی نەماوە.

## شەشەم: دەستووری دەوڵەتان و مافی چارەی خۆنووسین

لەڕاستیدا هەرچەند دەستوور پرسێکی ناوەخۆی وڵاتانە، لێ وەکو قانوونی هەرە باڵا، پێوەندیی بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی قانوونی نێودەوڵەتییەوە لە جاران تۆکمەو روونترە. چونکە دەوڵەتان لە بۆشاییدا هەڵناسوڕێن و کۆمەڵێ ئیلتزاماتیان دەرهەق بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەلانی ناوخۆی وڵاتەکانیان هەیە. یەکێ لەوانە دەبێ لە رەوتاری خۆیدا پابەند بێ بە پرەنسیپی وەکیەکی گەلان لە مافەکانیاندا بە مافی چارەی خۆنووسینیشەوە. ئەگەر چاوێك بە دەستووری وڵاتاندا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە تا چەند ئەم یان ئەو دەوڵەتی فرە نەتەوە دەستی بە مافی چارەی خۆنووسینەوە گرتووەو رێگەی بە نەتەوەکان داوە ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و بوونی کولتووری خۆیان بپارێزن و رێگەی پەرەسەندنی تایبەت بەخۆیان بگرنەبەر. شایانی گوتنە زۆربەی دەوڵەتان لە دەستووری خۆیان، ددان بە مافی چارەی خۆ نووسین بۆ ئەو گەل و نەتەوە و کەمە نەتەوانە نانێن کە لە ناو وڵاتەکانیاندا لەتەك نەتەوەی باڵادەستدا دەژین، لەهەمان کاتدا بە راشکاوانە جەخت لەسەر پاراستنی سەروەری sovereignty و یەکپارچەیی خاکی وڵات Territorial integrity دەکەنەوە وەکو یەکەیەکی سیاسی "غير قابلة للتجزأة والانفصال" و تەنانەت لە هەندێ دەستووردا (وەکو دەستووری کامیرۆن و ساحل العاج و رواندا..) رێگە بە هەموارکردنی دەستووریش نادرێ ئەگەر ئەو هەموارکردنە، دەسکاری سنوورو هەرێمی دەوڵەتەکەی لێبکەوێتەوە[56]. هەروا لە دەستووری کاتی ساڵی 1970 ی عیراق لە مادده (3 ب) دا هاتووە :ارض العراق وحدة لا تتجزأ ولا يجوز التنازل عن أي جزء منها. لێ چ پێشان و چ ئێستاش، دەستووری وا هەبووەو هەیە کە ددانی ناوە بە مافی چارەی خۆنووسین بە جیابوونەوەو و رێوشوێنیشی بۆ جیابوونەوەکە داناوە: وەکو دەستووری یەکێتیی سۆڤیاتی جاران (تا هەڵوەشانەوەی سۆڤیات لە



1991)[57]، یۆگۆسلافیای جاران (تا هەڵوەشانەوەی لە 1991-1992)[58]، بۆرما (لە نێوان ساڵانی 1947-1974)[59] هەروا ئەمڕۆش چەند دەستوورێکی وەکو دەستووری ئەتیوبیا، سانت کریستوفەر ونەفیس، خوارووی ئەفریقیا.. ددان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەل و نەتەوە و کۆمەڵەکانی ناو وڵاتەکانیان دەنێن. لەراستیدا، دۆکیومێنتگەلی نێودەوڵەتیی، دەوڵەتان ناچار ناکەن، مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەو پێکهاتەکانی ناویان لە دەستوورو قانوونی وڵاتەکانیاندا بچەسپێنن. ئەمە جێهێڵدراوە بۆ ویست و بڕیاری حکوومەتان خۆیان. چونکە پراکتیزەکردنی چارەی خۆنووسین وەکو پرەنسیپ و مافێکی دانپێداهێنراوی نێودەوڵەتی دەشێ ئاکامی جۆراو جۆر لەوانە جیابوونەوەی لێبکەوێتەوە و لە هەندێ باریشدا پرسی جیابوونەوە لە قانوونی نێودەوڵەتیدا، دەبێ بە کارێکی قانوونیی رەوا، لێ دانان بە مافی جیابوونەوە لە دەستووردا، پرسێکی نیشتمانیی وڵاتان خۆیانە و بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش هەندێ دەستوور بە نمونە دەهێنینەوە.

### ئەتیوبیا[60]

ئەتیوبیا، دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو تیرەیەو لە (9) ویلایەتی سەروەر پێکهاتووە و بەئاشکرا دەستووری ئەو وڵاتە دانی بەمافی چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەشەوە ناوە.ئەوەتا مادده (39 بڕگەی 1) دەڵێ: هەموو میللەت و نەتەوەو گەلێك لە ئەتیوبیا مافی چارەی خۆنووسینی بە مافی جیابوونەوەشەوە بێ قەیدو شەرت هەیە:

Every nation and nationality and people in Ethiopia has the unconditional right to self-determination, including the right to secession.

هەروا لە بڕگە (5)ی هەمان ماددەدا بەم شێوەیە پێناسەی nation یان people کراوە:

Group of people who have or share large measure of a common culture or similar customs, mutual intelligibility of language, belief in psychological make-up, and who inhabit an identifiable, predominantly contiguous territory.

له برگه (4)یشدا، باس لەو کارڕاییانه دەکرێ که له باری جیابوونەوەدا پێڕەو دەکرێ. هەر ( nationیان nationality یان(people ێك بیەوێ جیا ببێتەوە، دەبێ به پێی برگەی (4- أ) زۆرینەی 2/3ی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی نەتەوە، یان گەلە جیاخوازەکە لەگەڵ جیابوونەوەدا بن، پاشان بەگوێرەی بڕگە (4 -ب) حکوومەتی فیدراڵیی ئەتیوبیا لە ماوەی سێ ساڵ دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی یاسادانانی نەتەوە جیاخوازەکە، ڕاپرسییەکی گشتی، بۆ دانیشتوانی ئەو هەرێمەی که داوای جیابوونەوە دەکات، ساز بکات و (برگە 4 ج): ئەگەر زۆرینەی سادەی دەنگدەران لە ریفراندۆمەکەدا لەگەڵ جیابوونەوە دابن، ئەوا بەپێی (برگە 4 -د) حکوومەتی فیدراڵی دەسەڵات تەحویلی پەرلەمانی گەلی ناوبراو دەدات و بەپێی (برگە 4 -هـ) یش موڵکیەت لەنێوان هەردوو لادا بە گوێرەی قانوون دابەش دەکرێ. لەساڵی 1992دا، نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی ئەو ریفراندۆمەی کرد کە بۆ جیابوونەوەی ئەریتریا سازدراو بە ڕێژەی 99.5٪، دەنگدەران دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا.

### سانت کیتز و نڤیس[61]

St. Kitts and Nevis : ئەم دوو دورگە هاوسێیەی دەریای کاریبی بەیەکەوە لەساڵی 1983-ەوە دوای سەربەخۆبوون، بەیەکەوە فیدراسیۆنێکی سیاسییان پێکهێناوە. پێشتر هەردوو دوورگەکە، لە ساڵی 1882-ەوە کۆلۆنیی بەریتانیا بوون .بەپێی (section113) دەستووری فیدراسیۆنەکە هەر کاتی دورگەی (Nevis) بیەوێ دەتوانێ بە ئاشکرا جیاببێتەوە.بەگوێرەی دەستوور، دەبێ زۆرینەی 2/3ی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی (Nevis) و 2/3ی دەنگە ڕاستەکانی دەنگدەرانی ئەو دورگەیە لەریفراندۆمێکدا کە بەمەبەستی جیابوونەوە



ڕێکبخرێ پێویستە. لە ئوکتوبەری 1997دا، ئەنجوومەنی یاسادانانی نڤیس بەکۆی دەنگ، دەنگی بۆ جیابوونەوە دا و لە ئابی 1998دا، ریفراندۆمێك بۆ ئەم مەبەستە سازکراو 61.7٪ ی دەنگدەرانی ئەو دورگەیە دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا، لێ ئەم ڕێژەیە کەمترە لە 2/3ی دەنگدەران بەپێی دەستووری فیدراسیۆن، بۆیە هێشتا فیدراسیۆنی تاین وەکو خۆی ماوەتەوە.

### باشوری ئەفریقیا[62]:

بەپێی بەشی 235 لە فەسڵی چواردەمی دەستووری ئەم وڵاتە باس لە چارەی خۆنووسین کراوە. مافی چارەی خۆنووسین وەکو مافێکی تەحویل نەدراو بەو پێیەی لە دەستوور باسکراوە، بە تەواوی گەلی باشوری ئەفریقیا دراوە. بە گوێرەی ئەم دانپیانانە هەر کۆمەڵەیەك کە کولتووریکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتووی هەبێ دەشێ لە ناو چوارچێوەی کۆماردا قەوارەیەکی هەرێمایەتی بۆ خۆی پێکەوە بنێ یان هەر شێوە و ڕێگەیەکی تر کە یاسای نیشتمانی دیاری بکات.

The right of the South African people as a whole to self - determination, as manifested in this Constitution, does not preclude, within the framework of this right, recognition of the notion of the right of self- determination of any community sharing a common cultural and language heritage, within a territorial entity in the Republic or in any other way, determined by national legislation.

### کەنەدا[63]:

لە دەستووری ئەم وڵاتەدا، دەقێکی خویا سەبارەت بە جیابوونەوەو ڕێگاکارەکانی جیابوونەوە نییە، لێ ساڵی (1998)، بەپێی ڕای قانوونیی دادگەی باڵای کەنەدا سەبارەت بە قانوونیبوونی جیابوونەوەی هەرێمی کیوبیك و ریفراندۆمی ئوکتۆبەری 1995ی هەرێمی کیوبیك، لەسەر داخوازی حکوومەتی فیدراڵیی کەنەدا ڕای قانوونی خۆی داوە کە لەClarity Act (ساڵی 2000) دا

چەسپاوە، تیایدا هەندێ مەرج بۆ جیابوونەوە دانراوە. لە پرسیارێکی حکوومەتدا کە داخوا جیابوونەوەی یەکلایەنە لەبەر رۆشنایی قانوونی دەستووریی کەنەدی و قانوونی نێودەوڵەتی رەواو قانوونییانەیە ؟ لە وەڵامدا، دادگەی باڵا پێی وابوو کە جیابوونەوەی یەکلایەنەی کیوبیك بەپێی دەستووری کەنەداو لەبەر رۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتی، نا قانوونییە، لێ دادگە لە دوو باردا جیابوونەوەی هەرێمێك لە پێڤاژۆی ناکۆلۆنیالیدا بە قانوونی دەزانێ و مەرجیش بۆ ئەم جیابوونەوەیە دادەنێ:

1- ئەگەر گەلێك لە ژێر چەپۆك و دەسەلات و چەوساندنەوەی بێگانە دابێ،

2 - رێگەی پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسینی ناوەکی ئەو گەلە بگیرێ،

In a non colonial context, a people has a right to secede under international law if it is subject to alien subjugation, domination or exploitation or is blocked from the meaningful exercise of its right to self- determination internally.

بۆ جیابوونەوەش وەکو دادگای باڵا دەڵێ، دەبێ:

1- زۆرینەیەکی ئاشکرا لەریفراندۆمێکدا لەگەڵ جیابوونەوە دابێ و خواست و ویستی هاووڵاتیانی کیوبیك سەبارەت بە جیابوونەوە دەربڕێ.

2- دەبێ حکوومەتی فیدرالی و هەرێمەکانی دی بۆ رێککەوتن لەگەڵ کیوبیك لەسەر چوار پرەنسیپی بنەڕەتیی دەستووری (دیموکراسی، فیدرالیزم، دەستووریبوون و حوکمی قانوون، پاراستنی کەمینەکان) بکەونە وتووێژ.

3- پاشان دەبێ حکوومەتی فیدرالی و حکوومەتی ئوستان و هەرێمەکانی دی بۆ موسادەقەکردن لەسەر ئەم جیابوونەوەیە، دەستوور هەموار بکەن.

## حەفتەم: دەستئاویژەکانی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین

چەندین دەستئاویژ بۆ پراکتیزەکردنی ئەم مافە هەن:

1- ریفراندەم.
2- پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەرێمی جیاخواز.
3- بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی جیاخواز بە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی.
4- بڕیاری نێودەوڵەتی.

هەردوو دەستئاویژی یەکەم و دووەم پشت بە خواست و ویستی خەڵك دەبەستن و لەگەڵ مەبەست و نیازی راستەقینەی چارەی خۆنووسین دەگونجێن(64). لێ ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە دەستئاویژی یەکەم دەکەین.

### ریفراندەم

Referendum لە فەرهەنگاندا وا باس لە ریفراندەم کراوە: ئەو پراکتیکە یان پرەنسیپەیە کە ڕێگە بە میللەت و گەلی ولاتێ دەدا سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو رای خۆی بڵێ جا چ بە قازانجی ئەو پرسە دەنگبدا یان دژی بێ. راستە ریفراندەم، دەستئاویژێکی دروستە بۆ زانینی رای خەڵك لەبەرانبەر پرسێکی دیاریکراودا، لەهەمان کاتدا دەستئاویژێکی ئاشتییانەو دیموکراتییانەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان.. ریفراندۆم بەپێی مەبەست و ئەو قانوونەی رێکیدەخات چەند جۆرێکی هەیە. لێ لەم باسەدا مەبەستی ئێمە، ئەو ریفراندەمەیە کە بۆ چارەی خۆنووسین سازدەکرێ و د.عبدالمجید حقی گوتەنی"ئەو کارڕاییە فۆرمییەیە کە لەرێگەیەوە حەزوو ئارەزووی تاکەکانی گەل لە هەرێمێکی دیاریکراودا سەبارەت بەدیاریکردنی ستاتۆی ئەو گەلەو چارەی خۆنووسین، تۆمار و ڕووندەکرێتەوە"(65). لەمبارەوە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری 637ی 16 دیسامبری 1952 جەخت لەسەر ئەوە دەکا



کە "لە رێگەی ریفراندەمەوە یان هەر دەستئاویژێکی دیموکراتی تری دانپێداهێنراوی نێودەوڵەتییەوە دەکرێ ویست و ئارەزووی ئەو گەلانەی چارەی خۆنووسینیان دەوێ، بزاندرێ و وا بەباش دەزاندرێ لەژێر سەرپەرشتیی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان پراکتیزە بکرێ"(66).

ئەم دەسئاویژە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسییەوە، سەبارەت بە لکاندنی Comat Venaisin, Avignon لە 1791و Savoy لە 1792و Nice لە 1793 بە فەرەنسا، کاری پێکراوەو یەکێ لە دروشمەکانی ئەو شۆڕشە "هیچ لکاندنێك بەبێ پرس و راپێکردن نابێ No Annexation without Consultation of the Inhabitants"(67) بووەو لەدوای هاتنە ئارای UN یش لە 1945-ەوە تا ئێستا، چەندین ریفراندەم بۆ ساغکردنەوەی باری قانوونی هەرێم و ولاتان کراوە وەکو لە کەمبۆدیا (1945)، جەزایر (1961)، کامیرۆنی بەریتانی (1959 و 1961)، ساموای رۆژئاوا (1961)، ئاریانای رۆژئاوا (1969)، بەحرێن و جیبۆتی (1977)(68) و دوا بەدوای کۆتاهاتنی شەڕی ساردیش، لە ئاکامی سازدانی راپرسیی گشتییدا، چەندین ولات لە بابەتی: لاتفیا -مارتی 1991، کە تیایدا 73.68%ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئیستونیا - مارتی 1991، کە تیایدا 77.83% ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، لیتوانیا - شوباتی 1991، کە 90.47% ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، تیموری رۆژهەلات - 30ئابی 1999 کە 78.5%ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئەریتریا -1993، کە 99.5%ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، مەقدۆنیا -8ی ئەیلوولی 1991، بۆسنیاو هەرسك 1992/3/6، کە تیایدا 64%ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەلام سیربەکانی ناو بۆسنیا بەشدارییان تێدا نەکرد..، لە هەرێمی کیوبیك دوو جار ریفراندەم لە1980، 1995 کراوە. بڕیارە بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەندێ هەرێمی تریش ریفراندەم بکرێ وەکو سەحرای رۆژئاوا(69) بەپێی رێککەوتننامەی نێوان حکوومەتی سودان

و باشوورییەکانیش بڕیار دراوە کە ریفراندۆم بۆ ساغکردنەوەی ستاتۆی ئایندەی باشوری سودان ساز بکرێ[70]. لە مادده 2 (5)شدا هاتووە کە

At the end of the six (6) year interim period there shall be an internationally monitored referendum. Organized jointly by the GOS and the SPLM/A, for the people of South to: confirm the unity of the Sudan by voting to adopt the system of government established under the peace Agreement: or to vote for secession .

لە رێککەوتننامەی ئاشتیی ساڵی 2001 سەبارەت بە بواگانڤیل لە مادده 309 دا هاتووە کە حکوومەتی نیشتمانیی پاپوا گینیای نوێ بەڵێن دەدا کە دەستووری وڵاتەکەی هەموار بکا سەبارەت بە رێگەدان بە سازکردنی ریفراندۆم بۆ ساغکردنەوەی ستاتۆی ئایندەی بواگانڤیل. بەپێی مادده 310-ەش، ئەوا لە نێوان "خیارات" ەکانی ریفراندۆمدا، جیابوونەوەی بواگانڤیل و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. شایانی گوتنە پاپوا گینیای نوێ لە ساڵی 1975-ەوە سەربەخۆیی وەرگرتووەو بزووتنەوەی گەلی بواگانڤیل-یش لە ساڵی 1987-ەوە لەپێناو سەربەخۆیی دوورگەکانی سلێمانی باکوور خەبات دەکات.

بەکورتی ریفراندەم، کورد دای نەهێناوە و پێشتر خەڵکی تر تاقیکردۆتەوە و لەگەڵ چەمکی باوی دیموکراتی کە سەرچاوە لە خواست و ویستی خەڵك هەڵدەگرێ کۆکەو ئارەزووی راستەقینەی گەلیش دەردەکەوێ کە داخوا چی گەرەکە. بەکورتی سازدانی ریفراندەم بۆ گۆڕینی ستاتۆی قانوونی و مەسەلەکانی تر، بە دەستئاوێژێکی پەسندکراوی نێودەوڵەتی دەزاندرێ[71]. ئەگەر لەگەڵ دەسئاوێژی پەرلەمان-یش بەراورد بکرێ، ئەوا ریفراندەم وەکو دەستئاوێژێکی نیمچە راستەوخۆ، چاتر و دیموکراتانەتر لەو، رای خەڵك دەردەبڕێ[72].لەگەڵ ئەوەشدا، سازدانی ریفراندەم بێ گرێ وگۆڵ نییە، بەتایبەتی لەو هەرێمانەی کە کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دانپێداهێنراوی نێودەوڵەتییەوە، بە تایبەتی کێشەو ئاریشەی وەك:



1- دیاریکردنی سنووری ئەو هەرێمەی کە راپرسیی گشتی تێدا ئەنجام دەدرێ نەمازە لە وڵاتێکی سانترالیستدا. لێرەدا بەر لە راپرسی، دەبێ سنووری هەرێمی کوردستان دیاری بکرێ و لە دەستووری عیراقدا بچەسپێندرێ. دیارە هێشتا ئەم مەسەلەیە نەبڕاوەتەوەو لە مادده (53- أ)ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بەرەسمی تەنیا بەو ناوچانەی کە پێش 2003/3/19 لەژێر کۆنترۆڵی کورددا بوون، بە هەرێمی کوردستان ناسراوە و ناوچە کوردنشینەکانی تری دەروەی ئەم سنوورە هێشتا بەڕەسمی نەخراونەتەوە سەر کوردستان و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا کێشەیان لەسەرە.

2- بوونی کۆمەڵەو کەمینەی تر لە ناوچەی ئەو گەلەی کە زۆرینە پێکدەهێنێ و بڕیارە ریفراندەمی تێدا بکرێ. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەمینانە گرفتیان لەگەڵ نەتەوە زۆرینەکەدا هەبێ لەو ناوچەیەی بڕیارە راپرسی تێدا ئەنجام بدرێ هەروەکو بوونی کەمینەی سیرب لە کۆماری بۆسنیاو هەرسك دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی. دیارە لە کوردستانیشدا: لە کەرکووك، جەلەولا، مەندەڵی و سنجار،، لە تەك کوردا کەمینەکانی تورکمان، کلدان، ئاسووری، ئەرمەنی دەژین و پێویستە هەر لە ئێستاوە کورد ئەو کەمینانە دڵنیا بکاتەوە کە مافەکانیان بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان پارێزراو دەبن.

3- حکوومەتی ناوەندی بەپێی پلان و بەرنامەیەکی سیستاماتیك کاری بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچەو دەڤەرە کردبێ کە گەلەکەی داوای چارەی خۆنووسین دەکا. ئەم سیاسەتە، عیراق لە کەرکووك و شوێنەکانی دیکەی کوردستان پێڕەوی کردووە، چین لە تیبت، مەغریب لە سەحرای رۆژئاوا، هەروا لە کالیدۆنیای نوێ و پاپوای رۆژئاواو هاوای و زەنجباریش پێکهاتەی دیموگرافی بە زیانی خەڵکی خۆجێ گۆڕاوە. لێ لەم بارانەدا نابێ تەواوی دانیشتوانی هەرێمی دیاریکراو بەشداریی لە دەنگداندا بکەن. ئەوەتا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە کە ئەو کەسانەی کە حکوومەتی مەغریب لە دوای ساڵی 1975-ەوە، بۆ سەحرای رۆژئاوای راگواستوون یان هانی

ئاكنجيبوونى لەوێ داون، مافى ئەوەيان نييە لەو ريفراندۆمەى بڕيارە بەسەرپەرشتيى نەتەوە يەكگرتووەكان لە سەحراى رۆژئاوا سازبكرێ، بەشداريى بكەن[73] ئەم بۆچوونە لە كۆنفرانسى ساڵى 1998ى يۆنسكۆ لە برشلۆنە جەختى لەسەر كراوەتەوە[74]. بەپێوانە لەگەڵ ئەم بڕيارەى UN لە بارەى سەحراى رۆژئاواوە، عەرەبە هاوردەكانى كەركوك كە نيزامى پێشوو، بەمەبەستى گۆڕينى ديموگرافى و سيماى نەتەوەيى ئەو شارە لە ماوەى 1968-2003 دا لە جێگەى ديكەى عيراقەوە بۆ كەركووكى راگواستوون، مافى بەشداريى كردنيان لەو راپرسييەدا نييە كە نياز وايە بۆ ساغكردنەوەى بارى قانوونيى كەركووك بەپێى قانوونى ئيدارەى دەوڵەت بكرێ.

4- نيزامى دەستووريى ئەو دەوڵەتەى كە لە بەشێكى هەرێمەكەيدا ريفراندەم ساز دەكرێ كە داخوا لەرووى جەوهەرى و كارڕاييەوە رێگەى سازدانى راپرسى و ئاڵوگۆڕ لە سەروەريى خاكەكەى دەدا، چونكە لە هەندێ دەستووردا، راشكاوانە رێگە نادا ريفراندۆم بۆ جياكردنەوەى هەرێم و دەڤەرێكى خۆى سازبكرێ و هەشيانە وەكو ئەتيوبيا رێگە بەم جيابوونەوەيە دەدات لە رێگەى ريفراندۆمەوە .

5- فشارى توندى حكومەتى ناوەند بۆ سەر دەنگدەران كە نەتوانن بەئازادانە دەنگى خۆيان بدەن و ئيرادەى راستەقينە دەرببڕن، ئەمە سەربارى فرت و فێڵ و ساختەو ساختەكارى.

6- ئاستى هوشيارى و پلەى پێگەيشتوويى راى گشتى-يش كار لە پرۆسەى دەنگدان دەكەن بەتايبەتى لە كۆمەڵێكى دواكەوتوو كە زۆر جاران ئاسانە كارى تێبكرێ و ئەسلى مەبەست بەلارێ دابـبردرێ. بۆ ئەوەى پرۆسەى ريفراندەم بە ئازادانە و بەبێگەرد بەڕێوە بچێ و ئيرادەى راستەقينەى دانيشتوانى هەرێمێكى دياريكراو دەربكەوێ، پێويستە:

1- بۆ سازدانى راپرسيى گشتى plebiscite دەبێ يان ئەوەتا رەزامەنديى حكوومەتى ناوەند وەربگيرێ و ئيدى قانوونێكى نيشتمانى پێ دەربچێ، يان



لە دەستووردا بچەسپێندرێ يان بە پێى بڕيارێكى پابەندكارى نەتەوە يەكگرتووەكان، رێكبخرێ. لێرەدا رەزامەنديى حكوومەتى ناوەندى بەسازدانى ريفراندەمێكى گشتى لە هەرێمێكى دياريكراوى ناو وڵاتەكەى هۆكارێكى گرنگە كە ئاكامى راپرسييەكە پابەندكار و بە نيەتپاكييەوە جێبەجێ بكرێ. هەروەكو دەزاندرێ ئەندەنووسيا رازى بوو كە ريفراندەم لە تيموورى رۆژهەڵاتدا بكرێ و هەمان شتيش سەبارەت بە ئەتيوبيا. لەسەرينى ئەمەوە ئەو ريفراندەمە نارەسمييەى كە لە 2005/1/30دا لە كوردستاندا ئەنجامدرا، هەم يەكلايەنەو هەم ئاكامەكەى پابەندكار نەبوو تەنيا بريتى بوو لە دەربڕينى ويستى راستەقينەى خەڵكى كوردستان لە بەرانبەر بەردەواميى ئيلحاق بە دەوڵەتى عيراقەوە. لێ لە جێگەى تريش ريفراندەمى لەم بابەتەى ئێمە كراوە كە زێتر پشتەوانى بووە بۆ داخوازيى چارەى خۆنووسين و وەدەستهێنانى شەرعيەتى نێودەوڵەتى.

2- بۆ پێڕەوكردنى مافى چارەى خۆنووسين تەنيا دەبێ پرس بە دانيشتوانى ئەو هەرێم و دەڤەرە دياريكراوەى ناو وڵات بكرێ كە داواى جيابوونەوە دەكات نەك تەواوى دانيشتوانى دەوڵەت. جا چ هاووڵاتى ئەو دەڤەرە لەناو هەرێمەكە بژى يان لە دەرەوەى ئەم هەرێمە وەكو لە رێكەوتننامەى نێوان حكوومەتى سودان و گەلى باشورى سودان لە 20ى تەمووزى 2004دا هاتووە.

3- راپرسييەكە يەك پرسيار بێ، بەڵام لە يەك "اختيار" زێترى تێدا بێ و دەبێ يەكێك لە "اختيار"ەكانى، جيابوونەوە و پێكهێنانى دەوڵەتى سەربەخۆ بێ.

4- پێش ئەنجامدانى راپرسى، سەرژمێرييەكى بێگەرد بكرێ و بە پێى ئەو ئامارە ليستى ئەوانەى هەقى دەنگدانيان هەيە، ئامادە بكرێ، نەبادا كەسێ دووجارو زياتر دەنگبداو خەڵكێكيش بێبەش بكرێ.

5- ئەوەى تەمەنى لەسەرووى هەژدە ساڵييەوە بێ و مەرجەكانى دەنگدەرى تێدابێ، مافى دەنگدانى هەيە.

6- دەبێ دەنگدان بە نهێنی و ئازاد وبێگەرد بێ.

7- بۆ بەرێوەچوونی ئازادو بێگەردی راپرسی، پێویستە بە سەرپەرشتی نێوندەوڵەتی بێ یان چاودێری نێودەوڵەتی ئامادە ببێ.

8- بە نیازپاکییەوە ئەنجامی راپرسی جێبەجێبکرێ و ئیلیتزام بە حوکمی قانوونەوە بکرێ بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و بنکۆڵکردنی پرۆسەی دیموکراتی کە هەندێ جار لە سەروبەندو دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان دێنە ئاراوە هەروەکو لەدوای ئەنجامدانی راپرسی لە تیمووری رۆژهەڵات رووی داو زێتر لە 10000 کەس بوونە قوربانی.

## هەشتەم: ئەنجام

کەواتە دەکری بڵێین داخوازیی چەسپاندنی ماددەیەك لە دەستووری هەمیشەیی عیراق کە بێ پێچ و پەنا مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان بە مافی جیابوونەوەشەوە بسەلمێنێ لە ڕێگەی سازکردنی ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە، داخوازییەکی ڕەوایە چونکە:

1- پێشینەی دەستووری وا هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن لە چەندین وڵاتدا هەیە.

2- دیارە لە هەر وڵاتێکدا کە لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی نەتەوەو هەرێمەکان بنیاد بنرێ، دەبێ لە دەستووردا بە ڕوونی ئاماژەی پێ بکرێ و بۆ ئەمەش دەبێ ڕێگە بۆ نەتەوە و هەرێمەکان بکرێتەوە کە پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەشەوە بکەن، ئەگەر بەندێکی وا لە دەستووردا نەبێ، یەکگرتنی ئارەزوومەندانە هیچ مانایەکی نامێنێ.

3- کوردستان بە زۆر لەساڵی 1925 بە دەوڵەتی دروستکراوی عیراق بەبێ ویست و خواستی گەلەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا، لکێندراوەو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم نا شەرعیەتە، وا دەخوازرێ ئەم بەندە لە دەستووردا بچەسپێندرێ.

4- گەلی کوردستان، لە ماوەی 80 ساڵی ڕابردوودا، دووچاری ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وکۆمەڵکوژی هاتووە و پێشێلکاریی زلی تری قانوونی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی دەرهەق کراوە، بۆیە دەبێ لە دەستووردا، گەرەنتی لەم بابەتەی پێ بدرێ کە ئەگەر لە ئایندەدا، ڕێگەی پراکتیزەکردنی مافەکانی لێگیرا و فەرق و جیاوازی لەسەر بنەمای ئیتنی و نەتەوەیی.. لەگەڵدا کرا، بەپێی ئەم مافە دەستوورییە جیا ببێتەوە.



5- لەهەمان کاتدا ئەم بەندە لە بەرژەوەندی بوون و بەردەوامبوونی حکوومەتی دەستووری، قوڵبوونەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق، گردنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند و سەرهەڵنەدانەوەی دیکتاتۆرییە. واتە نابێ لەژێر پەردەی دیموکراسیی، زۆرینەو کەمینە، درێژە بە جیاکاری دژی کەمینە بدرێ.چەسپاندنی بەندێکی وا ڕێگە لە دیکتاتۆریەتی زۆرینە دەگرێ.

## پەراوێزەکان:

(★) "ئەم باسە لە کۆنفرەنسی دووەمی بزووتنەوەی ریفراندەمی کوردستان کە لە کۆتایی نیسانی 2005دا بەسترا، خوێندرایەوەو دواتر لە گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە 2، حوزەیرانی 2005دا بڵاوکرایەوە و دواتریش بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی "التاخی" بڵاوکرایەوە.

1- بەشێکی زۆری کێشەو شەڕی ناوەکی وڵاتان لەدوای کۆتاهاتنی شەڕی سارد لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بووە. هەر بۆ نموونە لە 1992دا، لە کۆی (14) شەڕ، (8) یان لەسەر ئەم یان ئەو پلەی پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین بووە لە (ئەفغانستان، کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، ئەندەنووسیا، هیند، رووسیا، سری لانکا، سوودان، یۆگۆسلافیا).

بۆ زێتر زانیاری بگەڕێوە بۆ:

International Peace Academy Conference Report, Competing Claims: Self-determination and Security in the United Nation, 29 Nov., 1 Dec. 2000, p.2, available in:
www.ipacademy.org/PDF-Reports/COMPETING- LAIMS.pdf

هەروا لە سەرەتای ساڵی 2003دا، (22)کێشەی ناوەکیی چەکداری لەسەر چارەی خۆنووسین بووە.

Danielle Archibugi, a Critical analysis of Self-Determination of the peoples: A Cosmopolitan Perspective, 18 June 2002, available in:www.tamilnation.org/selfdetermination/0archibgi

2- وەکو بڕیاری 688 ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە لە 5ی نیسانی 1991 دا دەرچووەو تیایدا داوای لە حکوومەتی عیراق کردووە بە پەلە دەست لە داپڵۆسینی هاووڵاتیان لە عیراقدا بە تایبەتی دەرهەق بە کورد هەڵگرێ.

3- هەندێ لە یاساناسان، رەچەڵەکی ئەم مافە دەبەنەوە سەر هەردوو شۆڕشی ئەمریکی (1776) و فەرەنسی (1789):



Claudia Saladin, Self-determination, minority rights and constitutional accommodation: The examples of the Czech and Slovak Federal Republic, 13 MICH. J.Int. Law, p. 172, 173 (1991).

هی واش هەن دەیبەنەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتە- شارەکانی یۆنان وەکو:

James Falkowski, Secessionary Self-Determination: A Jefferson perspective, 9 B, U, International law journal, 209 at p.212.

هەشە پێی وایە لە نووسینەکانی سەدەی 18ی جان جاك رۆسۆ دەبیندرێتەوە وەکو:

Angela M. Lloyd, A compelling case for Self-determination: The Southern Sudan, 32 Column J. transnational law, 419, 422 (1994), cited in: Halim Moris Self-determination: An affirmative Right or mere Rhetoric؟, p.13, available in:
www.tamilnation.org/selfdetermination/97Moris.htm

عەبدولرەحمان زێباریش لە ماستەرنامەکەیدا دەڵێ: بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی پرەنسیپی چارەی خۆنووسین، خۆیان لە چەمکەکانی (قانوونی سروشتی) و(دیموکراسی) و (پرەنسیپی نەتەوەکان) دەبیننەوە.

عبدالرحمن الزيباري، الوضع القانوني لاقليم كردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، هولێر، 2002، ص 329

4- مادده (2/1)ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: تهدف الامم المتحدة الى: انماء العلاقات الودية بين الامم على اساس احترام المبدأ الذي يقضي بالتسوية في الحقوق بين الشعوب وبان يكون لكل منها حق تقرير المصير..هەروا مادده (55)ی پەیمان-یش دەڵێ:.. تهيئة دواعي الاستقرار والرفاهية الضروريين لقيام علاقات سلمية بين الامم مؤسسة على اساس احترام المبدأ الذي يقضي بالتسوية في الحقوق بين الشعوب وبان يكون لكل منها تقرير مصيرها.

5- Gemini Keerawella, Formless as water, flaming as a fire: Some observations on the theory and practice of self-determination, Oct. 2004, p. 1, available in:
www.ide.go.jp/Japanese/Publish/Dp/PDF/013-keerawella.pdf

6- برگە (2)ی ئەم جاڕنامەیە دەڵێ: لجميع الشعوب الحق في تقرير مصيرها، ولها بمقتضى هذا الحق أن تحدد بحرية مركزها السياسي وتسعى بحرية الى تحقيق انمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي.

7- Article (1): All peoples have the right of self-determination. By virtue of that right they freely determine their political status and freely pursue their economic, social and cultural development.

واتە: لكل الشعوب الحق في تقرير المصير، وبمقتضيَ ذلك الحق أنها تقرر وضعها السياسي وتتابع بحرية انمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي.

8- لەم جاڕنامەیەدا لەژێر ناونیشانی "مبدأ تساوي الشعوب في حقوقها وحقها في تقرير مصيرها بنفسها" دا هاتووە: لجميع الشعوب، بمقتضى مبدأ تساوي الشعوب في حقوقها وحقها في تقرير مصيرها بنفسها المكرس في ميثاق الامم المتحدة، الحق في أن تحدد بحرية دون تدخل خارجي، مركزها السياسي، وفي أن تسعي بحرية الى تحقيق انمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي، وعلى كل دولة واجب احترام هذا الحق وفقا لاحكام هذا الميثاق.

9- هەر چەندە قانوونی کۆتایی هیلسنکی بەڵگەنامەیەکی قانوونیی پابەندکارو جیهانگر نییە، لێ کۆمەڵی دەوڵەتی دیارو زلهێز و ئەندامی ئەوCSCE ، پەسندیان کردووەو لەباری سیاسییەوە دۆکیۆمێنتێکی گرنگە و ئەو دەوڵەتانە لە پراکتیکی خۆیاندا پشت بەو پرەنسیپانە دەبەستن کە لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم قانوونەیان مۆر کردووە :نەمسا، بەلجیکا، بولگارستان، کەنەدا، قوبرس، چیکۆسلۆفاکیا، دانیمارك، فنلندا، فەرنسا، کۆماری ئەلمانیای دیموکرات، کۆماری ئەلمانیای فیدرالی، یۆنان، هۆلی سی، هەنگاریا، ئایسلاند، ئیرلندا، ئیتالیا، لیختینشتین، لۆکسمبۆرگ، مالتا، مۆناکۆ، هۆلەندا، نەرویج، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، تورکیا، یەکێتیی سۆڤیەت، بریتانیا، ئەمریکا، یۆگۆسلافیا .پرەنسیپی (8)ی ئەو قانوونە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە.

The Principle VIII of the Final Act provides that: By virtue of the principle of equal rights and self-determination of peoples, all peoples have the right, in full freedom, to determine, when as they wish, their internal and external political status, without



external interference and to pursue as they wish their political and economic and social and cultural development.

10- لە جاڕنامەکەدا هاتووە: لكل شعب حق أساسي وغير قابل للتحويل لتقرير المصير، وأن يحدد وضعه السياسي في حرية تامة بدون أي تدخل خارجي اجنبي.

Every people have the fundamental and inalienable right to self-determination, it defines its political status in all freedom, without any external foreign interference."

11- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: عبدالرحمن زێباری، سەرچاوەی پێشوو، ل343

ماددە (20)ی ئەم پەیمانە دەڵێ 1: لكل شعب الحق في الوجود ولكل شعب حق مطلق وثابت في تقرير مصيره وله أن يحدد بحرية وضعه السياسي وأن يكفل تنميته الاقتصادية والاجتماعية على النحو الذي يختاره بمحض ارادته.2- للشعوب المستعمرة المقهورة الحق في أن تحرر نفسها من اغلال السيطرة وباللجوء الى كافة الوسائل التي يعترف بها المجتمع الدولي.3- لجميع الشعوب الحق في الحصول على المساعدات من الدول الاطراف في هذا الميثاق في نضالها التحرري ضد السيطرة الاجنبية سواء أكانت سياسية أم اقتصادية أم ثقافية.

12- لەم دۆکیۆمینتە "یەکەم برگەی 2"دا هاتووە کە: لجميع الشعوب الحق في تقرير المصير. وهي، بمقتضى هذا الحق، تحدد مركزها السياسي بحرية وتسعي بحرية إلى تحقيق تنميتها الاقتصادية والاجتماعية والثقافية. وإن المؤتمر العالمي لحقوق الإنسان، إذ يأخذ في اعتباره الحالة الخاصة للشعوب الخاضعة للسيطرة الاستعمارية أو غير ذلك من أشكال السيطرة الأجنبية أو الاحتلال الأجنبي، يسلم بحق الشعوب في اتخاذ أي إجراء مشروع، وفقا لميثاق الأمم المتحدة، لإعمال حقها، الذي لا يقبل التصرف، في تقرير المصير. ويعتبر المؤتمر العالمي لحقوق الإنسان إنكار الحق في تقرير المصير انتهاكا لحقوق الإنسان ويؤكد أهمية الإعمال الفعلي لهذا الحق. ووفقا لإعلان مبادئ القانون الدولي المتعلقة بالعلاقات الودية والتعاون فيما بين الدول وفقا لميثاق الأمم المتحدة، يجب عدم تفسير هذا بأنه يرخص أو يشجع أي عمل من شأنه أن يمزق أو أن يمس، كليا أو جزئيا، السلامة الإقليمية أو الوحدة السياسية للدول ذات السيادة المستقلة التي تتصرف على نحو يتمشي مع مبدأ المساواة في الحقوق وتقرير المصير للشعوب، وبالتالي، لديها حكومة تمثل جميع السكان المنتمين إلى الإقليم دون تمييز من أي نوع.

13- دادگەی نێودەوڵەتی لە کێشەی نامیبیا (1971) لەمبارەوە دەڵێ:

The subsequent development of international law in regard to non self-governing territories enshrined in the charter of the United Nations, made the principle of self-determination applicable to all of them.

Cited in: Ved P. Nanda, Revisiting Self-determination as an International Law Concept: A major Challenges in the post-cold war era. P.5, available in:

www.tamilnation.org/selfdetermination/96nanda.htm

14- دادگەی دادی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە کێشەی بیابانی رۆژئاوا (1975)، لـەرای راوێژکاری خۆیدا دەڵێ:

The right of the population of the Western Sahara to determine their future political status by their own freely expressed will. Cited in: Ibid.

15- ان اصرار البرتغال علي أن حق الشعوب في تقرير المصير، كما يستنبط من الميثـاق ومن ممارسة الامم المتحدة له صفة الزامية عامة erga omnes أمر غير معيب. أي بمعنيى لا يمكن للـدول الاتفـاق علـى مخالفتهـا. بگـەڕێوە بـۆ: عەبـدولرەحمان زێباری، سەرچاوەی پێشوو، ل 360

16- Robert McCorquodale, Self-Determination: A Human Rights approach Self-determination: Human rights, note no.11, at p.18, available in:

http://www.eleves.ens.fr/home/blondeel/law.html

I. Brownlie, Principles of public International law (4th edn. 1991), p.513. Argues that combatants fighting for realization of self-determination should be granted a higher status under armed conflict law due to application of the jus cognes to the principle of self-determination.



A. Cassese, International Law in a divided world (1986), p.136J. Crawford (ed.), the rights of peoples (1998), p.166H. Gros Espiell, The right to self-determination, implementation of United Nation Resolutions (1978), UN.

Doc.E/CN.4/Sub.2/Rev.1/UN. Sales No E.79.xiv.5, Para 85. He view that" No one can challenge the fact that, in light of contemporary international realities principle of self-determination necessarily posses the character of jus cognes"And for more see: Karen Parker & Lyn Nylon, Jus Cognes: Compelling the law of Human rights, 12 Hastings International and Comparative Law Review, 411, at p. 440-44116- Karen Parker Understanding Self-Determination: The Basics, presentation to first International Conference on the right of self-determination, UN, Geneva, August 2000, p.1-2, available in: www.webcom.com/hrin/parker/selfdet.htm

17-Karen Parker Understanding Self-Determination: The Basics, presentation to first International Conference on the right of self-determination, UN, Geneva, August 2000, p.1-2, available in: www.webcom.com/hrin/parker/selfdet.htm

18- Michael C. Van Walt Van Praaq with Onno Seroor (editors), UNESCO International Conference of Experts, Barcelona 1998, Report and Analysis, Future of Self-determination, Implementation of the right to self-determination as a Contribution to Conflict Preventation. P.2, available in:

www.tamilnation.org/selfdetermination/98unesco.htm

19- Ibid

20- Yves Beigbeder, International Monitoring of Plebiscites, Referenda and National Elections: Self-determination and transition to Democracy, p.145, 1994. In Halim Moris, op, cit, p.1

21- Thomas M. Franck, Rosalyn Higgins, Alain Pellet, Malcolm N. Shaw, Christian Tomuschat, THE FOURTH WORLD , NATIONS WITHOUT A STATE, The Territorial Integrity Of Quebec In The Event Of The Attainment Of Sovereignty. Para. 3.04 Available In: www.Tamilnation.Org

22- Robert McCorquodale, op, cit, p.3

23- C. Lloyd Brown- Jon, Self-determination and separation, options politiques, Sep. 1997, p.2, available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/97brown.htm

24- له دیباجەی بڕیارەکەدا هاتووە: ان الجمعية العامة تعلن رسميا ضرورة القيام، سريعا ودون أي شرط، بوضع حد للاستعمار بجميع صوره ومظاهره، ولهذا الغرض تعلن ما يلي:1- أن اخضاع الشعوب لاستعباد الاجنبي وسيطرته واستغلاله يشكل انكارا لحقوق الانسان الاساسية، ويناقض ميثاق الامم المتحدة، ويعيق قضية السلم والتعاون الدوليين.

25- كل محاولة تستهدف التقويض الجزئي او الكلي للوحدة القومية والسلامة الاقليمية لبلد ما تكون متنافية ومقاصد ميثاق الامم المتحدة ومبادئه.

26- Gemini Keerawella, op, cit, p. 927

27- اللجنة المعنية بحقوق الانسان، التعليق العام رقم 12، المادة 1، الدورة الحادية والعشرون 1984، الموجود على الموقع:

www1.umn.edu/humanrts/Arabic/hrc.gc12.htm

28- James Crawford, State Practice and International Law in relation to Unilateral Secession, report to government of Canada concerning unilateral secession of Quebec (19 Feb. 1997), Para. 61, p. 20, available in:
www.tamilnation.org/selfdetermination /97 crawford.htm

29- International Peace Academy Conference Report Nov. 29-Dec. 1, 2000, op, cit, p.5

30- James Crawford, op, cit, Para. 6



31- روبرت مكوركوديل، حقوق الانسان و تقرير المصير، في: مؤتمر سيلرز (المحرر)، النظام العالمي الجديد: حدود السيادة، حقوق الانسان، تقرير المصير للشعوب، ترجمة: صادق ابراهيم عودة، دار الفارس للنشر والتوزيع، ط1، 2001، ص3.

32- Halim Moris, op, cit, p.233

33- لجنة القضاء على التمييز العنصري، التوصية العامة بشأن الحق في تقرير المصير، الدورة 48 في 1996، الموجود على الموقع:

www1.umn.edu/humanrts/Arabic/21dis.htm1

34- Catherine J. Irons, Indigenous peoples and self-determination: Challenging state sovereignty (1993), cited in: Halim Moris, op, note no. 14, p. 22

35- Ved. P. Nanda, Self-determination under International Law: validity of claiming to secede (1981), cited in, Halim Moris, op, cit, note no. 21, p.14

36- بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبی ئەو سنوورو تخوبەی لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا کێشراوە ریزی لێبگیرێ. ئەم پرەنسیپە دادگەی دادی نێودەوڵەتی لە کێشەی نێوان بورکینۆ فاسۆ و کۆماری مالی دا لە 22ی دیسامبەری 1986دا جەختی لەسەر کردووە.

37-.Angela M. Lloyd, the Southern Sudan: A Compelling Case for Secession, 32 Colum, J. Transnat. L L. 419, 422 (1994), cited in: ibid

38- Halim Moris, op, cit, p.19

39- UN publication, ElCN-4lSub.2l404lRev.1, Para 288

Leo Kuper, The Right to Self-Determination: Issues rose in the preventation of Genocide, 1985, p.2, available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/85kuper.htm

40- Judge Dillard in Western Sahara case (1975) it is for the people for decide the territory and not the territory to decide the people. Hurst Hannum, Professor of Int. Law, The Fletcher

School Law, Tufts University Members of a group must think of themselves as distinct (subjective) and have common characteristics (objective) e.g.: ethnicity, language, history and religion. Michael Kirby, Professor, PhD, Brown University Require commonality of history, ethnicity, language, religion, culture, geo connection, commerce, philosophy and sufficient number. Helen Quane, The Lecturer in Law (1991-2002), Westminster University Peoples = people living in State, inhabitants of non self governing territories, or inhabitants of trust territoritiesi.e. Means entire inhabitants of state or territory Rosalyn Higgins, Member of ICJ

Peoples could mean entire people of State or persons comprising distinctive groupings on the basis or race, ethnicity and perhaps religion.

41- برِگـەی (1)ی مــادده (31)ی (اتفاقيـة فينـا لقـانون المعاهـدات الدوليـة 1969) دەڵێ -1:تفسر المعاهدة بحسن نية طبقا للمعنى العـادي لالفـاظ المعاهـدة في الاطـار الخاص بها وفي ضوء موضوعها والغرض منها.

42- United Nations Economic and Social Council, International Meeting of Experts on Further Study of the Concept of the rights of Peoples: Final Report and recommendations, 1990. Cited by, Kasur Lodi G. Gyari, Tibet: The Right to Self-Determination, p. 42. Available in: www.unpo.org /Downloads/Selfdetermination %20 Conference1996.pdf

43- Sabyasachi Ghoshray, Resolving Conflict between Self-determination of Peoples and the Sovereignty of Nations: Analyzing the Case of Kashmir in India, 2003, p.4, available in: www.con.court.am/hr/ccl/vestnik/1.3.2004/ghoshary.htm

44- روبرت مكوركوديل، المصدر السابق، ص17



45- ماددەی (3)ی دەستوری کاتی ساڵی 1958 دەڵـێ: يقـوم الكيـان العراقـي علـى أساس من التعاون بين المـواطنين كافـة بـاحترام حقـوقهم وصـيانة حريـاتهم ويعتـبر العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن ويقـر هـذا الدسـتور حقـوقهم القوميـة ضـمن الوحدة العراقية. هەرچی مادده (5 برِگە ب) دەستووری کـاتیی عـیراق 1970 یـە دەڵـێ: يتكـون الـشعب العراقـي مـن قـوميتين رئيـسيتين، همـا القوميـة العربيـة والقوميـة الكرديـة ويقـر هـذا الدسـتور حقـوق الـشعب الكـردي القوميـة والحقـوق المشروعة للاقليات كافة ضمن الوحدة العراقية. مادده (7- ب)ی قـانونی ئیـدارەی دەوڵەتی عیراقە (8 ی ئادار 2004) دەڵێ: العراق بلد متعـدد القوميـات والـشعب العربي فيه جزء لا يتجزأ من الامة العربية.

46- Audrey Jane Roy, Sovereignty and decolonization: Realizing indigenous self-determination at the United Nations and in Canada, 2001, University of Victoria, p. 25, available in: http://web.uvic.ca/igov/research/audrey-roy-thesisfinal-pdf

47- James Crawford, op, cite, p.7

48- Ibid, p.7

49- Robert McCorquodale, op, cit. p.28

50- Robert McCorquodale, op, cit. p.29Opinion No. 2 it determines with greater precision the consequences of this right: it entails the right of minorities "to recognition of their identity"

51- Ibid, p.30

52- Ibid, p.31

53- عبدالرحمن الزيباری، المصدر السابق، ص 353.

54- Louis Belanger, Erick Duchesne and Jonathan Paquin, Foreign Intervention and Secessionist Movements: The Democratic Factor, p.5, available in: www.mcgill.ca/politialscience/gradstudents/paquin

55- ICJ Report, In the Burkina Faso and Mali (Frontier Dispute) case of 1986, the International Court of Justice held that the principles of uti possidetis "is a general principle, which is

logically connected with the phenomenon of the obtaining of independence, wherever it occurs, 554,567

56- Ei Kreptul, The Constitutional Right of Secession in Political Theory and History, Mises Institute Working Paper, Aug. 18, 2003, p.40, available in:
www.mises.org/journals/s/scholar/kreptul.pdf

57- لە دیباجەی دەستووری یەکێتیی سۆڤیات (1924)دا هاتووە:

The Union is a voluntary association of peoples with equal right that each republic is assured of the right of free secession from the Union.

ماددە (72)ی دەستووری سۆڤیاتی ساڵی 1977 دەڵێ:

: Each Union Republic shall retain the right to freely secede from the USSR

ماددە (69)ی دەستووری ئۆکرانیای سۆفیەتی یش دەڵێ: کۆماری ئۆکرانیای سۆسیالیستی سۆڤیاتی بە ئازادانە مافی جیابوونەوەی لە یەکێتیی سۆڤیات هەیە.بگەڕێوە بۆ Ibid, p. 37

58- لە دیباجەی دەستووری ساڵی 1974 (هەموارکراو لە ساڵی 1987 ی یۆگۆسلافیا (پرەنسیپە سەرەکییەکان 1) دەڵێ

:The Nations of: Yugoslavia, proceeding from the right of every nation to self-determination, including the right to secession has, together with the nationalities with which they live, united in a federal republic of free and equal nations and nationalities the socialist Federal Republic of Yugoslavia. Cited in:

Tim Potier, Conflict in Nagorno-Karabakh, Abkhazia and South Ossetia, A legal Appraisal, p.15, available in:
www.karabakh-doc.gen.az/ru/law/law031-3php

لە فەسڵی (10)ی دەستووری (24ی ئەیلوولی 194)7ی بۆرما دا بە ئاشکرا دان بە جیابوونەوە نراوە کە هەر ویلایەتێ مافی جیابوونەوەی لە یەکێتیی بۆرما بە پێی ئەو مەرجانە هەیە.. مەرجەکانیش ئەمانەن: دەبێ دوای 10 ساڵ لە دەرچوونی دەستوور



داوای لەم بابەتە بکرێ و دەبێ زۆرینەی 3/2ی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی ویلایەتە جیاخوازەکە (کارین، کارینیی، مون، شان و هی تر) لەگەڵ جیابوونەوە دابێ و پاشان پاشان بەپێی ماددە (204) سەرکۆمار فەرمانی سازدانی ریفراندۆم بۆ زانینی ئیرادەی ویلایەتی پێوەندار دەردەکا، وبەگوێرەی ماددە (206)یش هەر شتی پێوەندیی بە پراکتیزەکردنی مافی جیابوونەوە هەبێ بە قانوون رێکدەخرێ. لە دەستووری ساڵی 1974دا ئەم برگەیە هەڵگیرا.

59- Ei Kreptul, op, cit., p.39

Also see: B.K.Sen. Secession and self-determination in the context of Burma s transition, note no.9, p.9, available in:www.ibiblio.org/obl/docs/Ll0B10.BKSen.htm

60- Ei Kreptul, op, p.41

61- Ibid, p.43-45

62- Constitution of Republic of South Africa 1996 as adopted on 8 May 1996 and amended on 11 Oct. 1996 by the Constitutional Assembly.

63- Ei Kreptul, op, p.48

64- عبدالرحمن الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل368

65- هەمان سەرچاوە، ل 369، لە د. عبدالمجید اسماعیل حقی وەرگیراوە، الوضع القانوني لاقليم عربستان في ظل القواعد الدولية، مطبعة المدني، القاهرة، 1974، ص320-321

66- عەبدولرەحمان زێباری، هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ژمارە 18، ل 368.

67- هەمان سەرچاوە، ل370، هەروا بڕوانە:

Gary Sussman, When the Demod Shapes the Polis- the Use of Referendums in Settling Sovereignty Issues, available in: www.

68- هەمان سەرچاوە، لە عبدالمجید حقی وەرگیراوە، سەرچاوەی پێشوو، ل321.

69- کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری 2229ی 1966 بڕیاری دا کە لە سەحرای رۆژئاوا ریفراندەم بۆ دیاریکردنی باری قانوونیی ئەو کۆلۆنییەی

ئەسپانیا ساز بکرێ. لە ساڵی 1975 ئەسپانیا رازی بوو کە ئەو ریفراندەمە ساز بکرێ، لێ مەغریب و مۆریتانیا دژی ئەم کارڕاییە وەستانەوە.

70- Macho as Protocol, Secretariat on peace in the Sudan, available in: http:
www.irinnews.org/web specials/Sudan/sudanMachakos.htm

71- UNESCO International Conference of Experts, Barcelona 1998, Future of Self-Determination, p.22

72- عەبدولڕەحمان زێباری: سەرچاوەی پێشوو: ل369

73- UNESCO International Conference of Experts, Barcelona 1998, op, cit, p.22

74- Ibid



## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی (لە ئینتەرنێت وەرگیراو)


1- International Peace Academy Conference Report, Competing Claims: Self-determination and Security in the United Nation, 29 Nov., 1 Dec. 2000, p.2, available in:
www.ipacademy.org/PDF-Reports/COMPETING-LAIMS.pdf

2- Danielle Archibugi, a Critical analysis of Self-Determination of the peoples: A Cosmopolitan Perspective, 18 June 2002, available in:
www.tamilnation.org/selfdetermination/0archibgi

3- Halim Moris Self-determination: An affirmative Right or mere Rhetoric؟ Available in:
www.tamilnation.org/selfdetermination/97Moris.htm

4- Gemini Keerawella, Formless as water, flaming as a fire: Some observations on the theory and practice of self-determination, Oct. 2004, available in:
www.ide.go.jp/Japanese/Publish/Dp/PDF/013-keerawella.pdf

5- Ved P. Nanda, Revisiting Self-determination as an International Law Concept: Major Challenges in the post-cold war Era, available in:
www.tamilnation.org/selfdetermination/96nanda.htm

6- Robert McCorquodale, Self-Determination: A Human Rights approach Self-determination: Human rights, available in:
http://www.eleves.ens.fr/home/blondeel/law.html

7- Karen Parker Understanding Self-Determination: The Basics, presentation to first International Conference on the right of self-determination, UN, Geneva, August 2000, available in: www.webcom.com/hrin/parker/selfdet.htm

8- Michael C. Van Walt Van Praaq with Onno Seroor (editors), UNESCO International Conference of Experts, Barcelona 1998, Report and Analysis, Future of Self-determination, Implementation of the right to self-determination as a Contribution to Conflict Preventation, available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/98unesco.htm

9- C. Lloyd Brown- Jon, Self-determination and separation, options politiques, Sep. 1997, available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/97brown.htm

10- James Crawford, State Practice and International Law in relation to Unilateral Secession, report to government of Canada concerning unilateral secession of Quebec (19 Feb. 1997), available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/97crawford.htm

11- Leo Kuper, The Right to Self-Determination: Issues raised in the preventation of Genocide, 1985, available in: www.tamilnation.org/selfdetermination/85kuper.htm

12- Kasur Lodi G. Gyari, Tibet: The Right to Self-Determination. Available in: www.unpo.org/Downloads/Selfdetermination%20Conference 1996.pdf

13- Sabyasachi Ghoshray, Resolving Conflict between Self-determination of Peoples and the Sovereignty of Nations:



Analyzing the Case of Kashmir in India, 2003, available in: www.con.court.am/hr/ccl/vestnik/1.3.2004/ghoshary.htm

14- Louis Belanger, Erick Duchesne and Jonathan Paquin, Foreign Intervention and Secessionist Movements: The Democratic Factor, available in: www.mcgill.ca/politialscience/gradstudents/paquin

15- Ei Kreptul, The Constitutional Right of Secession in Political Theory and History, Mises Institute Working Paper, Aug. 18, 2003, available in: www.mises.org/journals/s/scholar/kreptul.pdf

16-Tim Potier, Conflict in Nagorno-Karabakh, Abkhazia and South Ossetia, A legal Appraisal, available in: www.karabakh-doc.gen.az/ru/law/law031-3php

17- B.K.Sen. Secession and self-determination in the context of Burma’s transition, available in: www.ibiblio.org/obl/docs/Ll0B10.BKSen.htm

18- Machokas Protocol, “Secretariat on peace in the Sudan”, available in:http: www.irinnews.org/webspecials/sudan/sudanMachakos.htm

19- Audrey Jane Roy, Sovereignty and decolonization: Realizing indigenous self-determination at the United Nations and in Canada, 2001, University of Victoria, available in: http://web.uvic.ca/igov/research/audrey-roy-thesisfinal-pdf

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عارەبی**

1- ميثاق الامم المتحدة

2- العهد الدولي للحقوق المدنية والسياسية (1966)

3- اعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة، الجمعية العامة، قرار 1514، الدورة 15، 14 كانون الاول 1960
4- اتفاقية فينا لقانون المعاهدات الدولية 1969
5- عن مباديء القانون الدولي ذات الصلة بالعلاقات الودية والتعاون فيما بين الدول طبقا لميثاق الامم المتحدة، الجمعية العامة، قرار 2625، الدورة 25، 24 تشرين الاول 1970.
6- عبدالرحمن الزيباري، الوضع القانوني لاقليم كردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، هقولير، 2002،
7- روبرت مكوركوديل، حقوق الانسان و تقرير المصير، في: مورتمر سيلرز (المحرر)، النظام العالمي الجديد: حدود السيادة، حقوق الانسان، تقرير المصير للشعوب، ترجمة: صادق ابراهيم عودة، دار الفارس للنشر والتوزيع، ط1، 2001.

# مافی دەستووریی جیابوونەوە لە تیوریی سیاسی و مێژوودا(*)

بەدوای ڕمانی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، لە سەرەتای نۆهەتەکاندا چەندین قەوارەی سەربەخۆی بچوکتری سیاسیی، لەسەر بنەمای ئیتنی هاتنە گۆڕێ. ئیدی لەو ساڵانەوە، سەرلەنوێ پسپۆڕو زانای سەر بە نەزم و قوتابخانەی جیا جیا مژولی بابەتی جودابوونەوە بوون و بایەخی پێ دەدەن. لە کۆڕی ئەکادیمیدا، پیلەکە و گفتوگۆیەکی گەرم و زیندوو لەمەڕ مۆراڵیبوون و ڕەوابوونی جودابوونەوە هاتە ئارا، بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو فەیلەسووفە سیاسییە دیموکراتییە لیبراڵەکاندا، کە هەرگیز پیلەکەی وا بەر لە رووخانی دیواری بەرلین، نەبووە[1].

هەروابێتەوە لەناو ئابووریناسە سیاسییە ئازادیخوازەکان، لەناو مێژوونووسان لە ناو ئەو فەیلەسووفانەدا کە دەچنەوە سەر قوتابخانەی بیری ئابووریی نەمسایی، بابەتی جودابوونەوە سۆنگەی پیلەکە و بایەخپێدانی تیۆریی زۆرتر بووە[2]. ئەو کارەی ئەم ئازادیخوازانە، کە تێڕوانینێکی دیرۆکیی گرنگە لە تاوتوێکردنی پرسی جودابوونەوە لە میانەی شەڕی نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکادا، وەکو دژە-دیدێکی گرنگ، تیورییە نا مێژووییە ئەبستراکتەکانی جودابوونەوە تەواو دەکا و لە هەمان کاتدا کۆمەکیان پێ دەکا کە تەوژمی دیموکراتخوازە لیبراڵەکان



گەلاڵەیان کردووە و کەوتوونەتە بەر کاریگەریی تەوژمی دیموکراسیی جیهانی کە بە "کۆتایی مێژوو"[3] هێمای بۆ دەکرێ.

پیلەکە و ئاخاوتن لەبارەی جودابوونەوە وەکو چەمکێکی سیاسی، تێگەیشتنێکی جێگیرو قوڵی گەرەکە کە ئایا جودابوونەوە چییە؟ بۆ هالێبوون دەبێ ئەو پێناسانە بزانین کە قانووناسان دەیانخەنە روو، ئەو پێناسانە کاریگەریی چۆنیەتی ناسین و حاڵیبوون لە سروشتی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسییان بەسەرەوە دیارە. بۆ نمونە، فەیلەسووفی سیاسیی دیموکراتیی لیبراڵ Allen Buchanan، بە خواستنەوە لە Lea Brilmayer، بەم شێوەیە پێناسەی جودابوونەوە دەکات کە هەر ئەوە نییە "کۆمەڵە کەسێ نکوڵی لە خۆبەستنەوە بکەن و چی دی مل بۆ قانوونەکانی دەوڵەت کەچ نەکەن" بەڵکە هەروا "بەشێکی ئەو هەرێمەش کۆنترۆڵ بکەن کە دەوڵەتی ئارا بەهی خۆی دەزانێ"[4]. بێ لەمەش، Buchanan خۆی پێیوایە جودابوونەوە "نەهێشتنی دەسەڵاتی حکوومەتیشە بەسەر هەمان هەرێمدا[5]".

بەپێچەوانەی دیموکراتە لیبراڵە هاوچەرخەکان، فەقیه و کارزانە ئازادیخوازەکان، جودابوونەوە وەکو کارێکی رزگاریخوازانەی تاکەکەس لە رایەڵکەو پێوەندییە هژمونییەکانی دەوڵەت تاوتوێ دەکەن. ئەگەر لە وشەکانی Jorg Guido Hulsmann ی ئابووریناسی قوتابخانەی نەمسایی ورد بینەوە و لەگەڵ Buchanan و Brilmayer دا پێکیان بگرین، دەبینین ناتەبابییەکی تەواو لە نێوان هەردوولادا هەیە.

ئەوەتا Hulsmann دبێژە: "بەگشتی وا لە جودابوونەوە حاڵی بوون کە جوێخوازان یەکلایەنە رایەڵکەی خۆیان بە رێکخراوێکی لە خۆ گەورەتر بپچڕێنن. بەم پێیە، جودابوونەوە لە دەوڵەت واتە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك لە دەوڵەت وەکو گشتێکی گەورە کە پێیەوە لکاون، بکشێنەوە[6].

Hulsmann دەگاتە ئەم ئەنجامە کە دوا مەبەستی جودابوونەوە بریتییە لە "بڕینی ئەو رایەڵکە پابەندکارانەیەی لە نێوان جوێخوازان و ئەو حکوومەتەدا هەن کە چیدی بەلای ئەوانەوە پەسند نییە[7].

وێڕای کە ئەو ئەرگیومێنتانەی پێوەندییان بە مۆراڵێبوونی مافی جودابوونەوە هەیە دەبێ لێرەدا بخرێنە بەر باس، تەنیا بەو ئەندازەیەی کە کاریگەرییان بە سەر دەستووریێتی جودابوونەوەوە هەیە. مەبەستی ئەم گوتارە، لێوەکۆڵینی رووە قانوونییەکانی جودابوونەوەیە، نەمازە ئەو روانەی کە پێوەندییان بە قانوونگەلی دەستووریی دەوڵەتە سەروەرەکانەوە هەیە. بەم پێیە، لەبەر رۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتی، لێرە قسە لەسەر جودابوونەوە ناکرێ، چونکە تاوتوێکردنێکی تەواو و راست و دروستی ئەم پرسە وتارێکی سەربەخۆی دەوێ.

ئەم گوتارە بەسەر پێنج تەوەردا دابەش دەبێ:

**تەوەری یەکەم: "مافی دەستووریی جودابوونەوە لە تیوریی سیاسیدا":**

لە پاساوە تیورییەکانی جودابوونەوەی دەستووری دەدوێ. داخوا مافی جودابوونەوە بەدەستووری دەکرێ؟ ئەگەر کرا، ئایا سروشتی ئەم مافە دەبێ چی بێت؟ ئایا ئەم مافە یەکلایەنە و بێ سنوور و کۆتە؟ ئایا ئەم مافە دەبێ کۆت و بەندی هەندە قورسی بخرێتەسەر تا دیموکراسیگەلی دەستووری بکارن حوکمی قانوون بۆ کۆنترۆلکردنی پرۆسەی جودابوونەوە لە ریگەی وتووێژی رەزامەندانەوە دەعەمەل بهێنن؟ داخوا تەنانەت مافێك هەیە ناوی مافی دەستووریی جودابوونەوە بێت؟ بۆ ئەوەی کۆمەك بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تیوریانە بکەین، دەبێ هەم ئەو بەڵگانەی لەگەڵ بەدەستووریکردنی جودابوونەوەدان و هەم ئەو بەڵگانەش کە دژی ئەم بەدەستووریکردنەن بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێڤاژۆی دەوڵەتێکی مۆدێرنی دیموکراتدا هەڵبسەنگێنین، چونکە ئەمرۆکە زۆربەی بزووتنەوە جوێخوازەکان لەو وڵاتانەدا بوونیان هەیە کە دیموکراسیی دەستوورین. لەمەش تایبەتتر دەبێ ئەو بەڵگانەی کە دیموکراتە لیبراڵەکان دەیخەنە روو لەگەڵ ئەو بەڵگانەی ئازادیخوازە نەمساییەکان دەیهێننەوە بەراورد بکرێن، چونکە دیموکراسیی لیبراڵی و ئازادیخوازیی نەمسایی دوو ئایدیۆلۆجیای رك بەرکەی یەکترن لەو ئاخاوتن و گفتوگۆیە هاوچەرخەی لەبارەی مافی جودابوونەوە هاتوونەتە گۆڕێ.



**تەوەری دووەم: مافی دەستووریی دیرۆکیی جودابوونەوە**

لە بنەچەو بناخەی مێژوویی مافی دەستووریی جودابوونەوە دەکۆڵێتەوە. مەبەست لەم لێوەکۆڵینە خستنەڕووی حسێبێکی مێژوویی جودابوونەوەی دەستوورییە لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیە تیورییە هاوچەرخانەی لەمبارەوە کراون. لەم لێوەکۆڵینە دیرۆکییەدا، رووپێویێکی مافەکانی جودابوونەوە یان ئەو ماددانە دەکەین کە پێوەندییان بە جودابوونەوە هەیە لە دەستووری ئێستای وڵاتاندا و پۆلینکردنیان. ئەم رووپێوە یارمەتیمان دەدا کە وەڵامی چەندین پرسیاری کلیلئاسای پێ بدەینەوە. بۆ نمونە، سروشتی راستەقینەی مافی دەستووریی جودابوونەوە چییە؟ ئایا ئەم مافە مافێکی راستەقینەی جەوهەرییە یان مافێکی کارڕایی و کردەنی؟ ئایا مافێکی خویایە یان پەنامەکی؟ ئایا قانوونی مافی جودابوونەوە بۆ بەرەواییکردنی جودابوونەوەیە یان بۆ بەرپێنەدان و تەگەرەتێخستنی جودابوونەوەیە؟ نیاز و مەبەست لە بوونی مافێکی لەم جۆرە لە دەستووردا چییە؟ ئایا مافێکی رەهایە یان بەمەرج و کۆت و سنوردارە؟ بوونی مافی دەستووریی جودابوونەوە یان نەبوونی ئەم مافە چ کارێك دەکاتە سەر ئاکار و رەوتاری دەوڵەتی ناوەندی و ناحەزە جوێخوازەکانی؟

**تەوەری سێیەم: مافی دەستووریی مۆدێرنی جودابوونەوە**

لەم بڕگەیەدا باس لە مافە خویا و پەنامەکییەکانی جودابوونەوە دەکرێ لە دەستووری هەر یەك لە: ئەتیوپیا، یەکێتیی ئەوروپا، سانت کیتز ونڤیس، نەمسا، سەنگافورە، سویسرا و کەنەدا.

**تەوەری چوارەم و پێنجەم: ئاریشەکانی مافی دەستووریی جودابوونەوەی مۆدێرن و چارەسەری**

ئەو گرفت و ئاریشە کارڕاییانەی لە دارشتنی دەستوورییانەی ئەم مافە سەرهەڵدەدەن و دێنە پێشەوە، شیدەکەنەوە و پاشان لیستێکی پوخت (نە هەمەگیر) سەبارەت بە چارەسەری ئەم ئاریشانە دەخرێتە روو.

## مافی دەستووریی جودابوونەوە لە تیوریی سیاسیدا

بۆ ئەوەی تەواو لە تیورییە ناتەبا و جۆرەوجۆرەکانی جودابوونەوە وەکو مافێکی مۆراڵی و قانوونیی جێگیر لە قانوونی دەستووری، حاڵی ببین، گرنگە لەم پێشاژۆیە سیاسییە بگەین کە ئەم مافەی تێدا هەیە.

### پێگەی جودابوونەوە لە نیزامی سیاسیدا:

**هۆبز Hobbes لە بەرانبەر ئالتوسیس Althusius**

دۆنالد لیڤینگستۆن Donald Livingston بە وردبینییەوە، بناخەی قسە بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەڕەواییکردنی بەرە-بەرەی مافی جودابوونەوە لە تیوریی سیاسی و لە مێژوودا دادەمەزرێنێ و دەڵێ: لە سەدەی حەڤدەوە چیرۆکی ململانە لە نێوان دوو چەمکی ئایدیالی نیزامێکی ڕەوای سیاسیدا، دەست پێ دەکات[8]. ئەم ململانەیە لە نێوان دوو نمونەی پێکناکۆك دایە: نمونەی هۆبزی کە سەرجەلەکەی دەچێتەوە سەر فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز و کتێبە سیاسییەکەی Leviathan کە لە ساڵی 1651دا دەرچووە، نمونەی ئالتۆسیسی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆهانز ئالتۆسیس و کتێبی Politica ی وی کە لە ساڵی 1603دا بڵاوبۆتەوە.

هەروەکو لیڤینگستۆن وەسفی دەکات نمونەی هۆبزی گرێبەستێکە لەنێوان "تاکگەلێکی خۆپەرست" لە چوارچێوەی بارێکی سروشتدا، کە بەهەڤڕا رازیبوون خواست و ویستی سەروەرانەی تاکەکەسیی خۆیان لە قەبەڵ لایەنێکی سێیەمی حوکمڕان، بکەن. دەسەڵاتی سەروەرانەی حوکمڕان بەسەر ئەو تاکانەدا بە"پارچە پارچەنەکراو، یەکجارەکی و پێش پێ نەگیراو" دادەنرێ[9].

لە بەرانبەردا، نمونەی ئالتۆسیسی، نیزامی سیاسی پێ وەکو نیزامێکی سروشت فیدراڵ وایە. واتە تاکە دامەزراوەیەکی دەوڵەت، مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی ناکات. لەبری ئەمە، حکومەت فرە ئاستەو چەندین یەکەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی هەرە خوارێی دەسەڵاتەوە، مینا خێزان تا ئاستی باڵا،



دەسەڵاتی سەروەرییان لەنێو خۆیاندا بەش بەش کردووە. خێزان و ماڵبات یەکدەگرن و دەبنە ئەندام لە تایەفەو تیران guilds و کۆڕو کۆمەڵان.Colleges ئەمانەش لەناوەخۆ پێکدێن و شار و ستان و دەڤەران پێکدێنن، ئەمانەی دواییش لەناو رایەڵکەیەکی سەربەخۆی هەمەگیرتردا یەکدەگرن. وەك Thomas Hueglinی کارناس و لێزانی گەورەی ئالتۆسیسی دەڵێ:

"لە هەر ئاستێکی ئەم یەکگرتنە فرە ئاستەی یەکگرتنان، یەکەی گچکەتر ئەندامی پێکهێنەری یەکەی لەخۆ گەورەترن. لە هەر ئاستێکدا، حوکمڕانی بەرفەرمانی رەزامەندی و ئالیکاریی کۆمەڵایەتییە. بەم مانایە، زاراوەی "تەوافووق consociation" لەوانەیە جەوهەری نیازو مەرامی ئالتۆسیسی بەشێوەیەکی چاکتر لە یەکگرتن association دەربڕێ، چونکە ئەمەی دوایی لەوانەیە لەگەڵ دەربڕینی پلورالیستی لیبراڵانەی مۆدێرنی associationalism تێکەڵ و پێکەڵ ببێ کە لەسەر ئەندامەتی تاکە تاکە و ئارەزوومەندانە دامەزراوە. هەر تاکێ بۆی هەیە بە ئاسانی بچێتە ناو ئەم یەکگرتن وکۆمەڵە ئارەزوومەندایە یان لێی بکشێتەوە، لێ ئەگەر کەسێ سەر بە کۆمیونیتەیەکی "ئیتیحادی" بێ بە مانا پەیمانکارییەکەی تەنانەت بەم حاڵەشەوە، مافێکی رەهای بەرەنگاربوونەوە و جیابوونەوە هەیە هەروەکو ئالتوسیس بە پێداگرتنەوە لە ئاماژەیەکی تایبەتدا قامك بۆ شۆرشی ئەڵمانی و جودابوونەوە لە ئیسپانیا رادەکێشێ.

کەواتە بەپێی چەمکی ئالتوسیسی، ئەوا "سیاسەت" کۆ و فرەئاستە، دەوڵەتیش دوا دادوەر نییە کە داخوا قانوون و دادپەروەری چنە. دەسەڵاتی سیاسی هەندە نا سانترالیست کراوە کە ئاستەکانی خوارێی دەسەڵات دەکارن دەسەڵاتی سەروەرانەی خۆیان بپارێزن. لە کاتێکدا رازیبوون بە دەسەڵاتی سیاسی بە چەمك و مانای هۆبزی، یەکجارەکی و ژێوانبوونەوەی تێدا نییە، تێڕوانینی ئالتوسیسی بە پێچەوانەیە:

"رازیبوون بەردەوامێتی هەیە و دەکرێ لە هەر کات و ساتێکدا پەشیمان ببنەوە. هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی میکانیزمگەلی کاری وای هەیە کە بکارێ

به شێوەیەکی قانوونی لەو یەکە کۆمەڵایەتییە گەورەترەی کە دەسەڵاتی لە قەبەڵ کردووە، جیا ببێتەوە"[11].

یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات لە نمونەی ئالتوسیدا، بە حەزو ئارەزووی خۆیان دەکارن یەکبگرن و لێکدی جیا ببنەوە، چونکە ئەم یەکانە بەپێی پەیمان و گرێبەستێکەوە، دەچنە ناو ئاستگەلی باڵاتری یەکەی کۆمەڵایەتییەوە وەکو کیان و قەوارەش، خەسیەتی سەروەرانەی خۆیان لە یەکێتییە سیاسییەکە لەدەست نادەن. هەرچی نیزامی هۆبزیە ئەوا دەسەڵاتگەلە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆیە رکابەرەکانی وەکو خێزان، کلێسا، تایەفە و کۆمەڵە، دەسڕێنەوە یان دەخرێنە پەراوێزەوە، ئەوا پلورالیزمی نیزامی ئالتوسیسی، رێگەچارەی جودابوونەوە دەکا بە رێگەیەکی بەردەست و رەوا.

## تیوری دیموکراتیی لیبرالی لەبارەی مۆراڵێتی و دەستوورێتیی جودابوونەوە

### نموونەی هۆبزی

بەگوێرەی ئاراستەی ئێستا بەرەو دامەزرانی ستایلی هۆبزییانەی نیزامی دیموکراتی جیهانی، ئەو دەوڵەتانەی کە بزاڤگەلی جوداییخوازیان تێدایە وەختێکی باس دێتە سەر پرسی ئەوەی کە داخوا مافی جودابوونەوە لەناو دەستووردا جێ بکەنەوە، تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای باڵادەستی دیموکراتی لیبراڵیان بەسەرەوە دیارە. لەڕاستیدا هەندێ لەم وڵاتانە سەبارەت بە دەستووریکردنی جودابوونەوە پرس و ڕا بە کۆڕو ناوەندی ئەکادیمی دەکەن و دەیانەوێ بزانن فەیلەسووفە سیاسییە دیموکراتیکە لیبراڵەکان لەمبارەوە چ دبێژن. بۆ نمونە، حکوومەتی کەنەدا پرس و راوێژی بە فەیلەسووفی سیاسیی راولزی بەنێوبانگ و فەقیهی جودابوونەوە Allen Buchanan کرد سەبارەت بە دادوەریی دادگەی باڵای کەنەدا لەمەڕ دەستوورێتیی جودابوونەوەو پێوەندیی بە بەها سیاسییە دیموکراتییە لیبراڵەکانەوە[12].



بەهەرحاڵ، بەر لەوەی راستەوخۆ قسە لە دیدو تێڕوانینی دیموکراتیی لیبراڵی سەبارەت بەدەستووریکردنی جودابوونەوە بکەین، گرنگە لە ئایدیاو ناوەڕۆکی ئەم پاساو و بەڵگانەی خوارەوە حاڵی ببین. چونکە کاری جودابوونەوە لە دەوڵەتێکی ئارا کە هەم پاشەکشەو کشانەوەی گەل و هەم هەرێمێکیش لەو دەوڵەتە دەگرێتەوە، تێگەیشتنێکی قوڵ لە تیوریگەلی دیموکراتیی لیبراڵی لەمەڕ دەوڵەت، دادپەروەری و دیموکراسی توخمێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ حاڵیبوون لە وتووێژ و بەڵگە دیموکراتییە لیبراڵەکان، جا چ ئەو بەڵگانە لەگەڵ چەسپاندنی مافی دەستووریی جیابوونەوە دابن یان دژ.

بەگشتی، دیموکراتە لیبراڵەکان پێیانوایە دەوڵەت نەمازە دەوڵەتێکی دەستووریی دیموکراتی، دەستاوێژێکی پێویستە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە فەرمان و ئەرکەکانی لەسەر پرەنسیپگەلێکی دیاریکراوی دادپەروەری رۆنرابن. ئەم دیدە بۆ دەوڵەت، بەرجەستەبوونێکی نوێی نمونەی هۆبزییە: دەوڵەت بەرەنجامی گرێبەستێکی نێوان گەل خۆیانە تا پاشایەتییەکی سەروەر یان دەستەیەکی یاسادانانی دیموکرات حوکمڕانیان بکات و ئەندامێتیی لە وەها دەوڵەتێکدا یەکجارەکی و هەمیشەییەو پەشیمانبوونەوەی تێدا نییە. ئا بەم شێوەیە، شیمانەی جێگیرکردنی مافێکی قانوونیی بۆ جودابوونەوە لە چوارچێوەی دەستووریی دەوڵەتدا، لە باشترین باردا، زۆر ئاریشاوییە. Daniel McCarthy وەسا راڤەی ئەم پرسە دەکا:

"مەنتیقی دیموکراسیی لیبراڵی ئەوەیە کە دەبێ بەریوانێکی باڵا، واتە دەوڵەت بۆ بەتەنگەوەهاتنی کۆمەڵە مافێکی جیهانی لە ئارادابێ. لە سۆنگەی ئەمەوە دەبێ دەوڵەت-یش، دەوڵەتێکی جیهانی بێت. ئەگەر لە جیهاندا، بەریوان مشە بوون، ئەگەر دەوڵەتگەلێکی تر هەبوون (یان غەیرە- دەوڵەت) هەر یەکەیان کارڕایی و بەهای جیا-جیای خۆیان هەبێ، ئەوا دەسەڵاتی دەوڵەتی دیموکراتیی لیبراڵی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، دیموکراسیی لیبراڵی ناتوانێ رێگە بە جودابوونەوە بدات[13].

دیدی هەرە باوی هاوچەرخ سەبارەت بە دادپەروەریی دیموکراتیی لیبراڵی، لە ئایدیای جۆن راولزی John Rawls ی فەیلەسووف سەبارەت بە دادپەروەریی دابەشکری distributive justice ، خۆ دەنوێنێ. بۆچوونی گشتیی راولز بریێتیە لە بەشداریکردنی تاکە کەسان لە گریبەستێکی گریمانەییدا بۆ پێکهێنانی "بنیادی بنەڕەتیی کۆمەڵگە". لە "پێگەیەکی ئەسڵی" بەری لە هەر جۆرە ناسینێکی باکگراوندی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتیی تاکە کەس، هەر تاکێ، لەو دیو "پەردەیەکی بێ باکی" دەجولێتەوە و رەوتار دەکات، هەر یەکەیان هۆکاری بزوێنەری خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی پرەنسیپەکانی دادپەروەری کە:

1- هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە یەکسانی بە کۆمافە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان شاد بن.

2- نایەکسانییە سروشتکردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کەم بکاتەوە.

ئەمانەش وا دەخوازن:

1- دەرفەتی وەکیەك بۆ گەیشتن بە جێگەو رێگەو پلەو پایە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەستەبەر بکرێ.

2- بەهرەو سوودی جڤاکی و ئابووری بەشێوەیەکی وەسا لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا دابەش بکرێ کە نا یەکسانی سروشتکرد "ئەوپەڕی قازانج و سوود بە نا لێوەشاوەترین ئەندامی کۆمەڵگە بگەیەنێ"، واتە ئەو چەمکەی بە "پرەنسیپی جیاکاری" ناسراوە.[14]

بە گوێرەی راولز، دەوڵەتێکی دیموکراتیی دەستووری دەبێ بە ناچاری دەوڵەتێکی "دادپەروەر" بێ، چونکە ئەم دەوڵەتە تاکە جۆرە رێکخراوێکی سیاسییە کە بتوانێ بە شێوەیەکی وەکیەك کۆمافە مەدەنی و سیاسییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بۆ هەموو هاوولاتان دابین بکا و بپارێزێ. سەرباری ئەوەش، دیموکراسیی دەستووری، بنیادی دامەزراوەیی پێویستی بۆ دابەشکردنی بەروبومی ئابوریی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی وەسا هەیە کە تاکە نا-یەکسانیی رێگەپێدراو ئەوانە بن کە لە ئاکامی رەخساندنی کەمترین رادەی بژێو بۆ نا لێوەشاوەترین ئەندامگەلی کۆمەڵگە دەکەنەوە.



تێگەیشتنی دیموکراتیی لیبراڵانەی چەمکگەلی وەك دادپەروەری و دیموکراسیی دەستووری کلیلێکی تریشمان دەداتە دەست کە لەبەر چ دیموکراتە لیبراڵەکان بەو شێوەیەی تا ئێستا کردوویانە، رەوتار لەگەڵ جودابوونەوەدا دەکەن. Allen Buchanan وەکو پێوەرێك، ئاماژە بۆ نمونەی "دەوڵەتێکی تەواو دادپەروەر" رادەکێشێ کە لەو حەلەدا داخوا جودابوونەوە رەوایە یان نا؟ Buchanan پێوەر و ستانداردی تەواو دادپەروەر بۆ دیموکراسیی دەستووری دەعەمەل دێنێ بۆ سنووردارکردنی سوودی ئەخلاقیی مافی جودابوونەوە. لەم وتارەدا مۆدێلی ئاخاوتن سەبارەت بە دیدی دیموکراتیی لیبراڵی لەمەڕ جودابوونەوە زێتر تەکز دەکاتە سەر Buchanan’s Remedial Rights Only Theory، کە وەکو بوچانان پێناسەی کردووە "مافێکی گشتی بە کۆمەڵە هاوولاتییەك دەدا کە جودا ببنەوە تەنیا و تەنیا ئەگەر بەدەست رادەیەکی دیاریکراوی نادادپەروەری بناڵێنن، کە ئەو دەمە جودابوونەوە وەکو دوا پەناگە دەبێتە چارەسەرێکی گونجاو[15]. لە ئاکامدا، بە گوێرەی دادپەروەریی دیموکراتیی لیبراڵی، هەر ولاتێ کە کۆمافە مەدەنی و سیاسییە بنچینەییەکان لەناو دەستووری خۆیدا جێ بکاتەوە، ولاتێکی دادپەروەرە. ئیدی، چما یەکێ دەیەوێ لە ولاتێکی لەمجۆرە جودا بێتەوە؟

ئەم هێڵی بیرکردنەوەیە، دەرفەتێکی کەم دێڵێتەوە لەبەردەم هەر مانایەکی ئەخلاقیی بۆ جودابوونەوەی کۆمەڵە هاوولاتییەك: جا چ دەوڵەت "تا رادەیەك ئەو کۆمافە ئەخلاقییانەی تاکەکەسی پێشێل کردبێ کە بێنەو بەردەیان لەسەر نییە، لە سەرووی هەموویانەوە مافەکانی مرۆڤ" یان دەوڵەت "سیاسەتێکی بێ ئەملاو ئەولای جیاکاری دەرهەق بە کەمینەکان" پێڕەوکردبێت[16]. Buchanan پێ لەسەر خاڵێك دادەگرێ کە تیورییە گشتییەکەی ئەو لەمەڕ جودابوونەوە، هەندەش قەیدو کۆتی لەسەر نییە وەك مرۆ بیری بۆ دەچێ، چونکە دیسان ئەو رێگە بە "مافێکی تایبەت بۆ جودابوونەوە دەدات ئەگەر 1- دەوڵەت مافێك بۆ جودابوونەوە دابین بکات یان ئەگەر 2- دەستووری دەوڵەت مافێکی بۆ جودابوونەوە تێدا هەبێ[17].

سەرباری ئەوەش، ئەم قەیدو کۆتە ئەخلاقییانەی سەر کاری جودابوونەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی جیابوونەوەی بێ کۆتایی تیورییانە، یان "جیابوونەوەی نەپساوەی یەك لە دوای یەك recursive[18]، ئەنجامێکی مەنتیقی دژە تیۆرییەکی جودابوونەوەی بێ کۆت و بێ پاساوە، کە تا ئاستی تاکە کەس شۆڕدەبێتەوە. لەبەر مەبەستەکانی ئەم وتارە، ئێمە زێتر بەتان و پۆی ئەوە دادەچین کە داخوا مافی دەستووریی جودابوونەوە لە چ پێکدێ و، لە بەرچی و، ئەگەر، بۆ نمونە، مافی دەستووریی جودابوونەوە لە گەڵ بەربەست و کۆسپ، یان کۆت و بەندی عەمەلی دا کەوتنە بەرانبەر یەك، ئەوا ئەمە بەناچاری تیوریی گشتیی بوچانان لەمەڕ جودابوونەوە کەم کۆت و بەندتر ناکات.

بەهەرحاڵ، هەروا دەبێ ئاماژە بۆ جۆرێکی تری جودابوونەوەی دیموکراتیی لیبراڵی بکرێ، کە Buchanan ناوی لێناوە Primary Rights Theory of Secession. ئەم تیورییە، تیورییەکی گشتیی زۆر ڕێگەپێدراوتری جودابوونەوەیە کە بە هۆیەوە "کۆمەڵەیەك مافێکی گشتیی جودابوونەوەی هەبێ تەنانەت ئەگەر هیچ بە دەست نادادپەروەریش نەتلێتەوە، ئیدی مافێکی گشتیی جودابوونەوەی لە دەوڵەتێکی تەواو دادپەروەردا هەیە[19]. وێڕای کە تیوری Primary Rights Theory of Secession، زۆر تیورییەکی گشتیی لیبراڵتری جودابوونەوەیە لە تیوری Remedial Rights Only Theory، هەر لێکدانەوەیەك بۆ تیوریی بەرایی ئەوا کۆت و بەند لەسەر ئەو مەودایە دادەنێ کە جودابوونەوە دەتوانێ تا چەند بڕوا و پەل بهاوێ. بۆ نمونە، Harry Beran، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو دەمە ڕێگا بە جودابوونەوە دەدرێ ئەگەر کۆمەڵە جوێخوازەکە بکارێ دەوڵەتێك دروست بکا مایەی مانەوەو ژیان بێ، ئیدی تەنانەت ئەگەر "جودابوونەوەیەکی سەرکەوتووی سەرەتایی بە لایەنی زۆرەوە زنجیرەیەك جودابوونەوەی لێ بکەوێتەوە کە قەوارەگەلی سیاسی ئەوتۆ بێنە گۆڕێ کە نەکارن بمێننەوە و بژین" ئەم زنجیرە جودابوونەوە بەردەوامە یەك لەدوای یەکە "ناتوانێ زێتر لە حکوومەتێکی دوو کەسی بڕبکا[20]. کریستۆفەر ویلیەم



Christopher Wellman، تیوریزانێکی تری تیوریی Primary Rights Theory، بەڵگە بۆ نمونەیەکی دووڕەگی جودابوونەوە دێنێتەوەو جودابوونەوە بە باڵای گروپە کەسێکەوە دەبڕێ کە توانای پێکهێنانی دەوڵەتیان هەبێت. بەهەرحاڵ، بەپێچەوانەی بیران-ەوە، ویلیەم دژی ئەگەری recursive secession-ە، چونکە هاتنەگۆڕێی هەزاران قەوارەی سەروەر وا دەکات کاری دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری زۆر بە زەحمەت بکەوێ و ببێتە ئاژاوەو بێ سەرو بەری[21].

ئیدی بەلای Buchanan-ەوە وا دەکەوێتەوە کە ئەگەر مەبەستی دەوڵەتێك پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەشدارییپێکردنی سیاسیی دیموکراتی بێ، ئەوا ئەم دەوڵەتە مافی ئەوەی دەبێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمێکی دیاریکراوی خویادا پیڕەو بکات. ئەگەر، بەهەرحاڵ، دەوڵەتێکی دیموکراتیی لیبراڵ سیاسەتگەلێکی نا دادپەروەر و نادیموکراتانەی بەسەر هەر کەمینەیەك لە هاوڵاتیانی ناو وڵاتەکەی دا سەپاند، ئەوا ئەم دەوڵەتە مافی ڕەوای نامێنێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بەشەی وڵاتەکە کە کەمینەکەی لەسەر دەژیت. ئا ئاوا، ئەم کەمینەیە مافی جودابوونەوەی هەیە. بەپێی Buchanan:

"کۆمافی تاکەکان، هاوسەنگڕاگرتنی هیواو ئاواتی تاکەکان، لە دیماهیدا ساغ و سەلامەتیان، لەسەر جێبەجێکردنی کارای نیزامێکی قانوونی بەندن. جێبەجێکردنی کاراش، پێویستی بە ولایەتێکی کارا هەیە، ئەمەش بە دەوری خۆیەوە پێویستی بە هەرێمێکی سنوور دیارو دانپیانراو هەیە وەکو "دۆمێن"ی دەسەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراو. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی، ئەگەر بە وردی قسان بکەین، تەنیا بەسەر کەسەکاندا، نەك خاکدا، پیڕەو بکرێ، ئەوا جێبەجێکردنی کارای دەسەڵاتی سیاسی بەسەر کەساندا، ئەوا دیماهییەکەی بەندە بە دامەزراندن و پاراستنی ولایەت بە مانا هەرێمییەکەیەوە.. ئەم فاکتە لەسەر ئەم هەقیقەتە خویا و قوڵەی مرۆگەل دادەمەزرێ: مرۆگەل، لەش و لاریان هەیە، لەشیش جێگە و فەزایەك دەگرێ، ئەو کەرەستانەی مرۆ لەسەریان دەژی،

بەهەمان شێوە. لەمەش پتر، ئەگەر نیزامێکی قانوونی کارای شیاو هەبێ، ئەوا هەم ئەو سنوورانەی کە ولایەت Jurisdiction دیاری دەکەن و هەم ئەو دەسەڵاتە سیاسییە دیاریکراوەی کە پێڕەوی ئەم ویلایەتە دەکا دەبێ بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام بێت[22].

لەبەر ئەوەی کە ولایەتی دەوڵەتێکی دیموکراتیی دەستووری بەندە بە ئاسایشی هەرێمییەوە، ئەوا Buchanan لەبەر رۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتیی مۆدێرن، وەکو بەهایەکی سیاسیی بنەڕەتی، مامەڵە لەتەك پاراستنی یەکێتی هەرێمیی دەوڵەتدا دەکات. بەم شێوەیە، Buchanan گریمانیەکی بەهێزو پتەو دادەتاشێ دژی جودابوونەوەی بەشێك لە گەل و خاکی دەوڵەتێك، مەگەر ئەم دەوڵەتە پێشێلکاری زل و زەق دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ بکات، یان زوڵم و چەوسانەوە پێڕەو بکات.

پاشان بەلای Buchanan-ەوە، سوودی سەرەکیی پاراستنی یەکێتیی هەرێمایەتیی دیموکراسیگەلی دەستووری تەواو دادپەروەر بریتیە لە "پێڕەوکردنێکی کارای دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ئەوانەی لە چوارچێوەی ولاتەکەیدان" چونکە "هەموو هاولاتیان بەرژەوەندییەکی رەوای مۆراڵییان لە کامڵبوونی بەشداریی سیاسیدا هەیە[23]. چونکە Buchanan یەکێتیی هەرێمیی، بە هۆکارێکی زیندوو بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسیی دەستووری لە قەڵەم دەدات، ئیدی دابڕینی هەرێمێك لە لایەن جوێخوازانەوە دەبێتە دووەم توخمێکی کە دەبێ پێش جودابوونەوە بە تەواوی بێتە جێبەجێکردن، ئەمە سەرباری مافی تاکە کەسان بە رازیبوون بەو ولایەتە سیاسییەی خۆیان هەڵیان بژاردووە[24].

بۆ بەراورد، سکۆت بۆیکین Scott Boykin، پێی وایە تەنیا کەسەکان توانای دیاریکردنی شەرعیبوونی ولایەتی دەوڵەتیان بەسەر هەرێمێکەوە هەیە، کاتێ گروپە کەسێك ولایەتی ئەم دەوڵەتە لە رێگەی کاری جیابوونەوە، رەت بکەنەوە، ئیدی هەر داوایەکی دەوڵەتی تایبن بۆ پێڕەوکردنی ولایەتی خۆی بەسەر ئەم هەرێمە جیاخوازەدا بێ هودەیە. دانیال فیلیپۆت Daniel Philpot بەڵگەیەکی



سەرباری دی دێنێتەوە: هەر دەمێ کۆمەڵەیەك هەست بە زوڵم و زۆری دەوڵەت بکەن، ئەوا مافی جودابوونەوە دێتە گۆڕێ، ئیدی شتێکی بێ مانایە کە داوا لەم کۆمەڵەیە بکرێ داوانامەیەکی سەربار لەمەڕ هەرێمی پێش ئەوەی جودابوونەوەی هەم کەسەکان و هەم هەرێم دەبێ بەتەواوی بێنەجێبەجێکردن.[25]

بە کورتی، دیموکراتە لیبراڵەکان وەکو نمونەیەکی واقیعی- جیهانیی دەوڵەتگەلێکی "تەواو دادپەروەر"، مامەڵە لە تەك دیموکراسیگەلی دەستووریی جیهانیدا دەکەن کە تیایاندا جودابوونەوە پاساو نادرێتەوە یان تەنانەت بە بیرکردنەوەیەکی ناحەز دادەندرێ. ئەگەر ئەم دەوڵەتانەی کە تەواو یان تا رادەیەکی ماقوڵ دادپەروەر بن، ئیدی چ شتێك هەیە راڤەی سەرهەڵدانی بزاڤگەلی جوێخوازمان لەو دەوڵەتانەدا بۆ بکات؟ بۆ نمونە، ولاتانی لە بابەتی کەنەدا، ئیسپانیا، ئیتالیا، ئەلمانیا، بەلجیکا، فرەنسا، شانشینی یەکگرتوو UK، تەنانەت مۆدێلە جیهانییەکەی دیموکراسیی دەستووری واتە لە ئەمریکادا، لە هەر هەموویاندا بزاڤگەلی جوێخوازیان هەس[26]. بەدڵنیاییەوە، ئێستا زۆربەی ئەم بزاڤگەلە جوێخوازانە لەباری سیاسییەوە کزو نابودن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەن. ئیدی، ئاریشەیەکی سەرەکی کە رووبەڕووی دیموکراتە لیبراڵەکان ببێتەوە لە پێڤاژۆی کەمکردنەوە لە بەهای رێگەکاری جوداییخوازی ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ لەبەرچ لە چوارچێوەی دیموکراسیگەلی دەستووریی تەواو دادپەروەردا، بزاڤگەلی جوێخواز سەرهەڵدەدەن؟

## دیموکراتە لیبراڵەکان و دژایەتی جودابوونەوەی دەستووری

سەرباری حاڵیبوونێکی پتر لە تێڕوانینی دیموکراتیی لیبراڵی سەبارەت بە مۆڵەت و راست و دروستیی جودابوونەوە، ئێستا ئێمە دێینە سەر ئاخاوتن لەسەر ئەرگیومێنتی دیموکراتیی لیبراڵی لەمەڕ دەستوورێتیی جودابوونەوە. ئەوەی شایانی سەرنجە، تیوریزانە سیاسییە دیموکراتییە لیبراڵییەکان سەبارەت بە پرسی

بەدەستووریکردنی جودابوونەوە هاوڕا نین. بەهۆی تێگەیشتنی تیوریگەلی دیموکراتیی لیبراڵییەوە سەبارەت بە بەدەستووریکردنی جودابوونەوە، ئێمە دەتوانین باشتر لە سروشت و کاریگەریی هەندێ لەو کۆمافە کەمە دەستووری و کارڕاییانە بگەین کە لە دنیای ئەمڕۆدا جودابوونەوە ڕێکدەخەن.

ئێمە بە فەقیهێکی بەنێوبانگی قانوونی دەستووری Cass Sunstein دەست پێ دەکەین، کە دژی دابینکردنی هەر جۆرە مافێکی دەستووریی جودابوونەوەیە. بە پێی Sunstein هەر مافێکی جودابوونەوە، ڕەوتاری ستراتیجیی بن-یەکە subunits سیاسییەکان پتەو دەکا کە وا گریمانە دەکرێ ئەم بن-یەکانە لە خۆوە ئەرکی سەرشان و بەرپرسیارەتیی دیموکراتیی خۆیان بەجێ بگەیەنن هۆی ئەو سوودو قازانجانەی بە دەوڵەتی دەگەیەنێ کە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەریی دابەشکراو پێویستە[27]. بۆ نمونە، ناوچەگەلی دەوڵەمەندو دارای ئابوری وەکو پادانیا Padania لە باکوری ئیتالیا یان ئوستانی Albertaی کەنەدا بەو پەڕی تواناوە خۆ لەوە دەپارێزن کە سەرچاوەی ئابووریی پێویست بخەنە بەردەست دەوڵەتی دیموکراتی بۆ هێنانەدی دادپەروەری لە نێوان هاووڵاتیاندا، نەبادا دیموکراسییەکی دروست و ساغلەم دروست ببێ.

بەلای Sunstein-ەوە، مەبەستی حکوومەتێکی دەستووری ئەوەیە بەشداربوونی دیموکراتانە لەسەر بنەمای بەیەکەوەسازان، هاریکاری و دان و ستاندنەوە پەرەی پێ بدرێ. نەمازە، Sunstein بڕوای وایە کە بە دەستووریکردنی جودابوونەوە هەڕەشە لە "ستراتیجگەلی سۆژداریی دەستووری" دەکا - ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بۆ کۆمەڵێ ماف دەکا کە لە دەستوورێکدا جێگەیان بۆ کرابێتەوە بەو نیازەی گروپگەلی کەمینە لە سیاسەتەکانی زۆرینە دوورەپەرێز بکەن[29]. ستراتیجگەلی سۆژداریی دەستووری کە Sunstein ئاماژەی بۆ دەکا، ئەمانە دەگرێتەخۆی:

* ماددەگەلێك لە بابەت مافی بە ئازادی ئاخاوتن و مافی دەنگدان کە بە شێوەیەکی وەسا داڕێژرابن کە فەرمانڕەوایی زۆرینە ڕەها نەبێت و زیاد نەڕوا.
* فیدرالیزمێکی دروست کە ڕێگە بە نەشونما و گەشەکردنی ئازادیی تایبەتی بدا.



* بنەماگەلی بنیادی کە ڕێگە بە "دابەشکردنێکی کار"ی سیاسییانەی دروست بدا کە جیابوونەوەی دەسەڵاتەکانی گەرەکە لە نێوان هەر سێ لکەکانی حکوومەتدا.
* بنەماگەلێکی وەسا کە پرسگەلی هەستیاری مۆراڵی لەبابەتی لەباربردن لە پرۆسەی سیاسی دوور بخەنەوە.
* بنەماگەلێکی وەسا کە خۆ لە "ئاریشەگەلی کاری بەکۆمەڵ یان ئاریشەگەلی زیندانییان" بپارێزێ کە لە کاتێکدا دێنە گۆڕێ و ڕوودەدەن کە یەکەکانی دەوڵەت لە دەوڵەتگەلی فیدرالیدا مینا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بکەن و زیان لە نەتەوە بە گشتی بدەن (Sunstein پێی وایە جێبەجێکردنی فیدرالیی Full Faith and Credit Clause and Commerce Clause) نموونەی چارەسەرگەلی کاران بۆ ئاریشەکانی کاری بەکۆمەڵ)[30].

لێرەدا ئەسڵی مەبەست (یان فیکرەکە) ئەوەیە کە دەستوور بەشێوەیەکی وەسا دەعەمەل بهێندرێ کە هەم داکۆکی لە سیاسەتگەلی دیموکراتیی زۆرینەیی بکا و هەم کۆت و بەندیش بخاتە سەر زێدەڕۆیی کردن لەو سیاسەتانەدا. بەلای Sunstein — ەوە، جێکردنەوەی مافی دەستووریی جودابوونەوە، تەنیا بە مانای لە پەلوپۆخستن یان لەبنەوەهەڵتەکاندنی پرۆسەی دیموکراسی دێت. Sunstein لەوە نیگەرانە کە "ئەگەر ئەم مافی جودابوونەوەیە لە دەستووردا هەبێ، ئەوا هەر بن-یەکەیەك subunit لەلایەن بن یەکەی ترەوە هەڕەشەی جودابوونەوەی لێ دەکرێ[31]. ئاکامی بە دەستووریکردنی ئەم مافە، ناسەقامگیریی سیاسی و هەراو زەنای لێ دەکەوێتەوە، چونکە دەوڵەتی دیموکراتی بە هۆی پرسگەلی جودابوونەوەی باوەوە لە قوڕ دەچەقێ و چێکردنی سیاسەتی گشتیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەبێ هۆ تەگەرەی تێ دەکەوێ.

ئازادیخوازان، جیهانێکیان خۆش گەرەکە کە لە فرە قەوارەی سیاسیی خودان سەروەری شێوەو قەبارەی جوداجودا پێکهاتبێ. لە بارێکی وای کاروباردا ڕێی تێ دەچێ شیرازەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لەباریەك بچێ و ژمارەیەك قەوارەی خودان سەروەر لەهەمان ئەو هەرێمەی کە جاران لە لایەن دەوڵەتێکی ناوەندییەوە بەرێوەدەبرا، سەرهەڵبدەن[32]. بەلای دیموکراتە لیبراڵەکانی وەك Sunstein-ەوە،

هاتنەکایەی چەندان بزاڤگەلی جودابیخواز لە نێو بن-یەکەکانی دەوڵەتێکی دیموکراتیی گەورەتردا کە لە ئاکامی مافی دەستووریی جیابوونەوەدا هاتبنە کایەوە، کارەساتی سیاسی دەنێنەوە. هاوبەند بە شوێنەوارە ناراستەوخۆیەکان بۆ سەر وتووێژی دیموکراتانەی مافی بە دەستووریکردنی جودابوونەوە، Sunstein پێیوایە رێگەی هەرە بەکار بۆ مامەڵەکردن لەتەك پرسگەلی جودابوونەوەدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو میکانیزمگەلە ناوەکییانە ببەسترێ کە دیموکراسیی دەستووری دەیانڕەخسێنێ: "فیدرالیزم، بەرزەفتکردن و هاوسەنگ راگرتن، چەسپاندنی کۆماف و ئازادییە مەدەنییەکان، چاوپێاگێڕانەوەی دادوەری[33].

## دیموکراتە لیبراڵەکان و لایەنگریکردنی جودابوونەوەی دەستووری

بەپێچەوانەی هاواڵە دیموکراتە لیبراڵەکەیان Sunstein، هەردوو فەیلەسووفی راولزی، Norman Wayne و Weinstocks Daniel، بەقازانجی بە دەستووریکردنی مافی جیابوونەوە پیلەکە دەکەن و بەڵگان دێننەوە. هەردووکیان لەگەڵ Sunstein دان کە دەکرێ بە گشتی خۆ لە جیابوونەوە لە دەوڵەتێکی دیموکراتی بپارێزرێ، چونکە پێیان وایە حاڵی حازر زۆربەی دەوڵەتگەلی دیموکراسیی رۆژئاوایی "دادپەروەری ماقوڵ"ن[34]. ئەگەر زۆربەی دەوڵەتە دیموکراتەکان کارێکی ماقوڵ بۆ دادپەروەریی دابەشکری راولزی، بکەن، وەکو دیموکراتە لیبراڵەکان ئیدعا دەکەن، ئەمجار هیچ هۆیەك لە گۆڕێ دانابێ کە پاساوی جیابوونەوەی گروپگەلێکی تاکەکەسان لە دەوڵەتێکی دیموکراتیی مۆدێرن بداتەوە.

Norman دان بەوەدا دەنێ کە Sunstein "سەد لە سەد راستە سەبارەت بە شوێنەوارە زیانبەخشەکانی سیاسەتگەلی جیابوونەوەخوازی بۆ سەر میانەرۆیی دیموکراتی و سەقامگیریی سیاسی" و دەنووسێ:

"لێرەدا پرس ئەوە نییە کە داخوا سیاسەتی جوێخوازی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری خراپە یان نا، بەڵکە داخوا دەتوانرێ لە رێگەی ئەندازەی دەستووریی



دەوڵەتێکی فرە نەتەوەوە چ بکرێ بۆ تا پێشەبڕکە گرتنەوە لە رابەرانی کەمینە نەبادا بخزێنە ناو سیاسەتێکی جوێخوازانەوە[35].

لێرەدا، Norman هۆیەکی واقیعیمان بۆ دێنێتەوە کە ژبەر چ دیموکراتە لیبراڵەکان دانانی مافێکی جودابوونەوە لە دەستوورێکی دیموکراتیدا دەخەنە پێشی پێشەوە. ئەم دانانە بۆ ئەوە نییە کە مافێکی راستەقینە بۆ ماڵە خۆکردن و دامەزراندنی ولایەتێکی سیاسیی نوێ بۆ کۆمەڵێك هاوولاتی، کە چیتر بە دەسەڵاتی حکوومەتەکەی خۆیان رازی نین، دابین بکرێ. بەڵکە بۆ ئەوەیە کە مافی دەستووریی جیابوونەوە وەکو دەستاوێژێکی کارڕایی بەکار بێت بۆ بەزۆر هێشتنەوەی جوێخوازان لە چوارچێوەی هەمان هەرێمی دەوڵەتە دیموکراتەکەدا.

بەپێی گریمانەی کە بۆ جوێخوازان وا چێترە لەناو دەوڵەتێکی دیموکراتی دادپەروەری ماقوڵی ئارادا بمێننەوە، Norman بۆ پشتڕاستکردنەوەی چەسپاندنی مافی جودابوونەوە لە دەستووردا چەند بەڵگەیەك دێنێتەوە.

یەکەم: Norman پێی باشە کردەی جیابوونەوە بەشێوەیەکی وەسا دابڕێژرێ کە وەکو "میکانیزمی راگرتن"ی جودابوونەوەی لێ بێت. میکانیزمگەلێکی راگیری وەسا، هەم جیبەجێکردنی کۆمافی کەمینە لە ناو دەوڵەتێکی دیموکراتی دەگرێتەوە و هەم سەرکوتانەوەی بێ رەحمانەی سەرکردە جوێخوازە ئیتنییەکان لە دەوڵەتگەلێکی دیکتاتۆری و نادیموکراتدا. میکانیزمێکی هەرە بەرچاوی راگیر ئەوەیە کە بۆ جیابوونەوە داوای ئاستێکی بالای هەرە زۆرینە بکرێ، لەبابەتی 3/2ی دەنگەکان لە ریفراندەمێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە ساز بکرێ[36]. مەرجی دەنگی "بەڵێ" لە ریفراندەمێکی جودابوونەوە کە بالاتر بێ لە زۆرینەی سادە، بزاڤگەلێکی جوێخواز کە 50٪ی پشتەوانی میللیی بن-یەکەیەکیان هەیە، لەوە دووردەخاتەوە کە زیاتر لەسەر رێچکەی جوێخوازی بڕۆن. هەروا دەستەبەری ئەوەش دەکا کە تەنیا ئەم جوێبوونەوەیەی کە بەڕاست پاساوی هەبێ، واتە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ کرابێ، یان جیاکاری لەدژی گروپێکی کولتووری و ئیتنی کرابێ و زۆرینەی دانیشتوانی ئەم

گروپە پشتی جیابوونەوە بگرن، رێگەی هاتنە گۆڕێی پێ بدرێ. لێرەدا، نۆرمان Norman "جیابوونەوەی گچکە"ی لە زەین دایە کە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "جودابوونەوەی ئەو گروپانەی کە هۆ و دۆزی دادپەروەرانەیان نییە". بۆ نموونە، گروپێك لە ولاتێكی دیموکراتدا کە خەڵکەکەی تا رادەیەك خۆشگوزەران بن چیتر بەوە رازی نەبن لەباری ئابوورییەوە بچەوسێندرێنەوە (بۆ نمونە باجێكی گرانیان لێ بسەندرێ) و دەنگ بۆ جودابوونەوە و پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆی خۆیان بدەن. دیموکراتە لیبراڵەکان ئەم جۆرە جودابوونەوەیە بە ناهەق و قالا و پووچ لە قەڵەم دەدەن چونکە هاوولاتییە داراو دەوڵەمەندەکان خۆپەرستانە تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە و بیر لەو کەسانەی لەگەڵیاندا دەژین ناکەنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی "دادپەروەری ماقوڵ"دا، کە پشت بەو سوودە ئابوورییانە دەبەستێ کە لە ئاکامی عەدالەتی دابەشکرییەوە لە (هاوولاتییە دەوڵەمەندەکان)ەوە دەستی دەکەوێ[37].

دووەم: Norman پێی وایە بەدەستووریکردنی مافێك بۆ جیابوونەوە خزمەت بەوە دەکات کە جیابوونەوە بخاتە ناو چوارچێوەی حوکمی قانوونەوە، کە بەهۆیەوە دەرفەتی توندوتیژی و لەباربردنی پرۆسەی دیموکراتی کەم دەبێتەوە. دەنا ئەگەر بنەماگەلێکی دەستووری نەبن کە کردەی جیابوونەوە رێکبخەن "سەرکەوتنێکی جوێخوازان لە ریفراندەمێکدا کەمێ زێترە لە بەهێزکردنی دەست و بازووی جوێخوازان لە گەمەی سیاسەتی هێزدا[38]. بەشێوەیەکی تر، ئێمە ناماوێ بەرتری بە جوێخوازان بدەین لەبەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا سەبارەت بە داخوازی رەواییبوونی جودابوونەوە لە رەوشێکدا کە بنەماگەلی قانوونی بۆ رێکخستنی جیابوونەوە لە ئارادانەبن. لەبەر ئەوە، باشتر وایە جیابوونەوە، بنەماگەلێکی دەستووری هەبێ لە جیاتی ئەوەی کە هەرگیز بنەماگەلێکی وای نەبن.



پاساوێکی تری Norman ئەوەیە کە بوونی مەرجی جودابوونەوە "بەڵگەو ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە کە ئەو دەوڵەتە بە رەزامەندی نەك بە زۆرو کوتەك یەکیگرتووە[39]. لێرەدا، Norman بە ناچاری دان بە بناخەی کزو لاوازی رەزامەندیی نیشاندان دا دەنێ کە ئێستاکە بوونی دەوڵەتی دیموکراتی لەسەر دادەمەزرێ[40]. ئەو رێگە دەدات کە:

"تەنانەت لە جیهانی دیموکراتیدا، بگرە هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی نییە تا هەتا لەسەر موسادەقەی سەرەتایی و دیموکراتیانە لەسەر ئەندامێتیی خۆی لە دەوڵەتێکی گەورەتردا بمێنێتەوە: کەم وا بووە ئەو کەمینانە دەرفەتێکی رەسمییان بۆ هەڵکەوتبێ جارێکی دیکە رەزامەندیی خۆیان دەربڕنەوە[41].

لەبری ئەو دەرەنجامە کە مافی دەستووریی جیابوونەوە وەکو مافێك لە لایەن گروپگەلی کەمینەی نا- رەزامەند بەکار بێت بۆ راستکردنەوەی نادادپەروەریی رابردووی ئەم نارەزامەندییە، نۆرمان لە جیاتی ئەوە پاساو بۆ مافی قانوونیی جودابوونەوە دێنێتەوە وەکو ئامێرێك بۆ بەهێزکردنی رەزامەندیی گروپە جوێخوازەکە بە دەوڵەتی دیموکراتی ئارا. مەنتیقەکە لێرەدا وێدەچێ ئەوە بێت، "ئێمە، حکوومەتی ناوەندیی چاکەخواز، مافی قانوونیی جیابوونەوەمان بە ئێوەی جوێخوازان داوە: ئێستا کە ئێوە ئەم مافەتان هەیە، ئێوە لە ولاتێکی زۆر دیموکراتی تەوافوقیدا دەژین کە سەرباری کۆمافی پاراستن کە پێشتر هەتان بووە، ئیدی ئێوە کەمتر هۆیەکی شەرعیتان هەیە کە ئەم دەوڵەتە دیموکراتیکە جێ بهێڵن".

لەبەر رۆشنایی هەمان ئایدیای لیبراڵ دیموکراتیی راولزی دادپەروەریی دابەشکری و گەرەنتییەکانی کۆمافی کەمینە هەروا Daniel Weinstocks، تەبای Norman، پێی باشە مافێکی عەمەلی و بەمەرج و سنووورداری جیابوونەوە هەبێ کە پێکبێت لە ژمارەیەك بەربەستی کارایی کە دەبێ جوێخوازان دەبێ وەدیبهێنن تا بتوانن سەرکەوتوانە جیا ببنەوە[42]. هۆیەکانی Weinstocks بۆ مافی قانوونیانەی جیابوونەوە هەم پراگماتیکی و هەم مۆراڵین.

ڕێبازی پراگماتیکی Weinstocks بەهەمان شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ جندەیی یان بەکارهێنانی ماددەی سڕکەردا مامەڵە لەگەڵ جیابوونەوەدا دەکات: ئەمە لەباری مۆراڵییەوە دەکەوێتە ژێر پرسیار کە خەڵك لە کارێکی ناپێویست بگلێن جا ئەم کارە بە قانوونی بکرێ یان نا، کەواتە باشترە جیابوونەوە بەقانوونی بکرێ، بەهەمان شێوە کە چۆن باشترە جندەیی یا بەکارهێنانی حەشیشە بەقانوونی بکرێ، چونکە حکومەت دەتوانێ ئەم ڕەوتارە ڕێکبخات. بەقانوونیکردنی جیابوونەوە "شیکردنەوەیەکی بەسوود/ نرخێکی ساردو ساف[43] بۆ جیابوونەوە لە بەرانبەر مانەوە لەناو دەوڵەتی ئارا پێشکەش بە جوێخوازان دەکات، ڕاستییەکی سەختیان پێ دەدا سەبارەت بە کوسپگەلێکی بەکردەوەی قانوونی ئێکجار زۆر کە دەبێ ئەوان بەرلەوەی سەرکەوتوانە جیاببنەوە ڕوونی بکەنەوە.

Weinstocks، لە بەڵگەهێنانەوەی مۆراڵی خۆیدا سەبارەت بە جیابوونەوەی دەستووری، پشتی بە بۆچوونێکی هەموارکراوی هەڵوێستی ئەسڵی ڕاولزی دەبەستێ: بەشداربووان لە گرێبەستی دەستووریدا دەزانن کە ئەوان نوێنەرایەتی گروپێکی نەتەوەیی دەکەن لە ناو وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، لێ ئەوان نازانن کە داخوا گروپێکی کەمینەن یان زۆرینە. بەدەربڕینێکی تر، بەشداربووان "خراونەتە پشت پەردەی نیشتمانیی بێباکی و خەمساردی[44]. نازانن لەکام بەرەدا وەستاون، بەشداربووانی دەستووری دەیانەوێ خۆ لە دوو لایەنی پەڕگیری بەدوور بگرن: لەسەرێکەوە، ئەوان نایانەوێ جیابوونەوە سووك و هاسان بێت، چونکە ئەوان لایەنە باشەکانی هاوکاریی دیموکراتیانەیان لەدەست دەچێ (دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان لە لایەن دەوڵەتەوە). لە لایەکی دیکەوە، ئەوان نایانەوێ جیابوونەوە زۆر سەخت و دژوار بێت، چونکە ئەگەر لە ڕاستیدا ستەمیان لێکرا یان جیاوازیان پێکرا، ناتوانن بەشێوەیەکی ڕەوا لەو دەوڵەتە بچنە دەرێ و جێ بهێڵن. کەواتە، مافێکی هاوسەنگ بۆ جیابوونەوەی دەستووری پێویستە، کە بە ناچاری سەپاندنی کۆت و کۆسپ و تەگەرەی کارڕاییی دەخوازێ. هەندێ لەو کۆتە کارڕاییانەی کە وینیستۆك لە زەینی دابووە بریتی بوون لە ماوەگەلێکی چاوەڕوانی



ئیلزامی لە نێوان ریفراندەم و ماوەگەلێکی چاوەڕوانی ئیلزامی لە نێوان بانگەوازی ریفراندەم و دەنگدانی فیعلی بۆ ئەوەی ڕێگە لە جیابوونەوەیەکی هەڵەشەکارانە بگیرێ کە لەژێر کاریگەریی ڕای گشتیدا بووبی[45].

سەیر ئەوەیە دیموکراتخوازە لیبراڵەکان سەبارەت بە دەستووریکردنی مافی جیابوونەوە بوون بە دوو بەشەوە. Sunstein دژی مافی جیابوونەوەی دەستوورییە چونکە ئەو دەترسێ کە بوونی مافێکی قانوونی بۆ جیابوونەوە بۆ لەبنەوەهەڵتەکاندنی پرۆسەی دیموکراتی بەکار بێت. هەرچی نۆرمان و وینستۆك-ن، ئەوان بە وردی بە قازانجی بەقانوونیکردنی تێ هەڵدەچن چونکە خزمەتی لەبنەوەهەڵتەکاندنی خودی پرۆسەی جیابوونەوە دەکات. مەسەلەیەك نییە کە داخوا چۆن دیموکراتە لیبراڵەکان لایەنە چاکەکان، یان زیانبەخشەکانی جیابوونەوەی دەستووری هەڵدەبژێرن، هەردوو هێڵی گفتوگۆیەکە لەهەمان بیرۆکەوە ئاو دەخۆنەوە: ئەو ژی پاراستنی یەکێتیی هەرێمایەتیی دیموکراسیی دەستووریی جیهانە.

## تیوریی ئازادیخوازیی نەمسایی لەمەڕ مۆراڵێتی و دەستووریێتیی جیابوونەوە

### نمونەی ئالتۆسی

بەپێچەوانەی دیموکراتە لیبراڵە هاوچەرخەکان، بیرمەندە ئازادیخوازە مۆدێرنەکان، نەمازە ئەوانەیان کە سەر بە فێرگەی ئابووریی نەمساین، بەلای زۆرەوە، جیابوونەوەیان وەکو مافێکی ڕەهای تاکەکەسان پێ باشە، نەك وەکو مافی گروپێك کە شەرعیەتی هەمەلایەنە و جیهانیی دیموکراسیی دەستووری، بە کۆسپ و تەگەرەی کردەنی و کۆت و بەندی توند بەری لێ دەگرێ. لەڕاستیدا، دۆناڵد لیڤینگستۆن Donald Livingston جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ڕێگەنەدان بە جیابوونەوە شتێکی خۆبەخۆی هەموو شێوەکانی تیوریی کۆنتراکت جگە لە ئازادیخوازێتی ئەنارشێتی[46]. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئازادیخوازە نەمساییەکان دان بە بوونی شەرعیی دەسەڵاتگەلی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ دادەنێن وەك پارسەنگێك لەهەمبەر

دەسەڵاتی زۆرکارو تاکڕەوانەی دەوڵەتدا. ئەمەش وا دەکات نیزامی سیاسیی ئازادیخوازیی-نەمسایی زۆرتر لە نیزامی فیدراڵی فرەئاست بچێ کە نمونەی ئالتۆسی لەنێوەخۆیدا هەڵیگرتووە.

وەکو چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەرگیومێنتی دیموکراتیی لیبراڵی لەمەڕ جیابوونەوە کرا، ئاواش حیسابی دیدو تێڕوانینی ئازادیخوازیی-نەمسایی لەبارەی دەوڵەت، دادپەروەری، دیموکراسی دێتەگۆڕێ بەر لەوەی بەتەواوی بێینە سەر هەڵگێڕو وەرگێڕی ئەو بەڵگانەی ئازادیخوازان بە قازانجی مۆراڵیتی و دەستووریتیی جیابوونەوە دەیهێننەوە.

ئێمە لە تێڕوانینەکانی Ludwig von Misesەوە دەست پێ دەکەین. Mises تەبای زۆربەی دیموکراتە لیبراڵە هاوچەرخەکان، بوون و شەرعیەتی دەوڵەتی دیموکراتیی دەستووری قبوڵە. بەهەرحاڵ، Mises پێیوایە دەوڵەت تەنیا بۆ پاراستنی کۆمافی ملکایەتیی تایبەت پێویستە وەکو بلۆکێکی هەرە گرنگ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد کە لەسەر هاریکاریی جڤاکی لە ڕێگەی بازاڕی ئازادەوە بناخەی دانابێت:

"دەوڵەت وەك دەزگایەك بۆ ناچارکردن و زۆرلێکردن پێویستە. رووکاری بەجیاهەڵکەوتووەی جموجوڵ و چالاکییەکانی دەوڵەت ئەوەیە کە خەڵك ناچار بکەن بە حەزو ئارەزووی خۆیان رەوتار نەکەن...لەگەڵ سروشتێکی لەم جۆرەی مرۆڤدا، دەوڵەت دامەزراوەیەکی پێویستەو دەستی لێ هەڵناگیرێ. دەوڵەت، ئەگەر بە راست و دروستی هەڵبسورێندرێ، بناخەی کۆمەڵگا و هاریکاری مرۆڤایەتی و شارستانێتییە[47]".

باوەڕی Mises ئەوە بووە کە دیموکراسییەك لەسەر ڕێساو بنەماگەلێکی دەستووری رۆنرا بێت و پابەند بێ، باشترین سیستەمی شیاوی نیزامی سیاسییە، چونکە دەکرێ "حکوومەت بەپێی ویست و خواستی حوکمکراوان بەبێ خەبات و ململانەی توندوتیژ پەسند بکرێ و بێتەدی[48]". Mises، پێیوایە توانای وڵاتیان بۆ گۆڕینی حکوومەتی خۆیان بە ویست و رەزامەندیی، دەبێ ئەوەش بگرێتەوە کە بەشێك لە دانیشتوانی دەوڵەت مافی ئەوەیان هەبێ لێی جیا ببنەوە:



"ئەگەر کۆمارێکی دیموکراتی دیتی سنوورەکانی ئێستای...چیدیکە لەگەڵ حەزو ئارەزووی سیاسیی گەل تێکناکەنەوە، دەبێ ئەم سنوورانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بگۆڕێن بەپێی ئاکامەکانی راپرسییەکی گشتی کە خواستی خەڵکەکەی دەربڕیبێ. دەبێ هەمیشە بشێ و بکرێ، دەسکاری سنوورەکانی دەوڵەت بکرێ ئەگەر دانیشتوانی ناوچەیەك بەئاشکرا خواستیان لەسەر ئەوە بێ کە خۆیان بە دەوڵەتێکی دیکەوە بلکێنن لە جیاتی ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا تیایدا دەژین[49]".

لێرە، کارێکی بەجێیە کە ئایدیای Mises لەمەڕ دیموکراسیی دەستووری لەگەڵ ئایدیای دیموکراتە لیبراڵەهاوچەرخەکاندا لەبابەتی Allen Buchanan بەراورد بکرێ. جیاوازی بنەڕەتی نێوان Mises وAllen Buchanan لە پێناسەی هەردووکیان بۆ مافی چارەی خۆنووسین دەردەکەوێ. ئەم دیدانە بۆ مافی چارەی خۆنووسین لێکدی جودان، چونکە دیموکراتە لیبراڵەکان مینای Allen Buchanan، وەك هۆکارێکی پێویست بۆ پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی دادپەروەریی دابەشکری، مامەڵە لەتەك دیموکراسیی دەستووریدا دەکات. هەرچی Mises- یشە پێیوایە دیموکراسیی دەستووری تایبەتە بە پاراستنی مافەکانی ملکایەتیی تایبەت، بە مافی جیابوونەوەی تاکەکەسان و دروستکردنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان.

وەکو لەپێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، Buchanan وا لە مافی چارەی خۆنووسین دەگات کە تەنیا لەو حاڵەتانەدا مافی جیابوونەوە بگرێتەوە کە مافەکانی مرۆڤ پێ خوست بکرێن، یان دەوڵەت زۆر خراپ فەرق و جیاوازی لەگەڵ گروپە کەسێکدا بکات. ئەگەر نا ئەو گروپە دەتوانێ لە ڕێگەی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی سیاسیی گەورەتر لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی دیموکراتیدا پراکتیزەی مافی چارەی خۆنووسین بکات. کەواتە بەلای Buchanan-ەوە، لەبەر رۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتی، پاراستنی یەکێتیی هەرێمیی دیموکراسیگەلی دەستووری پێبڕکە لە هەر پراکتیزەکردنێکی مافی چارەی خۆنووسین دەگرێتەوە...

کەچی، دیدی Mises بۆ مافی چارەی خۆنووسین هەمیشە "مافی دانیشتوانی هەر هەرێمێك دەگرێتەوە کە بەحەزو ئارەزووی خۆیان بڕیار بدەن داخۆ لە ناو چ دەوڵەتێکدا دەبن[50]. دیدی Mises ئەوەیە کە "ئەو دەمە وڵاتێ ئاشتی بەخۆوە دەبینێ کە دەستوورێکی دیموکراتی هەبێت و گەرەنتیی ئەوە بدات گۆڕینی حکوومەت بەپێی ویست و ئیرادەی وڵاتیان بەبێ بەرەنگاربوونەوەی یەکتر، ئەنجام بدرێ[51]. بەم پێیە وێدەچێ Mises بەلایەنی کەمەوە مافی دەستووریی تاکەکەسانی بۆ جیابوونەوە بەشێوەیەکی پەنامەکی پێ پەسند بێت. Mises، بە پێچەوانەی Buchanan، پاراستنی پانتاییەکی هەرێمایەتیی جێگیر بەهۆکارێکی هەرە گرنگ نازانێ بۆ هێنانەدی دەوڵەتێکی دیموکراتیی دادپەروەر. بەڵکە، ئەوە ئیتیفاق و رەزامەندیی حوکمککراوانە، ویست و خواستی گەل خۆیانە، کە پرسەکان زۆربەیان، چ لەبەر رۆشنایی قانوونی دەستووری و چ قانوونی نێودەوڵەتی، نە لەبەر وەی کە داخوا دەوڵەتێك نادادپەروەرانە رەوتاری کردووە یان نا هەروەکو Buchanan بڕوای وایە.

بەلەبەرچاوگرتنی بایەخی دیموکراسی دەستووری و مافی چارەی خۆنووسین وەکو گەرەنتی و دەستەبەرێك بۆ ئاشتی نێونەتەوەیی لەنێوان نەتەوە و گەلاندا، Mises مەرجە بنەڕەتەکانی جیابوونەوە بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە:

"هەر کاتێ دانیشتوانی هەرێمێکی تایبەت، تەنانەت ئەگەر تاکە گوندێکیش بێت، ستانێك بە تەواوەتی بێت، یان چەند ستانێکی دراوسێ بن، بەهۆی سازدانی راپرسییەکی گشتیی ئازادانەوە جاڕی ئەوە بدەن کە ئەوان چی دیکە حەز ناکەن لەناو ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە کە تا ئەو وەختە تیای بوون، بەڵکە گەرەکیانە دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن یان خۆیان بە دەوڵەتێکی دیکەوە بلکێنن، ئەم حەزو ئارەزووە دەبێ ریزی لێ بگیرێ و وەڵام بدرێتەوە[52].

دیدی Mises لەبارەی جیابوونەوە ئەوەیە کە بنەما و رێسای کارڕایی پێویست بۆ گۆڕینی رەوشی ئارا و باری قانوونی هەرێمایەتی لە دەنگی زۆرینەی ریفراندەمێك بەولاوە زێتر نییە، کە ئاکامێکی پاپەندکاری هەبێت. ئەم دیدە بە قازانجی



جیابوونەوەی دەستووری، دەق دەکەوێتە بەرانبەر دیدی دیموکراتیی لیبراڵی کە مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکانی ریفراندەمی جیابوونەوەدا دەکات وەکو تەنیا ئەنجامێکی راوێژکاری و، بەم پێیە دەنگدان بە قازانجی جیابوونەوە پێشمەرجە بۆ دانوستانی دەستووری کە رەنگە لەکۆتادا، جیابوونەوەیەکی فیعلی لێ بکەوێتەوە[53].

ئابووریناسە ئازادیخوازە نەمساوییەکان،لەبابەتی Hans-Hermann and Murray N. Rothbard، بە پێچەوانەی دیموکراتە لیبراڵە هاوچەرخەکان و تەنانەت خودی Misesیش، لەسەر بنەمای تیورییەکی بنەڕەتیی جودا لەمەڕ ئەسڵ و فەسڵ و بنەچەکەی نیزامی سیاسی، دیدو تێڕوانینی خۆیان بە قازانجی جیابوونەوەیەکی بێ کۆت و بەند دەخەنەڕوو. بەلای زۆربەی دیموکراتە لیبراڵەکان، وەکو تیوریسینە کۆنتراکتکارەکان، بگرە دەوڵەت لە ئاکامی گرێبەستێکی گریمانەیی هاتووەتە گۆڕێ. سەرەتا گرێبەستێك کراوە، پاشان دەسەڵاتی سیاسی بەزۆر، واتە دەوڵەتێکی توندوتۆڵی تاکڕەوانە وەکو گەرەنتییەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بەدوای ئەم گرێبەستەدا هاتووە. بەهەرحاڵ، Rothbard و Hoppe لەسەر خاڵێکی پێچەوانە بە وردی دێنەدوان: بەر لەوەی تاکەکەس لە بارێکی وادا بێ کە بەمەبەستی تەناهی و دادپەروەری، گرێبەست بکا، ئەوا خاوەنی خۆی بووە و مافی ملکایەتی تایبەتی هەبووە. دەوڵەت پێش دامەزراوەکانی ملکایەتی تایبەت و دادپەروەری نایەتە گۆڕێ وەکو مەرجێکی پێویست بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و نیزامی سیاسی، بەڵکە وەکو پرسێکی ئەخلاقیی سیاسی، چونکە تاکەکەسان کۆمافی ملکایەتی لەمەوپێشیان هەبووە کە رێگەی پێ داون بە شێوەیەکی تایبەتی کۆنتراکت لەگەڵ یەکدیدا بکەن وەکو مەرجێکی پێویست بۆ هێنانەئارای نیزامێکی سیاسی. Hoppe زێتر ئەم خاڵە ورد دەکاتەوە:

" مەبەستی ملکایەتیی تایبەت هەر بۆ ئەوە بووە بەشێوەیەکی ماددی دۆمێنێکی بەجیا بۆ ولایەتێکی Jurisdiction تایبەت دابمەزرێنێ.. مادام شت قەدەخە نەکراوە، کەواتە لەپێشەوە گریمانەی ئەوەش کراوە مافی خودانەکانیان پارێزراوە... هەر یەکێ بۆی هەیە مولك بکڕێ، بفرۆشێ، یان کۆنتراکت لەگەڵ هەر کەسێکی دی بکا کە پێوەندیی بە

پاراستنی زێدەی مڵکایەتی و بەرهەمەکانی تەناهی و خزمەتگوزارییەوە هەبێ. ئیدی خودان هەر مڵکێك دیسان بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا یەکلایەنە درێژە بە هیچ کام لەو هاوکارییە لەگەڵ کەسانی دی نەدا، یان دامەزراوە هاوتەرییەکانیان بگۆڕێ[54].

هەروا دەبینین Rothbard یش وەکو مەرجێکی پێویست بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیموکراتیی دەستووری لەسەر هەرێمێکی جێگیردا ناکات. بەڵکە لەجیاتی ئەوەی ئەمە بۆ بوونی دەوڵەت بەپێویست بزانرێ، Rothbard سروشتی دەوڵەت و ئەو پرسیارانە شیدەکاتەوە کە داخوا بوونی دەوڵەت پێویستە یان نا. Rothbard دەنووسێ:

"دەوڵەت، رێکخراوێکە کە یەك، یان ئەم هەردوو خەسیەتە (لە واقیعی فیعلیدا، بەزۆری هەردووکی هەیە) تایبەتانەی هەیە:

أ- داهاتی خۆی بە زەبری ناچارکردن (باجسەندن) پەیدا دەکات.

ب- پەیڕەوی هێزی زۆرلێکردن دەکات و دەسەڵاتی تەواوی بڕیار چێکردن لە رووبەرێکی دیاریکراوی هەرێمایەتیدا بۆ خۆی مۆنۆپۆل دەکا"[55].

لەکاتێکدا دیموکراتە لیبراڵەکان بەسادەیی پێیانوایە پێویستە دەوڵەت هێزی زۆرلێکردن بۆ خۆی مۆنۆپۆل بکات وەکو تاکە رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئاژاوانەی لە نێوان تاکەکەساندا لە حاڵەتی سروشتیدا روودەدات، Rothbard پێیوایە مۆنۆپۆلکردنی دادپەروەری لەلایەن دەوڵەتەوە لە راستیدا سەرچاوەی پێشێلکردنی ئازادییەکانی تاکە، مادام ئەو دەستاوێژانەی کە دەوڵەت بەکاریان دێنێ، بەردەوام دەسەڵات و هێزی خۆی پێ فرەوان دەکات، ئیدی بوونی هەر Check و بەلانس راگرتنێکی ی دەستووریی دەسەڵات، بێمفا و نەزۆکە.

Hoppe، هزرو تێڕوانینی قوڵی Rothbard لەمەڕ سروشتی دەوڵەت وەردەگرێ و دووبارە چەمکی دیموکراتیی لیبراڵی لەمەڕ دەوڵەت بنیاددەنێتەوە. Hoppe ئەمە بە شکاندنی ئەو تەلیسم و ئەفسانە دادەنێ کە ناوی لێناوە "ئەفسانەی تەناهی بەکۆمەڵ" یان "ئەفسانەی هۆبزی[56]. Hoppe بە لەقاڵبدانەوەی نمونە هەرە ناسراو و باوەکەی هۆبزی دەست پێدەکات:



" لەباری سروشتدا، مرۆ بە شێوەیەکی نەگۆڕ دەستیان لە هەوکی یەکترە... هەر بابایە بۆ خۆی، ئامێرو کەرەستەی خۆی هەس، بۆ دیفاعکردن لە خۆی "ئیجگار کەم" خەرج دەکا، بەردەوام لە شەڕێکی بێ ئامان دایە. بەبۆچوونی هۆبزو شوێنکەوتوانی، دامەزراندنی دەوڵەتS، چارەسەری ئەم بارە نالێبوردەیە دەکا، لەپێناو هێنانەدی هاریکارییەکی ئاشتیانەدا، دوو کەس A وB پێویستیان بە کەسێکی بێ لایەن، S، هەیەوەکو دوا دادوەرو ئاشتی چێکەر. بەهەرحاڵ، لایەنی سێیەم، S، هەم مینای هیچ تاکە کەسێکی تر نییە و هەم کاڵایەك - تەناهی - پێشکەش دەکا،، بەهیچ کاڵایەکی "تایبەت"ی تر ناچێ. بەڵکە S سەروەرە و بەم شێوەیە دوو دەسەڵاتی تاقانەی هەس. لەلایەکەوە، S دەتوانێ سوور بێت کە سوژێتەکانی: A و B بۆ خۆپاراستن پەنا نابەنە بەر هیچ کەسێکی تر جگە لە S. ئەویش بەزۆر پاراستنی هەرێمایەتی بۆ خۆی مۆنۆپۆل کردووە. لەلایەکی دیکەوە، S دەتوانێ یەکلایەنە ئەو بڕە دیاری بکا کە دەبێ A و B بۆ تەناهی خۆیان خەرجی بکەن، چونکە S دەسەڵانی ئەوەی هەیە بۆ بەدیهێنانی تەناهی بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ، باج بسەپێنێ[57].

لێرەدا، Hoppe ئەو گریمانەیەی هۆبزی دەکوتێتەوە کە لایەنێکی سێیەم (واتە دەوڵەت)، دەبێ وەکو دەسەڵاتێکی سەروەر بە کە مۆنۆپۆلیی هەرێمایەتیی پابەندکارانەی بەسەر ئەحکامەکانی دادپەروەریدا هەبێ، دابمەزرێ. بەپێی تیوریزانگەلی سیاسی و ئابوریی، چ پێشان و چ ئێستا، دەوڵەتی ئیحتکاری وەکو دەرکەوتەی کۆنتراکتێ لە نێوان تاکەکاندا، یان لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتی سەروەردا سەرهەڵدەدا[58]. بەهەرحاڵ، Hoppe ناتوانێ هاوکار بێ، لێ ئەم پرسیارە بنەڕەتانەی خوارەوە دەکا:

کێ لە زەینی ساغلەم و دروستی خۆیدا رازی دەبێ لەسەر کۆنتراکتێ کە رێگە بە زێرەڤانەکەی خۆی بدا، یەکلایەنە و بەبێ پەشیمانبوونەوە، ئەو بڕە پارەیەی بۆ دیاری بکا کە دەبێ بۆ پاراستنی خۆی بەوی بکات ؟ راستییەکەی هیچ کەسێ ئەوە ناکات![59]. Hoppe جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سروشتی قۆرخکارانەی

دەوڵەت ئەنجامێکی ئابووریی گرنگی لێدەکەوێتەوە کە بەتەواوی لە لایەن بیرمەندە دیموکراتییە لیبراڵەکانەوە خۆی لێ دزراوەتەوە، یان فەرامۆشکراوە. چونکە دەوڵەت تاکە دامەزراوەیەکە کە هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بۆی دەگەڕێنەوە، نرخی دادپەروەری بەرەو ژوور هەڵدەکشێ و چلۆنایەتی ئەو دادپەروەرییەی پێشکەش دەکرێ بەرەو ژێر دادەکشێ. سەرباری ئەوەش، دەوڵەت هەر چ جۆرە دادپەروەرییەك بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابین بکا "بە قازانجی حکوومەت، دەستوور و دادگە باڵاکاندا دەشکێتەوە[60]. لەسەر ئەم خاڵە ئارگیومێنتی دیموکراتیی لیبراڵی بە قازانجی داسەپاندنی دەستوور وەکو دەستاوێژێك بۆ راستکردنەوەی ئەو ئاراستە فرەیەی دیموکراسیی سانترالیزەکراو بەگشتی وردوخاش دەبێ و هەرەس دێنێ. وەکو Hoppe راڤەی دەکا:

"دیارە دەستوور و دادگاکانی باڵا، پێکهێنەرو ئاژانسگەلی حکوومەتن، هەرچەند کۆت و بەندیش لەسەر کاری حکوومەت بێ، ئەوان لەوانەیە ئەوەیان تێدا بێ، یان بەشێوەیەکی نەگۆڕ لە لایەن ئاژانسەکانی دامەزراوەی گۆڕین بڕیاریان لێ بدرێ. وەکو شتێکی پێشبینیکراو، پێناسەی ملکایەتی و پاراستن بەردەوام بۆ باڵادەستیی حکوومەت فرەو هەراو دەکرێ[61].

Rothbard زێتر پێوەدەچێ کە ژ بەر چ دەستوورگەلی دیموکراتی وەکو ئامرازگەلێك بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دیموکراسیی سانترالیزە کراو، بێ سوود و مفان:

هیچ دەستوورێ لە خۆوە راڤە ناکرێ یان نایەتە جێبەجێکردن: بەڵکە دەبێ مرۆ پیادەی بکەن. خۆ ئەگەر ئەوپەڕی دەسەڵات بۆ لێکدانەوەی دەستوورێك بە دادگەی باڵای حکوومەت بدرێ، ئیدی بە ناچاری رووەو ئەو ئاراستەیە دەبێ کە دادگە بەردەوام مۆڵەت بەخۆی و بەدەسەڵاتی بەرفرەی خۆی بدا بە قازانجی حکوومەتەکەی خۆی. لەمەش زێتر، "Check and Balance" و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکوومەتی ئەمریکا لە واقیعدا بێمفان، چونکە لە دوا



شیکردنەوەدا هەموو ئەم دابەشکارییە بەشێکە لە هەمان حکوومەت و لە لایەن هەمان دەستەو تاقمی حوکمڕانەوە بەڕێوەدەبرێ[62].

بەم دیدو تێڕوانینە بۆ سروشتی حکوومەتی دەستووری، Hoppe و Rothbard بەشێوەیەکی بنبڕ پێیانوایە بۆچوونی لیبراڵی دیموکراتی بۆ (Check and Balance)ی ناوخۆیی بۆ کاری حکوومەت کورت دێنێ. هەروا فەقیهە لیبراڵ دیموکراتەکان وەکو Allen Buchanan و Cass Sunsetien لەوە دەترسن کە زامنکردنی مافێکی دەستووری بۆ جیابوونەوە لە بنڕا دیموکراسی هەڵتەکێنێ و (Check and Balance)ی ناوەکی بێمفاو ناکارا بکا لە هەمبەر دەوڵەتێکی دیموکراتیی یەك شێوەو بیچمدا. شیکردنەوەی Hoppe و Rothbard بۆ (Check and Balance)ی ناوەکی ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە، چونکە (Check and Balance) ناوەکی نەشیاوە ملە لەگەڵ دەسەڵاتێکی دیموکراتیی چەقبەستودا بکات، لەبەر ئەوە Checkێکی ئەلتەرناتیڤ پێویستە. تاکە Check ێکی تر لە چوارچێوەی دیموکراتیی دەستووریدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی کارا سنوور بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دابنێ سروشتێکی ناوەکی نییە، بەڵکە راست و رەوان ئەم Check -ە دەرەکییە، واتە ئەوە مافی تاکەکانە لە دەوڵەتێکی دیموکراتیی دەستووریدا جیا ببنەوە.

هەنووکە ئێمە دێینە سەر بۆچوونەکانی Rothbard و Hoppe سەبارەت بە جیابوونەوە وەکو مافێکی مۆراڵیی بێ کۆت. دەبینین لەمبارەوە Rothbard بە ئاشکرا دەڵێ:

داخوا پرەنسیپی سیاسەتی دەخالەت نەکردنی حکوومەت لە کاروباری ئابووریدا دان بە مافی ناوچەیەکی وڵاتێکدا دەنێ کە لەو وڵاتە جیا بێتەوە؟ داخوا رەوایە بۆ رۆریتانیای رۆژئاوا لە رۆریتانیا جیا بێتەوە؟ ئەگەر نا، ژ بەر چ؟ خۆ ئەگەر رەوایە، پاشان چۆن دەکرێ جیابوونەوە لە خاڵێکی راگیری مەنتیقیدا بوەستێنرێ؟ مەگەر دەڤەرێکی بچوك بۆی نییە جیا بێتەوە، دواتر شار و شارۆچکەیەك، ئەوجا گەڕەکێك، ئاخیرەکەی تاکە کەسێ؟ وەختێکی رێگە بە مافی

جیابوونەوە دەدرێ، داخۆ پاشان خاڵێکی راگیر هەیە، کە جیابوونەوەکە لە ئاستێکدا رابوەستێ و شۆڕ نەبێتەوە تا ئاستی تاکە کەسێك، چونکە ئەمە بە شێوەیەکی مەنتیقی، ئەنارشیزم و بێ سەروبەری لێدەکەوێتەوە، چونکە لەباری وادا تاکەکان دەشێن جیاببنەوەو پاشان ئاژانسی داکۆکیکردن لە خۆیان دروست بکەن و دەوڵەتیش هەرەسبێنێ[63].

لە کاتێکدا Rothbard پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مافی مۆراڵیی جیابوونەوە بەتەواوەتی لەباری لۆجیکییەوە سەردەکێشێتەوە بۆ بێسەروبەری و رێگەیەکی بەتالوکەیە بۆ دەوڵەت، لێ بە ئاشکرا نابێژێ کە داخوا جیابوونەوە وەکو مافێکی دەستووری، دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ هەرچەند Rothbard لاری نەبووە لەسەر بە دەستووریکردنی مافێکی بێ کۆت و مەرج بۆ هەر تاکێ، یان گروپە کەسێك کە بیانەوێ جیا ببنەوە.

پاش هەڵسەنگاندنی تیڕوانین و بۆچوونەکانی Mises و Rothbard لەبارەی جیابوونەوە، Robert W. McGee بەو ئەنجامە دەگات:

"کێ دەکارێ جیا بێتەوەو چۆن جیابوونەوە ئەنجامدەدەرێ؟... یەکەم، دەبێ جیابوونەوە لە دەستووردا جێگیر بکرێ، دووەم جیابوونەوە دەبێ یەکلایەنە بێ. ئەگەر دەستەو گرۆیەك بیەوێ جیا بێتەوە پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن لەو قەوارە سیاسییە نییە کە دەیەوێ لێی جیا بێتەوە...سێیەم دەبێ بە روونی ئەو میتۆدەی جیابوونەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێ، دیار و راڤە بکرێ[64].

ئا ئاوا، لە روانگەی ئازادیخوازە نەمساییەکانەوە دەردەکەوێ کە بە دەستووریکردنی جیابوونەوە بەسادەیی بەرهەمی لۆجیکیانەی داننانە بە جیابوونەوە وەکو مافێکی مۆراڵیی تاکەکان.

هەرچەندە هەڵوێستی ئازادیخوازە نەمساییەکان بە قازانجی جیابوونەوەی دەستووریی ئاشکرایە، هەندێ پرسیار هەن سەبارەت بەوەی کە داخوا ئەمە ستراتیجێکی هەرە کارایە کە لە رێگەیەوە بەکردەوە جیابوونەوە جێبەجێ ببێ. بۆ



نموونە، بە بۆچوونی McGee (هەروا Mises و Rothbard)یش، وێڕای ئەوەی کە دەبێ جیابوونەوە، دەستووری بێت، دەبێ یەکلایەنەش بێت. بەهەرحاڵ، لە جیاتی مشتومڕ و بەڵگەهێنانەوە لەمەڕ بەدەستووریکردنی مافی جیابوونەوە وەکو رێگەیەك بۆ ئەنجامدانی جیابوونەوە، Hoppe ستراتیجێکی ئالتەرناتیڤی تری پێ باشە: بڵاوبوونەوەی هاوزەمانی چەند جوڵانەوەیەکی بچوکی جوێخواز لە سەرانسەری هەرێمی دەوڵەتێکی دیموکراتدا، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کە داخوا ئەم کار و جوڵانەوەیە بە دەستووری دادەنرێ یان نا.

لەم رێگەیەوە، جیابوونەوەی بن-یەکەی بچوك لە هەرێمی دەوڵەتێکی سەروەری گەورەتر کەمتر هەڕەشە لە حکوومەتی ناوەندی دەکات تا جیابوونەوەی ئوستانێکی گەورە یان ویلایەتێك، یان تەنانەت کۆمەڵە ئوستانێك یان ویلایەتێ، هەروەکو ساڵی 1861، لە شەڕی نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکادا قەوما[65].

لە بەشی هەرە زۆری مێژووی مرۆڤایەتی، بەردەوام تا بە ئەمڕۆ دەگات، تاکە دەستاوێژێکی بەکاری جوێبوونەوە، شەڕو شۆڕ بووە. وێڕای چەندین نموونەی مێژوویی جوێبوونەوە، هەندێکیان سەرکەوتووبوون و هەندێکی تریشیان بێ مایە، لێ خاڵی دەسپێکی بەفەڕ، جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی هۆلەندەیە لە ئیمپراتۆریای ئیسپانیا لە سەدەی شازدەمدا. بەپێی بۆچوونی Alexander Martinenkoی قانووناس، پێڕەوکردنی مافی جوێبوونەوە لەلایەن هۆلەندییەکانەوە دژی ئیسپانییەکان "یەکەمین دۆکیومێنتی نووسراوی لێکەوتەوە کە پاساو بۆ راست و رەوایی جوێبوونەوە بێنێتەوە- واتە ’قانوونی جوێبوونەوە، کە لە 22ی تەمووزی 1581دا پەسندکراوە". Martinenko پێیوایە قانوونی جوێبوونەوە بۆ یەکەمین جار مافی جوێبوونەوەی وەکو "مافێکی خۆڕسکی پەنامەکیی بۆ گەلی هۆلەندا" هێنایە گۆڕێ کە "دەبێ بە چەندین بەڵگەو دەلیل ساغبکرێتەوەو جێگیر بکرێ" بەر لەوەی "وەك مافێکی جیهانی و بێ کۆت و مەرجی هەموو گەلان"[66] داوا بکرێ. ئەگەر ئێمە تێزی Donald Livingston لە بارەی جوێبوونەوە بەڕاست و دروست بزانین، ئیدی ئەزموونی هۆلەندا وەك سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ چەمکی ئالتۆسی سەبارەت بە

نیزامێکی سیاسیی فیدرال و پلورال خۆ دەنوێنێ بەبەراورد بە نیزامی هۆبزیی یۆنیتاری Unitary پتەو و لەبەریەکهەڵنەوەشاوەی سیاسی.

Martinenko بەردەوام دەبێ و پێ دادەگرێ کە ئارگیومێنتێکی تر کە مافی جوێبوونەوەی وەك مافێکی مرۆیی جیهانی پتەوکردووە، شەڕی شۆڕشگێڕانەی ئەمریکایی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتە ئاراوە. چونکە لەم شەڕەدا "مافی جوێبوونەوە وەکو مافێکی گشتیی هەموو گەلان لە دنیادا باسی لێ کراوەو لێکدراوەتەوە. مافی خۆبەخۆی گەلان بۆ سەروەربوون (بۆ بەدەوڵەتبوون)، بووە بە بناخەیەکی تیوریی بۆ ئەم هەڵوێست و بۆچوونە"[67].

هەرچەندە شەڕی شۆڕشگێڕانەی ئەمریکایی — شەڕی جوێبوونەوەی ئەمریکا لە ئیمپراتۆریای بەریتانی _ سەبارەت بە هاتنەکایەی مافێکی دانپیانراوی قانوونیی بۆ گەلان سەبارەت بە جوێبوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەروەرو سەربەخۆی خۆیان، وەکو رووداو و پێشهاتێك کە تۆوی پەرەسەندنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ، حیسابی بۆ دەکرێ. لێ John Remington Graham پێیوایە کە شۆڕشی هێژاو مەزنی 1689 ی بەریتانیا، پێشینەیەکی واقیعی بووە بۆ شۆڕشی ئەمریکایی. بەپێی Graham ئەم شۆڕشە مەزنەی 1689 رێگەی کردەوە بۆ:

"راگواستنەوەی شۆڕشگێرانەی حکوومەت، بەڵام قانوونی و ئاشتیخوازانە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا، بەهۆی دەستاوێژێکی رێزلێگیراوی قەول و بڕیەی نێوان گەل و هەر سێ سەرچاوەکانی دەسەڵات و نفووزی شانشین[68]، کە بەشێوازێکی لەباری ئاسایی لە دەستی میرزادەیەکی هەڵکەوتوو، یان سەرکردەگەلێکی سروشتیی مەملەکەت کۆ ببوونەوە بە مەبەستی سازدانەوەی خەسیەتەکانی دەسەڵاتێکی سەروەر، دەستپێداهێنانەوەی دەستوور بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێ، دامەزراندنەوەی حکوومەتی وڵاتەکە"[69].

Graham باسی ئەوە دەکات چۆن James II، بەرەورووی ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرەسەندوو ببۆوە، بە گرەوکردن بە تاجی خۆی لە William of Orange، کە لە ئەنجوومەنی گەورە Magnum Conciliumی ئەنجوومەنی لۆرداندا پوخت



کرایەوە، پێشینەیەکی بۆ بەڵێن و قەولێك دامەزراند "بۆ مکومکردنی میانەڕۆیی، دادپەروەری، ئاشتەوایی" لە کایەی شۆڕشێکی شیاودا[70].

Graham باسی جوێبوونەوەی 13 کۆلۆنییەکەی بەریتانیا لە ئەمریکا دەکات، بەشێوەیەکی بەرچاو گرێدانی پەیمانی 1776ی ڤێرجینا، وەکو "قانوونێکی بەئاگا بۆ وەلامدانەوەی بانگەوازی ویلیام ئۆرەنگ بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی 1689". تەبای کۆبوونەوەی لۆردو خانەدان و هەر سێ سەرچاوەکانی دەسەڵات لە ئینگلستان لە 1689دا کە گۆڕانێکی ریشەیی لە یاسای بنەڕەتیی ئینگلستاندا بەئەنجام گەیاند، پەیماننامەی ڤێرجینیاش، بە پەسندکردنی جاڕنامەی ڤێرجینیا بۆ مافەکان و دەستوور "شێوەی کۆماریی بۆ حکوومەت" و "قانوونی ئەساسیی بۆ ڤێرجینیا" داڕشت و دانا[71]. یەکسەر دوای ئەوە، هەموو کۆلۆنەکان سەربەخۆیی خۆیان لە ئینگلستان راگەیاند و بهەڤرا بڕگەکانی کۆنفدراسیۆنێکیان وەکو "دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد" مۆرکرد.

داخوا بەراوردەکەی Graham لە نێوان راگواستنەوەی قانوونی و ئاشتیانەی حکوومەت بەهۆی شۆڕشە هێژاکەی 1689 و راگواستنەوە هاوشێوەکەی کۆلۆنیی ڤێرجینیا بۆ کۆماری وەك ئەوە نییە کە سێو لەگەڵ سێودا بەراورد بکرێ. گۆڕان لە پاشایەتی لە 1688دا رەوتارێکی ناوەکی بوو لەناو شانشینی ئینگلستاندا، هەرچی گۆڕانە سیاسییەکەی ڤێرجینیا و 12 کۆلۆنیەکەی تر بوو ئەوا دەرچوونێکی واقیعیانە بوو لە بازنەی حوکمڕانیی شای بەریتانی. ئا بەم شێوەیە، داخوا شۆڕشە هێژاکەی 1689 بەراستی پێشینەیەك بوو بۆ جوێبوونەوەی 13 کۆلۆنییەکە دوای نزیکەی 100 ساڵ، کە پێشینەیەکی قانوونیی رەوا بۆ مافی دەستووریی جوێبوونەوە دابنێ؟ رەنگە یەکێ وا بەرسڤ بداتەوە: لە کاتێکدا لایەنە واقیعی و جەوهەرییەکانی ئەم دوو رووداوە سیاسییە وەکیەك نین، لێ لایەنە کارڕاییەکانیان وەکیەك وان. ئێمە لێرەدا رووە کارڕاییەکەی جوێبوونەوەی دەستووریمان بەلاوە گرنگە، بۆیە بەراوردەکەی Graham لە نێوان ئەنجوومەنی گەورە

Magnum Concilium ی شۆرشە هێژاکە و پەیماننامەی دواتری ڤێرجینیا لە جێگەی خۆیدایە.

Graham، لەسەر ئەو باسە دەڕوا کە هەرچەندە یەکگرتنی دەوڵەتگەلێکی سەروەر لە سایەی ماددەو بڕگەکانی کۆنفدراسیۆن بەراشکاوی بۆ هەتا هەتاییە، لێ ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ "بە هۆی جوێبوونەوەی چەند دەوڵەتێك، کۆنفدراسیۆنەکە هەڵبوەشێتەوە بۆ ئەوەی ئازاد بن و یەکێتیەکی نوێ پێکبهێنن". سەرباری ئەوەش، Graham نیشانی دەدا کە کۆنفدراسیۆنەکە نە پێویستی بە هەمووارکردنی دەستوور هەیە، نە پێویستیشی بە ڕەزامەندیی تێکڕای دەوڵەتەکان هەیە تا لەبەریەك هەڵوەشێتەوە[72]. بەپێی بەڵگەو دەلیل کۆنفدراسیۆنی ئەمریکی، بەلایەنی کەمەوە لە کاتی دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، زێتر وەکو نیزامێکی ئالتۆسی مامەڵەی لەتەکدا کراوە کە لەسەر فیدرالیزمی فرەیی دامەزرابێ نەك نیزامی هۆبزی کە مامەڵە لەگەڵ یەکێتیی سیاسیدا دەکا وەکو نیزامێکی سادەی یۆنیتەری و هەتا هەتایی.

دیماهی، Graham پەنجە لەسەر ئەم خاڵە دادەنێت کە ویلایەتەکان بەهۆی دەنگدانی ئەنجوومەنی یاسادانانەوە لە فیدراسیۆن جوێبوونەوە، کەچی لە کاتی ڕێککەوتننامەی فیلادلفیا بیر لەوە کرابۆوە کە "گەل لە هەر ویلایەتێکدا" نەك ئەنجوومەنی یاسادانان، دەبێ دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێ چ بۆ جوێبوونەوە، یان پێکهێنانی یەکێتیی ویلایەتەکان. ئیدی لەم شیکردنەوەیەی Graham دەگەینە ئەم هۆیە، کە وێڕای نەبوونی مافێکی بەئاشکرای دەستووریی جوێبوونەوە، پێشینەیەك هەبوو بۆ جوێبوونەوەی قانوونی بە هۆی هەمان قانوونی وڵاتە سەربەخۆکانەوە کە لە کۆنفدراسیۆن بێنە دەرێ بۆ پێکهێنانی "یەکێتیەکی تەواو" تر.

لە چارەسەری دەستووریی مۆدێرنانەی ئەمریکی، فەقیهە بەناوبانگەکان، جەخت لەسەر گرنگیی جوێکردنەوەی دەسەڵاتەکان و فیدرالیزم دەکەنەوە وەك چێك check و هاوسەنگێکی پێویست بۆ جڵەوگرتن و بەرزەفتکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت. بە تایبەتی، گرنگی دراوە بە دادگەی باڵا وەك دوا بەریوانکاری



دەستووریبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، بەر لەشەڕی نێوان ویلایەتەکان، Graham قامکی بۆ ئەم فاکتە ڕاکێشاوە کە میکانیزمی تری دەستووریش لەئارادا هەن کە بۆ بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕوو لەزیادی حکوومەت تەرخانکراون، میکانیزمی ئەوتۆی تەواو کارای سەلمێنراو. ئەم ڕێوشوێنانە- ناوبژیکردن و دەخالەتکردن، هەڵوەشاندنەوە، جوێبوونەوە وەکو دوا پەناگە- نەك هەر لەلایەن سەرکۆمار، کۆنگرێس، یان دادگەی باڵا سوودیان لێوەرگیراوە، بەڵکە ویلایەتە سەروەرەکان خۆیشیان کەڵکیان لێوەرگرتوون.

وەکو بەشێك لە بەرەنگاربوونەوەی تاریفەی باکوور، کارۆلینای خواروو South Carolina نارەزایی دەستووریی خۆی لەڕێگەی دەخالەتکردنەوە دەربڕی، ئەم دەخالەتکردنە بە بڕیاری 1828ی کارۆلینای خواروو ڕەوایی پێدرا (هاوشێوەی بڕیاری 1798ی ڤێرجینیا). Graham دەخالەتکردن وا پێناسە دەکات "پێشنیارو تێزێکی سیاسییە کە میکانیزمە دەستوورییەکانی یەکێتی Union لە کارکردنێکی ڕاست و دروستدا سەرکەوتوو نەبوون"[73]. دەخالەتکردن لەلایەن کارۆلینای خوارووەوە وەکو زەنگێکی سیاسی بەکارهات و ڕایگەیاند کە گەلی ویلایەتەکانی خواروو ئامادەن پەیمانێك بۆ گۆڕینی دەستوور ببەستن. کاتێ کە شوێنەواری تاریفە لە باشوور خراپ کەوتنەوە، لە نۆڤامبەری 1832دا کۆنگرەی کارۆلینای خواروو، قانوونی هەڵوەشاندنەوەی تاریفەی دەرکرد (نەك ئەنجوومەنی یاسادانانی کارۆلینای خواروو) - ئەم بزاوتە دەستوورییە بەتەواوی لە گەڵ بڕیارەکانی 1798 و 1799ی کینتاکیی جیفرسۆن ڕیك دێنەوە. بۆ بەرەوڕووبوونەوەی قانوونی هەڵوەشاندنەوەکە، سەرۆك Andrew Jackson ناچار بوو دوو قانوونی میانڕۆی تاریفە مۆربکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی ناوی لێنرابوو "تاریفەی بێزراو". کاتێ کە ئەم دوو قانوونە نوێیە دەرچوون و مۆرکران، واز لە قانوونی هەڵوەشانەوە هێنراو و قەیرانی تاریفە چارەسەرکرا، بەم شێوەیە هاوسەنگی هێز لە نێوان باکوور و باشووردا گەڕایەوە جێگەی خۆی.

لەکاتێکدا کارۆلینای خواروو هەستیکرد پێویستە هەم پەنا بۆ دەخالەتکردن و هەم بۆ هەڵوەشاندنەوە ببا بۆ وەڵامدانەوەی تاریفەی باکوور لەسەر پیشەسازیی

باشوور، Graham پێیوایە جێبەجێکردنی جوێبوونەوەی دەستووری لەلایەن باشوورەوە بە سەرکەوتووانە دواخرا بە هۆی سازشکارییەکەی 1850 میسۆری کە هاوسەنگیی سیاسیی هێزی لە نێوان ویلایەتەکانی باشورو باکوور راگرت. ئەم سازشکارییە بەلانسە سیاسییەکەی راگرت لە رێگەی هێشتنەوەی ژمارەیەك کۆیلەو ویلایەتی ئازاد لە یەکێتیەکەدا بە شێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ.

دیماهی، بەهەرحاڵ، شوێنەوارەکانی تاریفەی باکوور لەسەر بەرهەمهێنانی پەمۆی باشوور جێگەی خۆیان گرت و ویلایەتەکانی باشوور هەستیانکرد هیچ بەدیلێکیان بەدەستەوە نییە، بەڵکە دەبێ لە یەکێتیەکە جویێ ببنەوە. دەق وەکو ئەوەی لە هەڵڵای شۆرشی ئەمریکادا کردیان، هەر ویلایەتێکی باشوور داوای لە خەڵکی خۆی کرد (نەك لە پەرلەمانی ویلایەت) دەسەڵاتی سەروەرانەی دانپیانراوی دەستووریی خۆیان پیادە بکەن. ویلایەتەکانی باشوور، یەك لە دوای یەك، بە پەسندکردنی قانوون لە کۆنگرە و جڤاتی خۆیاندا، بەشێوەیەکی قانوونی و ئاشتییانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جوێبوونەوە. بەگوێرەی Graham دەکرێ بناخەی دەستووریی بۆ مافی جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی باشوور لە درێژەی کۆبوونەوەو کۆنگرەی 1860ی کارۆلینای باشوور "جارنامەی هۆیەکانی جوێبوونەوە" بدۆزرێتەوە، کە پاساوی جوێبوونەوە دەداتەوە بە ئاماژەکردن بۆ:

"بریارەکانی ساڵی 1798 ی ڤێرجینیاو کینتاکی، راپۆرتی پەیمانی هارتفۆرد لە 1815، ئەو وتارانەی بۆ خەڵك بڵاوکرانەوە لە لایەن پەیمانی کارۆلینای باشوور لە 1832"(74).

هیچ هەموارکردنێکی دەستووریی پێویست نەبوو، هیچ ریفراندەمێك پێویست نەبوو. هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ حکوومەتی فیدرالیدا نەکرا.

جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی باشوور، کە وەك پێشەکیەکی شەڕ وابوو لەنێوان ویلایەتەکاندا، دوا نمونەی دیرۆکیی جوێبوونەوەیەکی یەکلایەنەی دەستووریی بوو. بەپێی بۆچوونی Donald Livingston، شەڕ لەنێوان ویلایەتەکاندا، نوختەوەرچەرخانێکی گرنگی دوورکەوتنەوە بوو لە راست و دروستیی نیزامی



فیدرەتیڤی ئالتۆسی، کە بەشێوەیەکی پەنامەکی دان بە مافی یەکە بچوکە ناوچەییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەنێ کە لە کۆمۆن وێلت (Common wealth)ی گەورەتر لە خۆیان جویێ ببنەوە، بۆ شەرعیەتی نیزامی سیاسیی هۆبزی کە خۆی لە دەوڵەتی یونیتەریدا دەبینێتەوە وەکو دوا دادوەری قانوون و داد(75).

سەرۆك ئیبراهام لینکۆلن بۆ پاراستنی یەکێتیی وڵات، بەشەڕ وەڵامی جوێبوونەوەی ویلایەتەکانی باشووری دایەوە. لەکاتێکدا زۆر رۆژنامەو میدیای باکوورو باشوور وا حاڵیبوون کە تێکستی دەستووری ئەمریکا مافی قانوونیی ویلایەتە سەروەرەکانی تێدایە بۆ جوێبوونەوە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەوژم و سەمتی ئالتۆسیدا(76). لینکۆلن بۆچوونە هۆبزی و ناسیۆلیستەکەی دەستووری ئەمریکای گرتەبەر:

"بە سەرنجدانی قانوونی جیهانیو دەستووری ئەمریکا، یەکێتیی ویلایەتەکان بۆ هەتا هەتاییە... کە هیچ ویلایەتێك، بۆی نییە بە ویست و ئارەزووی خۆی، بەشێوەیەکی قانوونی لە یەکێتیەکە بچێتە دەرێ، هەر بڕیارو قانوونێکی لەمجۆرە لە باری شوێنەواری قانوونییەوە ڤالایە، کارێکی شەڕانگێزانەی توندوتیژە لەچوارچێوەی هەر ویلایەتێك یان ویلایەتەکان دژی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەپێی هەلومەرج لە باری یاخیبوون یان شۆرشگێریدان"(77).

سەرکەوتنی یەکێتی بەسەر باشووردا لە 1865دا، مافی دەستووریی جوێبوونەوە لە ئەمریکا بەشێوەیەکی کاریگەر خرایە باری پشودانەوە. بەمجۆرە گوێزانەوەی دیرۆکی لە نیزامی سیاسیی ئەلتۆسییەوە بۆ نیزامی هۆبزی بەئەنجامی خۆی گەیشت (بەکۆتاهات)، شوێنەوەرای بەرەودوای ئەمەش بریتی بوو لە بە ناڕەواکردنی کاری جوێبوونەوە. لە کێشەی تەکساس لەبەرانبەر وایت (1868)، دادگەی باڵای ئەمریکا بەشێوەیەکی کارا جوێبوونەوەی بەناڕەوا دانا وەکو رێگەچارەیەکی دەستووریی دروست کاتێ دادگا گوتی جوێبوونەوەی یەکلایەنە نا دەستوورییە(78). زێدە لەمەش، شەڕ لەنێوان ویڵایەتەکاندا بەنرخێکی گران لە سەر

ژیان و ماڵی ویلایەتەکان کەوت. داخوا مافێکی خویای دەستووریی بۆ جوێبوونەوە لە دەستووری ئەمریکادا جێی کراوەتەوە، شەڕ خۆی بەلا نراوە[79].

وێڕای ئەوەی جوێبوونەوە وەك مافێکی سروشتی چەندین ویلایەت بەشێوەیەکی کارا بەرەوا بینراوە لە ڕێگەی سەرکەوتنی یەکێتییەوە بەسەر باشووردا و بەهۆی تیکساس لە بەرانبەر وایت، جوێبوونەوەی بەئاشتی بەحوکمی قانوون ڕێبەدێی بکرێ بەتەواوی نەزانراوە. Robert A. Young سێ نموونە دێنێتەوە: جوێبوونەوەی هەنگاریا لە نەمسا لە ساڵی 1867، جوێبوونەوەی نەرویج لە سوید لە ساڵی 1905، جوێبوونەوەی سەنگافور لە مالیزیا لە ساڵی 1965.

لە هەلومەرجی کزو لاوازی ئیمپراتۆریای نەمسا- مەجەر دوای شەڕی ساڵی 1866 لەگەڵ پروسیادا، ئیمپراتۆر Franz Joseph ڕازیبوو سەبارەت بە سەربەخۆیی هەنگاریا دانوستان بکرێ. ئیمپراتۆر، دەستووری هەنگاریای نوێ کردەوە، دایتی Diet نەمسایی جوێبوونەوەی هەنگاریای بەهۆی سازشێکەوە وەراستگەڕاند، کە لەلایەن پەرلەمانی نەمساییەوە لە ساڵی 1867دا پەسندکرا. کاتێ دانوستان لەگەڵ هەنگارییەکاندا بەکۆتاهات، دایتی نەمسایی، دەستووری نەمسای هەموارکرد تا لەگەڵ ڕێوشوێنە تازە سیاسییەکاندا بگونجێ و یەکبێتەوە[80].

لە حاڵەتی جوێبوونەوەی نەرویج لە سوێد، سوێدییەکان بەهۆی دەنگدانی پەرلەمانی نەرویج بۆ جوێبوونەوە، هەوەڵجار تووشی شۆك بوون. بەپێی بۆچوونی Young "ڕای نەروێجییەکان سەبارەت بە سەروەری (بەدەوڵەتبوون) موکم و پتەو بوو، شەڕیان پێ ماڵوێرانی بوو، پێیانوابوو ئەگەر سوێد بیەوێ بەزۆر یەکێتیەکە بپارێزێ، زلهێزان گۆشەگیری دەکەن. دانوستان تاکە کارێکە کە شیاوی کردن بێت"[81]. هەروا ڕاپرسییەك بۆ جوێبوونەوە لە نەرویج سازکرا و 99٪ی نەروێجییەکان دەنگیان بۆ جوێبوونەوە دا. کاتێ کە دانوستان تەواو بوو، جوێبوونەوەی نەرویج-یش تەواو بوو بەهۆی ئەوە پەرلەمانی سویدی و نەروێجی قانوونی یەکێتیان هەڵوەشاندنەوەو پاشای سوێد دەسبەرداری تەخت و تاجی نەروێجی بوو پاشای دانیمارك جێی گرتەوە[82].



بەپێچەوانەی حاڵەتەکانی جوێبوونەوەی هەنگاریا-نەمسا، سوێد- نەرویج، جوێبوونەوەی سەنگافور لە مالیزیا لە ساڵی 1965دا، فیدراسیۆنی مالایا لەبەر هۆی ئیتنی و ئابووریی نالەبار لە نێوان سەنگافورە چینییەکان و زۆرینەی دانیشتوانە مەلاوییەکان، سەنگافوری لە یەکێتیە سیاسییەکە وەدەرنا. بەسەرسوڕمانەوە، جوێبوونەوەی سەنگافور، لەلایەن مالیزیاوە بەسەر سەنگافوردا سەپێندرا، پاش دانوستانێکی کورتخایەن و هەمواركردنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی مالیزییەوە کە ڕێگە بە جوێبوونەوە بدا، تەنیا سێ سەعاتی خایاند[83].

لە هەر سێ ئەم حاڵەتەی سەرەوە، یۆنگ پێیوایە کە جوێبوونەوە بەشێوەیەکی دەستووریی لە ڕێگەی قانوونی ئەساسیی ئاراوە بەڕێوەچووە. تاوتوێکردنی دەستووری لە هەر حاڵەتێکدا "ئەنجامێکی ڕاست و دروستی دەوڵەتی پێشین بووە کە ئەو پرەنسیپەی قبوڵکردووە جوێبوونەوە ڕوویدا"[84].

ئەو هەوڵ و سەمتە بۆ دانانان بەشێوەیەکی قانوونی بە مافی کولتووری، ئیتنی، نەتەوەیی گروپەکاندا و پێڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەمدا بەردەوام بوو. سەرۆکی ئەمریکا ویدرۆ ویلسون بەو هیوایە بوو مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی لە نێو گەلانی دنیادا لەڕێگەی دابینکردنی دەوڵەت بۆ گروپە نەتەوەیی و ئیتنییەکانەوە ئاشتیەکی سەقامگیر بێنێتە ئاراوە[85].

پێڤاژۆی ئایدیۆلۆجی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی وایکرد یەکیەتیی سۆڤیەت دەستوورێك پەسند بکات کە مافێکی خویای بۆ جوێبوونەوەی هەموو کۆمارە ئیتنییەکانی خۆی تێدا بێت. دوای شۆڕشی کۆمۆنیستی 1917، شوڕەوی وەکو فیدراسیۆنێکی کۆمەڵە کۆمارێکی سۆسیالیستی هاتە گۆڕێ. لە 1922دا، پەیماننامەی پێکهێنانی یەکەتیی سۆڤیەتی کۆمارە سۆسیالیستەکان، کە مافی جوێبوونەوەی هەموو کۆمارەکانی تێدا بوو، لە لایەن دەوڵەتە سەروەرەکانی ڕوسیا، ئۆکراینا، بیلۆروسیا، کۆمارە سۆسیالیستەکانی ئەودیوی قەوقاز مۆرکرا. خۆیایە، وێڕای ئەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم پەیماننامەیە زێتر ئەوەبوو کۆمارەکان هان بدا بێنە ناو کۆنفدراسیۆنەکە تا فیدراسیۆنێکی ڕاستەقینە پێکبێت[86]. بەپێی Lee Buchhiet:

ئەمە تیژی سەرەکیی لینین-ە کە ئاخاوتنێکی فرەو هەراو لە بارەی مافەکانی جوێخوازی پێویستە بۆ دڵنیاکردنەوە و پەسندکردنی بزاڤی هەرە زووی شۆڕشگێری لە لایەن نەتەوەپەروەرەکانی ناو روسیای قەیسەری. لە رێگەی پشتگرتنی مافە نەتەوەییەکانەوە، بە مافی جوێبوونەوەشەوە، لینین بەو ئومێدە بوو ترس و خۆفی نەتەوە جیا-جیاکانی ناو ئیمپراتۆریای روسی بڕەوێنێتەوەو لە دۆزی شۆڕشگێری نزیکیان بخاتەوە[87].

لەبەرئەوەی کۆمارە ئەندامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەپەرۆشی ئەوەبوون نەتەوایەتیی خۆیان بپارێزن، لینین و ستالین هەندە دوور نەرۆیشتوون کە بەشێوەیەکی قانوونی سیستەمێکی یونیتەری حکومەت بسەپێنن. زێدە لەمەش، بەڵێندان بە کۆمارەکان کە مافێکی قانوونییان بۆ جوێبوونەوە هەبێ، بەمەبەستی جێبەجێکردن و بەڕێوەچوونی سیاسەتی ئابووریی نوێی کۆمۆنیستی، کە بازارێکی گەورەی ئابووریی ناوەکی گەرەکە، قەناعەتی پێکردن لەباری سیاسییەوە یەکبگرن[88]. دەستووری یەکەتیی سۆڤیەت، کە لە ساڵی 1924دا گەڵاڵەکرا، بنەماکانی پەیمانی 1922ی دارشتەوە و بەفەرمیکرد. لە دیباجەکەیدا هاتووە: "ئەم یەکێتییە یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی گەلانە بە مافی وەکیەکەوە، کە هەر کۆمارێك مافی جوێبوونەوەی ئازادانەی لەو یەکێتییە پێدراوە". دەستوورەکە زێتر روونیدەکاتەوە کە "مافی جوێبوونەوە، نابێ بەبێ رەزامەندیی پێشوەختەی سەرجەم کۆمارەکان، هەموار بکرێ، یان بەرتەسك بکرێتەوە، یان هەڵبوەشێنرێتەوە"[89]. لە ساڵی 1936دا، لەسایەی حوکمی ستالیندا، دووبارە لە ساڵی 1977دا، دەستووری سۆڤیەت هەموارکرا. لێ هەر جارە، مافی جوێبوونەوە لەم دۆکیۆمێنتەدا وەکو خۆی دەمایەوە.

هەرچەندە دانپیانانی قانوونیانەی مافی کۆمارەکان بە جوێبوونەوە لە یەکێتیی سۆڤیەت لە هەر دەستوورێکی سۆڤیەتیدا، لەباری کردەنییەوە بەبێ شوێنەوار و کەرخ مایەوە، چونکە یەکەتیی سۆڤیەت وەکو دەوڵەتێکی دیفاکتۆی یونیتەری بەڕێوەدەبرا. مافی جوێبوونەوە، لەلایەن چالاکیی سانترالیستیی



دامودەزگای سیاسیی ئەوتۆی وەك دەستەی سەرۆکایەتیی سۆڤیەتی باڵا بێ کەڵك و پەڕپوت کرابوو، چونکە سۆڤیەتی باڵا "دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو ئەو بڕیارو جاڕنامەو قانوونانەی کۆمارە ئیتیحادییەکان بە تاڵ بکاتەوە کە لەگەڵ قانووندا نەگونجاون"، هەروا بەهۆی نەبوونی بەشێکی قەزایی سەربەخۆ وەکو چێکێك بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەنجوومەنی سۆڤیەتی باڵا دەشیا بە دەستاوێژی تایبەتی: "بەهۆی پروپاگەندە، پۆلیسی نهێنی، دەرووناسیی جەماوەری"[90]، ئۆتۆنۆمی کۆمارەکان وەلابنێ.

سەرباری ئەوەش، مافی جوێبوونەوەی کۆمارەکان هیچ ئەسەرێکی پراکتیکی نەبووە، هەرگیز نیاز نەبووە کار بەم مافە بکرێ. هەمیشە بوونی مافی جوێبوونەوە لە دەستووردا، لەگەڵ ئەرك و فەرمانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بەنێونەتەوەییکردنی کۆمۆنیزم پێکناکۆك بووە. چونکە ئەگەر کۆمارەکانی سۆڤیەت بیانتوانیبایە جیاببنەوەو ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی زیانی پێ دەکەوت. کاتێ لەگەڵ ئەو بەها سیاسی و قانوونیانەدا دەکەوتنە بەرانبەر یەك، بۆچوونی لینین و ستالین خویا بوو: پتەوکردنی شۆڕشی پرۆلیتارییان پێ گرنگتر بوو لە ریزگرتن لە مافی کۆمارە ئیتنییەکان بۆ پێڕەوکردنی تەواوەتی مافی چارەی خۆنووسین[91].

وەکو روسیای سۆڤیەتی، حزبی شیوعی چین-یش بەئاشکرا مافی جوێبوونەوەی لە دەستووری 1931ی چین چەسپاند وەك دەستاوێژێك بۆ فریودانی توخمە نەتەوەییە ئیتنییەکانی ناو وڵاتی چین و بۆ داگیرکردنی هەرێمە هاوسێییەکانی وەك تیبت. بەڵام کاتێ حزبی کۆمۆنیستی چین، کۆنترۆڵی وڵات و هەرێمەکانی دەوروبەری چینی کرد، مافی جوێبوونەوەی لابرد. دەستووری هەموارکراوی ساڵی 1975ی چین دەڵێ: "چین دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە"[92].

نمونەیەکی تری دیرۆکیی مافی دەستووریی جوێبوونەوە، نمونەی بۆرما-یە. بەپێی فەسڵی 10ی دەستووری 1947- ی یەکێتیی بۆرما، "بە راشکاوانە دان

بەوەدا نراوە بەپێی ئەو مەرجانەی لێرەدا باسیان لێکراوە، هەر ویلایەتێ مافی جوێبوونەوەی لەم یەکێتیەدا هەیە"[93]. بۆ پێرەوکردنی ئەم مافەش چەند مەرجێکی کارڕایی پێویستە وەك: 10 ساڵ چاوەڕوانی پاش دەرچوونی دەستوور، دوو لە سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەو ویلایەتەی دەیەوێ جیابێتەوە دەنگ بۆ جیابوونەوە بدەن، پرسکردن بە خەڵکی ولایەتە جوێخوازەکە. ئەم مافی جوێبوونەوەیە تا ئەو دەمەی دەستووری ساڵی 1974-ی کۆماری سۆسیالیستی یەکێتیی بۆرما سەپێندرا، هەر وەکو خۆی مایەوە. لەو دەمەوە، تەنیا پێڕەوکردنی "ئۆتۆنۆمی خۆجێی لەژێر سایەی سەرکردایەتیی ناوەندا" لە باری دەستوورییەوە رێگەی پێ دراوە[94].

هەوڵ و کۆششی دیرۆکی بۆ بە بەقانوونیکردنی مافی جوێبوونەوە لە دەستووری نیشتمانیدا دەریدەخات کە زۆرجار مافی جوێبوونەوە وەك تاکتیك بۆ راکێشانی کۆڕو کۆمەڵەی نەتەوەیی و ئیتنی بچوکی سەروەر بۆ ناو یەکێتییەکی سیاسیی گەروەتر بە مەبەستی سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەکارهاتووە. بەهەرحاڵ، کاتێ یەکێتیە سیاسییەکە هاتووەتەدی، مافی جوێبوونەوە بەزۆری دەکرێتە بێ قانوونی، جا چ لە رێگەی سیاسەتی کردەنییەوە بێ، یان بە هۆی ڤالاکردنەوەی قانوونی بێت. لەو بارانەشدا کە تێیدا مافی جوێبوونەوە پێڕەو دەکرێ، ئەنجامەکەی بەزۆری شەڕو شۆڕ بووە کە دەوڵەتی مەرکەزی بۆ پاراستنی یەکێتیی سیاسیی وڵاتەکە پەنای بۆ بردووە. لەو حاڵەتانەشدا کە جوێبوونەوە بەشێوەیەکی ئاشتی روویداوە، لەبەر ئەوە بووە دەوڵەتی ناوەندی واقیعیەت و رەوایی جوێبوونەوەکەی پەسند کردووەو بۆ راگواستنەوەی ئاشتیانە بەهۆی دەستاوێژی دەستووریی ئارا، دانوستانی کردووە.

زۆرینەی دەوڵەتگەلی سەروەر لە دەستووری خۆیاندا ددان بەمافی جوێبوونەوەدا ناهێنن. بەگوێرەی لێوەکۆڵینێك کە ساڵی 1996 لە کەنەدا، دوو پرۆفیسۆری قانوون Patrick Monahan and Michael Bryant کردوویانە، لە کۆی دەستووری 89 وڵات، دەستووری 82 وڵات هیچ ئەحکامێکیان تێدا نییە کە رێگە بە بەشێکی گەل، یان پارچەیەکی ئەو وڵاتانە بدا جودا ببنەوە. (22)



دەستووریان بەئاشکرا جەخت لەسەر یەکێتی و یەکپارچەیی هەرێمایەتی و خاکی وڵات دەکەنەوە بە دەستەواژەی وەك: "غير قابلە للتجزأە"، "غير قابلە للتصرف" "لايمكن مس وحدە الاراچي". هەندێ دەستووریش، وەك: دەستووری کامیرۆن، ساحل العاج و رواندا، لەمە زێتر دەڕۆن و هەر هەموار و دەستکاریکردنێکی دەستووریی حەرام دەکەن کە ببێتە مایەی دەسکاریکردنی خاکی دەوڵەت.[95]

Bryant &Monahan تەنیا حەوت دەستووریان دۆزیوەتەوە، جا چ دەستووری رابردوو بن چ هی ئێستا، کە کارڕایی جوێبوونەوەی دەستوورییان تێدایە: ئەتیوبیا، نەمسا، فرەنسا، سەنگافورە، کەنەدا، سانت کریستۆفەر و نڤیس، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، کۆمارە یەکگرتووەکانی چیك و سلۆڤاك[96]. دەکرێ سویسراش بخەینە ناو ئەم لیستەوە، چونکە لە دەستووری ئەم وڵاتەشدا دەقێکی قانوونی هەیە کە رێگە بە جیابوونەوەو پێکهێنانی کانتۆنی نوێ دەدا[97]. هەروا گەڵاڵەنامەی 2003ی دەستووری یەکێتیی ئەورووپی، رێگە بە دەوڵەتە ئەندامەکانی خۆی دەدا ئارەزوومەندانە لە یەکێتیەکە بکشێنەوە[98] لە کۆتاییدا، دەکارین کەنەدا-شیان بۆ زێدە بکەین، کە بەگوێرەی نیزامی ئەساسیی ئێستای ئەم وڵاتە، ئەو هەنگاوانە دیاریکراون کە چۆن دەکرێ هەرێم و ستانێکی وڵاتی کەنەدا، ئەگەر بیەوێ، لە فیدراسیۆنی کەنەدا جودا ببێتەوە، ئەمەش بەپشتبەستن بەو بۆچوون و رایەی کە دادگەی باڵای کەنەدا گەڵاڵەی کردبوو سەبارت بە پرسی "ئەگەری جیابوونەوەی کیوبیك" لە باقی ستانەکانی تری کەنەدا[99] .

دیارە نیازو مەبەستی ئێمە، شیکردنەوەی کارڕاییەکانی جیابوونەوەیە لە جیهانی ئەمڕۆی دوای شەڕی ساردا، لەبەر ئەوە ناپرژێینە سەر ئەو لێدوان و گفتۆگۆیەی Bryant &Monahan کە لەمبارەوە سەبارەت بە ئەحکامەکانی دەستووری سۆڤیەتی جاران و کۆماری فیدراڵی چیکۆسلۆفاکیادا کردوویانە، هەروا دیسان لەم گفتۆگۆیەدا فرەنسا-ش دەخەینە دەرێ، چونکە ئەحکامەکانی دەستووری فەرەنسا سەبارەت بە جیابوونەوە پێوەندییان بەو هەرێمانەوە هەیە کە لەو دیو دەریاوەن و هیچ سەروکارێکیان بە هەرێمی " غير قابلە للتجزأە"ی

ناوەخۆوە نییە. کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە قسەو باسێکیان لێوە بکەین، ئەم دەستوورانەن: ئەتیوبیا، سانت کریستۆفەر- نڤیس، کەنەدا، یەکێتی ئەورووپی، سەنگافورە، نەمسا، سویسرا.

## ئەو وڵاتانەی بەراشکاوی مافی جوێبوونەوەیان پەسندکردووە

### ئەتیوبیا:

وڵاتێکە زێتر لە50 گروپی ئیتنی و خێڵەکی جیاوازی تێدا دەژی. بەپێچەوانەی دەستووری زۆربەی دەوڵەتە- نەتەوە هەرە دیموکراتەکان لە ئەوروپا و باکووری ئەمریکا کە سەروەری"Sovereignty سیادە" هی گەلە (یان، وردتر، هی دەوڵەتی سانترەلیزەکراوە)، دەستووری ئەتیوبیا دەسەڵاتی سەروەرانە "سیادی"ی بە (9) ویلایەتی ئیتنیی خودان سەروەر داوە کە هەریەکەیان، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ویلایەتە سەروەرە سەربەخۆیەکانی پێش شەڕی ئەهلی لە ئەمریکا هەیانبووە، توانای پێڕەوکردنی دەسەڵاتی سەروەرانەی خۆیان هەیە. لەنێو ئەو مافە هەرە گرنگە دەستووریانەی بەو (9) ویلایەتە سەروەرە دراوە، مافی جوێبوونەوەیە. مادده 39(1)ی دەستووری ئەتیوبیا دەڵێ: "هەر میللەت، نەتەوەو گەلێك لە ئەتیوبیا مافی دەستووریی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە، بەمافی جیابوونەوەشەوە". مادده 39 (5)ی دەستووری ئەتیوبیا بەم شێوەیە پێناسەی میللەت، نەتەوە، یان گەل پێناسە دەکات:

"گروپێکی گەل کە سەرجەم یان زۆربەی ئەم خەسڵەتانەیان تێدا هەبێ: کولتوورێکی هاوبەش، یان داوونەریتێکی وێکچوو، زمانێکی خویای هاوبەش، باوەڕهێنان بە پێناسەیەکی هاوبەش، یان لەیەکدی نزیك، پێکهاتەی دەروونیی هاوبەش و لە هەرێمێکی تا رادەیەك بەسەریەکەوەی دیاریکراودا ئاکنجی بن".

ئا ئاوا، هەر تەنیا ئەو (9) ویلایەتە سەروەرە ئیتنییە ئەم مافەیان نییە، بەڵکە هەر گروپێکی خێڵەکیی کەمینەش لە هەر یەك لەم (9) ویلایەتەدا بژی، مافی جوێبوونەوەی هەیە[100].



سەرباری دانپیانانی راشکاوانە بە مافی جوێبوونەوە، دەستووری ئەتیوبیا، دەقێکی دەستووریی تێدایە سەبارەت بە کارڕایی پێویست بۆ بەئەنجامگەیاندنی جوێبوونەوە: مادده 39 (4-ھ)، کە وا دەخوازێ 2/3ی دەنگی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئەو میللەت یان نەتەوە، یان گەلەی کە دەیەوێ جیابێتەوە، لەگەڵ جیابوونەوەدا بن پێش ئەوەی ئەم پرسە لە ریفراندەمێکدا کە حکوومەتی فیدراڵیی رێکیبخا، خەڵکە جوێخوازەکە دەنگی لەسەر بدەن. کاتێ ریفراندەمەکە بە قازانجی جوێبوونەوە کەوتەوە، برگەو ئاقارو تێرمەکانی جوێبوونەوە بە دابەشکردنی "ممتلکات"نیشەوە، دانوستانیان لەسەر دەکرێ و "بەو شێوازەی لە قانووندا هاتووە جێبەجێ دەکرێ". سنوورو تخووبی هەرێمایەتیی نێوان دەوڵەتە خێڵەکییە جوێخوازەکەو ئەو ویلایەتە خێڵەکییە هاوسێیانەی کە لەناو ئەتیوبیادا دەمێننەوەو جوێ نابنەوە، دانوستانیان لەسەر دەکرێ، ئەگەر ئەو ویلایەتانە سەبارەت بە تخووب و سنووری نێوانیان رێك نەکەوتن، حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای نموونەی دانیشتوان و حەزو ئارەزووی ئەو گەلانەی سەروکاریان بەمەوە هەیە بڕیاری خۆی دەدا.[101]

### یەکیەتی ئەورووپی

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی 2003دا، رێککەوتننامەی ئەورووپی، دوا گەڵاڵەنامەی دەستووری یەکیەتیی ئەورووپا ((EUی تەواوکرد. گەڵاڵەنامەکە وا نەخشەڕێژکراوە کە رەوایی بەم پرۆژەی ئێستا بدا بۆ چێکردنی سوپەر-دەوڵەتێکی ئەورووپایی یەکگرتوو لەباری سیاسییەوە کە هەندێ لە چاودێرو شرۆڤەکاران ناویان لێناوە "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەورووپا". چونکە سوپەر-دەوڵەتی ئەورووپی یەکێکە لە دەوڵەتگەلە فرە-نەتەوە دیموکراتییە هەرە گەورەکان لە جیهاندا، وێدەچێ ئەو دەستووورە تازەیە رستەیەکی وای تێدا بێ کە مافی جوێبوونەوە، یان چوونە دەرەوە لە یەکیەتی "Union"ەکە بە دەوڵەتە ئەندامەکانی خۆی بدا.

رستەیەکی لەمبابەتە لە برگەکانی 1-4 ی مادده 59-Iی دەستووری (EU)دا هەیە. لەباری کارڕاییەوە، دەوڵەتی خۆکێشاوەی ئەندام لە یەکیەتی، دەبێ ئاگاداری شورای ئەورووپی بکاتەوە،. ئەرکی شوراش ئەوەیە لەم ئاگادارکردنەوەیە بکۆڵێتەوە. بەپێی ڕێنوێنییەکانی شورای ئەورووپی، ئەوە ئەرکی (EU)ە کە ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامە خۆکێشاوەکە مۆر بکا. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، برگە و ئاقارەکانی خۆکێشانەوە و پێوەندییە ئایندەییەکانی هەردوو قەوارە سەروەرەکە دیاری دەکرێ. دەبێ ئەو ڕێککەوتننامە دانوستان لەسەرکراوە، دوای ڕەزامەندیی پەرلەمانی ئەورووپی، لە لایەن زۆرینەیەکی شیاوی شورای ئەورووپییەوە مۆر بکرێ، بەبێ بەشداریکردنی نوێنەری دەوڵەتە ئەندامە خۆکێشاوەکە لە شوورادا.

جوێبوونەوەی دەوڵەتێکی خۆکێشاوەی ئەندام لە (EU لەو ڕۆژەوە دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە کە ڕێککەوتننامە وتووێژلەسەرکراوەکە کاری پێ دەکرێ. ئەگەر ڕێککەوتننامەکە نەکەوتە واری کارپێکردن لەماوەی دوو ساڵدا، واتە لەو کاتەی دەوڵەتە خۆکێشاوە ئەندامەکە ئاگاداری شورای ئەورووپی کردۆتەوە کە نیازی چوونە دەرەوەی لە یەکیەتیەکە هەیە، ئیدی جیابوونەوە دەبێتە واقیع، هەرچەندە دەکرێ ئەنجوومەن و دەوڵەتە ئەندامەکە ڕێك بکەون و ماوەکە لە دوو ساڵ زێتر درێژ بکەنەوە.

دیماهییەکەی، دەستووری یەکیەتی ئەورووپی، دەرفەت بە دەوڵەتە دەرچووەکە دەداتەوە جارێکی دی بێتەوە ناو یەکیەتیەکە.

## سانت کیتز و نفیز

سانت کیتز و نفیز دوو دوورگەی هاوسێی یەکتری دەریای کاریبی-ین، ئێستا بەیەکەوە فیدراسیۆنێکی سیاسیی دوو-دورگەییان پێکهێناوە. نفیز، لەو کاتەی



لەگەڵ سانت کیتزدا بەیەکەوە لکاون، لە 1882-ەوەوەك یەك کۆلۆنیی بەریتانی بەڕێوەدەبران، بزووتنەوەیەکی جوێخوازی گورج و گۆلی لەپێناو بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەروەردا، تێدا هەبووە[102]. وەك بەشێك لە پرۆسەی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم لە شەستەکاندا، ئەم دوو دورگە بە کۆلۆنیکراوە هەنگاویان بەرەو سەربەخۆیی لە بەریتانیا هەڵێنایەوە و لەئاکامدا سانت کیتزو نفیز بوونە دەوڵەت و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەش ئەم دەوڵەتە لەگەڵ بەریتانیادا یەکیگرت. لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا، ئایدیای جیابوونەوەی نفیز لە ناو دوورگەکە خۆی، پشتەوانییەکی بەرفرەوانی بەخۆوە دی و فشارێکی سیاسیان بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیەکی زۆرتر هێنا.

لە 1983دا، سانت کیتزو نفیز سەربەخۆیی سیاسیان لە بەریتانیا وەرگرت و یەکەمین گەڵاڵەنامەی دەستووری خۆیان نووسیەوە. وەکو مادده 39(1)ی دەستووری ئەتیوبیا، برگەی 113ی دەستووری سانت کیتزو نفیز بەئاشکرا مافی جوێبوونەوەی تێدا هاتووە. لە هەر کاتێکدا، دورگەی نفیز مافی جیابوونەوەی قانوونی لە فیدراسیۆن لەگەڵ سانت کیتز دا هەیە.

لە ئاخیروئۆخری 1990-ەکاندا، خەڵکی نفیز دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوت تا پێڕەوی مافی جوێبوونەوە لە سانت کیتز بکەن. ئەو ژی دوای ئەوەی حزبی جوێخوازی حوکمڕان هەوڵی دا قانوونێك دەربکا کە دەرفەت بۆ جیابوونەوەی نفیز بکاتەوە. لە شوباتی 1997دا هەڵبژاردن کرا بۆ ڕێگەکردنەوەو بواردان بە جیابوونەوە. حزبی جوێخواز هەڵبژاردنەکەی بە زۆرینەیەکی ئێکجار کەم بردەوە[103] بەپێی دەستوور، 2/3ی دەنگی ئەنجوومەنی یاسادانانی نفیز و 2/3ی دەنگی دەنگدەران لە ریفراندۆمێکدا کە لە لایەن حکومەتی سەرانسەرییەوە ڕێکخرابێ بۆ جوێبوونەوە پێویست بوون. لە ئوکتۆبەری 1997دا، ئەنجوومەنی یاسادانانی نفیز بە تێکڕای دەنگ، دەنگی بۆ جوێبوونەوە دا. بەهەرحاڵ، لە ریفراندەمی ئابی 1998دا، 61.7٪ی دەنگدەران، دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا. ئەم ڕێژەیەش کەمترە لە 2/3ی دەنگی پێویست. ئەگەر لە ریفراندەمەکە، 2/3ی

دەنگەکان بە قازانجی جوێبوونەوە بوایە، ئەو دەمە هیچ پێویستی نەدەکرد بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دورگەکە، دانوستان لە نێوان سانت کیتز و نفیزدا بکرێ چونکە "ترتیبات"ی هەرێمایەتی سانت کیتز ونفیز لە دوای جیابوونەوە بەحوکمی دەستوور[104] براوبووەوە. هەنووکە هەردوو دورگەکە وەك یەك دەوڵەتی فیدراسیۆن ماونەتەوە.

## ئەو وڵاتانەی کارڕایی گۆڕینی تخوب و سنووریان لە دەستووردا هەیە

### نەمسا

دەستووری ساڵی 1983-ی نەمسا بە راشکاوی دان بەوەدا دەنێ کە نەمسا وڵاتێکی فیدراڵییە و هەرێمە فیدراڵییەکەی لە (9) ویلایەتی ئۆتۆنۆمدار پێکهاتووە. لەمەش گرنگتر، دەستوور دانی ناوە بە ئیمکانیەتی گۆڕینی هەرێمی فیدراڵیی نەمسا، کە "دەتوانرێ، ئەم گۆڕینە بەبێ بەڵێننامەی ئاشتی، تەنیا بە هۆی قانوونگەلی دەستووریی فیدراسیۆن و ئەو ویلایەتەی کە هەرێمەکەی دوچاری دەسکاری دەبێتەوە بێتە جێبەجێکردن" [104]. حکوومەتی فیدراڵی، پرسیاری ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە دیاری دەکاو سەرجەم دانیشتوان لەسەر ئاستی نیشتمانی (واتە لەسەر ئاستی نەمسا)، (هەم گروپە جوێخوازەکەو هەم ئەوانەی جیا نابنەوە دەگرێتەوە)، دەنگ لەسەر پرسیارەکە دەدەن. زۆرینەیەکی سادە بە قازانجی جوێبوونەوە بەسە بۆ ئەوەی پرسی جیابوونەوە ببێتە مایەی وتووێژ لەنێوان هەرێمە جوێخوازەکەو حکوومەتی نیشتمانی، دواتر هەمووارکردنی دەستووری بەدوا دا دێ کە پێویستی بە 3/2ی دەنگەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نەمسا هەیە [105] وەك بەشێك لە پرۆسەی جوێبوونەوە وتووێژلەسەرکراوەکە، سنوورو تخوبەکانی هەرێمی جیابووەوە پێویستی بە رێککەوتننامەیەك هەیە لەنێوان حکوومەتی نیشتمانی و حکوومەتی جیابووەوە. [106]



### سەنگافورە

لەبەر رۆشنایی جیابوونەوەی سەنگافورە (یان، وردتر وەدەرنانی) لە مالیزیا، ساڵی 1965، سەنگافورە دەقێکی لەناو دەستوورەکەیدا جێگیرکرد کە "تەنازول"کردن لە سیادەی هەرێمایەتیی خۆی رێکدەخا. لەکاتێکدا دەستوور بەراشکاوی دان بەجیابوونەوە وەك جیابوونەوە نانێ، لێ دبێژە "تەنازل" لە هیچ پارچەیەکی "سیادەی کۆماری سەنگافورە" ناکرێ یان سیادە تەحویل بدرێ جا بە هەر شێوەیەك بێ (چوونە ناو هەرێمێکی تری سەروەر، واتە: یەکگرتنەوە لەگەڵ مالیزیا) ئەگەر ئەم "تنازل"ە، یان راگواستنەوەیە بە 3/2ی دەنگی گەلی سەنگافورە لە ریفراندەمێکدا کە لەسەر ئاستی نیشتمانی رێکخرابێ، موسادەقەی لەسەر نەکرێ [107].

### سویسرا

دەستووری سویسرا، دەقێکی ئاشکرای سەبارەت بە جیابوونەوە تێدا نییە. بەهەرحاڵ، بەپێی دەستووری ئەو وڵاتە "کانتۆن"ەکانی سویسرا وەك هەرێمگەلی سەروەری بەتوانا دانیان پێدانراوە، کارڕایی ئەوتۆش هەیە کە کارئاسانی بۆ جیابوونەوەی بەئاشتیانەی ناوچەگەلی گچکە لە کانتۆنێکی ئارا و خۆرێکخستن لە کانتۆنێکی نوێدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی سویسرادا، دەکات. "کارڕایی جورا Jura " چارەسەرێکی کردەنی بۆ کێشەی تخوبی نێوان کانتۆنەکان دۆزیەوە کە بە زۆری لە ئەنجامی جیابوونەوەدا سەرهەڵدەدا. ئەم پرۆسەیە شایانی سەرنج و ئاماژە بۆ کردنە، چونکە رێگە بە گروپێکی هاووڵاتیان دەدا، ئەگەر لە کانتۆنێکدا تووشی بەڵا و دەردەسەری خۆیان بوون و نەیانویست بەشێك بن لەو کانتۆنە، پراکتیزەی مافی دەستووریی خۆیان لە چوارچێوەی فەزای کانتۆنیی خۆیاندا بکەن.

بەر لەچێ بوونی کانتۆنی "Jura" لە 1979دا، ناوچە فەرەنسی زمانەکانی جورا کەوتبوونە ناو کانتۆنی Beme-ەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەڵمانی زمانن. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە، ناوچەکانی جورا بۆ جیابوونەوە

له کانتۆنی Beme هەڵلا و بگرێکیان نایەوە. هەست و نەستی جوێخوازی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهاندا تاوی سەندو پەرەی گرت، لێ تا ئەیلوولی 1947 بەرە-بەرە هێزو گوڕی جارانی نەما. تا ئەو کاتەی هاوولاتییەکی جورا Jura بووە ئەندام لە پەرلەمانی کانتۆنی Beme، لێ چونکە فەرەنسی زمان بوو بە پەرلەمەنتار قەبوڵ نەکرا. لە پەنجاکاندا، جوێخوازەکانی جورا Jura بۆ پێکهێنانی کانتۆنێکی نوێ، سەرکەوتووانە داوای سازکردنی ریفراندەمیان کرد، لێ ئەم پێشنیارە بە دەنگدان لەسەر ئاستی سەرانسەریدا، رەتکرایەوە و ناوچەکانی جورا Jura ش خۆیان بە پەراوێزێکی بەرتەسک[108] دژی پێشنیارەکە دەنگیان دا. گرفتی راستەقینە ئەوە بوو کە ناوچە کاتۆلیکنشینەکانی باکووری جورا Jura لەگەڵ پێکهێنانی کانتۆنێکی نوێ بوون و ناوچە پروتستانتنشینەکانی باشووری جورا-ش نەخێر.

کانتۆنی Beme، ساڵی 1970 دەستووری هەموار کردو رێگەی دا ناوچەکانی جورا Jura بە تەنیا لە ریفراندەمێکدا دەنگ لەسەر جیابوونەوە بدەن. لە وەلامی تەنگژەی سیاسیی بەردەوامدا کە لە ئاواتی جیاخوازانەی جورا Jura دەکەوتنەوە، ئەنجوومەنی تەنفیزی Beme لە 23ی حوزەیرانی 1974دا ریفراندەمێکی سازکرد کە تیایدا 52٪ی دەنگدەران لە ناوچەکانی جورا Jura دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە کانتۆنی Beme دا. [109]

پرسێکی سەرسوڕهێن لە ئارادا هەبوو کە چۆن ستاتۆی کانتۆنیی ناوچەکانی باشووری جورا کە زۆرینەی دەنگدەرانیان، دەیانەویست لەناو کانتۆنی Bemeدا بمێننەوە، دیاری دەکرێ. نزیکەی (9) مانگ دوای یەکەمین ریفراندەم، حکوومەتی Beme داخوازینامەیەکی بۆ سازدانی راپرسییەکی گشتی پێگەیشت. لە 16ی ئاداری 1975دا، راپرسییەك کرا و زۆرینەی ئەم ناوچانە (باشووری جورا) بەگشتی دەنگیان بۆ مانەوە لەناو کانتۆنی Beme دا [110].

دیاهی، دوو راپرسی تر لە ئەیلوولی 1975دا سازکران، لە 15 "کۆمیۆن"ی ناوچەکانی باشووری جورا دژی مانەوە لەناو کانتۆنی Beme دەنگ درا. لە



ئاکامی ئەم دوو ریفراندەمەی دواییدا، کانتۆنێکی نوێ بەناوی جورا دروست بوو کە لەساڵی 1978دا دەستوورێکی نوێی گەڵاڵەکردو لە 1ی کانوونی دووەمی 1979دا کەوتە واری کارپێکردنەوە.[111]

## مافی جیابوونەوەی نیمچە دەستووری لە کەنەدا

بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ناومان بردوون، دەستووری کەنەدا هەم هیچ مافێکی جیابوونەوەی خویاو راشکاوانەی تێدا نییە و هەم هیچ کارڕاییەکی تایبەتیش کە ئەوە رێکبخات چۆن بنە-یەکەیەك subunits جیا دەبێتەوە. لەبری ئەوە، بنەما دەستوورییەکانی کەنەدا سەبارەت بە جیابوونەوە لە بیروڕای دادگای باڵا سەبارەت بە رەوایی بوونی جیابوونەوەی کیوبیك Quebec پێکدێ، ئەمەش لە قانوون و نیزامێك کە Clarity Act پێ دەگوترێ و بەشێوەیەکی جەوهەری بیروڕای دادگای باڵای دەقبەندکردووە، هاتووە [112].

ئائاوا لەکاتێکدا کەنەدا رێنمایی یاسایی بۆ جیابوونەوە هەیە، لەباری دەستوورییەوە رێگە بە هیچ مافێك بۆ جیابوونەوە، چ راستەقینە بێ یان کارڕایی، نەدراوە.

ساڵی 1998 ریفرێنس "مرجع"ی دادگەی باڵا سەبارەت بە جیابوونەوەی کیوبیك لە کەنەدا گەڵاڵە کرا. پێشتر حکوومەتی فیدراڵی کەنەدا داوای لە دادگەی ناوبراو کردبوو لەمبارەوە رای خۆی بدا. ئەمەش کاردانەوەیەکی حکوومەت بوو لە بەرانبەر ئەو ریفراندەمەدا کە سەبارەت بە جیابوونەوەی هەرێمی کیوبیك لە کەنەدا لە ئۆکتوبەری 1995دا ساز کرا. لە ساڵی 1995دا، نە مافێکی دەستووری سەبارەت بە جیابوونەوە هەبوو و نە کارڕاییەك کە جیابوونەوەی هەرێمێك رێکبخا. بیرکردنەوەی سیاسیی حکوومەتی فیدراڵیش هەم نکوڵیکردن وهەم بەدواداخستنی پرسی جیابوونەوە بوو، چونکە ئاکامی دەنگدان لە ریفراندەمی 1980 دا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی جیابوونەوە بوو. دوا بەدوای دەنگدانەکەی ریفراندەمی 1995، حکوومەت پرسیاری لە

دادگای باڵا کرد داخوا جیابوونەوەی یەکلایەنەی کیوبیك لەبەر رۆشنایی قانوونی دەستووری و قانوونی نێودەوڵەتی رەوایە. دادگەی باڵا –ش وەڵامی حکوومەتی وا دایەوە کە جیابوونەوەی یەکلایەنە هەم بەپێی قانوونی دەستووری و هەم قانوونی نێودەوڵەتی، نا قانوونییە.

بەپێی بۆچوونی دادگەی باڵا، هیچ هەرێمێك مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەی نییە لە کەنەدا، لێ لە بارێکدا جیابوونەوە بەپێی دەستووری کەنەدا، رەوا و قانوونی و دەستوورییە. بۆ ئەمەش دادگە گوتی: جیابوونەوە سێ شتی گەرەکە:

1- ریفراندەمێك ساز بکرێ کە نیشانی بدا زۆرینەیەکی خویای دەنگەکان بەقازانجی جیابوونەوەیە کە دەربڕی خواست و ویستی هاووڵاتیانی کیوبیك بێ بۆ جیابوونەوە و ریفراندەمەکەش لەسەر پرسیارێکی وشە-خویا و روون دامەزراو بێ.

2- ئەوە ئەرکی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتە هەرێمایەتییەکانی کەنەدایە لەگەڵ کیوبیکدا بکەونە وتووێژەوە بەلەبەرچاوگرتن و بەرێبەدێی کردنی چوار پرەنسیپی ئەساسیی دەستووری: دیموکراسی، فیدرالیزم، دەستووریبوون و حوکمی قانوون، پاراستنی کۆمافی کەمینە.

3- هەموارکردنی دەستوور لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە بۆ موسادەقەکردن لەسەر جیابوونەوەی کیوبیك.

دادگە لە بیروڕایەکانیدا زۆر لەوە بەپارێز بوو کە ئەو رایە نەبێتە لێکدانەوەیەکی قانوونیی گشتگیر و، ئیدی هیچ بنەماو رێسایەکی کارڕایی کۆنکرێت یان تایبەتی پەسند نەکرد. دادگەکە روونی کردەوە کە "ئەوە کاری ئەکتەرە سیاسییەکانە ئەوە دیاری بکەن کە "زۆرینەیەکی خویا لەسەر پرسیارێکی خویا" چ دەگەیەنێ لە هەلومەرجێکدا کە دەنگدان لە ریفراندەمێکی ئایندەدا بەرێوە بچێ"[113].

دوو ساڵ دوای ئەم ئاماژەیە لەبارەی جیابوونەوە، "ئەکتەرە سیاسییەکان" بەقسەی دادگەی باڵایان کرد و حکوومەتی فیدراڵی "Clarity Act, 2000"ی



دەرکرد. ئەم قانوونە بەشێوەیەکی جەوهەری موسادەقە لەسەر پرۆسەی جیابوونەوەی دەستووری کە لەلایەن دادگاوە خرابووە روو، دەکات:

1- دەنگێکی خویا لە ریفراندەمێکدا بەقازانجی جیابوونەوە.

2- رێککەوتننامەیەکی وتووێژلەسەرکراو لەنێوان کیوبیك و باقی کەنەدا.

3- هەموارکردنی دەستوور کە بڕیاری جوێبوونەوە بدا.

وەکو ریفرەنسی دادگەی باڵا، Clarity Act یش هیچ بنەمایەکی تایبەتی دانارێژێ کە زۆرینەیەکی خویا لە راپرسیدا لەبارەی جیابوونەوە چ دەگەیەنێ و پرسیارەکەی راپرسی کە وشەکانی روون و خویا بن چ دەگرێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەم قانوونە Act-ە، دیاری نەکردووە کە کێ (واتە چ لایەنێك) پرسیارێکی خویا و زۆرینەیەکی خویای دەنگەکان دیاری دەکات: حکوومەتی فیدراڵ خۆی، لە فۆرمی ئەنجوومەنی نوێنەران House of Commons. سەرباری ئەوەش، Clarity Act داخوازییەکی زێدەی تایبەتیشی گەرەکە کە هەرێمە جیابووەوەکە، بەر لەوەی بکەوێتە باری دانوستان و وتووێژەوە، دەبێ دەربڕی ئیرادەی خویای هاووڵاتیانی هەرێمە جیابووەوەکە بێ. جارێکی تر دووبارە، ئەوە حکوومەتی فیدراڵییە، کە بڕیار دەدا داخوا دەنگدەرانی هەرێمە جوێخوازەکە کاتێ دەنگیان بۆ جیابوونەوە داوە، ئیرادەی روون و ئاشکرای خۆیان سەبارەت بە جیابوونەوە دەربڕیوە یان نا. ماناو واتاکە لێرەدا ئەوەیە یان ئەوەتا پرسیاری ریفراندەمەکە روون و خویا نییە یان خواستی زۆرینە بۆ جیابوونەوە، لەم حەلەدا باقی ناوچەکانی تری کەنەدا هیچ ئەرکێکیان ناکەوێتە ئەستۆ بۆ وتووێژکردن لەگەڵ ئوستانە جوێخوازەکە سەبارەت بە جیابوونەوەکە و بەمجۆرە جیابوونەوەکە سەرناگرێ.

## دەرەنجامەکان

### لەمەڕ مافی جیابوونەوەی دەستووریی مۆدێرنەوە

هیچ میتۆدێکی ڕێکوپێك بۆ بەڕێوەچوونی جیابوونەوە بەشێوازی دەستووری، لە ئارادا نییە، هەروا هیچ ڕێگەیەکی ڕاست و دروستی ئاشکراو ڕوونیش بۆ بەدەستووریکردنی مافی جیابوونەوە مەیسەر نییە. هەندێ وڵات، وەکو ئەتیوبیا، یان سانت کیتز و نفیز هەم مافێکی دەستووری خویایان لەبارەی جیابوونەوە هەیە و هەم ریوشوێنی کۆنکرێت سەبارەت بە چۆن چۆنی جیابوونەوە. هەندێکی تریان، وەکو نەمسا یان سەنگافورە، هیچ ئاماژەیەك بۆ وشەی جیابوونەوە ناکەن، لێ زێتر تیشکۆ دەخەنە سەرکارڕاییی کۆنکرێت سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سنووری هەرێمایەتیی خۆیاندا کە لە بنەڕەتدا ئەم مافە کارڕاییە جیابوونەوەیەکی پەنامەکییە. سویسرا هیچ مافێکی خویای جیابوونەوەی دەستووری نییە، لێ ڕێگە بە جیابوونەوەی ناوخۆیی و پێکهێنانی کانتۆنی نوێ دەدا. کەنەدا-ش، مافێکی خویای لەبارەی جیابوونەوە نییە، بەڵام بیروڕای دادگەی باڵا ڕێنوێنی تێدایە بۆ جیابوونەوە و نیزامێکە پرەنسیپگەلێکی دەستووری بۆ جیابوونەوە، تێدایە.



### بەراوێزەکان

(★) "ئەم بابەتە، لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی، بە 3 بەش لە 3 ژمارەی (5، 6، 7)ی گۆڤاری توێژینەوە بڵاوکراوەتەوە". لە بنەڕەتدا، ئەم بابەتە بەناوی:

The Constitutional Right of Secession in Political Theory and History, Andrei Kreptul, Journal of Liberterian Studies, vol. 17, no. 4 (Fall 2003), pp. 39-100, www.mises.org

1- Journal of Libertarian Studies, Volume 17, no. 4 (Fall 2003), pp. 39-100. 2004 Ludwig von Mises Institute, www. Mises. org/ journals/ scholar/Kreptul.pdf

2- Law Student, Seattle University School of Law.

3- For an overview of Liberal Democratic Views on Secession, see the works listed in the Bibliography by Allen Buchanan, Harry Beran, Wayne Norman, Daniel Philpot, Daniel Weinstocks, and Christopher Wellman.

4- For an overview of Austro- Libertarian views on secession, see the collection of essays in David Gordon, ed., Secession, State, and Liberty (New Bruns-wick, N. J.: Transaction, 1998). Some of the scholars with contributions in this series include Austrian economists Murray N. Rothbard, Hans-Hermann Hoppe, and Thomas J. Dilorenzo: philosophers Donald W. Livingston, Steven Yates, and Scott Boykin: and historians Clyde Wilson and Joseph Stromberg.

5- For all treatment of this thesis, see Francis Fukuyama, The End of History and the Last Man (New York: Avon Books, 1993).

6- Allen Buchanan, “Secession- Secession 2.1 the right to secede as a right to territory,” in Stanford Encyclopedia of Philosophy, ed.

Edward N. Zalta (Stanford, Calif.: Metaphysics Research Lab, Center for the Study of Language and Information, Ventura Hall, 2003), http:// plato.stanford.edu/archives/spr2003/entries/secession.

7- Allen Buchanan, “Theories of Secession.” Philosophy and Public Affairs 26, no. 1 (1997), p. 35.

8- Jorg Guido Hulsmann, “Secession and the Production of Defense.” In The Myth of National Defense, ed. Hans- Hermann Hoppe (Auburn, Ala, Ludwig von Mises Institute, 2003), P. 372.

9- Hulsmann, “Secession and the Production of Defense,” p.410.

10- See Donald Livingston, “The Very Idea of Secession,” Society 35, no. 5 (July- August 1998), p.38.

11- Livingston, “The Very Idea of Secession,” P.39

12- Thomas O. Hueglin, review of Politica, by Johannes Althusius, Publius 17, no. 1 (winter 1997), p. 150.

13- Livingston, “The Very Idea of Secession,” P. 39.

14- See Allen Buchanan, “The Quebec Secession Issue Democracy, The Role of Law, and Minority Rights,” paper presented for Department of Intergovernmental Affairs, Office of the Privy Council, Government of Canada, 2000.

15- Daniel McCarthy, “Who Wants to Die for Liberal Democracy?” www.lew-rockwell.com (October 31, 2001).

16- For the full account of this theory of justice, see John Rawls, a Theory of Justice, rev. ed. (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1999), chaps. 1-3.

17- Allen Buchanan, “Theories of Secession.” Philosophy and Public Affairs 26, no. 1 (1997), pp.34- 35.

18- Allen Buchanan, “Theories of Secession.” Philosophy and Public Affairs 26, no. 1 (1997), p. 40.

19- Allen Buchanan, “Theories of Secession.” Philosophy and Public Affairs 26, no. 1 (1997), p. 36.



20- For more on recursive secession, see Harry Beran, “A Liberal Theory of Secession”, Political Studies 32, (1084), pp. 29-30.

21- Buchanan, “Theories of Secession,” p. 40.

22- Beran, “A Liberal Theory of Secession,” p.29.

23- Christopher Wellman, “A Defense of Secession and Political Self-Determination,” Philosophy and Public Affairs 24, no. 2 (Spring 1995), p.156. For a view, contra Wellman, of recursive or unlimited secessions as a positive phenomenon, see Hans- Hermann Hoppe, Democracy – The God That Failed (New Brunswick, N.J.: Transaction, 2001), pp. 118, 227-38.

24- Buchanan, “Theories of Secession,” p. 47.

25- Buchanan, “Theories of Secession,” p. 49.

26- See Allen Buchanan, “The Making and Unmaking of Boundaries: What Liberalism has to say,” in States, Nations, and Borders: The Ethics of Making Boundaries, ed. Allen Buchanan and Margaret Moore (Cambridge: Cambridge University Press, 2003), pp. 231-61: and Lea Brilmayer, “Secession and Self-Determination: A Territorial Interpretation,” Yale Journal of International Law 16 (1991), pp. 177-202.

27- For A general critique of Buchanan’s and Brilmayer’s view, see Scott Boykin, “The Ethics of Secession,” in Secession, State, and Liberty, p. 76: and Daniel Philpot, “In Defense of Self-Determination,” Ethics 105 (Jan. 1995), p. 370.

For more information on existing secessionist movements in the world, see: www.secession.net.

28- See Cass Sunstein, Designing Democracy: What Constitutions do (Oxford: Oxford University Press, 2001), pp. 102-104.

29- Sunstein, Designing Democracy, pp. 96-101.

30- Sunstein, Designing Democracy, pp. 99-100.

46- Livingston, “The Very Idea of Secession”, p. 39.

47- Ludwig von Mises, Omnipotent Government: The Rise of the Total State and Total War (Spring Mills, Penn.: Libertarian Press, 1985), pp. 46-47.

48- Ludwig von Mises, Liberalism, 3rd ed. (Irvington-on-Hudson, N.Y.: Foundation for Economic Education, 1985), p.42.

49- Ludwig von Mises, Liberalism, p. 108.

50- Ludwig von Mises, Liberalism, p. 109.

51- Ludwig von Mises, Liberalism, p. 108.

52- Ludwig von Mises, Liberalism, p. 109-110.

53- See Patrick J. Monahan and Michael J. Bryant, “Coming to Terms With Plan B: Ten Principles Governing Secession,” with Nancy C. Cote, C. D. Howe Institute Commentary 83 (June 1996), pp. 12-13, 15-16.

54- Hans- Hermann Hoppe, introduction to The Ethics of Liberty, by Murray N. Rothbard (New York: New York University Press, 1998), p.xx.

55- Rothbard, The Ethics of Liberty, pp. 172-173.

56- Hoppe, Democracy- The God That Failed esp. chap. 12. “On Government and the Private Production of Defense”, pp. 239-47.

57- Hoppe, Democracy_ the God that Failed pp. 239-240.

58- Modern social contract theorists include Hobbes, Locke, and Rousseau. More contemporary exponents of various forms of the contracarian theory of the state include the already mentioned John Rawls and Allen Buchanan, as well as Nobel Laureate economist James Buchanan, who originated the idea of the emergence of the state from a “constitutional contract”. For more on James Buchanan’s flawed view of constitutional contract, see Hoppe< Democracy the God That Failed, pp.104, 228-229.

59- Hoppe, Democracy_ the God that Failed pp. 240.



31- Sunstein, Designing Democracy, pp. 103.

32- See Hoppe, Democracy- The God That Failed, esp. the Chapter on “Centralization and Secession”, pp. 107- 111.

33- Sunstein, Designing Democracy, pp. 112.

34- Both Norman and Weinstocks use the term “reasonably just” to describe a well-functioning Western-style liberal democracy analogous to Allen Buchanan’s use of the term “perfectly just”.

35- Wayne Norman, “Domesticating Secession,”
www.creum.umontreal.ca/Texts%20Colloque/Norman.pdf, pp. 19-20.

36- Wayne Norman, “Secession and (Constitutional) Democracy,” in Democracy and National Pluralism, ed. F. Requego (London: Routledge, 2001), p.4.

37- Norman, “Domesticating Secession,” pp.6-7.

38- Norman, “Domesticating Secession,” p.6.

39- Wayne Norman, “Secession and (Constitutional) Democracy,” in Democracy and National Pluralism, ed. F. Requego (London: Routledge, 2001), pp. 5-6.

40- For a more detailed account of non-consensual foundation for the modern democratic state, see Lysander Spooner, No Treason: The Constitution of No Authority (1870: reprint, Larkspur, Colo.: Pine Tree Press, 1966).

41- Norman, “Domesticating Secession,” p.25.

42- Daniel Weinstocks, “Toward a Proceduralist Theory of Secession,” Canadian Journal of Law and Jurisprudence 13 (July 2000), pp. 261-62.

43- Daniel Weinstocks, “Toward a Proceduralist Theory of Secession,” Canadian Journal of Law and Jurisprudence 13 (July 2000), p. 262

44- Daniel Weinstocks, “Toward a Proceduralist Theory of Secession,” Canadian Journal of Law and Jurisprudence 13 (July 2000), p. 262.

45- Daniel Weinstocks, “Toward a Proceduralist Theory of Secession,” Canadian Journal of Law and Jurisprudence 13 (July 2000), p. 262.

60- Hoppe, Democracy_ the God that Failed pp. 230

Hoppe, Democracy_ the God that Failed pp. 231

61- Murray N. Rothbard, For a New Liberty (New York, Macmillan, 1978), p. 63.

62- Rothbard, The Ethics of Liberty, p.182.

63- Robert W. McGee, @Secession Reconsidered,@ Journal of Liberation Studies 11, no. 1 (Fall 1994), p.23.

64- Hoppe, Democracy- The God That Failed p. 291.

66- Alexander Martinenko, “the Right of Secession as a Human Right,” Annual Survey of International and Comparative Law 3 (Fall 1996), p. 20.

67- Martinenko, “The right of Secession as a Human Right,” p.20.

68- ئەم سێ سەرچاوەی دەسەڵات و نفووز لە ئینگلتەرا بریتی بوون لە:

1- سەرۆکی "الاساقفه" و "الاساقفه"کان 2- ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆردان

3- ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی بریتانیا.

69- John Remington Graham, A Constitutional History of Secession (Gretna, La: Pelican Publishing, 2002), pp.58-59.

70- Graham, A Constitutional History of Secession, p. 49.

71- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 91.

72- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 100.

73- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 284.

74- Graham, a Constitutional History of Secession, p. 284.

75- Livingston, The Very Idea of Secession, pp.42-45.

76- See Charles Adams, When in the course of Human Events: Arguing the Case for Southern Secession (Lanham, Md: Rowman& Littlefield, 2000), pp. 14-16, and William Rawle, A View of the Constitution of the United States of America, 2nd ed. (Whggins, Miss.: Crown Rights, 1998), pp. 234-35.



77- Lincoln quoted in Graham, A Constitutional History of Secession, and pp. 291.

78- Graham, a Constitutional History of Secession, pp. 408-409.

79- See Thomas Dilorenzo, the Real Lincoln: A New Look at Abraham Lincoln, his Agenda, and an Unnecessary War (Roseville, Calif.: Prima, 2002), pp. 52-53, 176-177, and 259-260, and McGee, Secession Reconsidered, p. 23.

80- Robert A. Young, How Do Peaceful Secessions Happen? Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 781, 787.

81- Young, How Do Peaceful Secessions Happen? Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), p. 781.

82- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 781, 783 and 787. The actual vote result was 367,149 to 184 in favour of an independent Kingdom of Norway...

83- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 787, 778-780.

84- Young, @How Do Peaceful Secessions Happen? @ Canadian Journal of political Science 27, no, four (Dec. 1994), pp. 787.

85- For a more comprehensive account of Wilson’s policy push for national self-determination and its disastrous consequences in the aftermath of the Treaty of Versailles, see Ralph Raito, @World War I: The Turning Point,@ in the Costs of war: America’s Pyrrhic Victories, ed. John V. Denson, 2nd expanded ed. (New Brunswick, N.J.: Transaction, 1999), pp. 203-48.

86- Urs W. Saxer, The transformation of the Soviet Union From a Socialist Federation to a Commonwealth of Independent States,@ Loyola of Los Angeles International and Comparative Law Journal (July 1992), p. 615.

87- Lee Buchheit, Secession: The Legitimacy of self-determination (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1978), p. 121.

88- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 615, 613.

89- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 613.

90- Saxer, The transformation of the Soviet Union, pp. 617.

91- Buchheit, Secession, pp. 123-25.

92- Buchheit, Secession, pp. 102.

93- Buchheit, Secession, pp. 100.

94- Buchheit, Secession, pp. 100

95- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," p.7.

96- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," p.14

97- Thomas Fleiner, "Recent Developments of Swiss Federalism," Publius 32, no. 2 (Spring 2002), p. 106

98- Article I-59: Voluntary withdrawal from the Union," Draft Text of the European Union Constitution, Part One, and Title I: Definition and Objectives of the Union, http:
//european-convention.eu.int/docs/Treaty?CV00797-re01.EN03.pdf.

99- Reference re Secession of Quebec, (1998) 2 S.C. 217: and Bill C-20, "An Act to give effect to the requirement for the clarity as set out in the opinion of the Supreme Court of Canada in the Quebec Secession Reference," 2nd. Sess., 36th Parliament, 1999 (first reading, Dec. 13, 1999).

100- Minasse Haile, "The New Ethiopian Constitution: It's Impact upon Unity, Human Rights, and Development," Suffolk Transnational Law Review 2 (Winter 1996), p. 32.

101- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," p.13.

102- For more information on the political history of Nevisian independence, see website. Lineone.net/-stkittsnevis/nevis.htm.

103- See website.lineone.net/-stkittsnevis/nation.htm.



104- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," chart, p p.9-10.

105- Austria, Constitution, Article 3.

106- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," chart, p p.9-

107- Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," p.13.

108- Singapore, Constitution, Part III, "Protection of the Sovereignty," Article6. "No Surrender of Sovereignty," 1963, See also Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," P.13.

109- See Jonathan Steinberg, Why Switzerland? 2nd ed. (Cambridge: Cambridge University Press, 1996), pp. 89-90.

110- Jonathan Steinberg, Why Switzerland? pp. 93-94: and Monahan and Bryant, "Coming to Terms with Plan B," p. 14.

111- Jonathan Steinberg, Why Switzerland? p95.

112- Jonathan Steinberg, Why Switzerland? p. 96.

113- For the full Supreme Court opinion on Quebec secession, see "Reference re Secession of Quebec," For the full statutory text, see bill C-20.

114- Reference re Secession of Quebec," Para. 162.

# دەسەڵات دابەشکردن لەگەڵ کوردی عێراق(*)

داڤید ل. فیلیپس

### پوختە

دەسەڵات دابەشکردن لە ڕێگەی سیستەمی فیدراڵییەوە شێوازێکی هەرە باشە هەم بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و هەم بۆ بەپیرەوەهاتنی داخوازیی کۆڕو کۆمەڵە خێڵەکی، ئیتنیی و ئاینییە جیا-جیاکانی عێراق. لەسەردەمی سەدام حسێندا، بەهێزی زەبروزەنگ یەکێتیی عێراق دەپارێزرا. لێ ئەمڕۆ هیچ کۆمەڵەیەکی ئیتنی، ئایینی نە زوڵم و ستەم لە حکومەتی ناوەندی قبوڵ دەکات و نە باڵادەستیی هیچ گروپ و کۆمەڵەیەکی تر بەسەر خۆیدا.

هێڵێکی پڕ مەترسی سیاسی لە عێراقدا دەکەوێتە باکوور، لەنێوان کوردو عێراقییەکانی تردا. زۆربەی عێراقییەکان پێیانوایە فیدراڵیزم باشترین هەتوان و چارەسەرە بۆ خراپ بەکارنەهێنانی دەسەڵات لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. کورد بە هۆی مێژووە پڕ کارەساتەکەیانەوە، لە هەموان زێتر پێ لەسەر فیدراڵیزم دادەگرن. چونکە فیدراڵیزم لەچاو ئۆتۆنۆمی ئاسایی، زەمانەتێکی پتری تێدایە. دەکرێ ئۆتۆنۆمی بەئاسانی هەڵبوەشێندرێتەوە، کەچی فیدراڵیزم گرێبەستێکە لەنێوان کۆمەڵە یەکسانەکاندا. ئەوە حکومەتی ناوەندییە،



ئۆتۆنۆمی بە لایەنێکی کەم پلەو پایە دەبەخشێ، هەرچی فیدراڵیزمە، ئەوە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان لایەنەکانە کە بە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن و لەبەر بەرژەوەندی هاوبەش دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست دەکەن.

کورد بە هەموو هێزێکەوە پشتی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە دەگرن کە دانی بە فیدراڵیزم ناوە وەکو سیستەمی ئایندەی حوکم لە عێراقدا. ئەم یاسایە لە 8-3-2004دا بڕیاری لەسەر دراوەو ددانی بە ناسنامەی کولتووریی کورد ناوە و زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتی عێراق ناسیووە. ئەمەش وا دەخوازێ زمانی کوردی لە "دامودەزگا و ئاژانسە فیدراڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا[1]" بەکاربهێندرێ. لێ زۆر لە سەرکردە سیاسی و ئایینییەکانی شیعە پێیانوایە ئەم یاسایە، یاسایەکی نا دیموکراتییە. هەروا نارەزایی خۆیان بەرانبەر ڕۆڵی کەم و سنووورداری ئیسلام دەربڕی وەکو سەرچاوەی قانووندانان بەتایبەتی سەبارەت بەو پرسانەی پێوەندییان بە باری خێزانییەوە هەیە. هەروا ئەو بەندو ماددانەش ڕەتدەکەنەوە کە ڤیتۆیەکی کارا بە کوردان دەدەن لە پەسندکردن یان نەکردنی دەستووردا.

ململانەی ڕاستەقینەو بەکردەوە لەسەر دەسەڵات، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕوودەدا. دەبێ دەستووردانان، پرۆسەیەك بێت عێراقییەکان خۆیان ڕابەری بکەن. ئەم پرۆسەیە کاتێکی دەوێ، لێ زۆر زووش نییە دەست بە دانانی بناخەی ئەو دەستوورە بکەن.

## ڕێگەچارەکانی فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی

دەکرێ و دەشێ لەڕێگەی بنیادی فیدراڵییەوە، بەلانس لەنێوان داواکاریی ڕکابەرانە بۆ دیموکراسی و یەکبوون unityدا ڕابگیرێ، ئەوژی بە لەقەبەڵکردنی دەسەڵاتگەلێکی سەربار بەو قەوارەیەی پێی دەگوترێ "کوردستانی عێراق". ئەم ڕاسپاردەو ڕێنوێنیانەی خوارەوە، چەند پەراوێزێکی هەمەگیرن تا لە ڕێگەیانەوە

عێراقییەکان بکارن لەهەر جێگەیەکدا، شێوەیەکی تایبەتی دەسەڵات دابەشکردن بەڕێوەچووبێت، دیراسە بکەن.

## حوکمڕانی

بۆ بەیەکەوەگونجاندنی داخوازیی جیا-جیا، پێویستە حوکمی عێراقی دەسەڵاتێکی وای لەقەبەڵ بکرێ کە دەورێکی ئەوتۆ بە حکوومەتی ناوەندی بدا کە یەکێتیی وڵاتەکەی پێ دەستەبەر بکرێ. دامودەزگای خۆ-بەڕێوەبەری ناوخۆییش دەبێ دەسەڵاتی تەنفیزی، قانووندانان و دادوەری و میکانیزمێکیان بۆ دابینکردنی ئاسایش وەکو پۆلیسی ناوەخۆ هەبێ.

## دەستوور

تەبای هەرێمی کەتەلۆنیا Catalonia لە ئیسپانیا، دەبێ کوردستانی عێراق کۆنترۆڵی تەواوی کاروبارەکانی خۆی بکات، ئەوانەیان نەبن کە بە ئەستۆی دەوڵەتەوەن[2]. ئەو پرەنسیپانەی کە لە دەستووری دەوڵەتی عێراقدا دەچەسپێن، تا دەشێ و دەکرێ، دەبێ لەگەڵ دەستووری کوردستانی عێراقدا تەباو تفاق بن.

## ئەنجوومەنی راپەڕاندن

هاوشێوەی دوورگەکانی ئالاند Å land لە فنلندا، دەبێ دەستووری کوردستانی عێراق، ئەنجوومەنێکی تەنفیزی بۆ کوردستانی عێراق کە لە بەغدا سەربەخۆ بێ، دابمەزرێنێ[3]. دەبێ ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە هاووڵاتی کوردستانی عێراق بن و لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان و لەلایەن ئەو دەنگدەرانەی "ئەهلیەت"ی تەواویان هەیە، هەڵبژێردرێن. دەبێ ئەندامێتیی ئەم ئەنجوومەنەش بەشێوەیەکی ئەوتۆ بێ کە بەشداریکردنی کورد و هاووڵاتی غەیرە کوردی کوردستانی عێراق، دەستەبەر بکات. وەکو قەوقازیا Gaugazia لە مۆلداڤیا، دەبێ ئەم ئەنجوومەنە بەبێ مایەی خۆتێکردنی دەوڵەتی عێراق، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ گەڵاڵەنامە پێشکێش پەرلەمانی کوردستان بکات[4].



## ئەنجوومەنی یاسادانانی خۆجێی

کوردستانی عێراق دەبێ سەربەخۆ لە دەوڵەتی عێراق، دەستەی یاسادانانی خۆی هەبێ[5] و راستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانی کوردستانی عێراقەوە هەڵبژێردرابێ[6]. هاوشێوەی ئەو "ترتیبات"ەی لە (گرینلاند Greenland)ی دانیمارک و (دوورگەکانی کوك Cooke Islands)ی نیوزیلندا کراون. تەبای (مایکرۆنیزیا Micronesia)کە هەرێمێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانە، دەبێ پەرلەمانی کوردستانی عێراق پراکتیزەی دەسەڵاتی قانووندانان، سەربەخۆ لە حکوومەتی عێراق، بکات[7]. بەهەرحاڵ دادگای دەستووریی دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە چاو بەو یاسایانەی لە کوردستانی عێراقدا پەسندکراون بخشێنێتەوە، نەبادا لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری دەوڵەتدا یەکنەگرنەوە[8]. ئەگەر یاسایەکی دەوڵەت، لەگەڵ ئەو یاسایەی لە کوردستانی عێراقدا پەسندکراوە، ناتەباو ناکۆك بوو، ئەوا یاسا خۆجێییەکە لە پێشتر دەبێ، مادام ئەو قانوونە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ عێراق پارچە-پارچە ناکات.

## دەسەڵاتی دادوەریی خۆجێی

دەبێ کوردستانی عێراق، دەسەڵاتێکی دادوەریی جیای بۆ هەموو ئەو پرس و دۆزانە هەبێ کە ناکەونە ناو سنووری دەسەڵاتی دادوەریی دەوڵەتەوە[9] هەروەکو لە هەرێمی (باسك Basqueی ئیسپانیا) وایە، دەبێ داد جێبەجێکردن، بەرپرسیارێتیی کوردستانی عێراق بێت[10]. دەق چۆن تەواوی هاووڵاتیانی عێراق شایستەی ئەوەن لەو پۆستانەدا خزمەت بکەن کە بۆ بەدیهێنانی داد لە عێراقدا پێویستە، بەهەمان شێوە تەواوی هاووڵاتیانی کوردستانیش بۆیان هەیە لەو پۆستانەی حکوومەتی فیدراڵیدا بۆ خۆیان جێ بگرن.

## ئاسایش

لێپرسراوێتیی ئاسایش و هێمنی گشتی، ئەرکی کوردستانی عێراقە و دەبێ کوردستان هێزی پۆلیسی تایبەت بەخۆی هەبێ. پۆلیسی ناوەخۆ دەبێ

ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئیتنیی ئەو کۆمەڵگەیە بێ کە خزمەتی تێدا دەکا. تەبای گرینلاندی دانیمارك، دەوڵەت کۆنترۆڵی سنوورە دەرەکییەکان دەکاو بەرپرسیارێتیی کۆکردنەوەی گومرگیش لە ئەستۆی ئەوە[11].

## گۆزە-گۆز و بەهاووڵاتیبوون

دەبێ هاووڵاتیان بە ئازادانە لە نێوان کوردستانی عێراق و بەشەکانی تری عێراقدا گۆزە-گۆز بکەن. لەکاتێکدا هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق، هەموویان دەبنە هاووڵاتی عێراق، ئەوا هەموو عێراقییەکان بۆیان نییە ببنە هاووڵاتی کوردستانی عێراق. ئەو عێراقییانەی گەرەکییان بێ، ببنە هاووڵاتیی کوردستانی عێراق دەبێ ڕەچاوی قانوونگەلی هاووڵاتیبوون و قانوونەکانی تری کوردستانی عێراق بکەن. ئەم قانوونانە دەبێ لەگەڵ پێوەرە قانوونییەکان لە عێراقدا بە گشتی و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا تەباو ڕێك بن.

## بەشداریکردن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا

لە هەندێ باری دیاریکراو و تایبەتدا، کوردستانی عێراق بۆی هەیە ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا[12]. ڕێوشوێنێکی لەم بابەتە بۆ (جەبەل تارق) لە بەریتانیادا هەیە. بۆ پەرەپێدانی چالاکیی بازرگانیی شمەك و کالا و خزمەتگوزاریی لە کوردستانی عێراقدا، پێویستە کوردستانی عێراق توانای دامەزراندنی بنکەی ڕەسمیی پەرەپێدانی بازرگانی و چوونە ناو ڕێککەوتننامەی بازرگانیی لەمجۆرەی هەبێ.

## ئابووری

چالاکیی ئابووریی، سەرچاوەی داراییی بۆ خۆشگوزەرانی گشتی دابین دەکەن و پشتی خزمەتگوازیی گشتی دەگرن. بوژانەوەو پەرەپێدانی سەرچاوەی سروشتی، باج و باجی داهات، بازرگانی، کارپێکردن و دامەزراندن، موڵکداریێتی زەوی، ئەوانە هەر هەموو بناخەو بنەمای چالاکیی ئابووریین.



## سەرچاوەی سروشتی

دەبێ کوردستانی عێراق کۆنترۆڵی بەسەر ئەو سەرچاوە سروشتییانەدا هەبێ کە بەتایبەت نەخراونەتە بندەست دەوڵەتەوە، یان بهەڤرا لە لایەن دەوڵەت و کوردستانی عێراقەوە کۆنترۆڵ ناکرێن. تەبای ئالاند لە فینلندا، دەبێ کوردستانی عێراق قسەی خۆی هەبێ سەبارەت بە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی وزە لەناو سنوورو ئاقاری خۆیداو سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاویش لەنێوان خۆی و دەوڵەتدا مافەکان دابەش بکات[13].

## باج و گومرك

وەکو کەتەلۆنیا، کوردستانی عێراق بۆی هەیە بەپێی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ دەوڵەتدا، باج لەسەر کالاو شمەکی تایبەتی دابنێ و باج بستێنێ.[14] بەگوێرەی لێپرسراوێتیی کوردستان لە ڕووی باجی گشتییەوە، کوردستانی عێراق دەتوانێ باج بستێنێ و بەپێی تەنزیمێکی تایبەتی باجی داهات کۆبکاتەوەو بەشێکیشی لێ بە دەوڵەت بدا[15]، لێ کۆنترۆڵی سنوورەکان و گومرك ستاندن و کۆکردنەوە، ئەوە ئەرك و لێپرسراوێتیی دەوڵەتە، هەروەکو لە دوورگەکانی فارۆ Faroeی دانیمارکی پراکتیزە دەکرێ.[16]

## بانکداری

بانقی ناوەندیی عێراق سیاسەتی دراوی لە عێراقدا ڕێکدەخات. دەبێ کوردستانی عێراق سەبارەت بە بانقداری و سیاسەتی گۆڕینەوەی دراوی بێگانە هاوکاری حکوومەتی عێراق بکات[17] دەق وەکو هەرێمی (ئانتیللیس Antillesی هۆلەندی) کە هەمان پارەو بانکەنۆتی دەوڵەت بەکار دێنێ، کوردستانی عێراقیش دەبێ دیناری عێراقی بەکار بێنێ و دەوڵەت بەتەنیا کۆنترۆڵی بەسەر پارەو دراوی خۆی هەبێ.[18]

## پرسەکانی کار/ ملکداریتیی زەوی

وەکو ئیرلەندای باکوور، دەبێ کوردستانی عێراق دەسەلاتی بەسەر پرس و کێشەکانی کارەوە هەبێ [19]، بە مافی جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێکی بەکرێگرتنی تایبەتیشەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو توانا و تەقەلا ئیجابی و چاکەیەی کە گروپە غەیرە کوردەکان بەختی دەکەن[20]. رێوشوێنی لەم بابەتە لە ئەزموونی خوارووی تیرۆل South Tyrolلە ئیتالیا پێڕەوکراوە. هەروا نابێ حکوومەتی کوردستانی عێراق دەست بەر ماڵ و ملکاندا بگرێ و زەفتیان بکات.

## کولتوور

ئامانجی فیدرالیزم ئەوەیە کولتوورە جیا-جیاکان بپارێزێ و پەرەیان پێ بدات. ئۆتۆنۆمی، گوزارشتی کولتووری لە بوارەکانی زمان، خوێندن و فێربوون، مەسەلە ئایینییەکان، هێماو سیمبولەکانی پێناسەی کولتووری، دەستەبەر دەکات.

## کۆمافی کولتووریی

دەبێ کوردستانی عێراق لە پرسە کولتوورییەکانی خۆی بەرپرس بێ[21]، هەروا ئەوە بەرپرسیارێتیی حکوومەتی کوردستانە کە گەرەنتی قانوونی بۆ پاراستنی مافە کولتووری و ئایینییەکانی کەمینەکانی سەر خاکی خۆی دابین بکات.[22]

## فێرکردن

فێربوون و خوێندنیش بەرپرسیارێتیی حکوومەتی کوردستانە[23]، دەبێ حکوومەت دەسەلاتی دروستکردنی قوتابخانەی تازە[24] و دامەزراندن و سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان و پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندنی هەبێ.[25] رێوشوێنی لەم بابەتە لە (ئوستانی نوناڤوت Nunavutی کەنەدا) لە ئیستونیا و قەوقازیا پراکتیك کراون.



## زمان

هەروەکو لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەگەری ئەوە هەیە هەردوو زمانی عارەبی و کوردی ببنە زمانی رەسمیی دەوڵەتی عێراق. زمانە رەسمییەکانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقیشدا دەبنە زمانی رەسمی.[26] لە قوتابخانەکاندا خوێندنیان پێ دەکرێ[27]، مامۆستایانیش دەبێ هەردوو زمانەکە باش بزانن و دەبێ بە چاکی شارەزای ئەو زمانە سەرەکییەش بن کە لە قوتابخاناندا خوێندنی پێ دەکرێ.[28]

## بەکارهێنانی زمان لە کاروباری رەسمیدا

دەبێ فەرمانگەکانی حکوومەتی ناوەندی بکارن ئیشوکاری خۆیان بە زمانی کوردی-یش رابپەڕێنن.[29] هەروا دەبێ لە دایرەکان و دۆکیومێنتە رەسمییەکانی کوردستانی عێراق و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت لە ئۆرگانە خۆجێییەکانی حکوومەتی عێراق لە کوردستاندا، زمانە رەسمییەکانی دەوڵەت بەکار بهێندرێن.[30] خەڵك بۆیان هەیە هەر کام لە زمانە رەسمییەکانی دەوڵەت لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی عێراقدا بەکاربهێنن.[31] دەبێ بەڵگەنامەکانی دەوڵەت بە هەموو زمانەکان لەبەردەست دا بن. دەکرێ هەر زمانێکی رەسمیی دەوڵەت لە کارڕایی و کاروباری قانوونی و بەڵگەنامە قانوونییەکاندا بەکار بێن. دوورگەکانی ئالاند لە فینلندا نموونەیەکی هەڵکەوتووە سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە چالاکییە رەسمییەکاندا.

## سیمبول و هێما

تەبای هەرێمی (کیوبیك Quebecی کەنەدا)، کوردستانی عێراق بۆی هەیە ئالا و دەسەلاتگەلێکی قانوونی بۆ بەکارهێنانی ئالای تایبەت بەخۆی هەبێ.[32] کوردستان دەبێ مۆری تایبەتی و دەسەلاتی بەکارهێنانی ئەو مۆرەی هەبێ.[33]

## ئاریشە و کێشە تایبەتەکان

فیدراڵیزم، کۆمەڵە ئاریشەو کێشەیەکی ناتەبا لەخۆدەگرێ کە مەترسی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی تەوافوق و بەیەکەوە هەڵنەکردنیان لێ دەکەوێتەوە.

## هەرێم Territory، دانیشتوان

دوای دەرهێنانی نەوت لە کەرکووك ساڵی 1927، کوردێکی زۆر رووی لەم شارە کرد (لێرەدا نووسەر روونی نەکردووەتەوە کە داخوا کورد لە کوێوە روویان لەناو شاری کەرکووك کردووە. لەراستیدا کوردیش تەبای خەڵکی تر لە دێهاتەکانی لیوای ئەو دەمەی کەرکووکەوە باریان کردووە بۆ شار -وەرگێر). بەپێی ئاماری ساڵی 1947، رێژەی کورد 25٪ بووە لەناو شاری کەرکووك و 53٪ بووە لە سەرجەم لیوای کەرکووك. ساڵی 1959، نیوەی دانیشتوانی ناو شاری کەرکووك تورکمان بوون و باقییەکەی کورد، عارەب و ئاشووری و ئەرمەن بوون. [34] (بەقسەی دکتۆر نوری تاڵەبانی، لە سەرژمێری ساڵی 1957دا، رێژەی تورکمان لە چاو سەرجەم دانیشتوانی لیوای کەرکووك 21.4٪ بووە و کورد 48.3٪ و عەرەب 28.2٪ بوون و ئەوەی دەمێنێتەوە ئاشووری و هی تربوون – وەرگێر). بەپێی بڕیاری ساڵی 1974-ی "مجلس قیادە الپورە"، ناوی کەرکووك کرا بە "التأمیم "و قەزاکانی چەمچەماڵ، کفری (کفری خرابووە سەر دیالە نەك سلێمانی -وەرگێر)، کەلار خرانەسەر پارێزگای سلێمانی و دووز-یش خرایە سەر پارێزگای سەلاحەددین (تکریت(. لەکۆی ئەو (800000) کەسەی بەزۆری زۆردار لە باکووری عێراق دوورخرابوونەوە[35] بریتین: لەو کوردانەی کە لە هەشتاکاندا دەرکراون و لە شاڵاوەکانی ئەنفال بەرکەوتوون، هەروا ئەو کورد، تورکمان و ئاشوورییانەی کە لە 1991-ەوە بەهۆی شاڵاوی بەعەرەبکردنەوە دەرکراون، ئەو کوردانەی لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە بەهۆی کێشەو ململانەی نێوان پارتی و یەکێتی دەرپەڕێندراون، ئەو کوردانەی لە زۆر شوێن و جێگەی ناو عێراقدا لە



حەفتاکاندا هەڵەتەی ئێران کرابوون و ئێستا لە باکووری عێراق ئاکنجی بوونەتەوە. رژێم (279000) عارەبی هاوردووەو لە کەرکووك نیشتەجێی کردوون.

چاڵە نەوتەکانی کەرکووك بە دەوڵەمەندترین چاڵە نەوتی جیهان دادەنرێن و نەوتی یەدەگ لەم چاڵانەدا بە (10 بلیۆن بەرمیل دەخەملێندرێ 1988). بە قسەی بەرهەم ساڵح: "کەرکووك، خاڵێکی "دالە"یە کە چۆن زۆربەی کوردان پێناسەی هەقیقەت و شەرعییەتی خۆیان لە عێراقدا بکەن، داوای ئێمە سەبارەت بە کەرکووك رەگ و ریشەی لە مێژوو، جیوگرافی و دیمۆگرافیادا هەیە."[36] سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەترسێ دەست لە کەرکووك بەربدا نەبادا شەرعییەتی خۆی لە دەست بدا، ئیدی بە پێداگرتنەوە دەڵێ: کەرکووك پایتەختی کوردستانی عێراقە. داواکاریی پێکناکۆکی ملکایەتی وای کردووە کەرکووك ببێتە جێگەی گرژی و ململانە کە بە ئانقەست لەناوبردنی خانووبەرە (عەقارات) و دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەکان لە لایەن رژێمی بەعسەوە، هەندەی تر بارەکەی سەخت کردووە.

ئەرکی لەپێش سەبارەت کەرکووك، گەڕانەوەی خەڵکە دەرکراوو ئاوارەکراوەکەیە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە رێگەی بڕیار و ئەحکامی قەزاییی ملکایەتییەوە. دووبارە نیشتەجێکردنەوە پێویستیی بە سیستەمێکی ئەوتۆی داواکاریی ملکایەتی و قەرەبووکردنەوە هەیە کە بەندە بە پرۆسەی تۆمارکردن و ناونووسین و "خدمات"ی یارمەتی قانوونییەوە. دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان، خانوو جێگەو رێگەی کاتەکی و دامەزراندنەوەیان نەوەیەکی پێ دەوێ. هەروا ستراتیجیای یەکگرتنەوەی خێزان-یش پێویستە. گەڕانەوەی رێکوپێکی پەناهەندەو ئاوارەو خەڵکە دەرکراوەکە، دەرفەت لەبەردەم سەرهەڵدانی ئاریشە لەنێوان تورکمان و کوردان، لەنێوان پارتی و یەکێتی دا کەم دەکاتەوە. هەروا رك و کینەی پەنگخواردووی تۆڵەستاندنەوە دەرهەق بە عارەبانیش کەم دەکاتەوە.

## پرۆسەی وەك خۆلێكردنەوەی سنوور

کوردستانی عێراق دەبێ وەکو یەك یەکەی فیدراڵی دابمەزرێ و پارێزگاکانی :دهۆك و سلێمانی و هەولێر و کەرکوك، بەپێی "فاکتە جوگرافی و مێژووییەکان" بگرێتەوە.[37] دەبێ مەرسومی ساڵی 1974 هەڵبوەشێتەوە و کەرکوك بگەڕێتەوە سەر باری سنووره مێژووییەکەی جارانی خۆی. هەموو نەتەوەکان بە کورد، عارەب، تورکمان و ئاشوورییەوە وەکو هاوولاتی کوردستانی عێراق، مافی وەکیەکیان هەیە. بۆ رێگەنەدان بە هورژمی دانیشتوان بەو مەبەستەی ناوچەی ئیتنیی هاوچەشن دروست بکرێ، دەبێ کۆمافی تاکەکەس و گروپ و کۆرو کۆمەڵان هەم لە دەستووری دەوڵەتی عێراق و هەم لە دەستووری کوردستانی عێراقدا بچەسپێندرێ. ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەرەوەی کوردستانی عێراقدا دەژین، لەوانە ملیۆنێك کورد لە بەغدا و لانەو کاشانەی بەرچاویش لە هەردوو پارێزگای موسڵ و تکریتدا هەن.[38]

## دیاریکردنی ستاتۆیەکی تایبەت بە کەرکووك

هەرچەندە کەرکوك لەباری جوگرافییەوە دەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لێ وا باشە شارەوانیی کەرکوك بەرفرمانی دەسەلات و "ولایە"ی حکومەتی کوردستانی عێراق نەبێ. وا دەخوازێ کەرکوك ستاتۆیەکی کاتەکی هەبێت، وەکو شارەوانییەکی ئازاد وابێ لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی کە دوا ستاتۆی ئەم شارە لە رێگەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتییەوە کە لەوانەیە پرس و رای میللیشی تێ بکەوێ، دیاری بکرێ.[39]

## بەگورخستنی گەڕانەوە

دەبێ کۆمیسیۆنی داواکاریی ملکایەتی و قەرەبووکردنەوە لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە دابمەزرێ کە سەرجەم پەناهەندەو خەڵکە دەرکراوەکە مافی ئەوەیان هەبێ:

أ- بەتەواوی رێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانیان بگیرێ.



ب - بەهێمنی بگەڕێنەوە، بەبێ تەنگ پێ هەڵچنین و ترس و رق لێ بوونەوەو تیرۆر و راوەدوونان بەهۆی نەژادو رەگەزەوە.

ج- هەر ملك و ماڵێکی لێیان زەوتکراوە بۆیان بگێڕنەوە.

د- یان قەرەبوو بکرێنەوە، ئەگەر نەکرا ملك و ماڵیان بۆ بگەڕێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کۆمیسیۆنەکە:

※ لەو داواکاریانەی ملکایەتی بکۆڵێتەوە کە بە نا ئارەزوومەندانە تەحویل کراون (واتە بەنابەدڵی مولکیان پێ تەحویل کراوە)، یان ئێستا داواکار ملکەکەی نەماوە.

※ پرۆسەی تۆمارکردن پەرە پێ بدا سەبارەت بەو کەسانەی داوای قەید دەکەن، یان داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن.

※ خاوەنی قانوونیی ملك و ماڵ بە گوێرەی تۆمارەکانی ملکایەتی (تاپۆ) دیاری بکا.

※ سیستەمێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو داواکاریانە دابنێ لەو حاڵەتانەی کە "عەقارات "و بەڵگەنامەکان بە ئانقەست لەناو براون.

※ یارمەتی تەکنیکی و "خدمات"ی قانوونی پێشکەش ئەو کەسانە بکات کە لە داوای ملکیەت، یان داخوازی قەرەبووکردنەوە، دەپێچنەوە.

※ بڕیار لەسەر داواکانی گەڕانەوەی ملکیەت بدا، یان قەرەبوویان بکاتەوە ئەگەر نەکرا ملکیەتیان بۆ بگێڕنەوە.

※ زانیاری لەبارەی هەلومەرجی خۆجێی بۆ گەڕانەوە پێشکێش بکات.

※ لەگەڵ ئەو ئاژانسانەدا هاریکاری بکات کە سۆراغی کەسانی ونبوو دەکەن و کار بۆ یەکگرتنەوەی خێزان دەکەن.

دەکرێ ولاتێك، یان هەیئەتێکی نێودەوڵەتی، بە ئارەزووی خۆی پارەبدا و خەرجی ئەم کۆمیسیۆنە بکێشێ. هەروا دەکرێ پارەدەر (donor) پارەو سەرمایە بە چالاکییەکی "مرفق"ی بدا وەکو The Kirkuk Stabilization Fund - کاری ئەم سندوقە خولقاندنی کەش و هەوایەك بێ، بۆ گەڕانەوە بە پشتگیریکردنی "

"Community building Measures"وەکو خانوو دروستکردن، چاوەدێری تەندروستی و کار دابینکردن.

## ئەنجامدانی سەرژمێری

لەبەر تەشەنەکردنی توندوتیژی، ناکرێ لەم بارودۆخەو لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامارێك بە سەرپەرشتی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدی زەحمەتە لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 2005دا، لیستی دەنگدەران دروست بکرێ. لەبەرئەوەی مامۆستای قوتابخانەکان شارەزای ئەو کۆمەڵانەن کە کاریان لەناودا دەکەن، ئەوا دەشێ وەکو ئامارچی کار بکەن. وا هزر دەکرێ سەرژمێری بەدوو قۆناخ ئەنجام بدرێ. دەبێ قۆناخی دووەم هێمنترو سەرکەوتووتر بێ پاش چاتربوونی باری ئاسایش و بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی گەڕانەوەی خەڵکە ئاوارەو دەرکراوەکە.

## کۆمافی گروپ و کۆڕ و کۆمەڵەکان

لە ڕێگەی ئەو ماددانەی مافەکانی تاك دابین و بەهێز دەکەن، کۆمافی گروپیش مسۆگەر دەبێت. لە کوردستانی عێراقدا، کە مۆزاییکی گروپە ئیتنی و ئایینەکان خویا و دیارە، دەبێت هەندێ ڕێوشوێنی تایبەت بگیرێتەبەر:

أ - پاراستنی گروپەکان لە جیاکاری.

ب- برەودان بە یەکسانی.

ج - ڕێگەدان بە گروپ و کۆمەڵەکان کە پێناسەی تاقانەو تایبەتیی خۆیان بپارێزن (بەگوێرەی ویستی خۆیان).

کۆمافی نەتەوەیی، یان کۆمافی کەمینەکان لە تاکە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا دەقبەند نەکراون و کۆنەکراونەتەوە، بەڵکە بەشێوەیەکی پچڕ-پچڕ لە چەندین بەڵگەنامەی UN و هەرێمایەتی و دەستووری نیشتمانیدا جێگیر کراون.



پرەنسیپی جیاکاری نەکردن "عدم التمییز "و وەکیەکی لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (CCPR)، بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی چەسپێندراوە. جاڕنامەی ساڵی 1991-ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کۆمافی کەمینەکان، بەڵگەنامەی ساڵی 1990ی کۆپنهاگن-ی OSCE، بنەمایەکی ستانداردی هەمەگیریان بۆ کۆمافی کەمینە لەبەر ڕۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتی داڕشتووە. ماددە27ی (CCPR) دەڵێ: نابێ نکوڵی لە مافی کەمینەکان بکرێ، کە بە کولتووریی خۆیان شاد بن، جاڕی ئایینی تایبەت بە خۆیان بدەن و پراکتیزەی بکەن، یان زمانی تایبەت بەخۆیان بەکار بێنن[40]". لە پێڕەوکردنی قانوونگەل و "ڕێنوێنی"ی نیشتمانی بەسەر کەمینەکانی دانیشتواندا، دەبێ دەوڵەتان ڕێز لە داوو نەریت و قانوونی عورفی ئەو کەمینانە بگرن و ڕەچاویان بکەن.[41] دەوڵەتان دەبێ ڕێز لە مافی کەمینەکانی دانیشتوان بگرن تا داوونەریتی بەجیاهەڵکەوتووی قەزایی، بەندوباو، کارڕایی و پراکتیکەکانی خۆیان بپارێزن[42].

نابێ وا لە بەکارهێنانی زاراوەی "کوردستانی عێراق " حاڵی ببین کە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، کوردن. بەگوێرەی ئاماری ڕەسمیی 1997، (600000) تورکمان لە عێراقدا هەیەو بەپێی هەندێ مەزەندە، لە سەرانسەری وڵاتدا تا دوو ملیۆن تورکمان هەن. تورکمان بە زمانی تورکی قسە دەکەن و پێوەندیی کولتووریشیان لەگەڵ تورکەکانی ئەنادۆڵ و ئاسیای ناوەڕاست هەیە. تورکمان لە کوردستانی عێراقدا بەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری عێراقدا، مافی زێتریان پێ ڕەوا بیندراوە. زۆر سەرکردەی تورکمان هاریکاری پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەشێکی تایبەت بە کاروباری تورکمان هەیە، هەروا لە وەزارەتی پەروەردەشدا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیراسەی تورکمانی هەیە کە سەرپەرشتی خوێندن بە

زمانی تورکی دەکات. تورکمانەکان، چەندین یانەی وەرزش، کۆمەڵەو یەکێتی، ئێزگەی رادیۆیان هەیەو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان دەردەکەن. سەرجەم تورکمانەکان پشتگیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناکەن. هەندێکیان نارەزایی دەردەبڕن کە بە گروپێکی کەمینە لەناو هەرێمی کەمینەیەکدا لەناو عێراق (واتە کوردستان) حیساب بکرێن.

کلدۆ -ئاشوورییەکان، عیساییِن، بە زمانی ئارامی قسان دەکەن و کولتووری جیا و تایبەت و وەکو دانیشتوانێکی ئەسڵیی ناو عێراق، مێژوویەکی دێرینیان هەیە. ئاشوورییەکان بە زۆری لە دێهاتەکانی دەشتی موسڵ (باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی موسڵ) نیشتەجێن. لەسایەی حوکمڕانیی بەعس، ئاشوورییەکان بەخورتی لەو شارو گوندانە دوورخرانەوە کە بەسەدان ساڵ بوو تیایدا دەژیان، تا نەکارن بەرەنگاری بەغدا ببنەوە و لە رووی ئیتنییەوە پەرش و بڵاوببنەوە. ئەمڕۆ، زۆربەی ئاشوورییەکان، بە پاتریارك-یشەوە، لەو دیو دەریاکانەوە دەژین. هەرچەند جاروبار گرژی دەکەوێتە نێوان ئاشوورییەکان و پارتی، لێ حزبی دیموکراتیی ئاشووری (راستییەکەی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە -وەرگێر) لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارە. ئاشوورییەکان (5) کورسیان لە کۆی (110) کورسی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا هەیە (راستییەکەی لە خولی یەکەمی پەرلەماندا، ئاشوورییەکان5 ئەندامیان لە کۆی 105 ئەندامی پەرلەمان هەبوو -وەرگێر)، لێ حاڵی حازر لە ئەنجوومەکانی شاری هەولێر و دهۆك بەشداری ناکەن (مەبەستی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشوورییە، دەنا خەڵکی دیکەی مەسیحی لەو دوو ئەنجوومەنەدا هەن- وەرگێر). ئاشوورییەکان، رێکخراوی کولتووری و میدیای تایبەت بە زمانی خۆیان هەیە. قانوونی بەرێوەبردنی دەوڵەت مافی زمان بۆ ئاشوورییەکان دەستەبەر دەکاو وەکو گروپێکی بەجیاهەڵکەوتوو ئاماژەیان بۆ دەکا (گەلی کلدۆ -ئاشوور).

کاتێ کە رژێمی بەعس، لە ساڵی 1975دا، بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان کەوتە هەڵپە، 279000عارەبی بە خورتی لە کەرکووك دامەزراند. عارەبەکانی



تر لەدوای شەڕی کەنداوەوە لە باکووری عێراق نیشتەجێ کران. ئەمڕۆ، عارەب زێتر لە نیوەی دانیشتوانی موسڵ و نزیکەی سێیەکی دانیشتوانی کەرکووك پێکدێنن. تەواوی دانیشتوانی قەزای حەویجەی خوار کەرکووك، عارەبن. وێڕای پێوەندیی بازرگانیی ئاسایی، کوردێکی زۆر بە چاوی دژمنانە سەیری عارەبان دەکەن و بە دەستاوێژ و ئامرازی بەرنامە بەعەرەبکردنەکەی سەدامیان دەزانن.

ساڵی 2001، "جند الاسلام" پێکهات و جیهادی دژی پارتە سیاسییە عەلمانی و هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا لە کوردستانی عێراقدا راگەیاند. دوای ئەوەی ئەم رێکخراوە، لە لایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە تێکشکێندرا، خۆی بەناوی "انصار الاسلام" رێکخستەوە و چوونە بن باڵی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان"ەوە. لە کاتی شەڕ بۆ سەر عێراقیش، ئەمریکاو پێشمەرگە بەیەکەوە لە ئەنساری ئیسلام-یان دا، چەکدارەکانی ئەنسار لە سنوور ئاودیو بوون و بەرەو ئێران هەڵاتن و خۆیان خزاندە ناو ئەو تۆڕە تیرۆریستەوە کە لێپرساوێتیی تەقینەوەکانی1ی شوباتی 2004ی شاری هەولێری خستە ئەستۆی خۆیەوە.

## دابینکردنی کۆمافی گروپ و کۆمەڵەکان

تا دەستوور، کۆمافی تاکە کەس دابین و پەرە پێ بدات، پێویست بە گرتنەبەری چەندین رێوشوێنی تایبەت بۆ پاراستنی کۆمافی عەرەب، تورکمان، کلدۆ-ئاشوورییەکانی کوردستانی عێراق دەکات. بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کۆمافی کەمینە، دەبێ قانوونگەل و رێنوێنییەکان لە کوردستانی عێراق تەنیا رێگە لە جیاکاری نەکردن (عدم التمييز) نەگرن و بەس، بەڵکە پێشوەختە بەشێوەیەکی چالاکانە کۆمافی کۆمەڵەو گروپە غەیرە کوردییەکان دەستەبەر بکرێن لە رێگەی:

* بەشداری پێکردنی ئەم گروپانە لە ژیانی گشتی، لە رێگەی هەڵبژاردنەوە، پلەو پایەی رەسمی پێدان و بەشدارییپێکردنیان لە ئەرك و وەزیفە ئیداری و سیاسییەکانی تردا.

* گردکردنەوەو ڕێکخستن و پێکهێنانی کۆمەڵەو پارتی سیاسی تا بەرژەوەندەکانیان بۆ دەربڕین و کار لە داڕشتنی بڕیار لەسەر ئاستی ناوچەیی دا بکەن.
* دامەزراندنی دەستەو هەیئەی ڕێنوێنکاری و ڕاوێژکاری بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەت (مەبەست بەرنامەیە لە بواری جیاجیادا -وەرگێڕ).
* گەڵاڵەکردنی قانوونگەلی وا کە داوو نەریت و قانوونی عورفی کۆمەڵەکان بپارێزێ.
* بەشداری پێکردن لە ئاسایشی گشتی و وەزیفەگەلی پۆلیسی لە ڕێگەی دامودەزگای ئاسایشی ناوچەییەوە کە پێکهاتەی ئیتنی ئەو کۆمەڵانەی کاری تێدا دەکەن، ڕەنگبداتەوە.
* پاراستنی پێوەندیی بێ تەگەرەو کۆسپ لەگەڵ هاووڵاتیانی وڵاتانی تردا کە هەمان بنەچەکەو ڕەچەڵەکی ئیتنی، یان باوەڕی ئایینییان هەیە.
* بەرەنگاربوونەوەی دووبارە نیشتەجێکردنەوەی بە خورتی بەبێ ڕەزامەندی ئازادانەی ئەو گروپانە، یان قەرەبووکردنەوەیان.
* ڕەخساندنی دەرفەت و دەلیڤەی یەکسان بۆ خوێندن و فێربوون.
* ڕێکخستنی بەرنامەی تایبەت بۆ پەروەردەو خوێندن، دروستکردن و چاکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کە مێژوو، داوونەریت، زمان و کولتووری ئەو کۆمەڵانەیان تێدا دەخوێندرێ.
* پراکتیزەکردنی کۆمافی زمان و بەکارهێنانی زمانی ئەو گروپانە لە کارڕاییە ڕەسمییەکاندا.
* ناولێنانی ناوچە، جادە و هێما تۆپۆگرافییەکان بە زمانی کەمینەکان.
* بەجێگەیاندنی مافە ئایینییەکان بە مافی دامەزراندنی دامەزراوەو ڕێکخراوی ئایینییشەوە.
* دەستڕاگەیشتن بە میدیا بەبێ جیاوازی، هەریەکەیان میدیای تایبەت بە زمانی خۆی هەبێ.
* بەشداری پێکردنی تەواو لە چالاکییە ئابوورییەکاندا.



## گەرەنتی مافە سیاسییەکان

دەبێ گەرەنتی مافە سیاسییەکان بە گروپ و کۆمەڵەکان بدرێ لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی کاریگەرانەیان لە دامودەزگا حوکمڕانییەکانی کوردستانی عێراقدا. سەرباری ئەوەش، دەبێ گروپەکان مافی دامەزراندنی دەستەو هەیئەی خۆ-بەڕێوەبردنیان هەبێ لە شارەوانییەکان، لە کانتۆنەکان یان لەو ناوچەو دەڤەرانەی کە ئەوان زۆرینەی باڵادەست پێکدێنن. ئەو کەمینانەی لە کانتۆنەکاندا نیشتەجێن، هەمان کۆمافیان وەکو گروپگەلی کەمینە کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین، هەیە.

## بەشداریکردنی گروپەکان لە پرۆسەی بنیاتنانەوەدا

زۆر گرنگە، کۆڕو کۆمەڵەو گروپەکان، دەنگی خۆیان لە دابەشکردنی یارمەتیە مرۆییەکان و بنیاتنانەوەدا هەبێ. دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەرکی بنیاتنانەوە هێز و کۆمیتەی ڕاوێژکاری دابمەزرێنێ کە نوێنەری خەڵکی تورکمان و عارەب و ئاشوورییان تێدا بێت. لیژنەی لەمجۆرەش بۆی هەیە لە هەموو لایەنەکانی پرۆژەی گەشەپێدان و بوژانەوە بکۆڵێتەوە تا لەوە دڵنیا بێت کە کۆمەك و یارمەتی و پارەو پولی بنیاتنانەوە ڕاستەوخۆ بۆ بەرژەوەندو قازانجی هەموو هاووڵاتیان لە کوردستانی عێراقدا بەکاردێ.

## ئاسایش

هەموو سەرکردە کوردەکان پێشتر پێشمەرگە بوون. پێشمەرگە هەمیشە مایەی ڕێزو شانازی پێوەکردن بووە، چونکە لە ڕۆژانی خەباتدا داکۆکیان لە گەلی کورد کردووە. کورد، بەدرێژایی مێژووی خۆی لەگەڵ عێراقدا، بۆ ئاسایش و تەناهی خۆی، متمانەی بە حکوومەتی ناوەندی نەکردووەو ناکات. بە تایبەتی دوای کارە تیرۆریستییەکەی 1ی شوبات لە هەولێر، کوردەکان بڕوایان وایە کە دەبێ هێزی ئاسایشپارێزی مەدەنیی خۆیان هەبێ هەم بۆ پاراستنی گەلی کورد لە دەستدرێژکاری و دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هەم لە دژی تیرۆریزم.

## تەحویلی پێشمەرگە

دوای پەسندکردنی دەستووری عێراق، چیتر پێشمەرگە بەشێوەی ئێستای نامێنێتەوە. ئەوان دەشێ لە هێزی دیفاعی مەدەنی دا خزمەت بکەن (Kurdistan Constabulary)، یان فەرمان و ئەرکی پۆلیسایەتی بەجێ بگەیەنن (Kurdistan Carabinierie)، یان بچنە ناو سوپا، یان خانەنشین بکرێن و مووچە "پانسیۆن" وەربگرن. دەشێ هێزی دیفاعی مەدەنیی کوردستان، هەندێ ئەرك و فەرمانی تایبەت لە روودانی کارەساتە سروشتییەکاندا، لە باری لەناکاوی مەدەنی جێبەجێ بکات، یان وەکو هێزێکی یەدەك بێت لە کاتی هێرش و پەلاماردا. دەسەڵاتە مەدەنییەکانی کوردستانی عێراق دەبێ مووچەیان پێ بدەن و خەرجی ئۆپەراسیۆنەکان بکێشن. بۆ رێزلێنان لە دەوری پێشمەرگە، ئەمریکا بەرنامەی راهێنان و ئامێر بە دروستکردنی جبەخانەی چەکی قورسیشەوە، بگرێتە ئەستۆی خۆی. پێشمەرگەکانی تر ئەرکی پۆلیسایەتی بەجێ بهێنن و لە ئاکادیمیای پۆلیس لە بواری تەکنیکی هێز بەکارهێنان و دیموکراتیزەکردنی کاری پۆلیسایەتی "مافەکانی مرۆڤ" راهێنانیان پێ بکرێ. دەبێ توانای بنیاتنانی پۆلیس، بەشێکی پتەوی ئەو هەوڵە بێت کە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی گشتیی عەدالەت جێبەجێکردن، بە "اصلاحیە"ەکان و ژێرخانی دادوەریشەوە بەخت دەکرێت. لە رێگەی قەرەبووکردنەوە، مووچەو بەرات و سوودی خێزانییەوە، پێشمەرگە، سەیری Kurdistan Carabinierieوەکو پیشەیەك دەکا کە لە خزمەتی کوردستانی عێراقدایە. هەندێ پێشمەرگەش دەکرێ بچنە ناو هێزە چەکدارەکانی عێراقییەوە. ئەوانی دیش خانەنشین بکرێن و مووچەو بەراتیان بۆ ببڕێتەوە بە هەندێ رێوشوێنی تایبەتیەوە کە لەگەڵ پایەی شەرافەتمەندانەیان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بگونجێ. ئێستا نزیکەی (60000) پێشمەرگە لە کوردستانی عێراقدا هەیە. دەکرێ وا هزر بکرێ کە پێشمەرگە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر: هێزی دیفاعی مەدەنی، هێزی پۆلیس، سوپای عێراقی دابەش بکرێ و ژمارەیەکی زۆریشیان، چەندی دەکرێ و دەشێ، لێ خانەنشین بکرێ.



## سەرچاوەو داهاتە سروشتییەکان

بە بۆڕییەکی 5000 کیلۆمەتری، نەوت لە باکووری عێراقەوە بۆ بەندەری جەیهان-ی تورکی لەسەر کەناری رۆژهەڵاتی دەریای ناڤین دەگوازرێتەوە، ئەم هێڵە بەردەوام دوچاری کاری تێکدەرانەو تەقاندنەوە بووەتەوەو پێویستی بە پاراستن و چاکردنەوە هەیە. خەتی بانیاس رۆژانە 200000 بەرمیل لە کەرکووکەوە بە ناو خاکی سوریا دەگوازێتەوە. لە کۆی 80 چاڵە نەوت لە عێراقدا تەنیا 17 یان نەوتیان لێ دەردەهێندرێ. چەند بیرە نەوتێکی تازەش، وەکو چاڵە نەوتی تەق-تەق لە کوردستانی عێراق، لەوانەیە نەوتێکی زۆری تیا بێت. سەرباری ئەوەش، کوردستانی عێراق، ئاوێکی زۆرو زەبەندی هەیە: دیجلە، زێی گەورە، زێی بچووك، زێی سیروان، خابوور، خازر و دەیان روباری تری بچووك لەناو خاکی کوردستاندا هەڵدەقوڵێن. بەنداوی دوکان هەم بۆ بەکارهێنانی ناوەخۆ و هەم بۆ ناردنە دەرەوە، کارەبا بەرهەم دێنێ (تا ئێستا ئەو بڕە کارەبایەی لە دوکان بەرهەم دێت، بەشی کوردستان خۆی ناکات چ جای ناردنە دەرەوە - وەرگێڕ). کوردستانی عێراق بە سەبەتەی خۆراکی وڵات دادەندرێ کە کێڵگە بەپیتە کشتوکاڵییەکانی گەنم، جۆ، برنج، تووتن، پەمۆ و میوەی لێ بە حاسڵات دێ. نزیکەی 5000 میل دووجا دارستانی شاخاوی لە باکووری عێراق هەیە، هەروا چەندین کانزای وەك ئاسن و تۆتیا-ش لە کوردستان هەیە.

### سامان دابەشکردن

یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوە سروشتییەکان موڵکی هەموو گەلی عێراقن. کوردستانی عێراق بەپێی رێژەی دانیشتوانی خۆی، بەشی خۆی لە سەرجەم داهاتی وزەی عێراق وەردەگرێ. دەکرێ کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ نەشونماو بووژانەوەی وزە لە نوێنەرێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاربەدەستێکی وەزارەتی نەوتی عێراقی پێك

بێت تا لە وەبەرهێنانی ئایندەیی بکۆڵێتەوە لە بواری بووژانەوە و پەرەپێدانی وزە بۆ کوردستانی عێراق و بۆ وتوویژکردن سەبارەت بە رێککەوتننامەی بەرهەم دابەشکردن. داهات دابەشکردن دەبێ بەلایەنی کەمەوە یەکسان بێت لەگەڵ ئەو رێژەیەی ئێستای داهات دابەشکردن. سەبارەت بە مافە ئاوییەکانیش، ئەوا کوردستانی عێراق بۆی هەیە ئەو روبارانەی لەناو خاکی خۆیدا هەڵدەقوڵێن بۆ کارەبا بەرهەمهێنان و ئاودان بەکار بێنێت، بەمەرجی ئەو بەکارهێنانە زەرەرو زیان بەو خەڵکانە نەگەیەنێ کە سوود لەو روبارانە دەبینن.

## پەیوەندیی هەرێمایەتی

### تورکیا

تورکیا پێی وایە فیدراڵیزم ئێستگەیەکە لەسەر ئەو رێگایەی کوردستانی عێراق بەرەو سەربەخۆیی دەبات. هەروا ئەنقەرە لەوەش نیگەرانە کە خۆ- بەڕێوەبردن لە کوردستانی عێراقدا کوردەکانی تورکیا دەوروژێنێ و هان دەدا بۆ داوای مافی زیاتر، یان داوای "ترتیبات"ی هاوشێوەی فیدراڵی لە تورکیا بکەن. دیارە پێوەندیی نێوان تورکیا و پارتی کە کۆنترۆڵی ناوچە سنوورییەکانی عێراق لەگەڵ تورکیادا دەکات، گرژ بووە. لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە هەردوو دیوی سنووری عێراق- تورکیا، هەمیشە پەکەکە کە ئەمریکا بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنێ، دزە دەکات. هێزەکانی تورکیا لە بنکەکانیان لە باکووری عێراقدا، لە شاڵاوێکی درێژخایەندان بۆ پاکتاوکردنی گەریلاکانی پەکەکە.

لە چەند مانگی دوای شەڕی عێراق، هەواڵی وا هەبووە کە هێزە تایبەتییەکانی تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنی ڤەشارتیدا، چەك و چۆلیان بۆ بەرەی تورکمانی عێراق ناردبێت و پلانیان بۆ غافڵکوژی پارێزگارە کوردەکەی کەرکوك دانابێ. دوا بەدوای چابوونەوەی پێوەندیی نێوان تورکیا -ئەمریکا لە



ئاخیروئۆخریساڵی 2003دا، تورکیا هەوڵیداوە رایەڵکە و پێوەندیی بنیاتنەرانەتر لەگەڵ کورداندا دابمەزرێنێ. هەروا دامەزراوەی تورکیا (حکوومەت) تا دێ زێتر بە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا سەرقاڵ و خەریکە. هەر لەم پێناوەشدا، تورکیا نەرمییەکی زۆری سەبارەت بە دامەزراندنی کوردستانی عێراقی فیدراڵ نواندووە. تەقینەوەکانی ئەستەمبوڵیش، مەترسییەکانی تیرۆریزمی ئیسلامیان خستە بەرباس و رۆژەڤەوە. ئەنقەرە، بەو پەڕی گرنگییەوە دەوری کوردان وەکو قەڵاو مەکۆی عەلمانیەت لە عێراقدا بەرز دەنرخێنێ. ئومێدو هیوای تورکیا ئەوەیە ئەو رۆژە دابێ کە وتوویژ لەبارەی پاڵاوتنی تورکیا بۆ ناو EU دەست پێ بکرێ کە دیسان ئەمەش کاریگەری بۆ سەر هەڵوێست و رێبازی تورکیا دەرهەق بە کوردان دەبێت.

تورکیا، بەرژەوەندییەکی لەمێژینەی هەیە بۆ گەیشتن بە کێڵگەو چاڵە نەوتە دەوڵەمەندەکانی هەولێر، موسڵ و کەرکووك. هەندێ دەستەو دایرەی تورکیا تەنانەت پێ لەسەر داوایەکی مێژوویی سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دادەگرن. ئەمڕۆ، تورکیا چاڵاکانە پەرە بە دەرفەت و بوارە ئابوورییەکانی خۆی لە باکووری عێراق دەدات. نەوت لە کەرکووکەوە بە بۆڕی دەگوازرێتەوە تورکیا. زۆربەی ئوتومبێلە بارهەڵگرەکان لە دەروازەی خابوورەوە لە تورکیاڕا دێنە ناو عێراقەوە. کۆمپانیا تورکییە گەورەکانی بیناسازی لە کوردستانی عێراقدا کاردەکەن. ئەنقەرە و یەکێتی رێککەوتنێکی رەسمییان بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانەی سلێمانی مۆر کردووەو وتووێژیش لە ئارادایە بۆ "ترتیبات"ێکی هاوشێوە لە هەولێر. کۆمپانیای نەوتی تورکیا، بە رێژەی 15٪ بەشی لە دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتی تەق-تەق دا هەیە. ئەفەس، کە کۆمپانیایەکی هەرە گەورەی بیرەسازی و دلۆپاندنە، پرۆژەیەکی بیرە و ئاو لە بوتلکردن لە تەق تەق ساز دەکات.

## بەهێزکردنی رایەڵکە و پێوەندیی ئابووری

لە راستیدا تورکیا بووە بە شەریکەبەشێکی ئابووری هەرە گرنگی کوردستان. بەپێی پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد، کوردەکانی عێراق خۆشحاڵی خۆیان بە بازرگانی لەگەڵ ئەو دیوی سنووردا دەردەبڕن و جەختی تایبەتیش لەسەر هاوکاری لەگەڵ تورکیادا دەکەنەوە. دەکرێ ئەم هاریکارییە بەرەو پێشەوە بچێ لە رێگەی هەڵگرتنی هەندێ رێوشوێن لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی و ملکایەتی، "اولویەت "دان بە بێزنس لەگەڵ تورکیاو کڕینی کاڵا و شمەکی تورکیایی. لەبەر تەسك و تروسکی دەروازەی خابووریش، تورکیا پێوەیە خاڵێکی نوێی پەڕینەوە بکاتەوە، پەرە بە خەتی گواستنەوەی بۆرسا -بەسرا بدات و رێبازگە "کۆریدۆر"ی باکوور- باشوور دابمەزرێنێ.

## پتەوکردنی هاریکاری ئەمنی

هەم تورکیا و هەم پێشمەرگە لە رابردوودا دژی پەکەکە هەڵمەت و شالاویان بردووە.[43] هەرچەندە پەکەکە خۆی هەڵوەشاندووەتەوەو پلانی خۆی بۆ بوون بە پارتێکی سیاسی راگەیاندووە، دامەزراوەی سیاسی و ئاسایشی تورکیا بە دۆزی کوردەوە خەریکە. کوردەکانی عێراق، بەڵێن بە شەڕڤانەکانی پێشووی پەکەکە دەدەن بۆ ئەوەی چەك دابنێن و واز لە چەکداری بهێنن. پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، بۆ درێژەدان بەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی تورکیا لە 28ی ئاداردا، وەدەستیهێنا، هەوڵ دەدا سوود لەو پشتگیرییە جەماوەرییە وەربگرێ لە رێگەی راگەیاندنی لێبوردن و بارهێنانەوەی شەڕڤانەکانی پێشووی پەکەکە لە سایەی پرۆسەیەکی چاوەدێریی نێودەوڵەتییانەی هاوبەند بە کۆمەك و باروبوی بیانی بۆ خواروی رۆژهەلاتی تورکیا. پێشنیاز بۆ دیاریکردنی ئەو رۆژەی کە دەست بە وتووێژ بکرێ، دەکرێ بەهۆی لێبوردنێکەوە بۆ جەنگاوەرەکانی پێشووی پەکەکە پشت قایم ببێ.



## خۆلادان لە رووبەرووبوونەوە

بەرەو رووی یەکتربوونەوەی تورکیا و کوردەکانی عێراق، خزمەت بە بەرژەوەندی هیچ کام لایان ناکات. دەبێ کوردەکان هەوڵ و تەقەلایەکی زێدە پێویست بەخت بکەن کە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ تورکیادا روونەدات. وێڕای پێوەندیی نزیکی نێوان واشنتۆن و سەرانی کورد، لێ وێدەچێ ئەگەر شەڕ لەنێوان تورکیا و کورداندا رووبدا، واشنتۆن پشتی ئەنقەرە بگرێ. لەهەمانکاتدا، تورکیا باش دەزانێ، یەکپارچەیی خاکی وڵات، رێگەیەکی دوو ئاڕاستەیە، ژ بەر هەندێ تورکیا، خۆی لە تێهەڵقورتان لە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق یان کۆسپ نانەوە لە رێگەی پەرەسەندنی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا، دەپارێزێ.

## ئێران

ئێران بۆیە پشتگیری دیموکراسی لە عێراقدا دەکات تا شیعە عەرەبەکان بکارن کۆنترۆڵی پلەو پایەکانی حکوومەتی ناوەندی بکەن. دیارە، جارێکی دیکە شیعەکان نایانەوێ خۆ بێبەشکردن لە دەسەلات، دوبارە بکەنەوە، هەروەکو چۆن لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانلی و حوکمڕانیی بەریتانی و سەردەمی حوکمڕانیی بەعس لێی بێبەش بوون. هەندێ دەستەو دایرەی تاران چاك دەزانن ئەگەر شیعە لە عێراقدا رەها و زال و بالادەست بێ، ئەوا ئەگەری کارەساتی لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازانی عێراق دێتە گۆڕێ[44].

ئیدی "کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیەوی سیاسەتی هاوسۆزیی درێژخایەنی خۆی دەرهەق بە کوردە ستەملێکراوەکانی عێراق بپارێزێ"[45]. هەروا تاران، بەپارێزەوە سەیری فیدرالێزم لە عێراقدا دەکا کە رەنگە هانی کەمینەی سوننە و غەیرە فارسەکانی ئێران بدا داواکارییەکان پەرەپێ بدەن. سەرباری (5) ملیۆن کورد لە کوردستانی ئێراندا، چەند کەمینەیەکی تری وەك: عەرەب، ئازەر، تورکمان، بلوج، لوڕ، بەختیاری... لە ئێرانێ دا هەن.

سەردان و تەوافی شیعەکان و بازرگانی لە ڕێگەی سنوورەوە لەنێوان عێراق - ئێراندا گەرم و گوڕ بووە. لە نۆهەتەکاندا، ئوستانەکانی سەرسنوور، بەبێ گوێدان بەو ئابلووقەیەی UN بەسەر عێراقی دا سەپاندبوو، سوودیان لە چالاکی بازرگانی وەرگرت. ئەنساری ئیسلام، کە گروپێکی تیرۆریست و پێوەندیی بە قاعیدەوە هەیە، بنکەو حەشارگەی لاپەڕ و ڕێچکە شاخاوییە سەختەکان بەکار دێنێ. هەرچەند لە کاتی شەڕی عێراقدا، ئەمریکا و پێشمەرگە پەلاماری ئەنساری ئیسلامیان داو چەکدارەکانی ئەنسار ئاودیوی سنوور بوون، لێ لە ئێرانێ خۆیان گرتەوەو کۆکردەوە. دوای تەقینەوەکانی 1ی شوباتی هەولێر، CPA چوار دەروازەی نێوان عێراق -ئێرانی داخست و داوای لە تاران کرد سنوورەکانی خۆی قایم بکات. ئەگەر عێراق ببێ بە دەوڵەتێکی فیدراڵ، تاران پێی وایە ئەو شێوە فیدراڵیەتە بێت کە لەسەر بنەمای جیوگرافی و هەر 18 پارێزگاکە وەکو خۆی بێلێتەوە، دابمەزرێ.

## ڕێزگرتنی ئێران لە وەرچەرخانی عێراق

سەرکردە کوردەکان پێویستە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ تاراندا بەکاربهێنن و بۆیان روون بکەنەوە کە وەرچەرخانی عێراق بەرەو دیموکراسی، پرسێکی عێراقییەکان خۆیانە. لەکاتێکدا ئێران بەرژەوەندی رەوای لە عێراقدا هەیە، ئەوا بەرژەوەندە نیشتمانییەکانی ئێران بە رادیکال کردنی شیعەکانی عێراق، یان بەزەبروزەنگ و توندوتیژی نانەوەی زێتر، دابین ناکرێ. ئێران دەبێ دەسەڵاتی خۆی بۆ کارتێکردن و هێورکردنەوەی هەڵوێست و ڕێبازی سەرکردەکانی شیعەی عێراق، بە موقتەدا سەدریشەوە، بەکاربهێنێ و بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور لەگەڵ عێراقییەکاندا هاوکاری بکات.

## سوریا

دوای ئەوەی ساڵی 2000، بەشار ئەسەد هاتەسەر کار، بەسەدان زیندانیی سیاسی ئازادکردو دەرفەتی لەبەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی کردەوە کە بەئاشکرا



رەخنە لە حوکمڕانیی ئۆتۆکراتیی سوریا بگرن. بەهەرحاڵ، ئەم دەرفەت پێدانە، زۆری نەخایاند. بە رووخانی بەعس لە عێراقدا، سورییەکان داوای چاکسازییان کرد بە تایبەتی هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری نائاسایی کە لە شۆڕشی 1963-ەوە کاری پێ دەکرێ. لە 6ی مارسی 2004دا، پرۆتستۆکاران لە دەرەوەی پەرلەمانی نیشتمانی، لەگەڵ پۆلیسدا تێکگیران. گرتنی لەخۆوەی (13) کەس لە پشتەوانانی مافەکانی مرۆڤ لە حەلەب، نارەزاییەکی بەربڵاوی میللی لێ کەوتەوە.

لە نەوەتەکاندا، سوریا لە ئاکامی سەپاندنی ئابلوقە بەسەر عێراقدا، بووژایەوە. بەهۆی نەوتی خاوی عێراقەوە کە بە نرخێکی کەم دەستی دەکەوت و پاشان بەرهەمی ناوەخۆی بە نرخی بازاڕ دەنارده دەرەوە، نزیکەی 2 بلیۆن دۆلاری پێ براوە. بەهۆی تانکەرو هێڵی بانیاسەوە بە کەمتر لە 5٪ی نرخی بازاڕ، نەوت بە سوریا دەدرا. هەروا کاڵای چلۆنایەتی خراپی سوریا بە عێراقییەکان دەفرۆشرا. سەرباری بەغدا، پارتی و یەکێتی لەم قاچاخچێتییە سوودمەندبوون. لەکاتی شەڕی عێراقدا، قسەی وا دەکرا کە سەرکردەکانی بەعس، وەکو عودەی و قوسەی، لە سوریا بوون بە پەنابەر. کاربەدەستانی پنتاگۆن گومانی ئەوەیان هەیە WMD (چەکی کۆکوژ) لە عێراق نەمابێ و لە سوریا شاردرابێتەوە.

کوردەکانی سوریا، لە کۆی (17) ملیۆن کەس، نزیکەی دوو ملیۆنێك دەبن، بە پەرۆشەوە سەیری ئەودیوی سنوور دەکەن و هاوشێوەی مافی براکانیان لە کوردستانی عێراقدا، گەرەکە. لە ئاداردا، دوای تەواوبوونی یاری تۆپی پێ، کوردەکانی سوریا و پۆلیس پێکهەڵژان و (15) هاووڵاتی کورد لە هەردوو شاری قامشلۆ و عامودا نزیك سنووری عێراق-سوریا، کوژران. چەند رۆژێك دواتر، شەپۆلێکی تری توندوتیژی ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە و پۆلیس رێپێوانێکی ئاشتیانەی کوردەکانی بڵاوە پێکرد کە بەبۆنەی ساڵیادی هەڵەبجە سازکرابوو. بەقسەی "پارتی یەکێتیی کورد"، دەسەڵاتدارانی سوریا نزیکەی (1000) کوردیان وەکو بەشێك لە هەڵمەتێکی بەردەوام دژ بە کەمینەی کورد، دەستگیرکردووە [46]. لە وەلامی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، پشتەوانیی سوریا بۆ تیرۆریزم و

داگیرکردنی لبنان، یاسای بەرپرسیارێتیی سوریا، کە سزا بەسەر سوریادا دەسەپێنێ، سوریا گۆشەگیرتر دەکا.

## مەرجی بازرگانی

دەبێ بەگەڕکەوتنی بۆڕی هێلی بانیاس بە مایەی خۆتێنەکردنی دیمەشق لە کاروباری ناوخۆی عێراق و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤی کورد لە سوریا، ببەسترێتەوە. ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنەدی، ئەوا کاڵای سوریایی و کەلوپەلی ئیستهلاکی جێگەیەکی چاتریان لە بازرگانی لەگەڵ عێراقدا پێ بدرێ. هەروا چاکسازیی گشتیش، باشبوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

## هەنگاوەکانی دواتر ((چ بکرێ باشە))

دەبێ کوردەکانی عێراق بەوریاییەوە هەنگاو بنێن و ئامادەگیی سازش و تەوافووق و ڕێککەوتنیان تێدا بێت. کوردەکان بە نەرمنواندن ساغی دەکەنەوە کە داخوا تا چەند جیددینە وەکو بەشێکی عێراق بمێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ پارتی و یەکێتی جیاوازی و ناتەباییەکانیان چارەسەر بکەن و ڕاستەوخۆ دوای ئەو هەڵبژاردنەی کە بەسەرپەرشتی UN بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی2005 دا ساز دەکرێ، حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن. بۆچوونی کوردی لەبارەی فیدراڵیزمەوە لەگەڵ غەیرە کوردە باکوورییەکاندا چارەسەر بکرێ و پاشان نەك وەکو ڕێککەوتننامەیەکی تەواو، بەڵکە وەکو کۆمەڵە ئایدیایەك، بخرێنە بەردەم عێراقییەکانی ترەوە.

تا ڕەزامەندی و کۆدەنگی لەبارەی فیدراڵیزمەوە دروست ببێ، دەکرێ ئەم هەنگاوانە هەڵبێندرێتەوە:

**هەنگاوی یەکەم:** پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان، کۆمەڵە پسپۆڕێکی قانوونی و دەستووری دەستنیشان بکەن.



**هەنگاوی دووەم:** ئەو پسپۆڕانەی پارتی و یەکێتی، وتووێژ لەسەر ڕاسپاردەکان بکەن و بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بگەن.

**هەنگاوی سێیەم:** ئەم پلاتفۆرمە بۆ وتووێژ لەسەرکردن، هەموارکردن و بڕیار لەسەر دان، چ پێش هەڵبژاردنی 31ی کانوونی دووەم و چ دوای ئەوە، پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکەن.

**هەنگاوی چوارەم:** ئەم ئایدیاو بیروڕایانە بخرێتە بەردەم لیژنەی داڕشتنی دەستووریی حکوومەتی کاتی و لە ڕێگەی میدیاوە بۆ خاوەنڕایان و کۆمەڵگەی مەدەنی، پەخش و بڵاو بکرێتەوە.

دوای ئەوەی CPA لە 3ی حوزەیراندا کاری خۆی تەواو دەکات و پێوەدەدرێ، ئەوا ئەمریکا دەبێ لە ڕێگەی UNەوە بۆ دانەوەی سەروەریی ڕاستەقینە بە عێراقییەکان کار بکات. هەروا ئەمریکا، داوای بەستنی کۆنگرەیەکی باڵای نێودەوڵەتیش بکات کە لە ئەوروپادا ببەسترێ و تیایدا وتووێژ لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی بنیاتنانەوەو "ترتیبات"ی ئەمنی بکرێ. هەروا "گروپێکی تەماس"یش کە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی UN و دەوڵەتانی دەوروبەری تیا بێ، لەم کۆنگرەیە پێك بێت وەکو چوارچێوەیەك بۆ ئیدارەدانی هاریکاری لە ئایندەدا.

لەم پرۆسە حەساسە ئینتیقالیەدا، سازش و تەوافوق پێویستە بۆ دیاریکردنی "ترتیبات"ی دەسەڵات بە شێوەیەك کە ئاواتەکانی هەموو عێراقییەکانی تێدا بچەسپێ و یەکێتی خاکی عێراقیش بپارێزرێ. دەبێ عێراقییەکان، بەشێوەیەکی ئەوتۆ داخوازی و داواکارییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو کە ئەنجامێکی هاوسەنگیان لێبکەوێتەوە. ئێستا ساتی حاسڵات هەڵگرتنی هەموو عێراقییەکانە، بەڵام تایبەت بۆ کوردەکانی عێراق، هەم خەتەر و هەم هەلّ و دەرفەتە.

## پەراوێزەکان

(*) David L. Phillips

Senior Fellow and Deputy Director, Center for Preventive Action, Council on Foreign Relation, June 10, 2004

"ئەم باسە، لە گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە 3، ئابی 25 بلاوکراوەتەوە کە هێشتا ئەودەم دەستووری هەمیشەیی عێراق، بڕیاری لێ نەدرابوو".

1- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، ماددە 9.

2- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا): بڕوانە فینلندا، یاسای ساڵی 1991ی ئۆتۆنۆمی ئالاند: حکوومەتی ئالاند، خاوەنی دەسەڵاتە لەمەڕ هەموو ئەو کاروبارە ناوخۆیانەی دوورگەکان، کە تایبەت بە حکوومەتی فینلندا نین.

جامۆ و کشمیر (هیند): بڕوانە بەڵگەنامەی پێوەلکان: سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و پەیوەندییەکان دەداتە حکوومەتی هیند و تێکڕای مەسەلەکانی تریش تایبەتن بە حکوومەتی جاموا و کشمیر.

مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): بڕوانە مایکرۆنیزیا، هەموو کاروبارەکان بەدەست حکوومەتی ناوچەیی مایکرۆنیزیاوەیە، جگە لە کاروباری دەرەوە کە ئەوژی ئەمریکا یارمەتی دەدات.

3- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا): بڕوانە دوورگەکانی ئالاند: دەسەڵاتی تەنفیزی دراوەتە دەست ئەنجوومەنی بەجێهێنان کە سەرۆك وەزیران سەرپەرشتی دەکات. هەرێمی باسك (ئیسپانیا): بڕوانە هەرێمی باسك، دەسەڵاتی جێبەجێکردن دراوەتە دەست سەرۆکی باسك.

کەتەلۆنیا (ئیسپانیا) بڕوانە: سیستەمی ساڵی1979 ی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا، دەسەڵاتی بەجێهێنان لە دەست سەرۆکی حکوومەتی کەتەلۆنیا و ئەنجوومەنی بەجێهێنان دایە.

گرینلاند (دانیمارك) بڕوانە: یاسای (Home Rule)ی گرینلاندی دانیمارکی، ساڵی 1979، بڕگە: 1-2-3 دەسەڵاتی تەنفیزی داوەتە دەست ئەنجوومەنی جێبەجێکردن کە سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی دەکات.

مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1979ی مایکرۆنیزیا، ماددە 1، بڕگە 1: سەرۆکی مایکرۆنیزیا، سەرۆکی حکوومەتی مایکرونیزیایە.



ناڤاجۆ Navajo (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: ناڤاجۆ، دەسەڵاتی بەجێگەیاندن لەدەست ئەنجوومەنێکی خێڵەکی ناڤاجۆیی دایەو سەرۆکێك سەرپەرشتی دەکا.

پۆرتۆ ریکۆ Puerto Rico (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1952ی پۆرتۆ ریکۆ، ماددە 4، بڕگە (2-3) بەسەرۆکی بەشی تەنفیزی حکوومەتی پۆرتۆ ریکۆ دەوترێ فەرمانڕەوا.

4- دوورگەکانی ئالاند (فنلند)،بڕوانە دوورگەکانی ئالاند: ئەنجوومەنی تەنفیزی بەرپرسە لە گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاساکان بۆ بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان. مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: مایکرۆنیزیا، دەسەڵاتی راپەراندن، بەبێ دەخالەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پرۆژەی یاساکان پێشکەش بە دەسەڵاتی یاسادانانی ناوچەیی دەکات.

قۆقازیا (مۆلداڤیا) بڕوانە: سیستەمی تایبەتی یاسای ساڵی 1984ی مۆلداڤیا لەمەڕ قۆقازیا، ماددە7، بڕگە 2 مافی گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاساکان بۆ ئەنجوومەنی یاسادانانی قۆقازیا، خراوەتە ئەستۆی ئەنجوومەنی تەنفیزییەوە.

5- هەرێمی باسك (ئیسپانیا) بڕوانە: سیستەمی ئۆتۆنۆمی ساڵی 1979ی هەرێمی باسك، ماددە 25، بڕگە 9 دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەکە لە دەست پەرلەمانی باسك دایە.

کەتەلۆنیا (ئیسپانیا) بڕوانە: سیستەمی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا، ساڵی 1979، ماددە3، بڕگە 1 دەسەڵاتی یاسادانان دراوەتە دەست پەرلەمانی کەتەلۆنیا.

قۆقازیا (مۆلداڤیا) بڕوانە: سیستەمی تایبەتی یاسای ساڵی 1ی حکوومەتی مۆلداڤیا لەمەڕ قۆقازیا، ماددە 7 کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەنجوومەنی یاسادانانی حکوومەتی قۆقازیایە.

گرینلاند (دانیمارك) بڕوانە: یاسای (Home Rule)ی گرینلاندی دانیمارکی، ساڵی 1979، بڕگە 4 دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت لە دەست ئەنجوومەنێکی یاسادانانی 31 ئەندامی بێت.

جاموا و کشمیر (هیند) ئەنجوومەنی یاسادانانی تایبەت بەخۆیان هەیە.

مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1979ی مایکرۆنیزیا، ماددە 9، بڕگە 1 ئەنجوومەنی یاسادانان، کۆنگرێسی مایکرۆنیزیایە.

ئانتێلاسی هۆڵەندی: پەرلەمانی ناوچەیی خۆی هەیە.

پۆرتۆ ریکۆ Puerto Rico(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): بڕوانە دەستووری ساڵی 1952ی پۆرتر ریکۆ، ماددە4، بڕگە (1-2) ئەنجوومەنێکی یاسادانانی هەیە کە لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە.

6- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: فنلندای ساڵی 1991، یاسای ئۆتۆنۆمی ئالاند، بڕگە (1-3) ئەنجوومەنی یاسادانان دەبێ لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە بێ و هەر هاووڵاتییەکی سەرووی 18 ساڵی دوورگەکانی ئالاند، مافی دەنگدانی هەیە.

هەرێمی باسك (ئیسپانیا) بڕوانە: سیستەمی ئۆتۆنۆمی ساڵی 1979ی هەرێمی باسك، ماددە 25، بڕگە 1و ماددە 26 بڕگە 1 پەرلەمانی باسك راستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانی باسکەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە هەڵدەبژێردرێ. دوورگەکانی کوك Cook(نیوزیلاند) بڕوانە: دەستووری دوورگەکانی کوك، ماددە39، بڕگە 1 پەرلەمانی دوورگەکانی کوك دەبێ لەلایەن هاوولاتیانی ئەم دوورگانەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە هەڵبژێردرێ.

قۆقازیا (مۆلداڤیا) بڕوانە: سیستەمی تایبەتی یاسای ساڵی 1994ی مۆلداڤیا لە بارەی قۆقازیاوە، ماددە 8 بڕگە 1 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان "کۆمەڵەی نیشتمانی" دەبێ لە لایەن رۆڵەکانی گەلی قۆقازیاوە بێت کە مافی دەنگدانیان هەیە.

گرینلاند (دانیمارك) بڕوانە: یاسای (Home Rule) گرینلاندی دانمارکی، ساڵی 1979، بڕگە 1-2 ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەیی گرینلاند دەبێ راستەوخۆ لە لایەن ئەو هاووڵاتیانەی گرینلاندەوە هەڵبژێردرێ کە مافی دەنگدانیان هەیە. مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): لێپرسراوەکانی حکوومەتی مایکرۆنیزیا بە دەنگدانی گشتی و لەلایەن ئەو هاووڵاتیانەی مایکرۆنیزیاوە هەڵدەبژێرێن کە مافی دەنگدانیان هەیە.

ئەنتیلاسی هۆلەندی (هۆلەندا): ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئەنتیلاس لە لایەن هاووڵاتیانەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە هەڵدەبژێردرێن.

پۆرتۆ ریکۆ (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1952ی پۆرتر ریکۆ، ماددە 4، بڕگە (1-2) ئەنجوومەنی یاسادانانی پۆرتۆ ریکۆ دەبێ راستەوخۆ لەلایەن ئەو هاووڵاتیانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە هەڵدەبژێردرێ.

7- کەتەلۆنیا (ئیسپانیا) بڕوانە: سیستەمی ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیای ئیسپانیا، ساڵی 1991، ماددە 3 بڕگە 1 پەرلەمانی کەتەلۆنیا بەپێی دەستووری ئیسپانیا و قانوونی ئۆتۆنۆمیی کەتەلۆنیا، پیادەی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات. قۆقازیا (مۆلداڤیا)



بڕوانە: سیستەمی تایبەتی یاسای ساڵی 1994ی مۆلداڤیا لە بارەی قۆقازیاوە، ماددە 12 بڕگە2 لە پێج بواردا، کۆمەڵەی نیشتمانی دەتوانی یاسا دابنێ.

گرینلاند (دانیمارك) بڕوانە: یاسای (Home Rule) گرینلاندی دانمارکی، ساڵی 1979، بڕگەی 4 ئەنجوومەنی یاسادانانی گرینلاند، دەسەڵاتێکی یاسادانانی سەربەخۆی هەیە.

مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): ئەنجوومەنی نیشتمانی ناوچەیی، کۆنگرێسی مایکرۆنیزیا، دەسەڵاتی یاسادانانی سەربەخۆ لە حکوومەتی ئەمریکای هەیە.

8- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: دوورگەکانی ئالاند: تێکڕای ئەو یاسایانەی حکوومەتی دوورگەکانی ئالاند دەریکردوون و لەسنووری ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە تێپەڕیوون، ئەوا دەبێ لەلایەن سەرۆکی فنلنداوە کە مافی ڤیتۆی هەیە، مۆر و راستەڕێ بکرێ.

9- مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1979ی مایکرۆنیزیا، مادە11 بڕگە (1) دەبێ مایکرۆنیزیا، ئەنجوومەنی دادوەری تایبەت بەخۆی هەبێت.

10- هەرێمی باسك (ئیسپانیا) بڕوانە: هەرێمی باسك، حکوومەتی باسك داد جێبجێ دەکات.

دوورگەکانی کوك (نیوزیلاند)، بڕوانە: دوورگەکانی کوك ئەم دوورگانە خۆیان داد جێبەجێ دەکەن.

مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بڕوانە: مایکرۆنیزیا، دەسەڵاتی دادوەری لە قەبەڵ حکومەتی مایکرۆنیزیا خۆی کراوە.

ناڤاجو (ویلایەتە یەکگرتووەکان): دادگا خێڵەکییەکان بەرپرسن لە داد جێبەجێکردن لە ناڤاجۆ.

11- کەتەلۆنیا (ئیسپانیا) بڕوانە: کەتەلۆنیا، حکوومەتی کەتەلۆنیا مافی دامەزراندنی هێزی پۆلیسی تایبەت بەخۆی هەیە. حکوومەتی ئیسپانیا چاودێری سەربازگیری و مەشقپێکردنی ئەو هێزە دەکات و هێزەکانی ئاسایشی ئەسپانیاش بۆیان هەیە سەرانسەری ئیسپانیا بە کەتەلۆنیاشەوە، بپشکنن و وەدوای کێشەکان بکەون.

گرینلاند (دانیمارك): هێزەکانی پۆلیس هەم لە دانیمارکی و هەم لە گرینلاندییەکان پێکدێ و بەرپرسیارێتیی رەسمیی پۆلیسایەتی خراوەتە ئەستۆی حکوومەتی دانیمارکەوە.

12- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا): نوێنەرایەتیان لە ئەنجوومەنی نۆردیکی هەیە. جەبەل تاریق (مەملەکەتی یەکگرتووی بەریتانیا): جەبەل تاریق ئەندامە لە کۆمەڵەی ئەورووپی EC و ئۆفیسێکی لە ئینتەرپول هەیە، بەڵام سەبارەت بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر، ئەوا لە ڕێگەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیاوە نوێنەرایەتی دەکرێ.

13- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: یاسای ئۆتۆنۆمی، بڕگە (17-18-19)، بڕگە 17 (27) حکوومەتی دوورگەکانی ئالاند دەسەڵاتی بەسەر بەربومە کشتوکاڵییەکانی ڕەنێوهێنان، باغ و دارستان، ڕاوە ماسی، زەوی کشتوکاڵی، حەوزی ماسی هەیە. هەردوو حکوومەتی دوورگەکانی ئالاندو حکوومەتی فنلندا بە هاوبەش بە دوای کان و کانزاکاندا دەگەڕێن.

14- کەتەلۆنیا (ئیسپانیا) بڕوانە: دەستووری ئیسپانیا، مادده 133 بڕگە (12) لەکاتێکدا حکوومەتی ئیسپانیا لە ئەسڵدا دەسەڵاتی باج ستاندن هەیە ئەوە، هەرێمە ئۆتۆنۆمدارەکانیش وەك (کەتەلۆنیا) بەپێی دەستوور مافی باجستاندیان بەشێوەیەکی دیاریکراو هەیە. جگە لەمەش یاسای ئۆرگانی "تمویل"کردنی کۆمەڵە ئۆتۆنۆمییەکان، میکانیزمگەلێکی بۆ قەوارە ئۆتۆنۆمییەکانی ئیسپانیا داناوە کە لەگەڵ حکوومەتی ئیسپانیادا بۆ باجستاندن هەماهەنگی بکەن.

15- ئەم مۆدیلە ئەتیوبیا بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمیی ئەریتریا پیادەی کرد (دواتر ساڵی 1994، ئەریتریا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ). ئەم سیستەمەش بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 195دامەزرا (بڕیاری 39 أ-ی کۆمەڵەی گشتی).

16- دوورگەکانی فارۆ (دانیمارك): حکوومەتی فارۆ و حکوومەتی دانیمارك سەبارەت بە هێنان و هەناردنە دەرەوەی کاڵا دەسەڵاتی هاوبەشیان هەیە.

17- ئەنتیلاسی هۆلەندی (هۆلەندا) بڕوانە: میساقی شانشینی ئەنتیلاسی هۆلەندی، مادده 3 (ج-1) دەبێ حکوومەتی ئەنتیلاسی هۆلەندی لەگەڵ حکوومەتی هۆلەندا سەبارەت بە سیستەمی بانکی و ئالوگۆڕی پارەو دراوی بێگانە هاوکاری بکات.

18- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: دوورگەکانی ئالاند، مادده 18 بڕگە 5 پارەی رەسمی دوورگەکانی ئالاند، مارك-ی فنلندییە، حکوومەتی فنلندا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر دراوی خۆی هەیە.



هەرێمی باسك (ئیسپانیا): لە باسك، پارەی رەسمی، باستیای ئیسپانییە. هەروا بەپێی مادده 149، بڕگە 11ی دەستووری ئیسپانیا، حکوومەتی ئیسپانیا لە سنووری وڵاتەکەیدا، کۆنترۆڵی پارەی خۆی دەکات.

کەتەلۆنیا (ئیسپانیا): پارەی رەسمی لە کەتەلۆنیا، باستیای ئیسپانییە.

چیتا گۆنگ هیل تراکتس Chittagong Hill Tracts(بەنگلادیش): پارەی رەسمی تاکا-ی بەنگالییە.

گرینلاند (دانیمارك): پارەی رەسمی کرۆن-ی دانیمارکیە و لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی دانیمارکە.

ئیرلەندای باکوور (شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا): پارەی رەسمی پاوەندی ئیستەرلینی بەریتانییە. پاوەندیش لە ژێر دەستی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیایە.

پۆرتۆ ریکۆ (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): پارەی رەسمی دۆلارە.

خوارووی تیرۆل (ئیتاڵیا): پارەی رەسمی لیرە-ی ئیتاڵییە.

19- خوارووی تیرۆل (ئیتاڵیا) بڕوانە: سیستەمی نوێی ئۆتۆنۆمی ساڵی 1972، مادده 8 بڕگە 23 و مادده 9 بڕگەی 5 خوارووی تیرۆل، دەسەڵاتی بەسەر کاروباری خۆیدا دەڕوا.

دوورگەکانی فارۆ (دانیمارك): حکوومەتی دوورگەکانی فارۆ پرسەکانی کار بەڕێوە دەبات.

20- چیتا گۆنگ هیل تراکتس Chittagong Hill Tracts (بەنگلادیش): ئەنجوومەنی خێڵەکی چیتاگۆنگ هیل تراکتس دەسەڵاتی دانان و دیاریکردنی کرێ و هەقدەستی هەیە و لەمبارەوە هاووڵاتییە خێڵەکییەکانی خۆی، ئەولەویەتیان هەیە.

21- چیتا گۆنگ هیل تراکتس Chittagong Hill Tracts(بەنگلادیش): ئەنجوومەنی ناوچەیی دەسەڵاتی بەسەر تێکڕای بوارەکانی کولتووریی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی چیتاگۆنگ هیل تراکتس هەیە.

ناڤاجۆ (ویلایەتە یەکگرتووەکان) بڕوانە: نموونەی ئەنجوومەنی خێڵەکی ناڤاجو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پرسە کولتورییەکانی گەلانی ناڤاجۆوە هەیە.

پۆرتۆ ریکۆ (ئەمریکا) بڕوانە: نموونەی پۆرتۆ ریکۆ کە کۆنترۆڵی بەسەر هەموو مەسەلە کولتوورییەکاندا هەس.

ئەنتێلاسی هۆلەندی (هۆلەندا): هەر یەك لە دوورگەکان کاروباری کولتووری بە دەستە خۆیەتی.

22- لاتڤیا :بڕوانە یاسای ساڵی 1991ی لاتڤیا لەمەڕ گەشەسەندنی بێ قەیدو شەرت و مافی ئۆتۆنۆمی کولتووریی بۆ گروپە نەتەوەیی و ئیتنییەکانی لاتڤیا. دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: یاسای فنلندا لەمەڕ ئۆتۆنۆمی ئالاند، مادده 18 بڕگە 4 حکوومەتی دوورگەکانی ئالاند، لێپرسراوێتیی هەموو ئەو پرس و مەسەلانەی بەئەستۆوەیە کە پەیوەندییان بە پرسە کولتوورییەکانەوە هەیە. کەتەلۆنیا (ئیسپانیا)، بڕوانە: سیستەمی ساڵی 1980ی ئۆتۆنۆمیی کەتەلۆنیای ئیسپانی، مادده 9 بڕگە 24 تێکڕای کاروباری رۆشنبیری خراوەتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کەتەلۆنیاوە.

دوورگەکانی فارۆ (دانیمارک) بڕوانە: یاسای (Home Rule)ی ساڵی 1984ی دانمارکی :حکوومەتی فارۆ دەسەڵاتی بەسەر هەموو کاروبارە رۆشنبیرییەکانەوە هەیە.

قۆقازیا (مۆلداڤیا) بڕوانە: سیستەمی یاسای بنەڕەتی قۆقازیا، ساڵی 1984، مادده 17 بڕگە1 دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی تەواوی یاساو پلاتفۆرم و لایحەکانی رێکخستنی کولتووری، دراوەتە دەست حکوومەتی قۆقازیا و کۆمەڵە نیشتمانییەکەیەوە.

گرینلاند (دانیمارک) بڕوانە: یاسای (Home Rule)ی گرینلاند :دەسەڵاتی کاروباری رۆشنبیریی قەوارەی ئۆتۆنۆمی بە حکوومەتی خۆجێی گرینلاند دەدا.

نوناڤۆت (کەنەدا) بڕوانە: دەستووری ساڵی 1867 ی کەنەدا، مادده 91 بڕگە 1و مادده 91 بڕگە 31 نۆڤانۆت مافی بوژانەوەی کولتووری خۆی هەیە.

فەلەستین (ئیسرائیل) بڕوانە: پەیمانی ساڵی 1995ی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لەمەڕ کەناری رۆژئاوا و کەرتی غەززە، پاشکۆی 3، ئەپێندێکس 1، مادده 32 دەسەڵاتی فەلەستینی، دەسەڵاتی بەسەر کاروباری کولتووری و ئایینی لە فەلەستین دا هەیە.

خوارووی تیرۆل (ئیتالیا): نیزامی بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی، ساڵی 1972حکوومەتی خوارووی تیرۆل، کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کاروبارە کولتوورییەکاندا هەیە.

23- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: یاسای ساڵی 1991ی ئۆتۆنۆمی ئالاند، بڕگە 18(14) لێپرسراوێتیی پەروەردەو خوێندن بە ئەستۆی حکوومەتی دوورگەکانی ئالاندەوەیە.

کەتەلۆنیا (ئیسپانیا): سەیری یاسای ساڵی 1980ی ئیسپانیا لەمەڕ ئۆتۆنۆمی بکە، مادده 9 (14) دەسەڵاتی رێکخستنی پەروەردەو فێرکردن بە کەتەلۆنیا دراوە.

گرینلاند (دانیمارک): گرینلاندییەکان خۆیان کاروباری پەروەردەو خوێندن بەڕێوەدەبەن بەهۆی بەڕێوەبەری پەروەردەو خوێندن لە گرینلاند.



مایکرۆنیزیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): بەپێی دەستووری ویلایەتە فیدراڵییەکانی مایکرۆنیزیا، مادده 9 بڕگە 2حکوومەتی مایکرۆنیزیا دەسەڵاتی تەواوی بە پەرەپێدانی پەروەردەو خوێندن هەیە.

ئەنتیلاسی هۆلەندی (هۆلەندا): ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی ئەنتیلاسی هۆلەندی کاروباری پەروەردەو خوێندن و فێربوون رێکدەخات.

ئیرلەندای باکوور (شانشینیی یەکگرتووی بەریتانیا): پەروەردەو خوێندن لەلایەن پەرلەمانی ئیرلەندای باکوورەوە بەڕێوەدەبردرێ.

فەلەستین (ئیسرائیل): سەیری رێککەوتننامەی کاتی ساڵی 1995ی فەلەستینییەکان -ئیسرائیل لەبارەی کەناری رۆژئاوا و کەرتی غەززە، پاشکۆی 3، مادده 9 کاروباری پەروەردەو خوێندن و فێربوون دراوەتە دەست دەسەڵاتی فەلەستینی.

پۆرتۆ ریکۆ (ئەمریکا): پۆرتۆ ریکۆ دەسەڵاتی بەسەر پەروەردەو خوێندندا هەیە.

24- خوارووی تیرۆل (ئیتالیا): بە شێوەیەکی یاسایی کۆنترۆڵی بەسەر بیناکردنی قوتابخاناندا هەیە.

25- ئیستۆنیا :بڕوانە دەستووری ساڵی 1920ی ئیستونیا، بڕگەی :2گەرەنتی بە کەمینەکان دەدا کە مافی رێکخستن، بەڕێوبردن و سەرپەرشتیکردنی قوتابخانە گشتی و تایبەتییەکان پێڕەو بکەن.

26- هەرێمی باسک (ئیسپانیا): لەم هەرێمەدا، زمانی ناوچەیی Euskeraو Castilianی ئیسپانی زمانی رەسمین.

قۆقازیا (مۆلداڤیا): زمانی مۆلداڤی، رووسی و قۆقازی زمانی رەسمین.

لە گرینلاند (دانیمارک): هەردوو زمانی دانیمارکی و گرینلاندی زمانی رەسمین. لە مایکرۆنیزیا (ئەمریکا): وێڕای زمانی ئینگلیزی، زمانە ناوچەییەکانیش زمانی رەسمین وەک: Pohnpeian, Yapese, Kosrean, Kapingi, Ulithian, Wolian, Nukuoran. Trukses,

لە پۆرتۆ ریکۆ (ئەمریکا): هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی زمانی رەسمین.

لە تەتەرستان (رووسیای فیدراڵی): بەپێی دەستووری تەتەرستان، مادده 49، هەردوو زمانی رووسی و تەتەری، زمانی رەسمین لە تەتەرستاندا.

27- خوارووی تیرۆل (ئیتالیا): بەپێی مادده28 بڕگە 2ی سیستەمی بنەڕەتی ئۆتۆنۆمی نوێی ساڵی 1972 لە قوتابخانەکاندا، بە زمانی ئەڵمانی و ئیتاڵی و لادین و زمانە سەرەکییەکانی تر دەخوێندرێ.

28- خوارووی تیرۆل (ئیتالّیا): دەبێ مامۆستایان لە هەموو ئەو قوتابخانانەی بە زمانەکانی (ئەلمانی، ئیتالّی و لادین) دەرس دەخوێندرێ، شارەزا بن. لە قوتابخانە تایبەتییەکانیشدا پێویستە دەرس بە زمانی دایك بخوێندرێ.

29- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا) بڕوانە: قانوونی ئۆتۆنۆمی ئالاند، بڕگە 42 دەبێ تێکڕای کارمەندە ڕەسمییەکانی ئەم دوورگانە زمانی سویدی بزانن.

30- دوورگەکانی فارۆ (دانیمارك): دەکرێ هەردوو زمانی فارۆ و دانیمارکی بۆ کاروباری ڕەسمی بەکار بێت.

پۆرتۆ ریکۆ (ئەمریکا): هەم زمانی ئینگلیزی و هەم زمانی ئیسپانی لە کاروباری حکوومەتی ناوچەییدا بەکاردێن.

تەتەرستان (روسیای فیدرالّی): دەستووری تەتەرستان، مادده 62، نوێنەرە ناوچەییەکان بۆیان هەیە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە بەکاربهێنن.

31- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا): قانوونی گەرەنتیی ئالاندی فنلندیی، بڕگە36، 38، 39، دەبێ زمانی سویدی لە پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی دەولّەت کە مامەلّە لەگەلّ دوورگەکانی ئالاندا دەکەن، بەکار بێت بەو پێوەندیانەشەوە کە لە دەرەوەی دوورگەکانی ئالاندەوە دەکرێن، ئەوانەش کە زمانی سویدی نازانن، بۆیان هەیە زمانی فنلندی لەگەلّ نوێنەرانی دەولّەتدا بەکاربهێنن.

32- دوورگەکانی ئالاند (فنلندا): قانوونی فنلندی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی ئالاند، بڕگە18 (3) دوورگەکانی ئالاند دەسەلاّتی قانوونی سەبارەت بە ئالاّ و جلوبەرگی سوپایی خۆیان هەیە.

لە گرینلاند (دانیمارك): بەپێی مادده 12ی قانوونی (Home Rule)ی سالّی 1948دەتوانی ئالاّی تایبەت بەخۆی هەبێ.

لە جاموا و کشمیری (هیند)یش، ئالاّی تایبەت بەخۆیان هەیە.

مایکرۆنیزیای ئەمریکاش هەروا و بەهەمان شێوە پۆرتۆ ریکۆ و کیوبیك و تەتەرستان-یش.

33- پۆرتۆریکۆ (ئەمریکا): بڕوانە دەستووری کۆمۆنویلسی پۆرتۆریکۆ، ماددەی 6، بەشی 15 کە دەلّێ: ئەنجوومەنی یاسادانانی پۆرتۆریکۆ هەموو ئەو پرسانە وەئەستۆ دەگرێ کە پێوەندییان بە (مۆر)ەوە هەیە.

کیوبیك (کەنەدا): سەیری نمونەی کیوبیك بکە کە مۆری تایبەت بەخۆی هەیە.

تەتەرستان (روسیای فیدرالی): سەیری دەستووری تەتەرستان بکە، مادده 16 دەلّێ: تەتەرستان جلوبەرگی سەربازیی خۆی هەیە.



34- هەمان سەرچاوە.

35- US Committee on Refuges, World Refugee Survey 2002 Country Report (Iraq). Available online at: http:
Www. refuges.org/world/country/Mideast/2002/Iraq.cfm.

36- Jeffry Fleishman, Iraq Melting Pol Nears Boiling Point: in Oil-rich Kirkuk, Kurds, Arabs and Turkmens compete for a place in the new order, Los Angeles Times, Jan. 26. 2004. Part A, and p. 1.

37- یاسای بەڕێوەبردنی دەولّەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە، مادده4.

38- تێبینی: وا هزر دەکرێ کە عێراق بۆ (5) یەکە دابەش بکرێ: 1- کوردستانی عێراق 2- جەزیرە کە سێگۆشەی سوننەو بیابانی ڕۆژئاوا بگرێتەوە 3- کوفە کە نەجەف و کەربەلا بگرێتەوە 4- بەسرا 5- بەغدا و دەوروبەری.

39- ناڤارا لە هەرێمی باسك لە ئیسپانیا، نموونەی هەیئەیەکی هەرێمایەتییە لەناو چوارچێوەی یەکەیەکی فیدرالّیدا کە ئیدارەکەی لە ویلایەتی هەیئەتە فیدرالّییەکە سەربەخۆیە. شاری برکۆ BARCO لە بۆسنیاو هەرسك نە بە فیدراسیۆنی بۆسنیاو هەرسك لکێندراوەو نە بە کۆماری سربسکا بەپێی ڕێککەوتننامەی 21ی نۆڤامبەری 1995ی دایتۆن. بەلّکە کۆمیسیۆنێکی ناوبژیوانی وەکو حەکەم بۆ ساغکردنەوەی باری شاری برکۆ دامەزراوە.

40- مادده 27ی بەلّێننامەی نێودەولّەتیی لەمەڕ مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966).

41- ILO 169, Article 8.

42- ILO 169, Article 8 (2).

43- دیمانە، 3 تەمموزی 2002

44- دیمانە لەگەلّ کەسێکی نادیار "سەرچاوەیەکی نەزانراو"، 26ی ئاداری 2004.

45- Mojabah Maghssoudi, The Iraq Kurdistan: Its present and future, Iran Review: Special Issue on Iraq, 2003, p. 84.

46- Turkish Daily News, Kurdish Parties Accuse Syria of Mass Arrests, April 12. .2004

# بینا ((ستراكتور))ی دەوڵەت: فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی[*]

**بەرایی:**

زۆربەی چارەسەری كێشەو ئاریشەی ناوخۆ، دەسكاریی بینای دەوڵەت دەخوازن. لەم باسەدا لەوە دەدوێین كە داخوا چۆن رێگەكاری فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی، دەشێن گرژی و تێكهەڵچوونی ناو دەوڵەتێك خاوو هێور بكەنەوە، لەرێگەی دەسەڵاتپێدانێكی زێتر بە كۆڕو كۆمەڵە ئیتنییەكانەوە.

1- دەستاوێژەكانی دەسەڵاتگواستنەوە.

2- نمونەگەلی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم.

3- بنەمای قانوونیی ئۆتۆنۆمی.

4- لایەنە بەسوودو چاكەكانی چارەسەری ئۆتۆنۆمی.

5- بەرەنگاربوونەوەی ئۆتۆنۆمی.

6- بنیاتنانی رێكخستنی ئۆتۆنۆمی.

چەندین كێشە لەسەر دەوری دەوڵەت لە كۆمەڵدا دەخولێنەوەو بەشێوەیەكی سەرەكی، بنج و بناوانیان دەچێتەوە سەر بیناو رێكخراوی دەوڵەت. لە زۆربەی وڵاتاندا،دەوڵەت سازمانی هەرە بەهێزو زەبر بەدەستە ئەگەر لە راپەراندنی سیاسەتدا زۆر كاراو چەلەنگیش نەبێت.كۆنترۆڵی دەوڵەت وەكو باوە،



سەردەكێشێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئابووری، چونكە دەوڵەت دەستاوێژێكی سەرەكیی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەیە. لە سۆنگەی ئەمەوە ركابەرییەكی توند بۆ كۆنترۆڵكردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت لەنێوان لایەن و پێكهاتەكاندا دەكرێ. ئەم تێكۆشانەش، هۆكاری زۆر كێشەو هەرای دنیای ئەمڕۆیە. دەكرێ بەهۆی بنیاتنانەوەی دەوڵەت، یان بەهۆی سیاسەتگەلێكی رەسمیی وەك: داهات دابەشكردنەوە لە رێگەی میكانیزمگەلێكی كردەی ئەرێی، پەسندكردنی قانوونگەلی باری كەسێتی و شێوەكانی تری پلورالیزم، قانوونگەلە سازو لەباری هەڵبژاردن و شێوەكانی تری هاوبەشیپێكردن لە دەسەڵاتدا، رێگە لەم كێشەو ئاریشانە بگیرێ، یان حەلوفەسلێكیان بۆ ببیندرێتەوە. هەروابێتەوە گرفت و ئاریشەش لەو هەوڵانە دەكەونەوە كە بۆ دانانی سیمبولێك بۆ دەوڵەت بەخت دەكرێن كە رەگ و ریشەیان دەچێتەوە سەر ئایین و ئولی، یان داوونەریتی كۆمەڵەیەك (سری لانكا، مالیزیا.. تاد) و بە كۆمەڵەكانی تر نامۆن. حەلوفەسل هەر ئەوەیە: سیمبولی بێ لایەن وەكو (دیموكراسی، مافەكانی مرۆڤ و سەروەریی قانوون)، سیكیولاریزم (عەلمانیەت) وەكو جۆرە ناسیۆنالیزمێكی دەوڵەت پەسندبكرێ. لێ زۆر لە سەركردەكان پێیانوایە بڕست و توانای عەلمانیەت بۆ هاندان و پەیوەستبوونی لایەنگرو شوێنكەوتووانی خۆیان، سنووردارە. ستراتیجیای هەرە بەفەڕو بەرهەم ئەوەیە كە وەدوی رێوشوێنی دەسەڵاتپێدان بگەڕێین: وەكو فیدرالیزم، ئۆتۆنۆمی، یان هەر دەسكارییەكی دی لە بیناو ستراكتوری دەوڵەتدا.

## 1- دەستاویژەکانی دەسەڵات گواستنەوە

ڕێکخستنێکی بەربڵاوی لێکجیا بۆ دەسەڵاتپێدان هەیە. لە لێوەکۆڵینی ئەو ڕێگاکارانەدا، گرنگ ئەوەیە وەکو ڕێگەکاری دژبەیەك، یان ئەم یان ئەویان، یان وەکو ئەلتەرناتیڤی یەکدی چاویان لێ نەکرێ. جیاوازیی هەمەجۆری هەنووکەیی لە رووی ژمارە، پێناسەو سەرچاوەکانی داهات لەناو سنووری دەوڵەتێکدا وا دەخوازن هەندێ تێکەڵەی داوودەزگاو ئامراز بەکار بهێنرێ (وەکو تاقیکردنەوەکانی کەنەدا و هیندستان هێمایان بۆ دەکەن).

### 1-1: فیدرالیزم:

خاسترین ڕێکخستنی نامێ و بەنێوودەنگ، فیدرالیزمە. لەسایەی فیدرالیزمدا دەسەڵات بەیەکسانی بە تێکڕای هەرێمەکانی دەوڵەت دەدرێ و دەڤەرەکان پێوەندیی وەکیەکیان بە حکوومەتی ناوەندییەوە هەیە. هەرچەند فیدرالیزم وەکو نەریت بۆ حەلوفەسلی کێشەی ناتەبایی ئیتنی بەکارنەهاتووە، لێ نمونەی واش هەن کە فیدرالیزم لەمبارەوە کارایی خۆی سەلماندووە. بۆ نمونە، پەسندکردنی فیدرالیزم لە (سویسراو کەنەدا) پاژێکی بۆ بەیەکەوە هەڵکردنی کۆڕو کۆمەڵە پێکناکۆکەکان بووە. هەروا فیدرالیزم زۆر جاریش بۆ بڕاندنەوەی گرفتی ئیتنی لە دوای شەڕی دووەمی جیهان، بەکارهاتووە. بۆ نمونە، لە هیندستان، مالیزیا، نێجیریا. لە جێگەو پێڤاژۆی تریشدا، فیدرالیزم بەچاکی جێگەی خۆی کردیتەوە وەك لە میانەی وتووێژەکانی ئەفریقیای باشووردا کە چارەسەری دوای قۆناخی ئاپارتایدی لێ کەوتەوە.

ئەگەر داخوازی و مەبەست هەر ئەوە بێت کە گروپێك یان دووان سازبدرێنەوەو بهێندرێنەوە ژێر بار، ئەوا هەرچۆن بێ و لەوانەیە مۆدیلی فیدرالی



پێویست نەبێت. رەنگە مۆدیلی فیدرالی بەتەواوی بە دەردی داخوازییە کولتووری و داخوازییەکانی تری کۆمەڵەیەك نەخوات، کەواببوو دوو بەرسڤی ئەلتەرناتیڤ هەن: فیدرالیزمی ناجۆر، ئۆتۆنۆمی.

### 2-1: فیدرالیزمی ناجۆر Asymmetrical Federalism

لە فیدراسیۆنێکی ناجۆردا، ویلایەتێك یان زێتر، دەسەڵاتگەلێکی تایبەتی لە قەبەڵ دەکرێ کە بە ناوچەو دەڤەرەکانی تری وڵات نادرێ تا بوار و دەرفەت بۆ پاراستنی کولتوورو زمانی دانیشتوانی ویلایەتی تاین بڕەخسێ. نمونەیەکی کۆنی ئەم جۆرە مۆدیلە، هەرێمی کیوبیك-ە لە کەنەدا. نمونەیەکی هاوچەرخ تریش، باری تایبەتی کشمیر-ە لەناو فیدراسیۆنی هیندستاندا.

### 3-1: ئۆتۆنۆمی

ڕێگەکاری ئۆتۆنۆمی، کە تەنیا هەرێمێك یان زێتری ناو دەوڵەتێك، دەسەڵاتگەلێکی تایبەتی پێ بدرێ، زۆر ناسراوو بەربڵاوە. ئۆتۆنۆمی هەر بە سروشتی خۆی، نا جۆرە. نمونەگەلی ئۆتۆنۆمی: پێوەندیی دوو ئوستانی "کۆردیلیرا" و "میندناو" بە دەوڵەتی فلیپین. پێوەندیی زەنجبار بە تەنزانیا. پێوەندیی هۆنگ کۆنگ بە چین. پێوەندیی گرینلاند بە دانیمارك، پێوەندیی پۆرتریکۆ بە ئەمریکا. کۆمەڵە خودموختارەکانی ناو ئیسپانیا. پێوەندیی ئای لاند بە فینلەندا. جیاوازی هەرە گرنگ لەنێوان ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزمدا ئەوەیە کە لە فیدراسیۆندا هەرێمەکان چالاکانە بەشداری لە داوودەزگای نیشتمانی (داوودەزگای فیدرالی) و داڕشتنی سیاسەتی نیشتمانی دەکەن لەتەك ئەو دەسەڵاتانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمەکانی خۆیاندا [بەپێی دەستوور] لە قەبەڵیان کراوە. هەرچی لە ئۆتۆنۆمییە، زێتر جەخت لەسەر دەسەڵاتی دەڤەرەکە خۆی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆی دەکرێتەوە تا جەختکردن لەسەر بەشداریی لە داوودەزگای نیشتمانیدا. رەوشی زەنجبار تا رادەیەك ریزپەڕە، زەنجبار

کاریگەریی بەسەر پەرلەمانی نیشتمانی و کارراپەڕاندنی تەنزانیاوە هەیە کە لەگەڵ قەبارەکەیدا هاوڕێژە نییەو ئەمەش بێزارییەکی زۆری لەناو بەشی سەرەکیی تەنزانیادا دروستکردووە.

### 1-4: ڕێسێرڤ reserve

یەکەمجار لە ئەمریکا مشەختییە ئەوروپییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی خۆجێ و ڕەسەنی ئەو وڵاتە دەعەمەلیان هێنا. پاشان لە ئوستڕالیاو باشووری ئەفریقیا و هەندێ ناوچەی ئاسیادا بەکارهاتوون. سیاسەتی ئاپارتایدی بانتۆستانەکان شێوەیەکی مۆدێرنی ئەو ڕێسێرڤانە بوو. لەم ساڵانەی دواییدا، هەرچۆن بووە، ددان بە ئاوات و داخوازییە لەمێژینەکانی گەلانی ڕەسەن و خۆجێ نراوە لەدوتوێی گۆڕینی ئەو ڕێسێرڤانە بۆ ناوچەی خۆ-بەڕێوەبەر بەتایبەتی لە کەنەداو فلیپین. مەوداو ئاقاری ئەو ڕێسێرڤانە کە تا چەند دەکارن لە قانوونی نیشتمانی ئەم یان ئەو وڵاتەی کە تێیدا دامەزراوە، بچنە دەرێ و لەوانەیە بۆ پاراستنی پراکتیکی سیاسی و کولتووری ئەو گەلانە پێویست بێ، دەگۆڕێ.

### 1-5: دامەزراوەی خۆجێی حکوومەت

ڕێگەیەکی تری دەسەڵاتپێدان، بەهۆی دامەزراوەی خۆجێیی حکوومەتە، یان شێوەکانی تری نا مەرکەزییەت. ئەوانەیان هەم لە فیدراسیۆن و هەم لە ئۆتۆنۆمی جیان. ئەوانە بارێکی تایبەتی دەستووری، یان گەرەنتیی دەستوورییان نییە. دەشێ حکوومەتی خۆجێ ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ لە قەبەڵکردنی دەسەڵاتێکی دیاریکراو بە گروپێك، چونکە رووبەر و پێوانەی جیوگرافیی حکوومەتی خۆجێ، گچکەیە و دانیشتوانەکەی تا ڕادەیەك وێدەچێ هاوچەشن بێ.

بەپێی ئەو پەرەستاندنانەی لەمەوبەر لەبارەی فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمییەوە خرانەڕوو، ئەگەری داهاتن و هاتنەئارای ڕێکخستنی گونجاوتری خۆبەڕێوەبردن کە لەگەڵ هەلومەرجی جیا-جیاو بەربڵاو و هەڵکەوتەکاندا گونجاو بێت، ڕوو لە زێدەبوونە.



(لێرەدا، ئێمە ئۆتۆنۆمی بەمانا گشتییەکەی بەکاردەهێنین، بەو مەبەستەی کە هەموو شێوەکانی ڕێکخستن بەگوێرەی شوێن بۆ خۆبەڕێوەبردن، بگرێتەوە).

لەپاڵ ئەو جۆرە بەربڵاوانەی حکوومەتایەتیکردن بەسەر خۆدا، لەناو هەر جۆرێکیشیاندا، ڕێکخستنی جیا-جیای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان ئاستە جیا-جیاو بنیاتەکانی حکوومەتدا هەیە، ئەمە سەرباری پێوەندیی نێوان ئەم بنیاتانە لە ئاستە جیا-جیاکان و بەشینەوەی داهاتە دارایی و سەرچاوەکانی دی. هەرچەندە ئەم نەرمییە لە وتووێژدا گرنگەو سات و سەودا سانا دەکات، لێ خەتەری ئەوەش هەیە سیستەم و ڕێکخستنی ئاڵۆزی وەسای لێ بکەوێتەوە کە ببتە مایەی شیرازە تێکچوون و بێ حکوومەتی.

ڕێکخستنی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی بە زەحمەت دەکەونەگەڕو دەکەونە سەرپێ. ڕستن و چنین بەشێوەی کۆنباو کە لەوانەیە وتووێژی توندو سەختی لێ بکەوێتەوە، پرۆژە مەودا درێژەکانی چارەسەرکردن بەهۆی قورسایی یان ئاڵۆزییانەوە، لەبنەوە هەڵتەکێنێ (نمونەیەکی باشی ئەم تاقیکردنەوەیە، ڕێکخستنی ناوچەییە لە دەستووری سەربەخۆیی کینیادا، لەوەش هێروەو هاوچەرختر، سیستەمی ساڵی 1976ی حکوومەتی ئوستانەکانە لە پاپوا غینیای نوێ دا).

### 1-6: سازمانی نێونەتەوەیی هەرێمایەتی

International Regional Organization

تۆخمێکی نوێ، لێ ناڕاستەوخۆی ڕێکخراوی حکوومەتی بەگوێرەی شوێن، هاتنەئارای سازمانی نێونەتەوەیی هەرێمایەتییە. لەو سازمانانەدا، دەوڵەت سەروەریی نیشتمانیی خۆی بە پشکێك لە بەشداریکردن و دارشتنی بڕیاردا دەگۆڕێتەوە. ئەو سازمانانە خۆیان سیاسەتی گشتی، سەبارەت بە پرس و دۆزی گەورە-گەورە دادەڕێژن. لەم ڕێگەیەوە، ڕادەیەك کۆنترۆڵ بەسەر کاروباری ناوچەیەکی نیشتمانی لە دەسەڵاتی نیشتمانییەوە بۆ دەسەڵاتێکی بان-نیشتمانی دێتە ڤەگواستن. ئەم کەمکردنەوەیە لە سەروەریی نیشتمانی، ئەگەری ڕێکخستنی

نوێ لەنێوان دەوڵەت و هەرێمەکانی خۆیدا دێنێتەئارا. ئەمە قازانجی بۆ هەردوو لا تێدایە (دەوڵەت و هەرێمەکانی). دەوڵەت هەست دەکات لە ستراکتورە فرە-چینەکانی سیاسەتدانان و کارهەڵسوڕاندندا، هەرێمەکانی کەمتر هەڕەشەی لێ دەکەن. هەرێمیش بە دڵ و داوتر، سەروەریی نیشتمانی پەسند دەکا کە لەوانەیە ببتە کلیل بۆ بەشداریکردنی لە ڕێکخستنی بەربلاوتردا.

ئەو سەمت و ئاراستەیە لە یەکێتیی ئەورووپیدا (EC)، زۆر پەرەی ستاندووەو یاریدەی خاوکردنەوەی ئەو گرژییە دەدا کە جاران لەنێوان دەوڵەت و ئەو هەرێمە سەرسنووریانەی خۆی کە لەسەر جیابوونەوە ڕشتبوون، هەبوو. هەر بۆ نموونە، یەکێتیی ئەورووپی کاری بۆ ڕێکخستنەوەیەکی بەسوود بەگوێرەی شوێن سانا کردووە سەبارەت بە سیاسەت، کاربەڕێوەبردن و ڕاوێژ بەیەکدیکردن لەنێوان هەردوو پارچەی ئێرلەندا کە هەریەکەیان لەژێر سەروەریی دەوڵەتێکی جیا دایە لە کاتێکدا کە پێشنیازی تازە بۆ ئاشتی دەخرێتەڕوو. نموونەیەکی تر، ئەو هەوڵ و کۆششەیە کە بۆ هێنانەئارای ڕێکخستنێکی نۆردیکی یەکگرتووانەی خەڵکی سەئامی بە توخمێکی بنەڕەتی ئۆتۆمیشەوە، بەبێ گوێدانە ئەو سەروەرییە (دەوڵەت)ەی لەسایەیدا دەژین.

## 2- نموونەی فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی

هەرچەند وەکو باوە، فیدرالیزم بۆ ساتوسەودای دۆزی ئیتنی بەکارنەهاتووە، لێ چەندین نموونە نیشانی دەدەن کە چۆن ئامرازگەلی فیدرالی، یان ئۆتۆنۆمی یاریدەی خاوبوونەوەو تەنانەت چارەسەری ئاریشەی ناوخۆییان داوە، یان بناخەیەکیان بۆ پێکەوەژیانی بەئاشتییانەی کۆڕوکۆمەڵە پێکناکۆکەکان داناوە. ئای لاند، نموونەیەکی سەرکەوتووی ئۆتۆنۆمییە کە دانیشتوانی سوێدی زمانی ئەو هەرێمە لەژێر سەروەریی فینلەندا لە ساڵی 1921-ەوە بە ڕادەیەکی گەورەی



ئۆتۆنۆمی کولتووری و سیاسیی خۆیان شادبوون. هەروا ئۆتۆنۆمی، گرژی و ناخۆشی لەنێوان خەڵکی ئیتالی زمان و ئەڵمانی زمانی لە South Tyrol لە ئیتالیا خاوکردیتەوە. هەر لەم ڕێگەیەوە مامەڵە لەتەك داخوازیگەلێکی ئیتنی لە هیندستان کراوەو لە ساڵی 1956-ەوە دەست بە ڕێکخستنەوەی ویلایەتەکان بەپێی زمان و دابەشبەندیی هەردوو ویلایەتی پەنجاب و بۆمبای کرایەوە، ئاسام و ناگلاندو میزۆلاند-یش بوون بە ویلایەت.

هەروا لە ئیسپانیا، پاش لادانی فرانکۆ، بەهۆی ماددەیەکی دەستووری 1978 بۆ دامەزراندنی "کۆمیونیتەی خودموختار"، بەرادەیەکی زۆر گەورە ڤەگواستن بۆ دیموکراسی سانا بووە. ئەوژی لە ڕێگەی بەخشینی ڕێژەیەکی زۆر لە حکوومایەتیکردن بەسەر خۆدا بە کۆمیونیتە لەمێژینەکانی وەك: باسك و کەتەلۆنەکان... ئیدی ئاوا فشار بۆ جیابوونەوەو چالاکی تیرۆریستی کەمبووەوە. لە فلیپین، چالاکی جوداخوازانەی چارەکە سەدەیەکی موسڵمانەکان میندناو بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1996ی نێوان بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی مۆرۆ MNLF و حکوومەت، پەکی خرا. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەبوایە ئەنجوومەنێك بەرابەرایەتیی سەرۆکی MNLF بۆ سەرپەرشتیی پەرەپێدانی 14 ئوستانەکەی دورگەی میندناوی خواروو دابمەزرابایە (MNLF ئەو دورگەیە بە زێدو نیشتمانیی نەریتیی موسڵمانەکانی ئەوێ دادەنێت). و پاش سێ ساڵ، هەم ڕاپرسییەکی گشتی (ریفراندەم) و هەم ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بەدوادا بهاتبایە.

نموونەیەکی نائاشناتر لەوە، خوارووی پاسیڤیك-ە South Pacific کە لە سایەیدا ئۆتۆنۆمی هاوکار بووە کێشەو ئاریشەکانی ئەوێ جۆرە حەلوفەسلێکیان بۆ بکرێ (بەشێوەیەکی سەرەکیی ناتەباییەکانی نێوان پاپوا گینیای نوێ و بواگینڤیل و داخوازییەکانی فرانکفۆن لە ڤانواتۆ).

شێوەیەکی تازەی ئۆتۆنۆمی-یش لەو ڕێوشوێنەدا بەرجەستە بووە کە لەسایەیدا هۆنگ کۆنگ لە تەمووزی 1997دا گەڕایەوە ژێر سەروەریی دەوڵەتی چین (دینگ زیاوینگ پێیوایە ئەم شێوە ڕێکخستنە لەباری دا هەیە زۆر کێشەو هەرای دنیای ئەمڕۆ چارەسەر بکات). تازەیی ئەم شێوە ڕێکخستنە لەوە دایە کە دوو سیستەمی ئابووری و سیاسی زۆر لێکجودا و بگرە لە زۆر ڕووەوە پێکناکۆك و دژ، لەناو چوارچێوەی یەك دەوڵەتی سەروەردا بەیەکەوە هەڵبکەن. بەریتانیا لەسەر بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دان بە هۆنگ کۆنگ کە لە ڕاگەیاندنی هاوبەشی ساڵی 1984ی نێوان بەریتانیا و چین داهاتبوو، خۆی بۆ گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ بۆ ناو قەوارەی چین سازکرد. ماکوا Macau یش لە ساڵی 1999دا لەسەر بنەمای هەمان پرەنسیپ (دوو سیستەمی ئابووری و سیاسی لەناو یەك دەوڵەتدا) گەڕایەوە ناو چین.

لەوەش گرنگتر چین پێوەیە تایوان-یش هەر بە ڕێگەی (یەك وڵات، دوو سیستەم) بهێنێتەوە ناو نیشتمانی دایك، ئەمەش ڕێی تێ دەچێ، ئەگەر وتووێژێکی جیددی لەنێوان هەردوو لادا بەڕێوەبچێت و دۆزی سەرەکیی وتووێژەکەش لەسەر مەوداو مۆدێلی ئەو ئۆتۆنۆمییە بێت کە بە تایوان دەدرێ. هەنووکە لە زۆر جێگەی تری دنیادا، هەوڵ و کۆشش بەخت دەکرێ بۆ بەلاداخستنی چەندین کێشەو هەرای ناوەکی لە ڕێگەی ڕێکخستنگەلی ئۆتۆنۆمییەوە وەکو: سری لانکا- تامیلەکان، ئەندەنووسیاو تیموری ڕۆژهەڵات[1]، سوودان و باشووری سوودان[2] ، جۆرجیا-ئەبخازیا. هەروا ڕەوشێکی تر کە هێشتا نەگەیشتۆتە لێواری کێشەو تەقینەوە، ئەوژی پێوەندیی ئایندەیی نێوان ئەمریکاو پۆرتۆریکۆ-یە.

ئۆتۆنۆمی، زۆربەی جاران داخوازیی کۆڕو کۆمەڵی ناڕازی بووە: مشەختە سپیپێستەکان و هۆزە کەمینەکان لە کینیا، کینگدەمەکان لە ئۆگەندا، دوورگەکان لە پاپوا گینیای نوێ، تامیلەکان لە سری لانکا و ئیدی ئاوا.. لێ هەندێ جاریش حکوومەتی ناوەندی لەلای خۆیەوە دەستپێشخەری دەکاو وەکو



ڕێگەیەك بۆ خۆپاراستن و بەرگرتن لە جیابوونەوە یان کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری، ئۆتۆنۆمی دەدا. بۆ نمونە، لە فیلیپین، ئۆتۆنۆمی بە میندناناو دراوە. هەروا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان، فەلەستین، ئیسپانیا و بەم دواییەش لە سری لانکا، شتی لەمبابەتە کراوە. بۆ نمونە، کۆنگرەی نیشتمانیی هیند خۆی سازو ئامادەکردبوو، پلەیەکی بەرزی ئۆتۆنۆمی بدا ئەگەر کۆمەڵەی ئیسلامی بە هیندستانێکی یەکگرتوو قایل بوایە، لێ کاتێ بەریتانیا ناوبڕەیەکی لەنێوان هەردوولادا هەڵچنی، کۆنگرەی نیشتمانی سەرکەوتووانە بانگەشەی بۆ حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێزو ویلایاتی لاواز دەستپێکرد.

## 3- بنەمای قانوونیی ئۆتۆنۆمی:

وێڕای ئەوەی کە حەلوفەسلی ئۆتۆنۆمی زۆر بووە، لێ هێشتا بنەمای قانوونیی ئۆتۆنۆمی خویاو ڕوون نییە. ئۆتۆنۆمی دوو بناخەی پرەنسیپیی هەس:

### 3-1: کۆمافی کەمینە

لەم ساڵانەی دواییدا، نەتەوە یەکگرتووەکان پەرۆشبوونێکی زێتری دەرهەق بە کۆمافی کەمینەکان لەخۆ نیشانداوەو جاڕنامەیەکی لەمەڕ کۆمافی کەمینەکان پەسندکردووە[3] کە لە مادده (27)ی بەڵێنامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تێپەڕاندووە[4]. بێ لەوەش کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ/ نەتەوە یەکگرتووەکان، هەندێ ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ ماددەی 27 کردووە کە ددان بەوەدا دەنێن ڕاددەیەك ئۆتۆنۆمی بۆ پاراستنی کۆمافی کولتووریی کەمینەکان پێویستە. هەروا کۆمیتەی ناوبراو لایەنی تریش هەوڵ و کۆششیان بەختکردووە کە مافی چارەی خۆنووسین لە هەر جێیەك پێوەندیی بەو مافەوە هەبێ، وا ڕاڤە بکەن کە مانای "ئۆتۆنۆمی ناوەکی" بدات لە جیاتی جیابوونەوە. ڕێبازی

OSCE (لە چەندین ڕاگەیاندندا و بەکردەوەش هەروا بووە) سیستەمگەلی ئۆتۆنۆمی بە خاستر دەزانێ و بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوەش سەبارەت بە دانان بە جیابوونەوەی کۆمارەکانی یۆگۆسلاڤیای جاران، پاراستنی تێرو پڕی لەمجۆرەی کەمینەکانی تێدا بووە. ڕێککەوتننامەی تازەش لەمەڕ گەلانی رەسەن و هۆزەکی لە وڵاتانی سەربەخۆ (1989)[5]، گەلاڵەنامەی جاڕی مافەکانی گەلانی رەسەن و خۆجێ، ڕژێمی ئۆتۆنۆمی بە پەسند دەزانن.

### 2-3: چارەی خۆنووسین Self-determination

ئەم چەمکە خۆی لە خۆیدا چەمکێکی دژوێستە. لێ چارەی خۆنووسین زێتر بە مەرجی ناوەکیی، ڕێکخستنی دیموکراتیانەی دەوڵەت شیکراوەتەوەو مانای لێکدراوەتەوە تا بەباری جیابوونەوە، یان سەربەخۆبوون. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەر لە چەند ساڵێك ئۆتۆنۆمی وەکو بەیانکردنی چارەی خۆنووسین لێکداوەتەوە. خەریکبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و سازمانی تری نێودەوڵەتی بە چارەسەری کێشەو ئاریشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتان، یارمەتی ئەوەی داوە چەمکی چارەی خۆنووسین گەشەی زێتر بکات، کە لە هەلومەرجی گونجاو و لەباردا ئۆتۆنۆمی بگرێتە خۆ [6].

ئەم تێڕوانینە بۆ چارەی خۆنووسین لە هەندێ دەستووری نیشتیمانیی وڵاتاندا پشتەوانی لێ کراوە، لێ لەم قۆناخەدا تەنیا ئەمەیان سەمەت و ئاراستەیەکەو هیچی تر. زۆربەی جاران بنەما دەستوورییەکانی ئۆتۆنۆمی لە ماوەگەلی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی- سیاسیدا پەسندکراون، لە کاودانێکدا کە ڕژێمێکی ئۆتۆکراتی لەسەرکار لابراوە (لە دەمی وادا ئۆتۆنۆمی ڕەواییەکی بەرچاوو بەهەند وەرگیراوی دەبێ) یان قەیرانەکە بووە بە کێشەی نێوان زۆرینەو کەمینە، یان فشارێکی توندی نێونەتەوەیی لە ئارادا هەبووە. لە سۆنگەی ئەم هۆکارانەوە، هەنووکە چەندین دەستوور دان بە هەندێ مافی حکوومەتایەتیکردن بەسەرخۆدا دەنێن[7]، وەکو: فلیپین (سەبارەت بە هەردوو ئۆستان، یەکەمیان بۆ گەلێکی



رەسەن و ئەوی تریان بۆ کەمینەیەکی ئایینی)، ئیسپانیا (ئۆتۆنۆمی بۆ سێ هەرێم دابینکردووە و داوای لەوانی تریش کردووە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی وتووێژ لەگەڵ ناوەندا بکەن)، پاپوا گینیای نوێ (ڕێگەی بە ئوستانەکانی خۆی داوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا سەبارەت بە دەسەڵاتپێدان بکەونە وتووێژەوە)، فیجی (ددانی بە مافی گەلێکی رەسەن ناوە، کە لە ئاستی ناوچەیی و خۆجێیدا ئیدارەی خۆی هەبێ)، دواهەمینیان ئەتیوبیایە (کە مافی بە نەتەوەو هاووڵاتیان و گەلانی خۆی داوە کە داوای دەسەڵاتگەلێکی فرەی وەکو ویلایات لە چوارچێوەی فیدراسیۆندا بە مافی جیابوونەوەشەوە بکەن). دەستووری چین کۆمافی کەمینە ئیتنییەکانی چەسپاندووە بۆ حکوومەتایەتیکردن بەسەرخۆدا، لێ بەکردەوە باڵادەستیی حزبی شیوعی، ئۆتۆنۆمی لە کۆماری چین بەتاڵ و بنکۆڵ کردووە. لە نموونەی دیکەدا، دەستوور ڕێگە دەدا وەلێ ناخوازێت ناوچەی ئۆتۆنۆم دابمەزرێ، لە لایەکی ترەوە، دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە هەندێ دەستوور پانتاییەك بۆ ئۆتۆنۆمی ناهێڵنەوە، یان ئاقارەکەی بەرتەسك دەکەنەوە لە ڕێگەی داوای لە بابەتی دەبێ دەوڵەوت "یەکگرتوو" بێت یان دەربڕین و دەستەواژەی ترەوە[8]، بەندو بڕگەکانی قانوونی وەسا، ئاستەنگی بۆ پەسندکردن، یان جێبەجێکردنی دەسەڵاتپێدانێکی بەمانا دروستکردووە لە وڵاتانی وەك: سری لانکا، پاپوا گینیای نوێ و چین.

بوون، یان نەبوونی مافێك لە قانوونی نێودەوڵەتی، یان قانوونی نیشتیمانی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی، تەبای ئەو بەندە قانوونیانەی مەوداکانی ئۆتۆنۆمی بەرتەسك دەکەنەوە، دەتوانێ دەورێکی گرنگ لە بەڕێوەچوونی وتووێژ و سازشی ڕێژەیی لەنێوان هەڵوێستی لایەنەکاندا بگێڕێ بەتایبەتی لەو کاتانەی ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی، یان تەرەفێکی سێیەم ئامادەی وتووێژەکان بێت.

## 4- لایەنە بەسوودەکانی چارەسەرگەلی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم

میکانیزمەکانی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم چەند لایەنێکی باش و بەسوودیان هەیە:

**4-1: راددەیەك لە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ کەمینەکان دەستەبەر دەکات:**

کەمینەکان دەشێن لەم رێگەیەوە بە دەسەڵاتگەلێکی راپەراندن و یاسادانان و دارایی شاد بن، نەك تەنیا نوێنەرایەتیکردنێکی پەرلەمەنتاری و پشکێکی کەم لە سیاسەت دارشتن و دابەشینەوەی سەرچاوەو داهاتەکان.

**4-2: ئەگەرو شیان و بواری باشتر بۆ پاراستنی کولتووری کەمینەکان دەرەخسێنێ:**

توانا بە کەمینەکان دەبەخشێ کە بڕیاری گرنگ بۆ خۆیان بدەن و بگرە هەمیشە ئەگەری خاستر بۆ پاراستنی کولتوورییان فەراهەم دەکات.

**4-3: لەوانەیە پەکی داخوازی جیابوونەوە بخات، یان بەکۆتای بهێنێ:**

نەرمیی ئامرازی فیدرالی بەهۆی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و بنیاتنانی دامەزراوەکان، دەرفەت بۆ جۆر و تەرزی جیا-جیای بەیەکەوە سازان و بەیەکەوە هەڵکردن دەکاتەوە، هەروا لە شێوەکانی تری پاراستنی کەمینەکان دروسترە بۆ سات و سەوداو سازش.

**4-4: دەشێ یەکخستنی سیاسیی کەمینەگەلی ئیتنی زێدە بکات:**

ئۆتۆنۆمی، هێزو تواناو برست بە دەوڵەت دەدا، دەرفەت بە گەلان دەدا کە لە سیستەمی سیاسیدا پێشبڕکێ بکەن، ئەم کێبەرکێیە سیاسییە دەشێ بە دەوری خۆیەوە جەخت لەسەر جیاوازیی لەناو گروپەکاندا بکاتەوەو سەرەنجام



حزبگەلی ئیتنی توندوتۆڵی جاران هەڵبوەشێنەوە. زێدەبوونی حزبەکان وا دەکات هەڤاڵبەندیی حزبە هاوشێوە ئیتنییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا بێتەکایەوە (نمونەی نایجیریا و هیند). رێکخستنی ناجۆری هەرێمایەتی دنەی داخوازیی کۆڕو کۆمەڵی دیکە دەدا کە رێکخستنی هاوشێوە بۆ خۆیان بخوازن (وەکو هیند، نایجیریا، پاپوا گینیای نوێ). بڵاوبوونەوەو زێدەبوونی ئەو رێکخستنانە، روانگەکانی یەکێتیی نیشتیمانی بەهێز دەکەن وەك کە دەسەڵاتی دەوڵەت بڵاودەکەنەوە و دەسەڵاتەکانی ناوەندی وا لێ دەکەن بەلانس لەنێوان بەرژەوەندە هەرێمایەتی و نیشتمانییەکان رابگرێ.

**4-5: دەشێ بەشداری لە بەدەستووریکردندا بکا:**

رێکخستنی ئۆتۆنۆمی، هەروا میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی، لەسەر حوکمی قانوون، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، دەوری دامەزراوە سەربەخۆییەکان دەکەنەوە. بەدامەزراوەکردنی ئۆتۆنۆمی بەتایبەتی ئەو رێوشوێنانەی پێوەندیی نێوان ناوەند و هەرێم رێکدەخەن، دەبێ لەسەر بنەمای وتووێژ، رێزگرتنی یەکدی و سات و سەوداو سازش دابمەزرێ و هەر ئاواش ئەو چلۆنایەتییە موکم و بەهێز دەبێت.

**4-6: ئۆتۆنۆمی، بەبێ چەسپاندنی ئیتنیگەری، رێگەو دەرفەت بۆ حەلوفەسلی گرفتی ئیتنی دەکاتەوە:**

لە سۆنگەی ئەمەوە ئۆتۆنۆمی جەخت لەسەر پێناسەی هەرێم وەکو قەوارەیەکی جیوگرافی نەك قەوارەیەکی ئیتنی دەکاتەوە. هەرچۆنێك بێت لەوانەیە هەندێ شێوەو فۆرمی ئۆتۆنۆمی لەڕاستیدا ئیتنیگەری بچەسپێنن، وەکو لەباری (ریسێرڤ)ەکاندا وایەو تیایدا رەهەندی کولتووری و پێویستیی پاراستنی ناسنامەی ئەو گروپە، لەوانەیە سنوور بەڕووی بێگانان قایم و توند

بکات. پاساوێکی گرنگ سەبارەت بە ئامرازی ئۆتۆنۆمی ئەوەیە کە ئەم ئامرازە تەنیا ئەو کاتە دەشێ بکەوێتە کار کە کەمینەیەك لەباری جیوگرافییەوە بەسەریەکەوە بژی و لە پانتاییەکدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی بێت. چارەسەرێك بۆ گردنەبوونەوەی جیوگرافی ئەوەیە: جۆرە فیدرالیزمێکی یەکگرتووی هاوبەش کە دەشێ فۆرمی جیای هەبێ، لە عەمەل بێ —سیستەمی لەعەمەلهاتووی میللەت لە ئیمپراتۆریای عوسمانلی، سیستەمی فیجی سەبارەت بە ئیدارەی خۆجێی، سیستەمی هیندی سەبارەت بە قانوونگەلی باری کەسێتی، یەکگرتن لە قوبرس لەساتەوەختی سەربەخۆیی و ئێستاش لە بەلجیکا.

### 7-4: تەنانەت ئەگەر حەلوفەسلی ئۆتۆنۆمی هەندەش نەخایەنێ، کۆتاییهێنان بەکاری توندوتیژی فەزایەك بۆ حەسانەوەو پشوودان فەراهەم دەکات:

گرنگە ددان بەوە بنرێ کە تەنانەت ئەگەر رێککەوتننامەش دەربارەی ئۆتۆنۆمی مۆربکرێ، ئەوا کۆتایی بە گرژی و کاری توندوتیژی و شەڕوشۆڕ بەو مانایە نییە  کە ئەو گرژییە سەرهەڵناداتەوە؟ یان ئەم لایەن یان ئەوی دی لە ئۆتۆنۆمی هەڵناگەڕێتەوە یان پێناسەی ناکاتەوە. ئەمە لە چەند وڵاتێکی ئەفریقیادا روویداوە کە هەندێ رادەی ئۆتۆنۆمی ناوچەییان تێدا هەبووە وەکو مەرجێکی پێشوەختەی سەربەخۆبوون (وەکو ئۆگەندا، کینیا و گینیا). زور نمونەی دیکە هەن کە رێکخستنی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی، تەمەنی درێژ نەبووەو هەندەی نەبردووە، شەڕو شۆر بەرپا بووەتەوە (وەکو لە سوودان، ئەریتریا و دیفاکتۆی کەشمیر). بەهەرحاڵ تەنانەت لەهەر جێگەیەکیشدا ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی بەردەوام نەبووبێت یان گرژی سەری هەڵدابێتەوە، لێ راگرتنی کاری دژمنکاری، بۆ ماوەیەك فەزایەکی بۆ حەسانەوە هێناوەتەئاراو یاریدەی ئەوەی داوە کە کێشەو خاڵەکانی جیاوازی پێناسەیان بۆ بکرێتەوەو تەنانەت چوارچێوەیەك بۆ



وتووێژەکان لە ئایندەدا بڕەخسێنێ[9]. دوا خاڵ دەشێ گرنگ بێ چونکە گرفتی دووبارەبۆوە لە زۆر کێشەو گرفتی ئیتنیدا بریتییە لە دۆزینەوەی چوارچێوەیەك و تەنانەت هەندێ جار دۆزینەوەی لایەنەکانی وتووێژیش (وەکو سری لانکا، پەنجاب، یان کشمیر، هیند هەندێ لە گرفتە ئیتنییەکانی خۆی لە رێگەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئوستانەکان لە "ناوچەگەلی دۆزەخیدا" بەر لەوەی وتووێژ دەست پێبکات، خاوکردووەتەوە). ئەو لایەنەی لە هەڵبژاردن دەباتەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەل رێگەی پێداوە بەناوی ئەوەوە بکەوێتە گفتوگۆ (وەکو لە هەڵبژاردنی 1996ی کشمیردا روویدا). هەندێ جار تەنیا بەڵێندان بە ئۆتۆنۆمی گرژیی خاودەکاتەوە وەکو تاقیکردنەوەی باشووری ئەفریقیا.

## 5- بەرەنگاربوونەوەی فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی

سەرباری ئەو رووە باش و بەسوودە ئاشکرایانە، پەسندکردنی ئۆتۆنۆمی لە هەندێ رەوش و باری ناوەکیدا، بەتایبەتی لەباری کێشەو هەرای ئیتنیدا، بەرەنگاری دەکرێ. چونکە ئۆتۆنۆمی بریتییە لە بنیاتنانەوەی دەوڵەت و دابەشینەوەی سەرچاوەکان کە بەرژەوەندە وەدەستهاتووەکان سەراوژێر دەکا. دەرەنجامەکان بریتین لە:

### 1-5: سەرکردەکانی زۆرینە لەوە دەترسن پشتەوانی دەنگدەران لەدەست بدەن:

سەرکردەکانی کۆمەڵەی زۆرینە لەوانەیە دژی دانی ئۆتۆنۆمی بە هەرێم و دەڤەری کەمینە بوەستنەوە، نەبادا پشتەوانیی دەنگدەران لەناو کۆمەڵەی خۆیاندا لەدەست بدەن (ئەم گرفتە سری لانکای بێ سەروبەر کردووە). سەرکردەکانی کۆمەڵەی زۆرینە، تەنانەت ئەگەر مەیلیشیان بەلای ئۆتۆنۆمیدا هەبێ، بڕوایان بەخۆ نییە کە بکارن رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکەن،

بەتایبەتی ئەگەر پێویستیی بە دەسکاریکردنی دەستوور، یان ریفراندەم، یان دەرکردنی یاسایەکی تازە هەبێت.

### 5-2: ترسان لەوەی کە ئۆتۆنۆمی ببێتە هۆکار یان قزگە بۆ جیابوونەوە

کاتێ ئەو گروپەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکا، هاوسێی دەوڵەتێکی دراوسێی نزیك بێت و رایەڵکەو پێوەندیی خزمایەتی و نزیکایەتی لەگەڵیدا هەبێ، ئەوا ئەو ترسە وەکو گرفتێکی جیددی چاوی لێدەکرێ. هەروا ئەو ئۆتۆنۆمییەی بە کەمینەیەك لە زێدی خۆی دەدرێ لەوانەیە بەدەوری خۆی کەمینەی تازەی لێبکەوێتەوە (وەکو باری موسڵمانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سری لانکا کە پڵنگەکانی تامیل دەیانەوێ کۆنترۆڵی بکەن، یان کریستیانەکانی دورگەی میندناو لە فلیپین، یان ترس و بیمی ویلایەتە بۆرینۆییەکانی مالیزیایی کە زۆر لە ئەندەنووسیاوە نزیکن). ئەم رەوشە وا دەکات کە کەمینەی تازەش داخوازی ئۆتۆنۆمی بکەن و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی زیاتری دەوڵەتی لێبکەوێتەوە. هەروا نیگەرانیی ئەوەش هەیە کە بەها بنەڕەتییەکانی دەوڵەت سات و سەودایان لەسەر بکرێ لەبەرانبەر داننان بە بەها ئایینی و کلتوورییە جیاوازەکان لە دوتوێی ئۆتۆنۆمی. هەروا ئەمە پێوەندیی بە کارایی ئیداری و ئابووریشەوە هەیە کە زۆر جاران دەبیندرێ بەهۆی رێکخستنگەلی ئاڵۆزو پاڵۆزی ئۆتۆنۆمییەوە، دەوڵەت بکەوێتە بەر مەترسی.

### 5-3: ئەنجامە پێشبینی نەکراوەکان:

پەسندکردنی ئامرازی فیدرالی رەوشی پێوەندییە ئیتنییەکان دەگۆڕێ. رێکخستنگەلی هەرێمایەتی یان دامەزراوەیی، تەواوو بێگەرد بەکەڵك و هاوکار نییە. تەنیا بە رەخساندنی چوارچێوەیەك بۆ پێوەندیی نێو- ئیتنی، کار لەم پێوەندییانە دەکەن و پێکیدەهێنن. لەوانەیە شێوەگەلی نوێی ناسنامە



بەدیبهێنن، یان ناسنامە کۆنەکان موکم و پتەو بکەن. لەوانەیە توانـاو شیانی گروپێکی تایبەت بەهێزبکەن یان کەم بکەنەوە بۆ دادۆشینی سەرچاوەکانی دەوڵەت. رەنگە شێوەی نوێی رکابەری و کێشەو هەرا بنێنەوە.

### 5-4: لەوانەیە کۆمەڵەکانی تریش بۆ ئۆتۆنۆمی سازو جەلد بکەن:

هاوپێوەند لەگەڵ خاڵی پێشتر، ترسی ئەوەش هەیە کە ئەگەر ئۆتۆنۆمی لەسەر بنەمای ئیتنی پاساو بدرێتەوە، ئەو بنەمایانەی کە پاساو بۆ دابینکردنی ئۆتۆنۆمی دێننەوە (ناسنامە، هەستکردن بەجیاکاری، ستەم و نادادپەروەری) لەوانەیە هاوتەریب بێ لەگەڵ هێڵە ئیتنییەکاندا، کۆمەڵەی تریش سازو جەلد بکەن. لەڕاستیدا ئەمە سازکردنی کۆمەڵەی ئیتنی ترە.

### 5-5: رێکخستنی ئۆتۆنۆمی بۆ بەیەکەوەهەڵکردنی ئیتنی دادیان نەداوە:

دژایەتی ئۆتۆنۆمی لەوانەیە بەهێز ببێ، بەو مانایەی کە ئۆتۆنۆمی ئەگەر مەبەست مەبەستی بەیەکەوەهەڵکردنی ئیتنی بێ، سوودێکی نەبووە. چەندین نمونەی سەرنەکەوتووی ئۆتۆنۆمی هەن، وازهێنان لە ئۆتۆنۆمی[10]، هەوڵدان و تەنانەت جیابوونەوەی سەرکەوتووانە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی (هەروەکو لە هەڵوەشاندنەوەی یۆگۆسلاڤیادا بینرا). تەنانەت ئەگەر ئاکامی کارەساتهێنی واش هزر نەکرێ، دژایەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە کولتووری سیاسیی هاوپێوەند نامۆیە بە دابونەریتی راوێژکردن و سات و سەودا کە بۆ سەرکەوتن پێویستن.

## 6- بنیاتنانی رێکخستنی ئۆتۆنۆمی

ئەوانە هەموو بەهای رەوان، بەڵام ئەو ئەنجامەیان پێ دیکتە ناکەن کە نابێ ئۆتۆنۆمی مامەڵە لەتەك کێشەو هەرای ئیتنی بکات. چ شتێك بۆ بنیاتنانی رێکخستنی ئۆتۆنۆمی تا لایەنە باشەکانی زێدە بکرێ و لایەنە

خراپەکانی کەم بکرێتەوە؟ لە خوارەوە هەندێ ئیعتوبارات دەخەینە روو کە سەروکاریان لەگەڵ نەخشەسازیی ئۆتۆنۆمیدا هەیە. بەر لەوە، ئێمە سێ خاڵی سەرەکی دەهێنینەوە: یەکەم چەمکی ئۆتۆنۆمی خۆی لە خۆیدا چەمکێکی گرفتاوییە، چونکە کۆدەنگێکی خویا لەسەر ئەم پێوەرە نییە. دووەم، زەحمەتە فاکتەرە گشتییەکان کە کار لە کردەی ئۆتۆنۆمی دەکەن (وەکو بێ بڕەوی ئابووری) لەو فاکتەرانەی کە تایبەتن بە ئۆتۆنۆمی، دابڕێن. سێیەم، ئۆتۆنۆمی پرۆسەیەکە و چار نییە لە رەوتی کارکردنی خۆیدا دەگۆڕێ، تەنانەت بە ئامانجە ئەسڵییەکانی ئۆتۆنۆمیشەوە.

## ڕێگەکارەکانی ڕێکخستنی ئۆتۆنۆمی ئەوانەن:

### 1-6: دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بە یەکجار، یان قۆناخ بە قۆناخ و لە دوتوێی پرۆسەیەکی ووتوێژئاسادا:

دەبێ ئەوە یەکلا بکرێتەوە کە داخوا وردو درشتی سیستەمی ئۆتۆنۆمی بەیەکجارەکی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، یان لە ڕێگەی زنجیرەیەك وتووێژی قۆناخ بە قۆناخەوە، ئۆتۆنۆمی دابمەزرێ؟ لێ زەوینەی ناوەڕاست ئەوەیە کە پرەنسیپە هەراوەکانی ئۆتۆنۆمی ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. هەر یەك لەم ڕێگەکارانە هەم رووی باش و هەم رووی خراپی هەیەو گەشبینترین بڕیار پشت بە هەلومەرجی کۆنکرێت و هەستپێکراو دەبەستێ. وا بەباش دەزاندرێ کە لە دەسپێکەوە بەلایەنی کەمەوە لەسەر بنەما ئەساسییەکان ڕێککەوتن بکرێ. بەپێی تەجرەبەی وڵاتان، ئەو کێشانەی چارەسەرکردنیان بۆ ئاینەدە جێهێڵدراوە، ناکرێ بە هەڵەشەیی و پەلە-پەل وتووێژیان لەسەر بکرێ، چونکە لەوانەیە سەرلەبەری وتووێژەکە بێ ئاکام بێ و هەڵبوەشێتەوە. لەلایەکەوە، ئەوانەی دژی ئۆتۆنۆمین، دەرفەتی خۆکۆکردنەوەیان بۆ دەڕەخسێ. لەسەرێکی دیکەوە، ئەو



ڕێککەوتننانەی بەپەلە-پەل کراون و ئەلتەرناتیڤەکان باش هەڵنەسەنگێنراون، لەوانەیە کەلێن و کەموکوڕییان تێ بکەوێ.

لەم پێڤاژۆیەدا، دەبێ هەندێ میکانیزم دابندرێ بۆ ئەوەی ڕێوشوێنەکانی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکرێن. دادگەکان دەتوانن دەورێکی گرنگ بگێڕن سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ڕێوشوێنی پێویست دانراون و جێبەجێکراون یان نا؟ هەروا دەکرێ دەستەی سیاسی یان ئیداری بۆ چاودێریی پرۆسەی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی دابندرێ، جاری واش هەیە چاودێریی نێودەوڵەتی، یان مەرجی تر بۆ دەستەبەری جێبەجێکردن پێویستە (وەکو ڕێککەوتنی دایتۆن-ی نێوان سرب و موسڵمان و کرواتەکانی بۆسنیا لە ساڵی 1995، یان ڕێککەوتنی نێوان کەمبۆدییەکان لە پاریس).

### 2-6: گرنگیی کارڕاییەکان

ئەگەر ئۆتۆنۆمی بەبێ پرس و راوی تەواو دابمەزرێ، لەوانەیە ناتەبایی تێبکەوێ و رەوایی تێدا نەبێ. زۆر سیستەمی ئۆتۆنۆمی وەکو بەشێك لە حەلوفەسلی دەستووری لەسەروبەری سەربەخۆییدا سەپێندراوەو پاشان بە فیتەی کۆمەڵەی زۆرینە ناوەڕۆکیان ڤالا کردووە. هەروا ئۆتۆنۆمی دەشێ کار لە پێوەندییەکانی ناوچە بکات و لەوانەیە کۆڕوکۆمەڵی گرنگ بەرەنگاری ببنەوە. لەباری پرەنسیپەوە وا باشە پرس و رای تێرتەسەل و ریفراندەم لەبارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ئۆتۆنۆمییەوە بکرێ. لە زۆر دەستووری نیشتمانی، ئەگەر ئۆتۆنۆمی بێتە پێشەوە، دەبێ لە ڕێگەی ریفراندەمەوە پەسند بکرێ وەکو (ئیسپانیا، ئەتیوپیا، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش لە پاپوا گینیای نوێ). هەروا داخوازی تریش ئەوەیە کە دەبێ لەم بارەیەوە کۆمەڵەی دامەزرێنەر ڕێگە بە وتووێژ بدات.

سەرلەبەری ئەم ڕێگەو شێوازانە رەوایی بە ڕێکخستنەکانی ئۆتۆنۆمی دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەشدا، مەترسی هەیە کە ریفراندەمی گشتی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی رەتبکاتەوە،

ئەگەر کۆمیونیتەی زۆرینە دژی پرۆژەکە بوون. جاری واش هەیە، دەبێ بەلانسی بڕیارەکان رابگیرێ، لە رێگەی سەرکردە سیاسییەکان و گەلەوە.

### 6-3: پلەی سەقامگیری:

ئەو شێوازەی بڕیاری پێویستی بۆ ئۆتۆنۆمی پێ وەرگیراوە، هەر چسپیەك بێت، گرنگ ئەوەیە گەرەنتیی قانوونیی جێگیرو چەسپاوی هەبێ. بەتایبەتی دەسەڵاتەکانی ناوەند بۆیان نەبێ یەکلایەنە ئەو بڕیارو بڕگانە بگۆڕن کە پێوەندییان بە ئۆتۆنۆمییەوە هەیە. ئەگەر حکوومەتی ناوەندی بشێت ئەو بڕیارو بڕگانە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ، ئەوا بایەخی پرس و راوەرگرتنی هەرێمەکان لەلای حکوومەتی ناوەندی کەم دەبێتەوە[11].

### 6-4: شێوازەکانی چارەسەرکردنی کێشە:

لەباری پرەنسیپەوە، بۆ سەروبەرکردنی ئاریشەو کێشە[12]، دەبێ هەوەڵجار لە رێگەی پرس و را و ناوبژییەوە هەوڵ و تەقەلا بەخت بکرێ، ئەگەر ئەمەیان سەری نەگرت، پەنا ببردرێتە بەر دادوەری. ئەگەر شێوازەکانی حەلوفەسل بێلایەن بوون و هەردوو لایەن پێیان رازیبوون ئەوا دەشێ بەپێی پرەنسیپە پان و بەرینەکان کار بکرێ (وەکو ئیسپانیا). بەپێچەوانەوە، ناچار دەبن قسە لەسەر وردو درشتی مەسەلەکان بکەن.

### 6-5: میکانیزمەکانی راوێژپێکردن:

کارێکی بەسوودە، ئەگەر میکانیزمی راوێژ و راوێژکاری لەنێوان ناوەندو هەرێمەکاندا بەشێوەیەکی پاژەکی بۆ خۆ لادان لە سکالاّ و سکالاّکاری دابمەزرێ. ئەمە خۆی داننانیشە بە دینامیکبوونی ئۆتۆنۆمی. هەرچەند هەوڵ و تەقەلاّ بەخت بکرێ بۆ جیاکردنەوەی بەرپرسیارەتی لەنێوان ناوەندو هەرێمەکاندا وێرای هەماهەنگی، شتی تێکهەڵکێش لەنێوان هەردوولادا هەیە.



### 6-6: گرفتی ناجۆری:

گرفتی تایبەتیی ناجۆری ئەوەیە کە هەموو ناوچەکان دەیانەوێ هەمان ئەو دەسەڵاتە تەواوەیان هەبێ کە هەرێمێکی تایبەتی هەیەتی، لەکاتێکدا هەرێمی تاین دەیەوێ ئەولەویاتەکانی خۆی بپارێزێ هەروەکو لە تاقیکردنەوەکانی بواگانفیل و باسك و کەتەلۆنیا و باسکدا دەیبینین. لەوانەیە لە هەمبەر ئەو ناوچەیەی کە ئیمتیازانی جیای لە ناوچەکانی تری ناو وڵات هەیە نارەزایی پەیدا ببێ و ئیدی باری ئەو ناوچەیە مەترسیدار دەبێ (وەکو نارەزایی ناوچەکانی تەنزانیا سەبارەت بەو دەسەڵاتە تایبەتییانەی بە زەنجبار دراون).

### 6-7: پاراستنی مافەکان:

ئاریشەیەکی تر سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی ناجۆر، بەتایبەتی ئەو ئۆتۆنۆمییەی لەسەر بنەمای جیاوازیی کولتووری دامەزراوە. ئەوەیە کە کۆمەڵەی خودموختار یان هەرێمی خودموختار دەبێ دەست بەپێوەرەکانی مافی مرۆڤەوە بگرێ. ئەم رستەیە بە روونی لە پەیمانی کەنەدا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هاتووە. لەسایەیدا، ئۆستانێکی دیاریکراو، دەشێ قانوونێك دەربکات کە لەگەڵ پەیمانی کەنەدا تیکنەکاتەوە بەمەرجێك بەئاشکرا داخۆیانیەك دەربکا. بۆ نمونە، کیوبیك. نمونەیەکی تر، قانوونی باری کەسێتییە لە هیند، ژنە تەڵاقدراوە موسڵمانەکان دەبێ بەرفەرمانی شەریعەت بن بەمەبەستی خۆپاراستن لە مێردە کۆنەکانیان لەجیاتی کەڵکوەرگرتن لەو بڕیارو بنەما بەرترانەی لە قانوونگەلی نیشتمانیدا هەن. ئەم بڕگە قانوونییانە لەوانەیە کار لە مافەکانی هاووڵاتیانی دەرەوەی کۆمەڵەکە بکات. ئەوانە دەبێ بەرفەرمانی ئەو کۆت و بەندانە بن کە بەسەر شتە خۆجێییەکانی تری هەرێمەکە پەیڕەو ناکرێن. (سەبارەت بەکارپێکردن یان ئاکنجیکردن). ئەو کەمینە نوێیانەی کە لەئاکامی ئۆتۆنۆمیدان بە هەرێمێك دەکەونەوە، دەبێ بپارێزرێن نەك ببنە قوربانی. دەبێ

بەرژەوەندییەکانی کەمینەی نوێ (لەهەر جێگەیەکدا کەمینە هەبێ)، دابین بکرێ لە ڕێگەی پێوەندیگەلی سەربارەوە جا چ حکوومەتی حۆجێی ئەمە بکا[13] یان لە ڕێگەی بەرپرسیارەتییە تایبەتییەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە.

ئەو بەندو بڕگە قانوونییانەی دادان بە بەها جیاوازەکان لەسەر بنەمای بەرتری بنێ، ئەوا مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکەسان و کۆمەڵەکان دەخاتە ژێر پێوەو بێزاری لەناو باقی دانیشتوانی دەنێتەوە. بۆیە و لەسەرینی ئەمەوە دەشێ حوکمی زاتی ببێتە سەرچاوەی کێشە، زێتر لەوەی کە چارەسەری کێشەیەك بکا. ئەگەر بایەخێکی زێدە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکان بە سازش و سات و سەودا درا، یان بایەخ و سەرنجێکی کەم درایە بیناکردنی ئەو نەریت و بەهاو ئاواتانەی گەلێکی دیاریکراو تیایدا هاوبەشن، لەوانەیە شیرازەی تێکچوونی زێتری لێبکەوێتەوە و بەهای هاریکاری کەم ببێتەوە.

لەکاتێکدا دادان بە جیاوازییە کولتووری و شتە ناسکەکان دەندرێ، گرنگ ئەوەیە جەخت لەسەر بەها نیشتمانییەکان بکرێتەوەو مافە بنەڕەتییەکانی هەموو کەسان بپارێزرێ.



## پەراوێزەکان

(*) ئەم وتارە لە گۆڤاری "توێژینەوە"، ژمارە 1، نیسانی 2005 بڵاوبۆتەوە کە هێشتا دەستوور بڕیاری لێ نەدرابوو، کار بە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە دەکرا، لە بنچینەدا بەشی چوارەمی کتێبی: Democracy and deep rooted conflict: Options for Negotiators –وە کۆمەڵێك نووسەر بەسەرپەرشتی "پیتەر هایس و بین ڕێللی" بەشداریی نووسینیان تێدا کردووەو (کوفی ئەنان)یش پێشەکی بۆ نووسیوە. ئەم کتێبە لەسەر سایتی: www.idea.int هەیە.

1- شایانی باسە، لە ساڵی 2001دا، لە تیموری ڕۆژهەڵاتدا، ڕاپرسییەکی گشتی لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەچوو، لەئەنجامدا تیموری ڕۆژهەڵات بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەندامی یوئێن (وەرگێڕ).

2- لە ساڵی 2005دا، لەنێوان حکوومەتی سوودان و باشوورییەکانی سوودانداا ڕێککەوتننامەیەك ئیمزا کرا کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕێوشوێن بۆ خۆبەڕێوەبردن و تەنانەت جیابوونەوە لە سوودان دانراوە (وەرگێڕ).

3- مەبەست لەو جاڕنامەیە "جاڕنامەی کۆمافی ئەو کەسانەیە کە سەر بە کەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنی یان کەمینەی ئایینی و زمانی"ین کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری 135/47 لە 18ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1992دا پەسندی کردووە. (وەرگێڕ).

4- دەقی ماددەی 27 دەڵێ "ناکرێ و ناشێ نکوڵی لە کۆمافی ئەو کەسانە بکرێ کە سەر بە کەمینەی ئیتنی یان ئایینی یان زمانی-ین لە دەوڵەتێکی ئارادا، کە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکەیان چێژ لە فەرهەنگ و کولتووری خۆیان وەربگرن یان جاڕی ئایینی خۆیان بدەن و پێڕەوی لە ڕێنوێنییەکانی بکەن و زمانی خۆیان بەکاربهێنن). وەرگێڕ

5- ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە 44 ماددە پێکهاتووە، کۆنگرەی گشتیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیی لە خولی حەفتاو شەشەمی خۆیدا لە 27ی حوزەیرانی 1989 بڕیاری لێ دراوە (وەرگێڕ).

6- ئەو لێکدانەوەیە ئەو دەمە راست دەردەچێ ئەگەر حکوومەتی ناوەندی بەڕاست نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە جیا-جیاکان بکات بەبێ فەرق و جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ئیتنی، زمان، کولتوور، ئایین... واتە بنیادی دەوڵەت بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە رێگە لەستەم و چەوساندنەوە بگرێ. لەسەرێکی دیکەوە، چەمکی چارەی خۆنووسین لەدوای نەمانی شەڕی ساردەوە پەرەی ستاندووەو سنووری لێکدانەوەی کۆنی بەزاندووە. لەدوای 1989-وە تا ئێستا 23 دەوڵەتی تازە بەپشتبەستن بە مافە دروست بوون. لێرەدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ، داخوا ئەگەر لە عێراقی دوای سەدامدا، دیموکراسی و ئاشتی وسەقامگیری نەهاتەدی و حکوومەتی ناوەندی نەشیا رێوشوێنێکی دەستووری ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی زۆرینەو کەمینە لە رووی ژمارەوە بەیەکەوە بسازێن، ئەوە هەقی کورد نییە بەپێی مافی چارەی خۆنووسین لە رێگەی ریفراندەمێکەوە یان هەر شێوەیەکی تری خواست دەربڕین داوای جیابوونەوە بکات؟

هەر بۆ نمونە، لە دەستووری سۆڤیەتی جاراندا، ماددە 79 رێگە بە کۆمارە فیدرالییەکان درابوو کە پێڕەوی مافی چارەی خۆنووسین بکەن بە جیابوونەوەشەوە، ئەوەبوو 1990دا کۆمارەکانی بەلتیك و دواتر ئەوانی تریش بەپێی ئەم ماددەی 79یەی دەستوور لە رێگەی ریفراندەمەوە جیابوونەوە.(وەرگێر)

هەروا ماددە 39 (1)ی دەستووری ئەتیوبیا، مافی جیابوونەوەی بە نەتەوەو گەلانی ناو ئەتیوبیا داوە، هەمان شت دەستووری باشووری ئەفریقیا بەپێی ماددە 235 ب chxiv

7- لە ماددە (4) قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە دان بەمافی حکوومەتایەتیکردن بەسەر خۆدا نراوەو لە ماددە 53 (برگە أ)یشدا ددان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە (وەرگێر).

8- مەبەست لەنێوان حکوومەتی ناوەندو هەرێمەکانە (وەرگێر).

9- بۆ نمونە، لە شۆڕشی ئەیلوولی 1961دا، چەندین جار ئاگربڕ لەنێوان حکوومەتی بەغداو شۆڕشدا کراوە. ئەو ئاگربەسانەهەم بۆ شۆڕش و هەم بۆ خەڵکی کوردستان جۆرە بێن وەبەرهاتنەوەو حەسانەوەو خۆکۆکردنەوە بوون بۆ خولێکی تری تێکۆشان لە هەمانکاتدا بناخەیەکیش بوون بۆ وتووێژەکانی لەوە دواتر (وەرگێر).



10- لە ساڵی 1974دا، حکوومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان پەشیمان بووەوەو شەڕی هەڵگیرساندەوە (وەرگێر).

11- لێرەدا گرنگی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کورد لە عێراقدا دەردەکەوێ کە دەبێ بە (تەوافووق) نووسرابێت و وەك دەڵێن دەستوورێکی (جامد)یش بێت و بەئاسانی نەگۆڕدرێ و دەسکاری نەکرێ و ماددەیەکی قانوونی وای تێدا بێ کە هەر دەسکاریکردنێکی دەستوور پێویستی بە 4/3ی دەنگی پەرلەمەنتاران بێ یان هەر دارشتنێکی تر کە ئەم مەبەستە بدا. (وەرگێر).

12- حکوومەتی ناوەندی و هەرێمی فیدرال و ئۆتۆنۆم.(وەرگێر)

13- هەقە پەرلەمانی کوردستان، بەقانوون مافی نەتەوەکانی وەك تورکمان و کلدۆ-ئاشور و ئەرمەن... بپارێزێ و ئەمەش دەق لەگەڵ ماددە 1ی برگە 1ی (جاڕنامەی کۆمافی ئەو کەسانەی سەر بە کەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنی یان کەمینەی ئاییینی و زمانی) کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 18ی کانوونی یەکەمی 1992دا پەسندی کردووە (وەرگێر).

**سەرچاوەکان:**


De Villars, Bertus, ed., 1994, “Evaluating Federal Systems”, Dordrecht: Martinus Nijhoff.

Ghai, Yash, 1998, “Decentralization and the Accommodation of Ethnicity”. In Crawford Young, ed., “Ethnicity and Public Policies”, London, Macmillan.

Hannum, Hurst, ed., 1993, “Documents on Autonomy and Minority Rights”. Dordrecht, Martinus Nijhoff.

Hannum, Hurst, 1996, “Autonomy, Sovereignty and Self-determination: The Accommodation of Conflicting Rights”, Philadelphia, PA, University of Pennsylvania Press.

Lapidoth, Ruth, 1996, “Autonomy, Flexible Solution to Ethnic Conflicts, Washington, DC: United States Institute of Peace.

# دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق و لێبوردنی گشتی(*)

**پێشەکی:**

شاڵاوەکانی ئەنفال، دەکەونە نێوان (23/2/1988- 6/9/1988) و بەسەریەکەوە 8 ئۆپەراسیۆن بوون. ئەنفالی بادینان، کە دوا ئەنفال بوو، لە 25/8 تا 6/9/1988 بەردەوام بوو.

دوای ئەوەی رژێمی سەدام لە 9ی نیسانی 2003 رووخێنرا و چەندین گەورە بەرپرس گیران، قانوونی ژمارە 1 ی (المحکمە الجنائیە العراقیە المختصە بالجرائم چد الانسانیە) دەرچوو. دەستەی یەکەمی دادگای باڵای سزاکاریی عیراقیی بۆ کێشەی دوجەیل تەرخان بوو. دەستەی دووەمی ئەو دادگایە بۆ دادگاییکردنی بەرپرسە باڵاکانی ئەنفال، یەکەمین جقینی لە 21ی ئاب-ی 2006 دا دەست پێکرد، بێ لە سەرۆکی پێشووی کۆمار صەدام حسێن، کە لەو (دانیشتنە)دا ئامادەبوو، (ئەودەم هێشتا ئیعدام نەکرابوو، ناوبراو لەسەر کێشەی دوجەیل لەبەرەبەیانی 30ی کانوونی یەکەمی 2006دا ئیعدام کرا)، تۆمەتپێکراوان عەلی حەسەن مەجید (ناسراو بە کیمیاوی)، هاشم سوڵتان، عەلی حسێن رەشید، فەرحان موتلەگ جبوری، سابیر دوری و تاهیر ئەلعانی، هێنرانە بەردەم دادگا. لە 24ی حوزەیراندا، دادگا حوکمی دان، هەر یەك لە تاوانباران عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم و عەلی حسێن رەشید تکریتی سزای لەسێدارەدانیان سەبارەت بەئەنجامدانی (جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی



شەڕ) لە ئەنفالەکاندا بۆ برایەوە.. فەرحان موتلەگ جبوری و سابیر دوری- یش حوکمی زیندانیی هەتاهەتاییان بۆ دەرچوو، تاهیر ئەلعانی-یش، جارێ بەبێ سووچ دەرچووە.. ئەم بڕیارو حوکمانە چاوەڕێی پێداچوونەوەی دەستەی (تمییز)ی دادگا دەکەن و لەماوەی مانگێکدا ئەو حوکمانە شێوەی بنبڕ و کۆتایی خۆیان وەردەگرن. لێ وەکو زانراوە، هەر لەسەر ئەنفالەکان لیستێکی (423) کەسی تریش داواکراون. دیارە قازی لێکۆڵینەوە، پاش راپەراندنی کارڕایی پێویست، فەرمانی خۆی دەدا جا دەسگیرکردن بێ یان نا. وەکو لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، لەناو ئەو لیستەدا، زێتر لە سەدیان پێشتر (موستەشاری ئەفواجی دیفاعی وەتەنی و ئامیر مەفرەزە) بوون و بەبەر ئەو داواکارییە دەکەون. شایانی گوتنە، پێشتر سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە سەروبەندی راپەڕینی 1991دا لێبووردنی گشتی بۆ دەرکردبوون. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، دەکرێ ئەو (موستەشارە کوردانە) رابکێشرێنە بەردەم دادگاو هەق و حسێبیان لەگەڵدا بکرێ، لەکاتێکدا پێشتر عەفوواتیان بۆ دەرچووە؟

لەناو کوردستاندا، خەڵکێك (بەتایبەتی چەند رێکخراوێکی وەك چاك) داوای دالدەنەدان، گرتن و دانەدەست دادگایان دەکا، هی واش هەن، پێیان کارێکی نەگونجاوە. هەوڵ دەدەین لێرە، وەڵامی ئەم دژبەرییە بدەینەوە. لەپێشەوە بەکورتی باس لە (دادگای باڵای تاوانکاریی عیراقی) و چۆنیەتی دامەزراندن و بنەما قانوونییەکانی و قانوونی کارپێکراوی دادگا دەکەین و دواتر باس لە لێبوردن، جۆرەکانی، مەرجی هەر یەکەیان، شوێنەوارەکانیان، چ کەس و لایەنێك بەپێی دەستوور بۆی هەیە دەریان بکا و ئینجا دێینە سەر باسی تاوانگەلی نێودەوڵەتی و ئەرکی دەوڵەتان و هەڵوێستی قانوونی نێودەوڵەتی لە قانوون و بڕیارەکانی لێبوردن کە لەم یان ئەو وڵاتدا دەدرێن.

## 1: دادگەی باڵای تاوانکاریی عیراقی:

### 1-1: دامەزراندن

رژێمی سەدام حسێن، لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لە 9ی نیسانی 2003 رووخێنرا. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA لە 16ی نیسان تا 28ی حوزەیرانی 2004 کە سەروەری بۆ عیراقییەکان گەڕایەوە، بەپێی ماددە (43)ی قانونەکانی لاهای ساڵی 1907 و لایحەی تەنزیمیی ژمارەی (1)ی ئەو دەسەڵاتە، حوکمڕانی لە عیراق بەدەست بووە. CPA بەپێی ماددە (64)ی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1949ی جنێف بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنی و بڕیاری (1483)ی ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆی هەبووە دەستکاری قانوونگەلی عیراقی بکا، ئەگەرنا قانوونەکانی عێراق بە قانوونی سزادانیشەوە وەکو جاران لە تەواوی عێراقدا پیادە دەکرێن. ئەوە بوو ئەنجوومەنی حوکم، قانوونی ژمارە 1ی (المحكمة الجنائية العراقية المختصة بالجرائم ضد الانسانية) لە 10ی کانوونی یەکەمی 2003 بڕیارداو بە فەرمانی ژمارە (48)ی CPA و بە ئیمزای پۆل بریمەر، لە هەمان ڕۆژدا دەرچوو. پاشان بە بڕیاری ژمارە 10، لە 18ی تشرینی یەکەمی 2005 دا ئەو قانوونە هەڵوەشایەوە و (دادگای باڵای تاوانکاریی عیراقی) دامەزرا، بە گوێرەی ماددە (24)ی قانوونی ئەو دادگەیە و بەپێی (قانون اصول المحاكمات الجزائية- رقم 23 لسنة 1971 وتعديلاته- یاسای رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی- ژمارە 23ی ساڵی 1971 و هەموارکراوەکانی)، ئەو قانوونانەی کە بەسەر تۆمەتپێکراوان جێبەجێ دەبن و سزادانیان پێ دەبڕێتەوە بریتین: لە (قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969) و قانوونەکانی تری وەکو، (قانون العقوبات البغدادي لسنة 1919 بۆ ماوەی 1968/7/17- 1969/12/14 و قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969 بۆ ماوەی 1969/12/15- 2003/5/1 و قانون العقوبات العسكري رقم 13 لسنة 1943 و قانون اصول المحاكمات العسكرية رقم 44 لسنة 1941)، هەروا دادگای ناوبری بۆی هەیە بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی تاوانەکانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی



دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ، چاو لە ئەحکام و بڕیارەکانی دادگاگەلی سزاکاریی نێودەوڵەتی بکاو پشتیان پێ ببەستێ.

### 2-1: دەستدانەکانی دادگا (اختصاصات المحكمة):

ئەو تاوانانەی کە ئەم دادگایە، بەپێی قانوونی ژمارە 10، دەشێ تێیان بڕوانێ و بڕیاریان لەبارەوە بدا بریتین لە: (جینۆساید- ماددەی 11)، (تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی- ماددە 12)، (تاوانەکانی شەڕ- ماددە 13) و (پێشێلکارییەکانی قانوونگەلی عیراقی کە لە ماددە 14ی ئەم قانوونەدا ناویان هاتووە) و لە ڕووی کاتیشەوە دەبێ ئەو تاوانانە لە ماوەی نێوان 1968/7/17- 2003/5/1دا ئەنجام درابن. تەنیا کەسی سروشتی-یش نەك مەعنەوی دێنرێنە بەردەم ئەم دادگایە. شایانی گوتنە دادگای تایبەتیSPSM-ی سیرالیۆن، بەپێی ماددە 1ی قانوونی ئەساسیی دادگاکە، ئەو کەسانەی بەرپرسیارەتیی هەرەگەورەی پێشێلکارییە زل و مەترسیدارەکانی قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی و قانوونی سیرالیۆن هەڵدەگرن، دادگایی دەکا.

### 3-1: شەرعیی بوونی دادگا[1]:

وەکو لە سەرەوە گوتمان رژێمی سەدام حسێن لە 9ی نیسانی 2003 رووخا. لە 22ی ئایاری 2003، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری 1483ی دا، بەگوێرەی ئەم بڕیارەو بەگوێرەی قانوونی نێودەوڵەتی دان بە بەرپرسیارەتی و ئیلیتزاماتی ئەمریکا و بەریتانیا نراوە وەکو دوو دەوڵەتی داگیرکەر لەژێر یەك سەرکردایەتی یەکگرتووی دەسەڵات [CPA] دا. لە بڕگەی (9)ی هەمان بڕیاردا، ئەنجوومەنی ئاسایش لایەنگری خۆی بۆ گەلی عیراق دەردەبڕێ کە بەیارمەتی دەسەڵاتی کاتی [CPA]، کار بکا لەگەڵ نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی عێراقیی کاتی وەك

ئیدارەیەکی ئینتیقالیی کە عیراقییەکان خۆیان بەڕێوەی ببەن تا ئەو کاتەی گەلی عیراق حکوومەتێکی دانپیانراوی نێودەوڵەتی دادەمەزرێنێ کە نوێەرایەتیی بکاو بەرپرسیارییەتییەکانی دەسەڵات [CPA] بگرێتە ئەستۆی خۆی.

هەرچی بڕیاری 1548ی 8ی حوزەیرانی 2004ی ئەنجوومەنی ئاسایشە، ئەوا ئەنجوومەن خۆشحاڵی خۆی بە دەسپێکردنی قۆناخێکی نوێ دەردەبڕێ سەبارەت گواستنەوەی عیراق بەهێنانەدی حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراتی لە لایەن گەلەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجوومەنی ئاسایش ئاواتەخوازە کۆتایی بەداگیرکاری بێ و حکوومەتێکی عێراقی کاتیی سەربەخۆ و تەواو سەروەر بەرپرسیارەتیی و دەسەڵات بگرێتەدەست لە 30ی حوزەیرانی 2004.

هەروا "خۆشحاڵی خۆی بۆ پابەندبوونی حکموومەتی کاتیی عیراق دەردەبڕێ بە کارکردن بۆ هێنانەدی عیراقێکی فیدراڵیی دیموکراتیی پلورالیستی یەکگرتوو کە ڕێز لە تەواوی مافە سیاسییەکان و مافەکانی مرۆڤ بگرێ".

لە 10ی کانوونی یەکەمی 2003دا، ئەنجوومەنێکی 25 کەسیی بۆ حوکمڕانی لە عیراقدا کە نوێنەری هەموو تەوژمە سەرەکییە سیاسی و ئیتنی و ئایینییەکانی ناو عیراقی تێدابوو، پێکهات. ئەنجوومەنی ئاسایش بەگوێرەی بڕیاری 2003/1511 دانی بەو ئەنجوومەنی حوکمە ناوە کە "لە ماوەی راگواستنەوەدا، سەروەریی دەوڵەتی عیراق دەردەبڕێ تا ئەو دەمەی حکوومەتێکی نوێنەرایەتی و دانپیانراوی نێودەوڵەتی دادەمەزرێ و بەرپرسیارێتییەکانی دەسەڵات وەئەستۆی خۆی دەگرێ".

لە 8ی حوزەیرانی 2004دا، ئەنجوومەنی حوکم، قانوونی ئیدارەی عێراقی بۆ ماوەی راگواستنەوە TAL بڕیاردا و بڵاوکردەوە. ئەو دەستوورە کاتییە باس لە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەکا.

لە 28ی حوزەیران، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، سەروەری دایەوە بە عێراقییەکان و حکوومەتێکی کاتیی بە سەرۆکایەتیی دکتۆر ئەیاد عەللاوی جێگەی دەسەڵاتی هاوپەیمانانی گرتەوە.



لە 3ی ئایاری 2005دا، حکوومەتێکی نوێی هەڵبژێردراو بەسەرۆکایەتیی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری جێگەی حکوومەتی کاتیی گرتەوە، لە 18ی تشرینی یەکەمی 2005دا قانوونی ژمارە 10ی دادگەی باڵای جینایی عیراقی کە ئەنجوومەنی کاتیی نوێنەران، بڕیاری لێ دابوو، بڵاوکرایەوە. مادده (131)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقیش کە لە 15ی تشرینی هەمان ساڵدا، 78٪ی عیراقییەکان دەنگیان بۆ دا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم دادگایە وەکو دەستەیەکی سەربەخۆی دادوەری لەسەر چالاکییەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و لە تاوانەکانی سەردەمی رابردوو و کەسایەتییە سەرەکییەکانی دەڕوانێ".

شایانی گوتنە، ئەم دادگایە، تەواوی دادوەرو داواکاری گشتی و کارمەندەکانی خەڵکی عیراق-ن و بەپارەو پولی عێراقی و لەسەر خاکی عێراق هەڵدەسوڕێ و بەڕێوەدەچێ و دەشێ دادگایی هەر تۆمەتبارێك بکا، عێراقی بێ یان غەیرە عیراقی، لە ماوەی نێوان 1968/7/17- 2003/5/1 ئەو تاوانانەی ئەنجامدابێ کە لە ماددەکانی (11، 12، 13، 14)ی قانوونی دادگادا ئاماژەیان بۆ کراوە. کەواتە، ئەم دادگایە، دادگایەکی شەرعییەو بەپێی قانوون و لەلایەن دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوی گەلەوە دانراوە و لە هەمانکاتدا هەموو گەرەنتییەکی دادوەری بۆ بەڕێوەچوونی دادگایەکی دادپەروەرانە بۆ تۆمەتپێکراوان بە گوێرەی ستانداردو پێوەری جیهانی دابینکراوە.

## 2: لێبوردن

### 1-2: لێبوردن چییە:

یاسادانەری عێراقی پێناسەی لێبوردنی نەکردووە. چاکی کردووە، یان نا، ئەمە باسێکی ترە. لێ دادوەر و زاناو فوقەهای قانوون باسیان کردووەو پێناسەیان کردووە. پوختەی قسە، لێبوردنی گشتی بریتییە لەوەی کە کۆمەڵگە بەپێی قانوون دەسبەرداری مافی خۆی ببێ سەبارەت بە سزادانی ئەو کەسانەی تاوانیان کردووە[2].

وشەی amnesty کە لە بەرانبەر وشەی لێبوردن یان لێخۆشبوون-ی کوردی و (عفو)ی عەرەبی دێ، لە وشەی (amnestia)ی گریکییەوە هاتووە کە مانای (لەبیرکردن)ە. بەو کردەوەیە دەگوترێ کە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت، لەو گوناهبارانە خۆش ببێ کە تاوانیان دژی دەوڵەت کردووە. هەڵبەت، Amnesty لە وشەی (Pardon کە تایبەتی و بۆ یەك کەسەو بەمانای لە سزا خۆشبوون دێ) بەرفرەترەو هەموو شوێنەوارێکی قانوونیی تاوان و گوناه دەشواتەوە[3]. دیارە وشەیەکی تری نزیکیش لە لێبوردن هەیە کە (حصانە Immunity)ی پێ دەگوترێ کە بۆ هەندێ گرۆ و دەستەی دیپلۆماسی، سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمەنتار و.. زامن دەکرێ و ناگیرێن و کارڕایی قانوونییان دەرهەق پێڕەو ناکرێ، جا ئەوە بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە یان بەپێی دەستووری وڵات.

بەهەرحاڵ، لە قانوونیی سزاکاری، لێبوردن بە کارێکی سیادیی دادەندرێ. بەگوێرەی ئەو کارە حکوومەت لە کۆمەڵێ کەس خۆش دەبێ کە پێشتر تاوانیان کردووە (زێتر مەبەست تاوانی سیاسییە وەکو خیانەت، ئاژاوەو دووبەرەکی نانەوە، یان هەڵگەڕانەوەو دەستدانە چەك لە رووی حکوومەتدا). لە مێژوودا نموونەی عەفوواتی وا زۆرە، بۆ نموونە ساڵی 1747، لە ئینگلستان، عەفووات بۆ ئەو کەسانە دەرچوو کە لە شۆڕشدا، وەك لایەنگری پاشایەتیی جیمس-ی دووەم، جەنگابوون[4]. لەبەر ئەوە دەبینین، قانوونی لێبوردنی گشتی، دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) دەریدەکاو سیفەتی تاوانکاری لە سەر ئەو کردەوەیە لا دەبا کە قانوونی سزاکان ئاماژەی بۆ دەکا و وەك کارێکی رێگە پێدراوی لێ دێ و سزا لەسەر ئەو تاوانە هەڵدەگیرێ و کۆمەڵگە لە هەقی خۆی خۆش دەبێ و سزای بکەر (فاعل) لەسەر ئەو کارەی کردوویە نادا. لەئاکامدا هەر رێوشوێن و کارڕاییەکی قانوونیی دەرهەق بە تۆمەتپێکراو، یان کارڕایی دادگاییکردن رادەگیرێ، یان ئەو حوکمە هەڵدەوەشێتەوە کە پێشتر دادگا بۆ تاوانباری بڕیوەتەوە، یان جێبەجێکردنی سزا رادەگرێ، سەرباری لابردن و نەمانی هەموو یان هەندێ لە سزاگەلی ئەسڵی و شوێنکەوتە و تەواوکەرو و رێوشوێنی ئیحترازی.



زۆر جاران لە مێژووی عێراقدا، لێبوردن دراوە، بەتایبەتی لە وتووێژی نێوان حکوومەتی ناوەندی و شۆڕشی کوردا، چەندین قانوون و بڕیارو (مەرسوم)ی کۆماری دەرکراوەو تەنانەت هەندێکیان بە فەرمانی راستەوخۆی سەرکۆمار سەدام حوسێن بووە. دوا لێبوردنی سەدام حسێن، عەفوواتێکی هەمەگیرو رەها بوو، کە بەبڕیاری 225ی (مەجلیسی قیادەی سەورە) و لە 2002/10/20دا دەرچوو، کە تەنانەت ئەوانەیش بەرکەوتوون و بەردراون کە دەبوایە بەپێی قانوونی عێراقی، میراتگری تاوانلێکراو رازی بوونایەو مەسلەتییان لەگەڵدا بکرایە[5].

## 2-2: سەرچاوەو جۆرەکانی لێبوردن

عەفووات یان ئەوەتا بەراشکاوی بە گوێرەی (قانوون، مەرسووم، بڕیار..)ێك دەدرێ، یان بەشێوەیەکی پەنامەکی لە رێککەوتننامەی ئاشتی لەنێوان دوو لایەنی پێکناکۆك دا ئاماژەی بۆ دەکرێ، یان ئەوەتا دەوڵەت خۆی لە تاقیبکردن، گرتن و دانەدادگای تاوانباران بەپشت دەگێڕێ. کەواتە دەکرێ بڵێین، سەرچاوەکانی لێبوردن بریتین لە: قانوون کە دەسەڵاتی یاسادانان دەری دەکا، یان بە مەرسوومێك کە سەرۆکایەتی دەریبکا، یان لە پەیماننامەیەکدا بێ، یان لە ئاکامی رێککەوتنێکی سیاسی و جارجاریش ئەنجوومەنی ئاسایشی UN، لە بڕیارەکانی خۆیدا، هەندێ تاوان دەخاتە دەرەوەی بەرپرسیارەتی.

بەهەرحاڵ، لێبوردن دوو جۆرە، گشتی و تایبەتی

### 2–2–1: لێبوردنی گشتی:

لەو لێبوردنەدا، هەندێ مەرج هەیە کە لە لێبوردنی تایبەتی جیای دەکاتەوە وەك:

- دەبێ لێبوردنی گشتی بە قانوون بدرێ. لە عێراقدا هەروەکو لەسەرەوە گوتمان ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەتوانێ بڕیاری لێ بدا، چونکە وەکو لەسەرەوە گوتمان کارێکی سیادییە. دەبێ عەفوواتەکە، لێبوردنێکی جەماعی بێ، واتە بەناو

ناوی ئەم یان ئەو تاکی تۆمەتبار ناهێنێ، بەڵکە کۆمەڵێ تاك، یان دەستەیەك دەگرێتەوە.

- دەبێ لێبوردنی گشتی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی تێدا بێ. بۆ نموونە لە عێراقدا دەکرێ ئەنجوومەنی نوێنەران عەفوواتێکی گشتی دەربکا لەبەر ئەو هۆیانە:

1- بۆ پێچانەوەی قۆناخی پێشوو و ئاسانکاریکردن بۆ هێنانەدی سەقامگیری و گۆرانکاریی مەدەنی.

2- نەبادا دادگاییکردنی بەربلاوی هەموو ئەو کەسانەی مافەکانی مرۆڤیان پێشێل کردووە، جا سەر بەرژێمی کۆن بن یان نا، لەترسی گیران و درانە دادگا، پاڵ بە"مقاومة" و پەرە بە کاری توندو تیژ بدەن و حکوومەتی ئێستای عێراق کە لەبنەڕەتدا خۆی، پڕ گرفت و ناجێگیرە، تەنگەتاو بکەن.

3- بۆ کەمکردنەوەی زەبروزەنگ و هێورکردنەوەی رەوشی گرژو توندی نێوان شیعەو سوننە، بڕاندنەوەی تۆوی دووبەرەکی و فیتنەو تایەفەگەری، کوشتن لەسەر پێناسە، لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی عەدالەتی راگواستنەوەدا.

4- یان بۆ زەوینەخۆشکردن بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی لە نێوان لابالە پێکناکۆکەکاندا. واتە لێرەدا ئاشتی و سەقامگیریی وڵات لەچاو دادپەروەری دەخرێتە پێشەوە. کەواتە دەکرێ لێبوردن بەکاربهێندرێ بۆ ئەوەی ئەم یان ئەو فەرد و دەستەیە دەسبەرداری کاری ناقوونی بن و خۆیان رادەستی حکوومەت بکەنەوە و لەبەرانبەردا، حکوومەت رەوانەی بەردەم دادگایان نەکات. یان ئەوەتا لە چوارچێوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و هەلومەرجی ئینتیقالی دوای بڕاندنەوەی شەڕی ناوخۆ و لەپاڵ کۆمەڵێ میکانیزمی تری وەك: پێکهێنانی لیژنەی ئاشتبوونەوەو راستی، پاکسازی دامودەزگای حکوومی، کارڕایی نا سزایی، هێنانەوە سەربار، قەرەبووکردنەوەو هیتر، بەکاربهێندرێ وەك چۆن لە هەندێ وڵاتدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە خوارووی ئەفریقیا وەکو دەستئاوێژێك و لە پێڤاژۆی کۆمیسیۆنی راستی و ئاشتبوونەوە کە قەشە دیزمۆند توتو لە



نۆهەتەکاندا سەرۆکایەتی دەکرد، عەفووات دەرکراوە. هەڵبەت، ئەوانەی لەسەردەمی ئاپارتایدا گوناهبار بوون، لێبوردن دەکران، ئەگەر بهاتبایە بەئاشکرا پێیان لە گوناهەکانی خۆیان بنابایەو داوای لێبوردن و خۆشبوونیان لە کەسوکاری قوربانییان بکردبایەو ئامانجیش لەوە زەوینەخۆشکردن بوو بۆ هاتنەئارای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و کەمکردنەوە لە ئێش و ژانی قوربانییان و خستنەرووی راستییەکان بوو.

**لێبوردنی گشتی ئەو شوێنەوارانەی لێ دەکەوێتەوە:**

- سیفەی تاوانکاری لەسەر ئەو کارە ئەنجامدراوەی کە پێچەوانەی قانوونی سزاکان بووە، دەسڕێتەوە.
- پەکی ئەو ئەحکامانەی قانوونی سزاکان دەخات کە سەبارەت بە کاری ئەنجامدراو لە قانوونی لێبوردندا، ئاماژەی بۆ کراوە. کەواتە کۆمەڵگە ماف و دەسەڵاتی بەجێگەیاندنی سزای بەسەر تاوانباردا نامێنێ.
- ئەو لێبوردنە مافە مەدەنییەکان یان قەرەبووکردنەوە ناگرێتەوە کە دادگە حوکمی لەسەر داوە بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسەی بەهۆی تاوان زیانی وێکەوتووە، چونکە ئەم مافە، مافێکی شەخسییە و لێبوردن نایگرێتەوە، کەواتە زیان لێ کەوتە، دەتوانێ موراجەعەی دادگای مەدەنی بکا.
- هەموو ئەوانەی بەشدارییان لەو تاوانەی کە لێبوردن دەیگرێتەوە، کردبێ سوودمەند دەبن.
- سزاگەلی ئەسڵی و فەرعی و سەربار هەڵدەوەشێنێتەوەو دەسڕێتەوە و هەقی گشتی نامێنێ بۆ کارڕایی بەدواداچوون و بزواندنی داوای جەزایی و بەڕێوەبردنی.
- ئەگەر ئەو کەسەی بەر لێبوردنی گشتی بکەوێ، حوکمی تاوانباری بەسەردا بڕابێ، بۆی بە پێشینەی تاوان و چەندپاتکردنەوە ناژمێردرێ.

دیاره لە هەندێ وڵاتدا ڕێوشوێن بۆ لێبوردنی گشتی داندراوەو لە هەندێ وڵاتیشدا، حوکمڕانان لێبوردنیان بۆ خۆیان دەرکردووە، ئەم لەخۆبوردنە، بەلای هەندێکەوە پەسند نییە و بەڵگەش بۆ ئەم پەسندنەکردنە دێننەوە:

* عەفووات، واتە ڕزگاربوون لەسزا. ئەمەش وا دەکا هەندێ کەس لە قانوون شکاندن سڵ نەکەنەوە. بەپێچەوانەوە بۆ حکوومەتێك کە تازە هاتۆتە سەرکار، دەتوانێ لەڕێگەی دادگاوە، پەیامێکی بەهێز بۆ هەموو ئەو کەسانە بنێرێ کە کەتنیان کردووەو مافەکانی مرۆڤیان پێشێل کردووەو دەکەن، ئەمەش وا دەکا خەڵکی تریش زاتی پێشێلکردنی یاسا نەکەن.
* ئەگەر حکوومەت ئەوانە لێبوردن بکا کە تاوانی نێودەوڵەتیان کردووە، ئەوا خەڵك بەتایبەتی قوربانییان و کەسوکاریان بڕوا متمانەیان بە حکوومەتی تازە نامێنێ. لەئەنجامدا حکوومەت شەرعییەتی کزو لاواز دەبێ.
* خۆشبوون لە تاوانگەلی نێودەوڵەتی، دژ بە قانوونی نێودەوڵەتییە.
* ئەگەر لێبوردنی گشتی بە ڕەها بۆ گرۆ و دەستەیەك دەرچوو، دوور نییە گیانی بوغزو کینەو تۆڵەساندنەوە سەرهەڵبداتەوە بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە بنەڕەتدا بە قووڵی لەسەر بنەمای ئیتنی و تایەفی دابەش بووە.
* عەفووات لەوانەیە جێ پێ و دەسەڵاتی ئەو کەس و تاقمانە پتەو بکا کە مافەکانی مرۆڤیان پێشێلکردووە، جا چ بواریان بدرێ لەناو حکوومەتدا بمێننەوە، یان ڕێگە بە نەیارانی حکومەت- بەتایبەتی عەسکەرییەکان- بدرێ، کنە لەناو حکوومەت بکەن و دواتر بیڕوخێنن.

بەپێچەوانەشەوە هی واش هەن پێیانوایە ئەگەر ڕەوشی ناو وڵات، هەڕەشە لە تەنایی و ئاشتیی ناوچەکە بکا، لێبوردن پێویستە. مادده 16ی دادگەی جینایی نێودەوڵەتی. یان ئەگەر بەناوبژی ئەنجوومەنی ئاسایش، چەند لایەنێکی پێکناکۆکی ناو وڵات، ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی مۆربکەن، ئەوا دیسان ڕێی تێ دەچێ لەناو ڕێککەوتننامەکەدا بڕگەیەکی تایبەت بە لێبوردن جێی بۆ بکرێتەوە، بەڵام لە هەموو بارێکدا نابێ لێبوردن، ڕەها و بێ کۆت و مەرج بێ.



### 2-2-2: لێبوردنی تایبەتی:

بە مەرسوومێك و وەك بەخشش دەردەچێ، جا ئەو بەخشینە هی سەرۆك کۆمار بێ یان شا، میر کە تیایدا حوکمڕان دەستەیەك لەو کەسانەی تاوانیان کردووەو حوکم دراون دەبەخشێ یان سزایان لەسەر سوك دەکا. مادده 306ی (یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی)ی عێراقی دەڵێ: بەدەرچوونی مەرسوومی کۆماری لەبارەی لێبوردنی تایبەتەوە، سزاگەلی ئەسڵی و فەرعی دەکەون، لێ گێڕانەوە، یان قەرەبووکردنەوە یان موسادەرە ناگرێتەوە. بۆیە دەبینین لە لێبوردنی تایبەتیدا چەندین مەرج هەن وەك:

* بەمەرسوومێك دەردەچێ. تەنیا حوکمڕان یان شا، میر ئەو مافەی هەیە. هەندێ جار لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکوەزیران، وەزیری دادپەروەری یان ناوەخۆ یان... دەدرێ.
* بەپێی ئەو مەرسوومە یان ئەوەتا سزا بەتەواوی لەسەر تاوانبار هەڵدەگیرێ، یان سزای لەسەر سوك دەکرێ، یان سزایەکی تری سووکتری بۆ دەبڕێتەوە (بۆ نوونە لە ئیعدامەوە بکرێ بە موئەبەد). کەواتە دەبێ تاوانبار حوکمی کۆتایی و بنبڕی بەسەردا درابێ، واتە هەموو قۆناخەکانی تانەلێدان و تێهەڵچوونەوەی بڕیبێ. تەنیا بۆ یەك جار تاوانبار دەتوانێ سوود لە لێبوردنی تایبەت وەربگرێ، لێ ئەگەر دووبارەو سێ بارەی بکاتەوە، ئەوا ئەو مافەی نامێنێ. هەندێ جار ئەو لێبوردنە تایبەتییە بۆ چاککردنەوەی هەڵەو پەلەیەکی قەزایی دەدرێ، یان لەبەر ئەوەی تاوانبار ڕەوتاری لە زینداندا باش بووەو بەخۆی داچۆتەوەو سوودی وەرگرتووە.هەروا ئەو لێبوردنە تایبەتە، ڕەها نییە، بەڵکە بەمەرجە، تا حوکمڕان بە ئارەزووی خۆی خەڵك ئازاد نەکاو فەرمانان دەرنەکا، بۆیە یان ئەوەتا لە دەستوور یان لە قانوونی سزای وڵاتدا، مەرجەکان دیاری دەکرێن. بەزۆری ئەو جۆرە عەفوواتە بۆ تاوانگەلی سیاسییە کە مەترسی زۆریان بۆ سەر کۆمەڵگە نییە.

هەرچی شوێنەوارەکانی لێبوردنی تایبەتە بریتین لە: لێبوردنی تایبەت کار لە حوکمی تاوانبارکردن (الادانة) ناکا، بەڵکە یان جۆری ئەو سزایەی بۆ حوکمدراو براوەتەوە رادەگیرێ یان بڕی سزاکە دەگۆڕێ. جا سزا جێبەجێکردنەکە لەسەرەتا بێ یان لە کۆتا بێ، بەڵام کار لە سزای فەرعی و سەربار ناکا. بەڵام تاوان وەکو خۆی دەمێنێ و ئەگەر مافی خەڵکی تری پێوەبێ، ئەوە بۆیان هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکەن. دوای ئەوەی کارڕایی پێویست دەکرێ، مەحکومکراو بەرەڵلا دەکرێ.

بەکورتی تا تاوانبار حوکمی کۆتایی و بنبڕی نەدرابێ، داوای سزایی لەسەر لا ناچێ. بێ لەوە لێبوردنی تایبەتی شتێکی شەخسییە، واتە دەبێ ئەو کەسەی بەر لێبوردن دەکەوێ، دەبێ بەناو ناوی بێت و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەپێی دەستووری تازەی عێراق، لێبوردنی تایبەتی لە دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار دایەو لەسەر راسپاردەی سەرۆکوەزیران دەبێ و چەندین کۆت و مەرجی بۆ دانراوە.

### 2- 3: کێ دەسەڵاتی لێبوردنی هەیە؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بەپێی دەستوور و سیستەمی سیاسیی وڵات دەگۆڕێ. لە بەریتانیا، تاج (شا) بۆی هەیە لێبوردن دەربکا، یان پەرلەمان قانوونی لێبوردن دەربکا. لە عێراقدا، پێش رووخانی رژێم، بەپێی ماددە 42/أ ی دەستووری کاتی ساڵی 1970، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، بە زۆرینەی دەنگ دەسەڵاتی قانووندانان و بڕیاردانی هەبووە. دیارە ئەوە قانوونی لێبوردنی گشتی-یش دەگرێتەوە. هەروا سەرۆك کۆماریش بەگوێرەی ماددەی 58-ی هەمان دەستوور، بۆی هەبووە لێبوردنی تایبەتی بدا. لێ ئێستا، پاش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی لە 2005/10/15دا، لێبوردن، پتر لە جاران، کۆت و مەرجی بۆ داندراوە.



### 2-3-1: سەرۆکی کۆمار (هەنووکە دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار بە کۆی دەنگ ئەو دەسەڵاتە پێڕەو دەکەن):

بەپێی ماددە 1/70: سەرۆك کۆمار دەتوانێ لێبوردنی تایبەتی بدا. بەڵام ئەو لێبوردنە، رەها نییە، بەڵکە کۆت و مەرجی خۆی هەیە: یەکەم، دەبێ ئەو لێبوردنە لەسەر راسپاردەی سەرۆکی وەزیران بێ. دووەم، ئەو تاوانانە ناگرێتەوە کە هەقی تایبەتی ئەم یان ئەو هاووڵاتییان پێوەیە، وەکو تاوانی کوشتن، تاوانی دەستدرێژی (الاعتداء)، جوێن و بوختان و شتی لەمبابەتە. سێیەم، ئەو تاوانکارانەش نا کە تاوانگەلی نێودەوڵەتی و گەندەڵیی دارایی و ئیدارییان ئەنجامداوە. بەکورتی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار بۆیان نییە لێبوردنی تایبەتی بۆ ئەو تۆمەتپێکراوانە دەربکەن کە تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی شەڕ، تاوانەکانی تیرۆر (بەپێی قانوونی بەربەرەکانێی تیرۆر، ژمارە 13ی ساڵی 2005)یان ئەنجامداوە، بەو موستەشارانەشەوە کە ناویان لە لیستە (423) کەسییەکەدا هاتووە.

### 2-3-2: سەرۆك وەزیران:

بەپێی ماددە (8)ی قانوونی ژمارەی 1ی ساڵی 2004ی داکۆکیکردن لە (السلامة الوطنية) کە لە سەردەمی حکوومەتی کاتیی دکتۆر ئەیاد عەللاوی دەرچووە، سەرۆکوەزیران لەبەر بەرژەوەندی گشتی دەسەڵاتی ئەوەی پێ دراوە، ئەو داوایانە هەڵبگرێ و بپێچێتەوە کە لەسەر تۆمەتپێکراوان قەیدکراون، پێش دادگاییکردن یان لە کاتی دادگاییکردندا و، تۆمەتپێکراوان ئازاد بکا یان لەبەر هەر هۆکارگەلێکی پێوەندار بە ئاسایش و سەقامگیری. ئەو عەفوواتەی سەرۆکوەزیران دەبێ دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار رەزامەندی لەسەر بداو لەهەمانکاتدا دەبێ تاوانەکە پێوەندی بە باری لەناکاوی عێراقەوە هەبێ کە ناوە ناوە تازە دەکرێتەوەو هەموو عێراق، بێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەگرێتەوە.

## 3-3-2: ئەنجوومەنی نوێنەران:

بەپێی دەستوور، دەسەڵاتی هەرە لە پێشەوەی ئەنجوومەن بریتییە لە دەرکردنی یاساگەلی ئیتیحادی. کەواتە دەرکردنی قانوونی لێبوردنی گشتی لە دەسەڵاتی ئەنجوومەن دایە. بۆ دەرکردنی قانوونی عەفووات، دەبێ گەڵاڵەنامەی عەفوواتەکە یان ئەوەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێشکەشی ئەنجوومەن بکرێ، یان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، یان لە لایەن 10 پەرلەمەنتارەوە، یان لە لایەن یەکێ لە لیژنە تایبەتمەندەکانی ئەنجوومەنەوە ئامادەبکرێ. دەبێ لەو گەڵاڵەنامەیەدا بەبێ تەمووموژ ئەوە دیاری بکرێ کە داخوا ئەو عەفوواتە کێ و چ چەشنە تاوانێك دەگرێتەوە، داخوا تاوانپێکراوان و حوکم بەسەرداکراوان (المحكومين) بەیەکەوە دەگرێتەوە، داخوا هیچ تاوانێك لەو تاوانانە دەگرێتەوە کە هەقی تایبەتی هاووڵاتیانیان پێوەیە، داخوا زەوتکردنی ماڵ و مڵکی ئەوان دەگرێتەوە، داخوا عەفوواتەکە هەمەگرەو هەموو تاوانەکان دەگرێتەوە یان هەندێکیان، لەکۆتادا قانوونی عەفوواتەکە چۆن جێبەجێ دەکرێ و ماوەکەی چەندە. دیارە بۆ بڕیاردانی هەر قانوونێك ئەگەر دەقێکی تر لە دەستوور نەبێ کە زۆرینەی تایبەت بخوازێ، ئەوا دەبێ زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان کە دەکاتە 138 ئەندام ئامادەی کۆبوونەوە بن و بڕیاریش بە زۆرینەی سادەی ئامادەبووان دەدرێ کە دەکاتە 69 دەنگ. تا لێرەوە دەبێ ئەنجوومەن بەوریایی و بەگوێرەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان، بجولێتەوە، بەڵام دیسان بڕیاردانی قانوونێکی لێبوردن کە تاوانگەلی نێودەوڵەتی بگرێتەوە، پێشێلکردنی قانوونی نێودەوڵەتیی عورفی و ئەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەیە کە عێراق خۆی ئیمزای کردوون و تەرەفە تیایاندا.

هەروا پەرلەمانی کوردستان-یش، بۆی هەیە قانوونی لێبوردنی گشتی دەربکا. هەر بەپێی ئەم دەسەڵاتەیش، لە 2007/4/10دا، بڕیاری ژمارە (4)ی لێبوردنی گشتی دا و دواتر لە 4/18دا، لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە پەسندکرا، بەڵام بەپێی قانوونەکە هەندێ تاوانی وەکو تیرۆر، بازرگانیکردن بە



ماددەی بێهۆشکەر، تەزویر و دزینی سەروەت و سامانی هەرێم و هیتر، لێبوردن نەیگرتونەتەوە.

## 4-2: لێبوردن و هەڵوێستی یاسادانەری عیراقی

ماددە 1/153 ی قانوونی سزاکانی عێراقی دەڵێ: لێبوردنی گشتی بە قانوون دەردەچێ و لەئاکامدا داوا (دەعوا) دەکەوێ و نامێنێ، حوکمی تاوانبارکردن دەسڕێتەوە (ئەگەر تاوانبار لەلایەن دادگاوە حوکمی تاوانبارکردنی بۆ دەرچووبێ)، هەموو سزایەکی ئەسڵی و تەبەعی و تەکمیلیی و رێوشوێنێکی ئیحتیرازی کە بۆ تاوانبار بڕاوەتەوە، لەبەین دەچێ، لێ هیچ شوێنەوارێکی بۆ سەر ئەو سزایەی کە بەسەر تاوانباردا جێبەجێ کراوە (واتە ئەو سزایەی پێش عەفوواتە جێبەجێکراوە) نابێ، مەگەر قانوونی لێبوردن بەدەق ئاماژەی بۆ کردبێ.

ماددە 300ی (قانوونی رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی) عێراقی دەڵێ لەم بارانەی خوارەوەدا، داوای سزایی دەکەوێ و نامێنێ: 1- ئەگەر تاوانپێکراو بمرێت 2- یان داوا، حوکمێکی بنبڕی لەبارەوە درابێ جا حوکمەکە تاوانبارکردن بێ یان بێ تاوانبوون. 3- یان بەهۆی لە تاوان بوردن 4- یان بە راگرتنی یەکجاریی کاراییگەلی قانوونی. بەپێی ماددە 378/أ-ی قانوونی سزاکانی عێراقی و ماددە 6ی قانوونی رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی، کات بەسەرچوونی داوا (التقادم) و هەڵوەشاندنەوەی ئەو قانوونەی سزا بۆ تاوان دادەنێ، دیسان داوای سزایی دەکەوێ. کەواتە لێبوردن دەستاوێژێکە بۆ کەوتنی داوای سزایی.

بە گوێرەی ماددە 305ی قانوونی رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی-یش ئەگەر قانوونی لێبوردنی گشتی دەرچوو، ئەوا کارڕایی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن دژی تۆمەتپێکراو، بەتەواوی و یەکجارەکی رادەگیرێ، لێ ئەو کەسەی لەسەرینی تاوان-ەوە، زەرەرو زیانی پێکەوتبێ، مافی ئەوەی هەیە موراجەعەی دادگای مەدەنی بکا.

لێ وەك دەبینین، مادده 15/شەشەم-ی قانوونی ژمارەی 10ی دادگەی باڵای تاوانکاریی عیراقی دەڵێ: بڕیارگەلی عەفووات کە بەر لە بەرکاربوونی ئەم قانوونە دەرچوون، هیچ کام لەو تۆمەتپێکراوانە ناگرێتەوە کە یەکێ لەو تاوانانەیان ئەنجامدابێ کە لەم قانوونەدا دەقبەند کراون. واتە ئەو کەسانەی تۆمەتی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەیان درابێتە پاڵ کە لە ماددەکانی (11، 12، 13، 14) هاتوون، بەبەر ئەو قانوون و بڕیارانەی لێبوردن ناکەون کە پێش ئەم قانوونە، دەرچوون. هەر بۆ بەراورد، مادده (10)ی قانوونی دادگای تایبەت بە سیرالیون، هەر لێبوردنێك بۆ هەر کەسێك درابێ کە دەکەوێتە ژێر ویلایەتی ئەم دادگایە تایبەتە سەبارەت ئەو تاوانانەی کە لە 2 تا 4ی قانوونی ئەو دادگایە ئاماژەیان بۆ کراوە، ڕێگە لە دادگاییکردنی ناگرێ[6].

بەگوێرەی مادده 141ی دەستوور، هەموو ئەو قانوونانەی لە ساڵی 1992-ەوە لە کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دەرچوون مادام هەموارنەکراون و هەڵنەوەشێنراونەتەوەو پێچەوانەی ئەم دەستوورە نین، وەکو خۆیان کاریان پێ دەکرێ. دیارە لێبوردنی بەرەی کوردستانی پێش ئەم مێژووە بووە. بەرەی کوردستانی، ڕاستە دەسەڵاتێکی تایبەتمەند نەبووە بە یاسادانان و لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراو نەبووە، چونکە لە مێژووی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیدا، بەر لە سەرکەوتن، بوار نییە دەستەی هەڵبژێردراو لە لایەن گەلەوە پێکبهێندرێ، بەڵام بەرە وەك چەترێکی سەرکردایەتیی سیاسی و بەحوکمی ئەوەی دەسەڵاتی ئەمری واقیع بووە و بۆ بەرژەوەندی باڵای ئەو کاتەی کورد و دوای لێکدانەوەی پارسەنگی هێزەکان، بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین و پتەوکردنی یەکێتیی ڕیزەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی و کەلەبەرەکان و تەسکردنەوەی بەرەی ڕژێم، لێبوردنی بۆ سەرجەم ئەوانەی هاوکاریی ڕژێمیان دەکرد، داوە. لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم لێبوردنە، پێویست بووە، بەڵام دەبوایە لەتەك ئەو لێبوردنەدا، کۆمەڵێ میکانیزمی تر پەسند بکرایە کە تا ئێستا دەشیان برینەکانیان سارێژ بکردایە. سێیەم، بەرەی کوردستانی قانوونی ژمارە 1ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی



بڕیار دا کە لە 1992/5/19دا هەڵبژاردنی گشتی پێ کراو پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی لێکەوتەوە، واتە (چرورە) وای کرد بوو بەرەی کوردستانی، قانوون دەربکا، جا ئەو (چرورە)یە سیاسی بووبێ یان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی قانوونی یان ئیداری بووبێ. لێرەدا، هەقە جیاوازییەك لەنێو ئەوانەی لە دوای 1991-ەوە لەپاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا مانەوەو ئەوانەشیان بکرێ تا 2003 لەپاڵ ڕژێمدا بوون، سەرباری لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا جۆرو سروشتی تاوان، زلی و مەترسیداری تاوانەکەو چەند جار تاوانپێکراو ئەو کردانەی دووبارە و سێ بارە کردۆتەوە، یان ئەوانەی بندەست و پلەو پایەیەکی ئەوتۆیان نەبووە، لەبەرچاو بگیرێ. واتە با زێتر ماسییە گەورەکان بە تۆڕەوە ببن نەك ماسییە بچکۆلەکان.

### 5-2: هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییەکان

وەك سەرنج دەدرێ هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەو کۆمیسیۆنەکانی، سەبارەت بەو بڕیارو قانوونی عەفوواتەی کە لە هەندێ وڵاتدا، دەسەڵاتداران بۆ خۆیان و دەست و پێوەندەکانیان دەرکردووە، نیگەتیڤ بووەو جەختیان لەسەر دادگاییکردنی ئەو کەسانە کردووە کە بەرپرس بوونە لە پێشێلکارییە زل و مەترسیدارەکانی قانوونی نێودەوڵەتیی مرۆیی. دیارترین نموونەش، لە 7ی تەمموزی 1999، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (تەخفووز)ی خۆی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی (لوم- تۆگۆ)ی ئاشتیی نێوان بەرەی یەکگرتووی شۆرشگێر و حکوومەتی سیرالیۆن دەربڕیوە کە لە ماددەی (9) ڕێککەوتننامەکەدا باس لە لێبوردن کراوەو نوێنەری یوئێن دەڵێ: بەپێی لێکدانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو لێبوردنە، تاوانگەلی نێودەوڵەتیی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی شەڕ و پێشێلکارییە خەتەرەکانی تری قانوونیی ئینسانیی نێودەوڵەتی، ناگرێتەوە.

واتە ئەوە ئەرکی دەوڵەتە، دادگایی ئەو کەسانە بکا کە پێشلکاریی زلی قانوونی ئینسانیی نێودەوڵەتی و قانوونیی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤیان کردووە و خۆی لێ نەدزێتەوە.

لەساڵی 1989، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری 1989/65ی ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی پشتڕاستکردەوە، سەبارەت بە "Principles on the Effective Prevention and Investigation of Extra-Legal, Arbitrary and Summary Executions"، پرەنسیپی 19 (بڕگە 2) بەتوندی دژی ئەو قانوونی لێبوردنانەیە کە بۆ ئەم تاوانانە بدرێ: نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا، بە باری شەڕ، داگیرکاری و باری لەناکاویشەوە، ئەو کەسانەی تۆمەتی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی بەپەلەو خێرایان دراوەتە پاڵ، لە دادگاییکردن لێبوردن بکرێن.

هەروا کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ-ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1992/4/10 لە کۆمێنتی گشتیی ژمارە 20ی خۆیدا، سەبارەت بە ماددە 7 ی (ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان - 1984)، دەڵێ: هەندێ وڵات لێبوردنیان بۆ کاروکردەی ئەشکەنجەدان دەرکردووە. بەگشتی عەفووات لەگەڵ ئەرکی وڵاتان تێکناکاتەوە کە دەبێ بەدوای کردەوەی ئەشکەنجەداندا بچن، بەپێی ویلایەتی خۆیان ئەوە دەستەبەر بکەن کە کەس ئەشکەنجە نادرێ و لە داهاتووشدا دووبارەی ناکەنەوە، وڵاتان نابێ مافی تاکەکان پێشێل بکەن و دەبێ ڕێگەچارەی کارایان بۆ دابین بکەن بە قەرەبووکردنەوەو راهێنانیشەوە.

لە ساڵی 1992دا، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کاتی پەسندکردنی جاڕنامەیەك لەبارەی پاراستنی هەرکەسێکی بەزۆربزرکراو، قانوونەکانی لێبوردنی ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو کەسانەی بەرپرسن لەو تاوانە، نابێ سوود لەهیچ قانوونێکی لێبوردنی تایبەتی یان لە هەر ڕێوشوینێکی هاوشێوە وەربگرن کە سزا یان کاراِیی سزاکارییان لەسەر لاببا.



لە دوای نەوەتەکانیشەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو دادگای تاوانکاریی تایبەتی بۆ یۆگۆسلافیا و ڕواندا: دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانکاریی تایبەت بە یۆگۆسلافیای جاران ICTY بەپێی بڕیاری 808 لە 1993/2/22 و دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانکاریی تایبەت بە ڕوانداICTR بەپێی بڕیاری ژمارە 955 لە 1994/11/8، دامەزراند بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی پێشێلکاری مەترسیداریان دەرهەق بە قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی کردبوو. بەگوێرەوی پێڕەوی بنەڕەتیی هەردوو دادگاکە، ئەو دادگایە چەندین تۆمەتباریان بە تۆمەتی (تاوانەکانی شەڕ "پێشێلکارییە زلەکانی ڕێککەوتننامەکانی ساڵی 1949ی جنێف"، پێشێلکارییەکانی قانوون و نەریتەکانی شەڕ، جینۆساید، تاوانەکانی دەرهەق بەمرۆڤایەتی) دادگاییکردووە. ئەم دوو دادگایەو چەندین هەوڵی تر، دادگەی جینایی نێودەوڵەتی (1998-ڕۆما)ی لێکەوتەوە کە لە 1ی تەمموزی ساڵی 2002-ەوە کەوتۆتەکار. ئەمە بێ لە دادگای تایبەت بە سیرالیۆن[7]، شایانی گوتنە ئەم دادگایە لە 2004/3/13دا لە بارەی ئەو عەفوواتەی لە ڕێککەوتننامەی (لوم) ی سیرالیۆندا هاتووە، بڕیاریدا کە ئەو لێبوردنە تاوانگەلی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە[8] لە تیمووری ڕۆژهەڵات-یش، دادگەیەك بەناوی (special panels for serious crimes in East Timor) بەگوێرەی بڕیاری 1272ی 1999/10/25ی ئەنجوومەنی ئاسایش دامەزراوە. بەم شێوەیە وردە- وردە، ڕزگارنەبوون لە سزاو دادگاییکردنی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە پێشیلکارییە زل و مەترسیدارەکانی قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی، بووە بە نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ئەم سەردەمەی ئێمە. لەم پێڤاژۆیەدا، دەکرێ بڵێین دادگای باڵای تاوانکاریی عیراقی کە لەسەر هەمان پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەو دادگایانە بە تایبەتی لەرووی ئیختیساسی بابەتییەوە، دامەزراوەو دەڕوا، پێشکەوتنێکی گەورەیە لە ئاستی دادگاگەلی نیشتمانیدا بۆ دادگاییکردن و لێپێچانەوەی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانگەلی نێودەوڵەتی.

## 6-2: هەڵوێستی دادگاگەلی هەرێمایەتی و لیژنەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی تر

دادگای ئەمریکی و کۆمیسیۆنی نێو-ئەمریکایی بۆ مافەکانی مرۆڤ داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکەن کە دەبێ قانوونەکانی ناوەخۆی وڵاتەکانیان لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێو-ئەمریکایی بۆ مافەکانی مرۆڤ بگونجێنن، چونکە دەرکردنی قانوونگەلی بەرفرەی عەفووات هیچ هێزێکی پابەندکاری ڕەوایان نییە[9]. لەسەرینی ئەمەوە، هەندێ لە دادگاکانی وڵاتانی ئەندام، وەکو دادگای باڵای هیندوراس دوو بڕیاری گرنگی داوە، یەکەمیان نابێ لێبوردن بدرێ بەر لەوەی دەسەڵاتی دادوەری لە حاڵەتەکە بکۆڵێتەوە، دووەمیان دەستوور ڕێگە نادا، عەفووات بۆ تاوانی گشتی دەربکرێ کە ئەفرادی سوپا کردوویانە، چونکە ئەو تاوانانە، تاوانی سیاسی نین. لە گواتیمالا، ساڵی 1996، قانوونی ئاشتبوونەوە باس لە سوودەکانی لێبوردن دەکا، لێ ئەو قانوونە، تاوانەکانی جینۆساید، ڕاگواستنی بەزۆر و ئەشکەنجەدان، ئەو تاوانانەی کە بەگوێرەی قانوونی نێودەوڵەتی تەقادوومیان بەسەردا جێبەجێ نابێ، لێ هاوێشتۆتە دەرێ[10].

لە سەردەمی حوکمی سەربازیدا لە ئەرجەنتین لە نێوان 1976-1983، بەهەزاران کەس ڕفێنراون و شوێنبزرکراون. لە ساڵی 1986 دا قانوونی Ley de Punto Final, Full Stop Law دەرچوو کە دواکاتی دانا بۆ دادگایەکان کە لێوەکۆڵینی خۆیان سەبارەت بە پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ تەواو بکەن، ساڵی 1987 قانوونی Ley de Obedencia Debida, Law of Due Obedience، دەرچوو کە دادوەرەکان ڕێنوێنی کرابوون پرەنسیپی due obedience بەسەر هەموو ئەو ئەفسەرانەدا پێڕەو بکەن کە پلەیان لە خوار کۆلۆنیل-ەوەیە و دۆسیەی ئەو داوایانەی لە سەریان تۆمارکراوە، دابخەن و ساڵی 1989 و 1990یش، سەرۆکی ئەرجەنتین لێبوردنی بۆ تۆمەتپێکراوان دا، بەڵام پەرلەمانی



ئەرجەنتین هەر ئەو ساڵە لە پێڤاژۆی بەجێ گەیاندنی دادپەروەریدا، ئەو قانوونەی هەڵوەشاندنەوە[11]. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1992دا، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نێو-ئەمریکایی بڕیارێکی دا سەبارەت بە Full Stop Law and the Due Obedience Law کە ئەو قانوونانە، مافی پاراستنی دادوەری (مادده 25) و مافی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە (مادده 8)ی ڕێککەوتننامەی نێو-ئەمریکایی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. شایانی گوتنە، ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی 1984-ەوە لە ئەرجەنتین کاری پێ دەکرێ.

لە پیرۆ، ساڵی 1995 قانوونی لێبوردن دەرچوو، ئەو قانوونە ڕێی لەوە دەگرت کە هەندێ لەو عەسکەرییانەی 15 کەسیان لە کێشەی Barrios Altos کوشتبوو، بدرێنە دادگا، بەڵام دادگەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەو قانوونەی بەپێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی نێو- ئەمریکایی بۆ مافەکانی مرۆڤ داناو گوتی ئەو قانوونە ڕێگە لە دەعوا لەسەر قەیدکردن و دادنە دادگای ئەو عەسکەرییانە ناگرێ[12]. لە 28ی ئابی 2003دا، لیژنەی ئاشتبوونەوەو ڕاستی لە پیرۆ ڕاپۆرتێکی دەرکردو تیایدا قانوونی لێبوردن ڕەت دەکاتەوەو داوا لە دەوڵەت دەکا دەعوا لەسەر تۆمەتپێکراوان قەید بکا.

لە 27ی شوباتی 2006دا، ئەنجومەنی وەزیرانی جەزایر بەکۆی دەنگ بەسەرپەرشتی سەرکۆمار بۆتەفلیقە،"مرسوم تنفیذ میثاق السلم والمصالحه الوگنیه"ی دەرکرد کە تیایدا لە دارودەستەکانی حکوومەت و دەزگاکانی ئاسایش خۆشبوو کە پێشێلکاریی زلیان کردووەو لە ئاداری پاردا ئەمنستی ئەنتەرناشنال، ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، سەنتەری نێودەوڵەتیی عەدالەتی ئینتیقالی و فیدرالیەتی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ نیگەرانی خۆیان لەو بارەوە دەربڕی.

**7-2: دادگاگەلی نیشتمانی و دەستدانی دادوەریی هەمەگر- الاختصاص القضائي الشامل:**

ئەمڕۆ لە چەندین وڵاتی وەك (بەلجیكا، ئەلمانیا، سویسرا، ئیسپانیا، فنلندا...) قانوونی وا دەرچووە كە پێشێلكارییە زل و مەترسیدارەكانی بنەماو پرەنسیپەكانی قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی بە تاوان دەزانن و ڕێگە بۆ پراكتیزەكردنی دەستدانی دادوەریی هەمەگر كراوەتەوە و هەر بۆ نموونە لە وڵاتێكی وەك بەلجیكا بە گوێرەی قانوونی بەلجیكی كە لە 16ی حوزەیرانی 1993 دەرچووەو دواتر بەقانوونی ژمارە 10 لە شوباتی 1999 هەمواركراوە لە مادده (7)ی ئەو قانوونەدا نووسراوە (دادگاكانی بەلجیكا دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لەو پێشێلكاریانەی لەو قانوونەدا هاتوون بڕوانن، بەبێ گوێدانە شوێن و جێگەی ئەنجامدانیان)[13]. بەكردەوەش لە هەندێ دادگادا، ئەم ئیختیساسە جێبەجێكراوە بۆ نموونە ساڵی 1994 دادگەی باڵای دانیماركی، پەناهەندەیەكی بۆسنەی لە دانیمارك بەناوی ڕەفیق ساریك دادگاییكرد بەتۆمەتی كوشتوبڕی گرتووان لە كامپێكدا بەناوی Dretelj لە بۆسنیاو هەرسك[14]. ساڵی 1995 یش، لە ئەلمانیا، دوو سربی و كرواتییەك بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەكانی شەڕ لە یۆگۆسلافیای جاران، حوكمدران و لە هۆلەنداش، هاووڵاتییەكی سربی بەتۆمەتی تاوانەكانی شەڕ لە یۆگۆسلافیا حوكمدرا[15]. كەواتە لەدنیای ئەمڕۆدا، كۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە كە هەندێ مافی بنەڕەتیی مرۆڤ ناكرێ پێشێل بكرێن، چونكە ئەو مافانە پێوەندییان بە كەرامەتی مرۆڤەوە هەیەو پێشێلكردنیان دەبێتە دەستدرێژی بۆ سەر نیزامی گشتیی نێودەوڵەتی، واتە تاوانەكانی شەڕ، جینۆسایدو تاوانەكانی دەرهەق بەمرۆڤایەتی. ئەم تاوانانە ئیلیتزاماتی دادگاییكردنی تاوانباران دەخەنە ئەستۆی سەرجەم وڵاتانەوە. پێڕەوكردنی ئەو ئیختیساسە هەمەگرە وایكردووە، تۆمەتباران زاتی ئەوە نەكەن، ڕوو بكەنە هەندێ لەو وڵاتانە لەترسی گرتن و دادگاییكردنیان (نموونە نزار خەزرەجی). مادده 14(2)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەكانی مرۆڤ دەڵێ (هەر



كەسێ لەبەر تاوانی سیاسی یان كاروكردەی دژ بە مەبەستەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان درابێتە دادگا، ناكرێ سوود لەم مافە [ مافی پەنابردن بۆ وڵاتێكی تر] وەربگرێ.

ئەم ئیختیساسە پاساوی خۆی هەیە، سەرچاوە لە چەندین ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی وەردەگرێ[16] و چەندین ئیلیزاماتیان دەخاتە ئەستۆ بەرانبەر پێشیلكاریی مەترسیداری مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ وەكو أ- ئەگەر یەكێ بەئەنجامدانی تاوانگەلی نێودەوڵەتی تۆمەتبار بێ و لەسەر خاكی وڵاتێك بژی، دەبێ ئەو دەوڵەتە دادگایی بكا یان ڕادەستی بكاتەوە. بۆ ئەمەش دەبێ وڵاتان بەجیددی و بەتەواوەتی هاریكاری یەكتر بكەن جا دادگاییكردن لەبەرانبەر دادگەیەكی نیشتمانی بێ یان نێودەوڵەتی. لەم ڕووەوە، پێویستە دادگای باڵای تاوانكاریی عیراقی داوای ئەو تۆمەتپێكراوانە بكاتەوە كە بۆ ئەم یان ئەو وڵات هەڵاتوون. ب- لەسەر وڵاتان پێویستە، لێ نەگەڕێن ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانە ڕووبدەن و تاوانكارانیش بگرن و دادگایی بكەن، جا ئەنجامدەران پلەو پایەی وەزیفییان هەرچی بێت، چونكە دادگای نێودەوڵەتی دان بە (حەسانە) و (پەنادان) ی ئەو تاوانكارانە نانێ. بۆیەو نابێ وڵاتان، ڕێگەبدەن بەناوی (حەسانە) و (مافی پەنابەری)، داڵدەی تاوانكاران بدەن و بیانحەوێننەوەو وڵاتەكانیان بكەنە مەكۆی تاوانكاران. ج- قانوونی كات بەسەرچوون بەسەر تاوانگەلی نێودەوڵەتی پەیڕەو ناكرێ. د- پراكتیزەكردنی ئیختیساسی دادوەریی هەمەگر و چەندین ئیلتیزاماتی تر[17] بێ لەوە لە هەندێ وڵاتدا، نە (دەستدانی هەرێمایەتی- الاختصاص الاقليمي: واتە ئەو دەوڵەتەی كە تاوان لەسەر خاكەكەی بكرێ دەبێ ئیجرائاتی پێویست بكا) و نە (دەستدانی فەردی- الاختصاص الفردي: واتە دادگای دەوڵەت، لەو تاوانە بڕوانێ كە تاوانكار یان قوربانی ناسنامەی وڵاتی وییان هەڵگرتووە) دەرهەق بە كاربەدەستانی خۆیان پێڕەو ناكەن و عەدالەت جێبەجێ ناكەن. ئا لەو بارەدا، ئیختیساسی دادوەریی هەمەگر، گرینگی خۆی هەیە بۆ دەربازنەبوونی ئەو كەسانەی بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانگەلی نێودەوڵەتی و دادگاییكردنیان لە حاڵێكدا ئەگەر ئەو تاوانكارانە ڕوو لەو وڵاتانە بكەن كە ئەو

ئیختیساسەیان تێدا پێڕەو دەکرێ. بەڵام مخابن تا ئێستا لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی و ماددی.. دەوڵەتان ئەو ئەرکانەی خۆیان بە پراکتیزەکردنی ئیختیساسی قەزایی هەمەگریشەوە، جێبەجێ ناکەن و ئەمەش وایکردووە هەندێ لە تۆمەتباران لە دەست عەدالەت رابکەن و خۆیان بشارنەوە، یان لە هەندێ وڵاتدا پەنا بدرێن.

هەروا بۆ ئەوەی لێبوردن بەخراپ بەکارنەهێندرێ و بۆ خۆقورتارکردن نێتەدان و، لە چوارچێوەیەکی قانوونی بێ و خزمەت بە ئاشتبوونەوەو سەقامگیری و هاتنەدی عەدالەت و دەرکەوتنی راستییەکان بکا، پێویستە لەو وڵاتانەی تازە لە شەڕی ناوخۆ دەرچوون، یان تازە لە رژێمێکی ستەمکاری تۆتالیتار وەك رژێمی سەدام، رزگاریان بووەو لە قۆناخی راگواستنەوە بەرەو دیموکراسی دان، لێبوردنی هەمەگیرو رەها نەدەن و دەبێ هاوکاتیش بێ لەگەل جۆرێ لە دانان بە راستییەکان و تۆمارکردنیان بەشێوەیەکی بابەتی، پاکسازیکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت لەوانەی بەسایەی رژێمی پێشوو و بە ناهەق پلەو پایەیان وەرگرتووە، قەرەبووکردنەوە و هەندێ میکانیزمی تر وەك رێگەگرتن لە بەرپرسەکانی بەعس لەخۆپالاوتن بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لەپاڵ دادگاییکردنی گەورە تاوانباران.. ئەمانە تا رادەیەك سوکنایەتی بە کەسوکاری قوربانییان دەدەن، دەکرێ بڵێین ئەوانە لایەنی کەمن بەنسبەت کەسوکاری قوربانییان و لە هەمانکاتدا هەنگاوی یەکەمن، بۆ ئاشتەوایی و پێکهاتنەوەو روونەدانی تۆڵەو تۆڵەکاری و بۆ پێچانەوەی رابردوو. لێ لەکاتێکدا لە عیراقدا بارێکی لەناکاو هەیە و ئاستی توندوتیژی بەرزە و هەڕەشە لە بوون و مانەوەی عیراق وەك دەوڵەت دەکرێ. بۆیە و رەوایەو لە رووی قانوونیشەوە رێی تێ دەچێ، لە چوارچێوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا، قانوونێکی لێبوردن دەربکرێ تا بازنەی ئەوانەی دژ بە پرۆسەی سیاسین لە عیراقدا تەسك ببێتەوەو خەڵکێکی تر نەدەنە پاڵ هێزەکانی دژی حکوومەت نەمازە کە حکوومەتی تازە هێشتا جێگیر نەبووە. بۆیە دەکرێ لێبوردن بدرێ بەڵام بەمەرج و لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دابێ. واتە هەموو ئەوانەی پێشێلکارییان کردووە



دادگایی نەکرێن، تەنیا گەورە بەرپرسان، ئەوانەی نەخشەدانەرو فەرماندەرو جێبەجێکاری کوشت و بڕی بەکۆمەڵ بوونە، لە تەك ئەوانیشدا، ئەوانەش دادگایی بکرێن کە تۆبە ناکەن و لە تاوان و گوناهەکانیان پەشیمان نین. بۆیە و هەقەو دەبووایە کۆمیسیۆنی نیمچە قەزایی، کۆمیسیۆنی زانینی راستییەکان و ئاشتبوونەوە لەسەرانسەری عێراقدا پێکبهاتبایە، بەکوردستانیشەوە کە تیایدا راستییەکان بەشێوەیەکی بابەتی تۆمار بکرانایەو سوود لە تەجرەبەی وڵاتانی تر بەتایبەتی باشووری ئەفریقیا وەربگیرایە. ئەگەر ئەوە بکرایەو تۆمەتباران لەبەرانبەر کەسوکاری قوربانییان و لیژنەکانی راستیدا رابوەستانایەو دانیان بە سوچ و هەڵەکانی خۆیان بێ کەم و زیاد بنابایەو داوای لێبوردن و پێکهاتنەوەیان بکردبایە، ئەوا بەشێکی ئەو کارەساتە دەپێچرایەوە و وزەو تواناو داهاتەکان بۆ بنیاتنانی ئایندە تەرخان دەکرا. لێ ئەوانەشیان کە تاوانی گەورەیان کردووەو چەند جار دوبارەیان کردۆتەوە، رەوانەی بەردەم دادگا کرابان..

یان ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان قانوونی لێبوردن پەسند بکا، بەتایبەتی لەو بارانەدا کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوبژیوانی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان بکا، یان سەرپەرشتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکا، یان تەسدیق-ی ئەو لێبوردنە بکا، ئەوا دەبێ هەموو وڵاتان پێی رازی بن و لەهەموو جێیەك ئەو قانوونە بخوا، چونکە بەهۆی رێککەوتننامەی لەمبابەتە تەنایی و ئاشتی جیهان دەپارێزرێ، بۆیەو پێویستە لە هەموو جێیەك، پێشوازی لێ بکرێ، چونکە لە باری وادا، واتە کە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و تەنایی هەبوو، ئەوا ئاشتی لە پێش عەدالەتەوەیە.

## 3- دەرەنجام:

دادگەی باڵای تاوانکاریی عیراقی، دادگەیەکی شەرعییەو بەپێی قانوون دامەزراوەو هەموو پێوەرو ستانداردەکانی دادگایی کردنی دادپەروەرانەی تێدایەو پێویستە هاوکاری بکرێ و نابێ هیچ تۆمەتپێکراوێك کە لە لایەن دادگەوە داوا کرابێ، داڵدە بدرێ.

تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی شەڕ، نە لێبوردن، نە تەقادووم نایانگرێتەوە، هەم بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی و هەم بەگوێرەی قانوونی ژمارە 10ی دادگەی باڵای تاوانکاریی عیراقی. واتە ئەگەر ئەمڕۆش، تۆمەتبارێك دەس نەکەوێ، یان بۆ دەرەوە رایکردبێ، ئەوا دەعوای قەزایی لەسەر دەمێنێ و دوور نییە وردە- وردە، پراکتیزەکردنی ئیختیساسی قەزایی هەمەگریش ببێتەباو، ئەوا لە بەرپرسیارەتی و لە سزا دەربازیان نابێ.

پێویستە، لە چوارچێوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و لەتەك میکانیزمەکانی تری عەدالەتی ئینتیقالیدا، لێبوردنێکی بەمەرج دەربکرێ، کە رەنگە بەشداری بکا لە پێچانەوەی قۆناخێکی کارەساتباری میللەت و رێگە لە پەرەسەندنی توندوتیژی و تۆڵەو تۆڵەساندنەوەو رك و کینە بگرێ و هەستکردن بە (غبن) لە لای قوربانییان یان کەسوکاریان کەم بکاتەوە.



## پەراوێزەکان:

(*) ئەم باسە، لە 28ی کانوونی دووەمی 2008دا، لە کۆنفرانسی "بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی کورد" کە لە هەولێر لە ماوەی نێوان 26 تا 2008/1/28 بەسترا، لەلایەن نووسەرەوە پێشکەشکرا.

1- بڕوانە ئەم سایتە:

www.ictj.com

کێشەی دوجەیل، کێشەی ژمارە 1/ بەرگی 1 و بەرگی 2/ 2005

2- سعید حسب الله عبدالله، شرح اصول المحاکمات الجزائیة رقم 23 لسنة 1971، دار الحکمة للطباعة والنشر، الموصل، 1990، ص 67

3- http://en.wikipedia.org/wiki/Amnesty

4- ال-ب-کرزون، فرهنط حقوق (انطلیزی-فارسی)، ت،: قدیر کلکاران و دیطران، ویرایش ششم، انتشارات دانشیار، تهران، 1384، ل29.

5- طارق حرب، العفو في الاحکام الدستوریة والقانونیة، بعد الحدیث عنه في هیئة المصالحة، جریدة الصباخ البغدادیة في 26 آب 2006، ص1، الموجود علی الموقع:
http://www.alsabaah.com/paper.php?source=ekba&mlf=coppy&sid=28942

6- تقریر منظمة العفو الدولیة 2007، حالة حقوق الانسان، سیرالیون، الموجود علی الموقع:
http://thereport.amnesty.com/ara/Regions/Africa/Siera-Leone

7- دادگای تایبەت بە سیرالیۆن بەپێی رێککەوتننامەیەك لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی سیرالیۆن لە 2002/1/16 دامەزراوە.

8- Simon M. Meisenberg, the legality of amnesties in international humanitarian law, The Lome Amnesty Decesion of the Special Court for Sierra Leone, International Review of Red Cross, No. 856, 31/12/2004, p.837-851

9- هیثم مناع، مستقبل حقوق الانسان/ القانون الدولي وغیاب المحاسبة، المؤسسة العربیة الاوربیة للنشر-باریس، 2005، ص 235.

10- هەمان سەرچاوە، ص 236

11– هەمان سەرچاوە، ل 236

12- هەمان سەرچاوە، ل 237.

13- Domien Vandermeersch, Belgian legal system for the repression of crimes under international law, in: Cristina Pellandini (edit.), Advisory service on the international humanitarian law, National measures to repress violations of international humanitarian law (civil law system), Report on the Meeting of Experts Geneva 23-25 Sep. 1997, Geneva, 2000, p. 159, in: http://www.icrc.org

14- Antonio Cassese on the Current trends towards criminal prosecution and punishment of breaches of international humanitarian law, available in: http://www. ejil. org.

15- المعلومات مستقاة من:
http://www. sis. gov. eg/online/ahtm/300721b. htm

16- اتفاقية منع الابادة الجماعية والمعاقبة عليها في 1948/12/9، اتفاقيات جنيف الاربعة الموقعة في 12 آب 1949وبروتوكولاها الاضافيين الموقعين في 8 حزيران 1977، الاتفاقية الدولية لنزع ومكافحة جريمة التمييز العنصري في 1973/11/30، اتفاقية الامم المتحدة ضد اخذ الرهائن 1979/12/17، المادة الثامنة من اتفاقية مناهضة التعذيب وغيره من ضروب المعاملة، او العقوبة القاسية، او اللانسانية، او المهينة في 10كانون الاول 1984، النظام الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية الدائمة (نظام روما الاساسي المنعقد في 17 تموز1998) وهي تريش.

17- ئاسۆ كريم، مسؤولية الدولة عن جرائم الحرب في النزاعات الداخلية المسلحة (العراق نموذجا)، نامەی ماستەر (بلاونەكراوەتەوە)، ايلول 2003، كە پێشكەش بە زانكۆی جیهانیی بۆ زانستگەلی ئیسلامی– لەندەن كراوە، ل188.

# سیستەمی دەنگدان بەپێی دەستوور لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا(*)

لە 2005/10/15دا، لە تەواوی عێراقدا پرۆسەی دەنگدان لەسەر گەلاڵەنامەی دەستوور بەڕێوەچوو. لە 10/25دا لە داخویانییەکدا "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان" رایگەیاند کە 78.59٪ی دەنگەکان بە بەڵێ بووەو 21.41 یش بە نەخێر. بەگوێرەی برگەی (ج-ی ماددە 61)ی "قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە"، مادامەکێ 2/3ی دەنگدەرانی (3) پارێزگا یان زیاتر دژی گەلاڵەنامەکە نەبوون (1)، کەواتە گەلی عێراق بە گەلاڵەنامەی دەستوور رازی بووەو ئیدی وەکو ماددە (139)ی دەستوور دەڵێ: دەستوور پاش ئەوەی لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەبێتەوەو حکوومەتی پێ دادەمەزرێ، دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. واتە دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی 2005/12/15-ەوە.

بەپێی دەستوور، دەسەڵاتێکی زۆر بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دراوە (بڕوانە ماددە 46- 62ی دەستوور). لەهەمانکاتدا زۆر کێشەو پرسی گرنگ بۆ ئەم ئەنجوومەنە هەڵگیراوە (2).

هەروا ئەم ئەنجوومەنە، ئەنجوومەنێکی کاتی نییەو وێدەچێ پێکهاتەی ئەمجارەی ئەنجوومەن لەچاو کۆمەڵەی نیشتیمانیی عێراق بگۆڕێ کە 228 لایەنی



سیاسی و 21 هاوپەیمانێتی کە نزیکەی 100 پارتی سیاسی پێکیانهێناوە، کێبەرکێ دەکەن و هەم مەزەندە دەکرێ خەڵکی سوننە مەزەبی عەرەب، بەگوێرەی بەشداریکردنیان لە ریفراندەمی 10/15دا، بەشدارییەکی جیدی تر لە هەڵبژاردندا بکەن (3). هەندێ چاودێر پێیانوایە سوننەکان لە کۆی 275 کورسی، 60-80 کورسی وەدەست دێنن. وێناچێ ئەو مەزەندەیە لە جێگەی خۆی دابێ و موبالەغەی پێوە دیارە، بەڵام بەپشتبەستن بە ئاکامەکانی ریفراندەمی 10/15 و "نەخێر"ەکانی بەغداو ئەنبارو سەلاحەددین و موسڵ و دیالەو کەرکووك، رەنگە 40-50 کورسییەك وەدەست بهێنن.

هەروابێتەوە بۆ ئێمەی کوردیش هەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی دادێ و هەم چوار ساڵەکە، تاقیکردنەوەیەکە کە داخوا تا چەند دەست بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەستوورەوە دەگیرێ و لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دێتە جێبەجێ کردن. هەڵبەت ئەمەش بەپلەی یەکەم بەندە بەپێکهاتەی نەتەوەیی و مەزەبی و حزبیی ئەنجوومەن، کە لە ئاکامی هەڵبژاردنی 2005/12/15 دەکەوێتەوە.

لە کوردستاندا، رێژەی بەشداریی خەڵك لە ریفراندەمی 10/15 بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی 2005/1/31 کەمتر بوو (4). هەروا یەکگرتووی ئیسلامی-یش لە هاوپەیمانێتی کوردستان دەرچووەو وێناچێ (77) کورسییەکەی جاران وەدەست بێتەوە، بەمەزەندەی پیتەر گالبێرت: لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانی هەر دەوروبەری 55 کورسی دێنێ(5). پێموایە ئەو ژمارەیە نزیکە لە واقیع و بەپێی مەزەندە لەنێوان 55-56 کورسی وەدەست دێ.

راستە لیستی (الائتلاف العراقي الموحد) کە لە 16 قەوارەی سیاسی پێکهاتووە(6) و تەییاری سەدری چ تە پاڵ، لەهەمانکاتدا هەندێ لایەن و کەسایەتیی لیبراڵ و تەکنۆکراتی شیعە مەزەبی لێ دەرچووەو لیستی سەربەخۆیان پێکهێناوەو بەمەش لیستی ئیئتلاف زێتر مۆرکی شیعەگەرێتی پێوە دیارەو بێ

شك ئەو قورساییەی جارانی نامێنێ. بەڵام بە راوێژان لە هەموو لیستەکانی تر پتر کورسی دێنێ و مەزەندە دەکرێ دەوروبەری (90-100) کورسی بهێنێ (دیارە ئەو لیستە زۆر لەوە پتری هێنا، 130 کورسی).

هەرچەند گوایا سیستانی ئەمجارە پشتی هیچ لیستێك ناگرێ [7]، بەڵام گرنگ دوو حەفتەی کۆتایی پێش هەڵبژاردنە کە داخوا مەرجەعی باڵای شیعە لەسەر قەول و قەراری خۆی دەمێنێتەوە یان بە قازانجی لایەك فتوا دەردەکات.

هەرچی (قائمة العراقية الوطنية "ليبرالية علمانية") لە 15 لایەن پێکهێناوە: حركة الوفاق الوطني (العلاوى) والحزب الشيوعي العراقي (حميد مجيد) و احرار (اياد جمال الدين) و تجمع الديمقراطيين العراقيين المستقلين (عدنان الباجچي) و عراقيون (غازي الياور) و حزب الوحدة (مبدر الويس) و الحركة الاشتراكية العربية (عبدالالة النصراوي)، القائمة الوطنية (حاجم الحسني)، الهيئة العراقية المستقلة (فلاح النقيب)، التجمع القاسمي الديمقراطي (قاسم الجنابي)، تجمع الوفاء للعراق (حسين شعلان)، تجمع الفرات الاوسط (حاكم خزعل خشان)، حزب شيوخ العراق المستقلون (علي الزاوي)، التجمع الجمهوري العراقي (سعد الجنابي).

هەروا لیستی المؤتمر من اجل العراق لە 9 لایەن پێکهاتووە: المؤتمر الوطني العراقي (احمد الجلبي) والحزب الدستوري العراقي (جواد البولاني)، والحركة الدستورية الملكية (الشريف بن علي) و حزب القرار التركماني (فاروق عبد الله)، الحزب الديمقراطي الاول (مجيد حاج حمود)، جبهة العمل المشترك للديمقراطية (عباس جبر)، كتلة الامانة العامة لجنوب العراق (باقر ياسين احمد)، القائمة المستقلة (سمير الكرعاوي).. ئەم دوو لیستەی دوایی رەنگە ئەمریکاییەکان، وەك دوو لیستی لیبراڵی و عەلمانی، گرەویان لەسەر بکەن و وێدەچێ رێژەیەك کورسیش وەدەست بێنن.

دیارە بەپێی ئەو قانوونەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق بۆ هەڵبژاردنی گشتی 230 کورسی لە کۆی 275 کورسی ئەنجوومەن بەم شێوەیە بەسەر پارێزگاکانی



عێراقدا دابەشکراوە و 45 کورسییەکەی تریش **بەپێی سیستەم و رێوشوێنێکی دی کە دوایە دەردەچێ دابەش دەکرێ:**

| ناوی پارێزگا | ژمارەی کورسی |
|---|---|
| بەغدا | 59 |
| موسڵ | 19 |
| بەسرا | 16 |
| سلێمانی | 15 |
| هەولێر | 13 |
| زیقار | 12 |
| بابل | 11 |
| دیالە | 10 |
| ئەنبار | 9 |
| کەرکووک | 9 |
| واست | 8 |
| سەلاحەددین | 8 |
| قادسیە | 8 |
| نەجەف | 8 |
| دهۆك | 7 |
| میسان | 7 |
| کەربەلا | 6 |
| موسەننا | 5 |
| کۆی | 230 |

## سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا

بەگوێرەی (برگە أی ماددە 57)ی دەستوور تا هەر جڤینێکی ئەنجوومەنی نوێنەران رێژەی قانوونی تەواو ببێ، دەبێ زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادە بن، واتە 51٪ ی (275 ئەندامی ئەنجوومەن) کە دەکاتە 138 ئەندام.

بەپێی (برگە ب-ی هەمان ماددە) پرۆژەی هەر قانوون و بڕیارێکیش پێویستی بەدەنگی زۆرینەی سادە هەیە، ئەگەر دەقێکی پێچەوانە نەبێ لە دەستووردا کە زۆرینەی رەها یان زۆرینەی تایبەتی بخوازێ.

دیارە سەرلەبەری ئەو قانوون و بڕیارانەی ئەنجوومەنی نوێنەران دایاندەنێ لە رووی بایەخەوە، یەك پلە نین و هەندێکیان بەشێوەی قانوونگەلی دەستووریی بنچینەیی و هەندێکی تریان بە قانوونگەلی ئاسایی و هەندێکیشیان زێتر "الانظمة والتعلیمات"ن. هەر لە سۆنگەی ئەم بایەخ و پۆلینکردنەوە، هەندێ قانوون و بڕیار پێویستیان بە رێوشوێن و زۆرینەیەکی تایبەت هەیە و ئەوانی تر بە زۆرینەی رەها یان زۆرینەی سادە بڕیاریان لێ دەدرێ. لێرەدا هەر یەك لەم زۆرینانە روون دەکەینەوە.

### زۆرینەی رەها:

واتە پتر لە نیوەی ژمارەی ئەو پەرلەمەنتارانەی بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا دەکەن.

### زۆرینەی سادە:

زۆرینەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی بەکردەوە بەشداری لە دەنگداندا دەکەن نەك زۆرینەی ئەو ئەندامانەی لە (جڤین)دا ئامادە بوون. بۆ نمونە ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا 150 پەرلەمەنتار ئامادەی کۆبوونەوە بوون، 70 ئەندام بەبەڵێ دەنگ بدەن و 65 یش بە نەخێر و 15 ئەندامیش هەر لە بنەڕەتدا دەنگ نەدەن، مادام 70 لە نیوەی 135 (کە بەفیعلی لە دەنگداندا بەشداربوون) پترە، ئیدی پرۆژەکە سەر دەگرێ.



### زۆرینەی تایبەت:

وەك زۆرینەی 2/3ی ئەندامانی ئەنجوومەن واتە 184 ئەندام، یان زۆرینەی 4/3ی ئەندامانی ئەنجوومەن واتە 207، یان زۆرینەی 5/3 واتە 165 ئەندام.

لێرەدا ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی جودا-جودا بڕیاریان لێ دەدرێ، لێکجیا دەکەینەوە:

### یەکەم:

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی سادە (**الاغلبیة البسیطة**) ساغ دەکرێنەوە:

- یسن مجلس النواب في مدةٍ لا تتجاوز ستة اشهر من تاریخ اول جلسةٍ له، قانوناً یحدد الاجراءات التنفیذیة الخاصة بتكوین الاقالیم، بالاغلبیة البسیطة للاعضاء الحاضرین.(المادة 114).
- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، تعاد القوانین والقرارات الی مجلس النواب لاعادة النظر في النواحي المعترض علیها، والتصویت علیها بالاغلبیة، وترسل ثانیةً الی مجلس الرئاسة للموافقة علیها. (المادة 134 خامسا/ب).
- هەر پرسێکی تر کە لە دەستووردا دیاری نەکرابێ، کە بە زۆرینەی رەها یان زۆرینەی تایبەت دەبڕێتەوە، ئەوا وەکو لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا بە زۆرینەی سادە دەبڕێتەوە.

### دووەم:

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی رەها (الاغلبیة المطلقة)ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، ساغ دەکرێنەوەو بڕیاریان لێ دەدرێ، واتە نابێ لە 138 دەنگ کەمتر بێ:

- ینتخب مجلس النواب في أول جلسةٍ له رئیساً، ثم نائباً أول ونائباً ثانیاً، بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس، بالانتخاب السري المباشر. (المادة 53).
- مساءلة رئیس الجمهوریة بناءً علی طلبٍ مسبب، بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء مجلس النواب.(المادة 58/ سادسا أ).

- اعفاء رئيس الجمهورية، بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء مجلس النواب، بعد ادانته من المحكمة الاتحادية العليا، في احدى الحالات المذكورة في الدستور. (المادة 58 الفقرة سادسا، ب).
- لمجلس النواب، بناءً على طلب خُمس (1/5) اعضائه سحب الثقة من رئيس مجلس الوزراء، ولا يجوز ان يقدم هذا الطلب الا بعد استجوابٍ موجهٍ الى رئيس مجلس الوزراء، وبعد سبعة ايام في الاقل من تقديم الطلب. 3ـ يقرر مجلس النواب سحب الثقة من رئيس مجلس الوزراء، بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه. (المادة 58، ثامنا/ ب 3).
- لا يجوز القاء القبض على العضو خلال مدة الفصل التشريعي الا اذا كان متهماً بجناية، وبموافقة الاعضاء بالاغلبية المطلقة على رفع الحصانة عنه، أو اذا ضبط متلبساً بالجرم المشهود في جناية. (المادة 60/ ثانيا/ب).
- يُحل مجلس النواب، بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه، بناءً على طلبٍ من ثلث اعضائه، او طلبٍ من رئيس مجلس الوزراء وبموافقة رئيس الجمهورية، ولا يجوز حل المجلس في اثناء مدة استجواب رئيس مجلس الوزراء. (المادة 61/ اولا).

**سێیەم:**

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی رەهای ئامادەبووان دەبڕێندرێنەوە:
- لمجلس النواب، حق استجواب مسؤولي الهيئات المستقلة وفقاً للاجراءات المتعلقة بالوزراء، وله اعفاؤهم بالاغلبية المطلقة. (المادة 58/ثامنا/الفقرة هاء)
- يعرض رئيس مجلس الوزراء المكلف، اسماء اعضاء وزارته، والمنهاج الوزاري، على مجلس النواب، ويعد حائزاً ثقتها، عند الموافقة على الوزراء منفردين، والمنهاج الوزاري، بالاغلبية المطلقة. (المادة 73/ رابعا).
- رئيس واعضاء محكمة التمييز الاتحادية، ورئيس الادعاء العام، ورئيس هيئة الاشراف القضائي، بالاغلبية المطلقة، بناءً على اقتراحٍ من مجلس القضاء الاعلى (المادة 58/خامسا/أ).



- لمجلس النواب سحب الثقة من احد الوزراء، بالاغلبية المطلقة، ويُعد مستقيلاً من تاريخ قرار سحب الثقة، ولا يجوز طرح موضوع الثقة بالوزير الا بناءً على رغبته، أو طلبٍ موقع من خمسين عضواً، اثر مناقشة استجوابٍ موجهٍ اليه، ولا يصدر المجلس قراره في الطلب الا بعد سبعة ايام في الأقل من تأريخ تقديمه. (المادة 58/ثامنا/أ).
- لمجلس النواب حل هذه الهيئة (الهيئة الوطنية العليا لاجتثاث البعث) بعد انتهاء مهمتها، بالاغلبية المطلقة. (المادة 131/ثانيا).

**چوارەم:**

ئەو پرسانەی کە دیاری نەکراوە چۆن ساغ دەکرێنەوە بە زۆرینەی سادە، یان زۆرینەی رەها یان زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن.
- الموافقة على تعيين السفراء واصحاب الدرجات الخاصة، باقتراحٍ من مجلس الوزراء. (المادة 58/خامسا/ب).
- الموافقة على تعيين رئيس أركان الجيش، ومعاونيه، ومن هم بمنصب قائد فرقة فما فوق، ورئيس جهاز المخابرات، بناءاً على اقتراحٍ من مجلس الوزراء. (المادة 58/خامسا/ج).
- وله الحق (اي رئيس مجلس الوزراء) باقالة الوزراء، بموافقة مجلس النواب. (المادة 75).
- تُعلن حالة الطوارئ لمدة ثلاثين يوماً قابلة للتمديد، وبموافقةٍ عليها في كل مرة. (المادة 58/تاسعا/ب)
- يخول رئيس مجلس الوزراء الصلاحيات اللازمة التي تمكنه من ادارة شؤون البلاد خلال مدة اعلان الحرب وحالة الطوارئ، وتنظم هذه الصلاحيات بقانونٍ، بما لا يتعارض مع الدستور. (المادة 58/تاسعا/ج).
- يُقدم مجلس الوزراء مشروع قانون الموازنة العامة والحساب الختامي الى مجلس النواب لاقراره. (المادة 59/اولا).

- لمجلس النواب، اجراء المناقلة بين أبواب وفصول الموازنة العامة، وتخفيض مجمل مبالغها، وله عند الضرورة أن يقترح على مجلس الوزراء زيادة اجمالي مبالغ النفقات.(المادة 59/ثانيا).

لێرەدا مادامەکێ لە دەستوور دیاری نەکراوە کە ئەم پرسانەی سەرەوە چۆن دەبرشێندرێنەوە، کەواتە بەپێی (مادده 57/دووەم) بە زۆرینەی سادە، دوای تەواوبوونی ڕێژەی قانوونی جڤین، بڕیاریان لێ دەدرێ.

## پێنجەم:

ئەو پرسانەی کە 3/2ی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن واتە بە (184 دەنگ) یەکلا دەکرێنەوە:

- تنظيم عملية المصادقة على المعاهدات والاتفاقيات الدولية، بقانونٍ يسن بأغلبية ثلثي أعضاء مجلس النواب.(المادة 58/رابعا).
- يتم انشاء مجلسٍ تشريعي يُدعى بـ (مجلس الاتحاد) يضم ممثلين عن الأقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم، وينظم تكوينه، وشروط العضوية فيه، واختصاصاته، وكل ما يتعلق به، بقانونٍ يسن بأغلبية ثلثي أعضاء مجلس النواب.(المادة 62).
- ينتخب مجلس النواب من بين المرشحين رئيساً للجمهورية، بأغلبية ثلثي عدد أعضائه. ثانياً ـ اذا لم يحصل أيٌ من المرشحين على الأغلبية المطلوبة، يتم التنافس بين المرشحين الحاصلين على أعلى الأصوات، ويعلن رئيساً من يحصل على أكثرية الأصوات في الاقتراع الثاني.(المادة 67/اولا).
- تتكون المحكمة الاتحادية العليا، من عددٍ من القضاة، وخبراء في الفقه الاسلامي، وفقهاء القانون، يُحدد عددهم، وتنظم طريقة اختيارهم، وعمل المحكمة، بقانونٍ يُسن بأغلبية ثلثي اعضاء مجلس النواب.(المادة 89/ثانيا).



- لا يجوز تعديل المبادئ الاساسية الواردة في الباب الاول، والحقوق والحريات الواردة في الباب الثاني من الدستور، الا بعد دورتين انتخابيتين متعاقبتين، وبناءاً على موافقة ثلثي أعضاء مجلس النواب عليه، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية، خلال سبعة أيام.(المادة122/ثانيا).
- لا يجوز تعديل المواد الأخرى غير المنصوص عليها في البند "ثانياً" من هذه المادة، الا بعد موافقة ثلثي أعضاء مجلس النواب عليه، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية، خلال سبعة أيام.(المادة 122/ثالثا).
- في حالة خلو اي منصب في مجلس الرئاسة، ينتخب مجلس النواب بثلثي أعضائه بديلاً عنه. (المادة 134/ثانيا/الفقرة د).
- لمجلس النواب حل الهيئة (أي هيئة دعاوي الملكية) بأغلبية ثلثي اعضائه.(المادة 132/ثانيا).

## شەشەم:

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی 2/3ی دەنگی ئەو ئەندامانەی ئامادە کۆبوونەوە دەبن، پاش تەواوبوونی ڕێژەی قانوونی کۆبوونەوە:

- ينتخب مجلس النواب، رئيساً للدولة، ونائبين له، يؤلفون مجلساً يسمى (مجلس الرئاسة)، يتم انتخابه بقائمةٍ واحدة، وبأغلبية الثلثين.(المادة 134/ثانيا/أ).
- الموافقة على اعلان الحرب وحالة الطوارئ بأغلبية الثلثين، بناءاً على طلبٍ مشترك من رئيس الجمهورية، ورئيس مجلس الوزراء.(المادة 58/تاسعا/أ).
- يؤجل العمل باحكام المواد الخاصة بمجلس الاتحاد أينما وردت في هذا الدستور، الى حين صدور قرارٍ من مجلس النواب، بأغلبية الثلثين، وفي دورته الانتخابية الثانية التي يعقدها بعد نفاذ هذا الدستور.(المادة 133).

**حەفتەم:**

ئەو پرسانەی بە زۆرینەی 4/3ی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن واتە بە 207 دەنگ یەکلا دەکرێنەوە:

- لمجلس النواب اقالة اي عضو من أعضاء مجلس الرئاسة، بأغلبية ثلاثة ارباع عدد اعضائه، بسبب عدم الكفاءة او النزاهة.(المادة 134/ثانيبا/ج).

**هەشتەم:**

شایانی گوتنە، تەنیا لە دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار کە تەنیا بۆ یەك دەورەیە، بڕیار بە کۆی دەنگ دەدرێ (مادده 134/چوارەم).

**دەرەنجام:**

- وەکو دەردەکەوێ بەپێی سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا (چ بە زۆرینەی سادە، چ بە زۆرینەی رەهای ئامادەبووان، چ بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجوومەن...) دەکرێ بەبێ نوێنەرانی کورد هەر پرۆژەوبڕیارێك تێ بپەڕێندرێ، ئەگەر لیستەکانی تر لەناو خۆیاندا رێکبکەون، رەنگە لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا، ئەم ئیحتیمالە لاواز بێ، بەڵام دوور نییە سەبارەت بە پرۆژەی هەندێ قانوون و بڕیار بەشێوەیەکی کاتەکی هاودەنگ بن (ئەم ئیحتیمالە لە 2008/7/22 لەکاتی پەسندکردنی مادده 24ی پرۆژەی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکاندا هاتەدی).
- وا دەخوازرێ نوێنەرانی گەلی کوردستان، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەرێکوپێکی دەوام بکەن و لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن. چونکە بەپێی هەندێ راپۆرتی رۆژنامەوانی، نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقدا بە رێکوپێکی دەوامیان نەدەکردو تەنانەت هی واشیان هەبووە تاکە قسەیەکیشی لە کۆبوونەوەکاندا نەکردووە.



- وا دەخوازرێ لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان سەبارەت بە پرۆژەی بڕیارو قانوونەکان، دەستی کراوە بێت بۆ تەنسیقکردن لەگەڵ سەرجەم لیستەکاندا، بەپێی بەرژەوەندە باڵاکانی گەلی کوردستان و لە جولانەوەدا (مرن) بێت. بۆ ئەم مەبەستەش، دەکرێ دوو جۆرە "تەحالوف" بکرێ یەکیان دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لەسەر بنەمای پەیمان و بەرنامەیەکی هاوبەش و دابەشکردن و رێککەوتن لەسەر پۆستە سیادییەکان، دووەمیان "تەحالوف"اتی کاتەکی و بەپێی بڕیارو قانوونەکان و بۆچوونی رۆژانەی لیستەکان. بەڵام بەمەزەندە وەکو پێشبینی دەکرێ، بەبێ لیستی "شیعەکان" هیچ بڕیار و قانوونێك سەرنەگرێ.
- زۆر گرنگە، لە دەورەی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، یەکێ لە (3) ئەندامەکەی "مجلس الرئاسة" کورد بێت، هەرچەند بۆ یەك دەورەی هەڵبژاردن، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەمێنێ، وەکو "ضمانة"ێك تا رێگە نەدرێ پرۆژەو بڕیاری دژ بە گەلی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی تێ بپەڕێندرێ، چونکە بڕیارەکانی "مجلس الرئاسة" بە کۆی دەنگ دەدرێ (مادده 134، بڕگەی 5/أ، ب، ج) و (مادده 134 بڕگەی 4). ئەمە گەرەنتییەکەو رێگە لە ئیحتیمالی گەلەکۆمەکەی نێوان شیعەکان و سوننەکان و لیستەکانی تر دژی کورد دەگرێ: چونکە هەروەکو لە دەستووردا هاتووە هەر بڕیارو قانوونێك کە ئەنجوومەنی نوێنەران دایبنێت، دەبێ رەوانەی "مجلس الرئاسة" بکرێ تا بە کۆی دەنگ لە ماوەی (10 رۆژدا)، جگە لە هەردوو ماددەی 114، 115 رەزامەندی لەسەر بدەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ترسل القوانين والقرارات التي يسنها مجلس النواب، الى مجلس الرئاسة، لغرض الموافقة عليها بالاجماع، واصدارها خلال عشرة ايام من تأريخ وصولها اليه، باستثناء ما ورد في المادتين 114،115 من هذا الدستور، والمتعلقتين بتكوين الأقاليم.

ب- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، تعاد القوانين والقرارات الى مجلس النواب لاعادة النظر في النواحي المعترض عليها والتصويت عليها بالأغلبية، وترسل ثانية الى هيئة الرئاسة للموافقة عليها.

ج- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، على القوانين والقرارات ثانية، خلال عشرة أيام من تأريخ وصوليها اليه، تعاد الى مجلس النواب الذي له أن يقررها باغلبية ثلاثة أخماس عدد اعضائه، غير قابلة للاعتراض، ويعد مصادقا عليها.

- گەرەنتییەکی گرنگی دەستووری ئەوەیە کە ناکرێ دەسەڵاتەکانی هەرێم کەم بکرێنەوە. هەروەکو لە دەستووردا هاتووە: لا يجوز اجراء أي تعديل على مواد الدستور، من شأنه أن ينتقص من صلاحيات الأقاليم التي لا تكون داخلة ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية، الا بموافقة السلطة التشريعية للاقليم المعني وموافقة أغلبية سكانه باستفتاء عام (المادة 126/ رابعا). هەمان شت سەبارەت بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ناو "الباب الأول" ی دەستوورو ماف و ئەرکەکانی "الباب الثاني" کە دوای 8 ساڵ و بەم رێوشوێنەی لە دەستووردا دیاری کراوەو نابێ 2/3ی دەنگدەرانی 3 پارێزگا یان زیاتر لە دژی هەموارکردنە بن.

- گەلی کوردستان دەتوانێ پەنا بۆ دوا برگەی دیباجەی دەستوور، ئەگەر ئیلتیزام بە دەستوور نەکرێ "ان الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده شعبا وأرضا وسيادة".



**پەراوێزەکان:**

(*) "ئەم بابەتە لە ژمارە (5)ی گۆڤاری توێژینەوە، کانوونی یەکەم 2005دا بڵاوکراوەتەوە کە هێشتا هەڵبژاردنەکەی 2005/12/15 نەکرابوو".

1- 2/3ی دەنگەکانی 3 پارێزگا دەنگیان دژی دەستوور نەدا: موسڵ 55٪، ئەنبار 96.66٪، سەلاحەددین 81.75٪، دیالە 48.73٪، کەرکووک 37.09٪، بەغدا 22.3٪، بابل 5.44٪.

2- سەیری ئەم مادادنەی دەستووری عێراق بکە کە باس لە دانانی قانوون دەکەن.

3- لەناو عەرەبی سوننەدا چەند لیستێك بەشداری دەکەن: وەکو قائمة الجبهة العراقية الموحدة (الجبهة الوطنية العراقية-صالح مطلك، الجبهة الوطنية لوحدة العراق الحر-حسن اللهيبي، الجبهة الديمقراطية العربية-فهران حواس الصديد، حركة ابناء العراق الواحد-علي عبد الله خليفة، الحزب الديمقراطي المسيحي العراقي- ميناس يوسف)، قائمة جبهة التوافق العراقية (الحزب الاسلامي العراقي- طارق الهاشمي، المؤتمر العام لاهل العراق- الدكتور عدنان الدليمي، اعضاء من مجلس الحوار الوطني العراقي)، قائمة وطنيون (الحركة الوطنية العراقية- حاتم مخلص، مجلس العراقي الموحد- انور لهيبي)، قائمة جبهة الخلاص الوطني (الحزب الاصلاح والعدالة الديمقراطي- عصام الجبوري، الحزب الطليعي الاشتراكي الناصري- عبدالستار الجميلي، تجمع سادة الاشراف السوامرة- خالد السامرائي)، القائمة العربية (عرب السنة من المنطقة الغربية: حركة التضامن الوطني- حسيب العبيدي، الجبهة العربية الموحدة-وصفي عاصي العبيدي)، قائمة جبهة الحوار العراقية في كركوك (التجمع العربي ومجلس العشائر- عبدالرحمن العاصي، الجبهة الوطنية لوحدة العراق-حسن لهيبي).

4- دەوروبەری 90٪ی دەنگدەرانی کوردستان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەی 2005/1/31دا کرد، لە ریفراندەمەکەی 2005/10/15دا ئەم رێژەیە هاتە خوارەوەو هەقە بەشێوەیەکی زانستانە دیراسە بکرێ.

5- ئاسۆ، ژمارە 157، 2005/10/30، ئەژمارکردنێکی نارەسمییە، ژمارەی کورسییەکانی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لەنێوان 50-57 دا دەبێت، ل1.

6- الائتلاف العراقي الموحد يتكون من الاطراف التالية (المجلس الاعلى للثورة العراقية -عبدالعزيز الحكيم، حزب الدعوة الاسلامية –ابراهيم الجعفري، حزب الفضيلة الاسلامي-نديم الجابري، الكتلة الصدرية- حسن الربيعي، حزب الدعوة الاسلامية/تنظيم العراق-هاشم الموسوي، حركة الديمقراطيين العراقيين –قاسم داود، الاتحاد الاسلامي التركماني- عباس البياتي، حركة الوفاء التركمانية-فرياد عمر عبدالله، حركة حزب الله العراق-حسن الساري، حركة سيد الشهداء- داغر الموسوي، جماعة العدالة –عادل عبدالمهدي، حزب تجمع الوسط- محمود الشيخ راضي وحسين الشهرستاني، تجمع العدل والمساواة-سهيل الجزائري، مرتقى الاصلاح-مظهر الحكيم، احرار العراق-حازم دوس).

7- کوردستانی نوێ، ژمارە 3814، 2005/10/31، ئایەتوڵڵا سیستانی لە هەڵبژاردنەکانی داهتوودا پشتیوانیی و لایەنگیریی هیچ کیانێکی سیاسی ناکات، ل 2.



# دیموکراسیی تەوافووقی(*)

*** دابەشکردنی پۆست و کورسییەکانی پەرلەمان بەشێوەی تەوافووقی چەندە کۆك و تەبایە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی؟ خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی ئەم شێوازە لەچیدان؟**

ئاسۆ کەریم: دیارە مۆدێلی هەرەباوی دیموکراسی، مۆدێلی بەریتانییە "ستایلی وێست مینستەر"، یان حوکمڕانیی زۆرینە. لەم مۆدیلەدا کێ زۆرینەی پەرلەمانتاری هەبێ، ئەو حکوومەت پێکدێنێ. بێ لەوە، دەسەڵاتی تەنفیزی زۆر (مرکزە) لە ناوەندداو دەوڵەت یەکگرتووە unitary. بنەمای ئەم جۆرە دەسەڵاتە دیموکراتییە، پشتبەستنە بە خواست و ویستی سیاسیی زۆرینەی خەڵك، لەهەمانکاتدا ڕێز لە مافی سیاسیی کەمینە دەگیرێ و گرەنتی دەستووری و قانوونی پێ دەدرێ. دەشێ ئەو کەمینە سیاسییە (ئینتیخابییە) لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ببێ بە زۆرینە، واتە ئەو دەرفەت و بوارەی لەبەردەمدا کراوەتەوە لە هەڵبژاردنێکی گشتی، ئازاد و بێگەردی تردا، کە ناو بەناو بەرێوە دەچێ، بباتەوە و حوکمڕانی بکات. لە تورکیادا، هەر ئەو مۆدیلەی سەرەوە پەیڕەو دەکرێ. هەڵبەت هیچ مۆدیلێکی پوخت و بێگەرد، سەدا سەد، وجودی نییە. نمونەی ئەمریکا، بە تێکەڵەی نێوان دیموکراسیی حوکمی زۆرینەو دیموکراسیی تەوافووقی دادەندرێ. هەرچی دیموکراسیی تەوافووقییە Consociational democracy، لەسەر پۆستەکان چ لە پەرلەمان، چ لە کابینەو ئیداراتدا تەوافووق لەنێوان

پێکهاتەکاندا دەکرێ. لێرەدا ژمارە، یان زۆرینەو کەمینە پێوەر نییە. دابەشبەندیی قووڵی کۆمەڵگە سۆنگەی ئەم جۆرە دیموکراسییە تەوافووقییەیە. جا ئەو دابەش-دابەشە ئایینی بێ، یان تایەفی، ئیتنی یان زمانەوانی، سیاسی کە بەناچاری، یان بەرژەوەندییان لە بەیەکەوە ژیانی بەئاشتییانەدا بێ لەناو چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا و بۆیان نەکرێ لێك ببنەوە. بێ لەوە، ئەو جۆرە دیموکراسییە، کۆمەڵێ خەسڵەت و کاراکتەری دیکەشی هەیە. داخوا، ئەم جۆرە، چەند کۆك و تەبایە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی، بۆچوونی جودا هەیەو ئێرە جێگەی نییە. لێ من پێموایە، دیموکراسی وەك سیستەم، یەك راچێتەی نییە تا بڵێین دەبێ هەموو میللەتان پێڕەوی لێ بکەن. بەڵکە هەلومەرجی کۆنکرێتی هەر وڵاتە جۆری سیستەم دیاری دەکا: واتە پلەی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کولتوورو بەها، ئیعتوباری دی رۆڵی خۆیان لە رەنگرێژکردنی جۆری دیموکراسیدا دەگێرن. لێرەدا ئەوانەی دژی ئەم جۆرە تەوافووقەن، پێیانوایە لەسایەی تەوافووقدا، حکوومەت کارا و تەواو دیموکرات نییە، دابەشبەندیی وڵات قووڵتر دەبێتەوە، **(ولاء)** بۆ وڵات کەم دەبێتەوەو بوار بۆ شەڕو شۆڕو فیتنە دەکرێتەوەو لبنان بە نموونە دەهێننەوە. لەبەرانبەریشدا خەڵکێکی دی دەڵێن، ئەو جۆرە دیموکراسییە زەمانەتە بۆ تەهێشتنی ستەم و بەیەکەوەژیان و بەردەوامبوونی ئاشتی، چونکە لەو رێگەیەوە سەقامگیریی حکومەت و دیموکراسی دێتە پاراستن، رێگە لە توندوتیژی و پێکدادان دەگیرێ، پارێزگاری لە رێوشوێنی دەسەڵات دابەشکردن لەنێوان پێکهاتەکاندا دەکرێ و هەقی هیچ لایەکیان ناخورێ و رێگە لە باڵادەستیی و **(هیمنة)**ی زۆرینەی **(عددي)** پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکان دەگیرێ.

*** فاکتەر و کۆڵەگەکانی ئەم نەریتی دیموکراسییە (دیموکراسیی تەوافووقی) چین و بۆ کام لە کۆمەڵگە جیاوازەکان پێویست و گونجاوترە؟**

ئاسۆ کەریم: کۆڵەگەکانی ئەم دیموکراسیی تەوافووقییە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانای سیاسی Arend Lijphart لە (1969 و 1978)



کردوویە لە هەردوو کتێبی: **"دیموکراسی لە کۆمەڵگە پلورالیستەکان"** و **"دیموکراسییەکان: نموونەگەلی حکوومەتی زۆرینەو تەوافووقی لە 21 وڵاتدا"** بریتین لە: 1- **کابینەی بەرفرەی ئیئتلافی**، یان وەك دەڵێن حکوومەتی یەکێتیی نیشتمانی، لێرەدا ئۆپۆزیسیۆن بەمانای نەریتیی خۆی وەك لەسەرەوە گوترا، بوونی نییە و کەمینە (لە رووی ژمارەوە) لە کابینەدا بەشداری پێ دەکرێ، ئەمەش لەوەوە دێ نوخبەی سیاسیی کۆمەڵەو گرۆیەکان لە مەترسییەکانی بەیەکەوەنەژیان دەگەن، سەیر کەن هەموو لایەك لە عیراقدا لەوە گەیشتوون دەبێ عەرەبی سوننە پتر بەشداریان لە حوکمڕانیدا پێ بکرێ تا هەستی (غبن)یان لە لا نەمێنێ، Arend Lijphart زۆر جەخت لەسەر رۆڵی نوخبە دەکاتەوە لە هێنانەدی بەیەکەوەژیان و سەقامگیری و دیموکراسیدا. 2- **بەشدارپێکردن رێژەیی لە پەرلەمان و حکوومەتدا، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر پێکهاتەو کۆمیونیتەیەك**، تەنانەت لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات و سوپاو پۆلیس-یشدا رێژەی دانیشتوان بەرچاو دەگیرێ 3- **ڤیتۆ لە بەرانبەر یەکتردا:** واتە عێراقدا کورد کە لە رووی ژمارەوە لە عەرەب کەمترن لە دەستووردا ئەو مافەی بۆ دەستەبەر کراوە کە بە ئاسانی نەکرێ دەسکاری دەستوور بکرێ و لە مافەکانی کەم بکرێتەوە. بۆ ئەمەش ئەنجوومەنی یاسادانان لە دوو دەستە (هیئە): ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی هەرێمەکان (یان هەر ناوێکی تر) پێکدێ کە هەر یەکەیان لەسەر بنەمای جیاواز هەڵدەبژێردرێن و وەکو یەك دەسەڵاتیان هەیەو بەلانسی یەکتر رادەگرن 4- **خۆبەڕێوەبردن**، واتە هەندێ تەرتیباتی دەستووری لە وڵاتدا بکرێ و بەپێی ئەو تەرتیبە دەسەڵات لە نێوان ناوەندو هەرێمەکاندا بێتە دابەشکردن، جا چ ئەو خۆبەرێوەبردنە لە شێوەی ئۆتۆنۆمی بێ یان فیدرالی یان کۆنفیدرالی، یان هەر شێوەیەکی تری خۆ بەڕێوەبردنی نا- ناوچەیی. لە کوردستانی خۆماندا، تورکمان و کلدان و

ئاشووری لەگەڵ کورد دەژین و لە رووی ژمارەوە لە کورد کەمترن، دەبێ لە دەستووردا مافە ئیداری و کولتووری و سیاسییەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێ. ئەم دیموکراسییە تەوافووقییە کە Arend Lijphart لێی کۆڵیوەتەوە تایبەت بووە بە هەندێ وڵاتی بچوك- بچوکی دیموکراتیی ئەوروپی وەکو (نەمسا، سویسرا، بەلجیکا و هۆڵەندا) یان هەندێ وڵاتی فرە ئیتن یان تایەفە و زمان و فرە حزبی وەك (کەنەدا، ئیسرائیل، نایجیریا، ئەفریقیای باشوور، لبنان، قوبرس، گانا، مالیزیا، هیند...). ئێستا دەکرێ بڵێین چەشنێکی تایبەتی دیموکراسیی تەوافووقی لە عیراقدا پەیڕەو دەکرێ. سەبارەت بە فاکتەرو هەلومەرجی پراکتیزەکردنی ئەو مۆدێلە دەکرێ بڵێین بۆ ئەو وڵاتانە دەس دەدا کە هیچ پێکهاتەیەك لە رووی ژمارەوە زۆرینەی رەها نەبێ وەکو (لبنان)، یان لەو وڵاتانەی کە سیستەمی چەند حزبیان تێدا باوەو حزبێکیان نەشێ ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنێ، وەکو (تورکیا). یان پێوەندی لە نێوان سەرکردە- شوێنکەوتووەکانی هێندە بەهێز بێ، کە دابەشبەندی لێکەوتبێتەوە وەکو (کوردستانی عێراق) و فاکتەر و هەلومەرجی تری لەمبابەتە سۆنگەی هاتنەئارای دیموکراسیی تەوافووقین. بێ لەوە دیموکراسیی تەوافووقی هەندێ سیمای تریشی هەن وەکو دەبێ لەنێوان دەسەڵاتی تەنفیزی و دەسەڵاتی قانووندانان بەلانس رابگیرێ، حکوومەت نا مەرکەزی بێ یان فیدرالی، ئەنجوومەنی یاسادانان دوو (دەستە)یی بێت یەکێکیان نوێنەرایەتی ناوچەکان بکات و ئەوی دی نوێنەرایەتی سەرجەم وڵات بکات و بەزەحمەت تەرەفێك بتوانێ لە هەردوو دەستە (هیئە)دا زۆرینە بەدەست بێنێ. دەستوور سڕ (جامد) بێ و بە ئاسانی گۆڕانکاری تێدا نەکرێ، سەرۆکی وڵات، بێ لایەن بێ، لەسەر بابەتی گرنگ مافی ریفراندەم بۆ کەمایەتی دەستەبەر بکرێ کە داخوا بەم یان بەو پرۆژەی قانوون رازییە یان نا و شتی تری لەمبابەتە.



*** دیموکراسیی تەوافووقی وەك کولتوورێکی سیاسی دەکرێ وەك چارەسەرێکی کاتی چاوی لێ بکرێ، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی و پاشاگەردانی و، دابینکردنی سەقامگیری، یان بۆ خۆی مۆدێلێکە بۆ پێکەوەژیان و دیاردەیەکی سروشتی و نۆرماڵە؟**

ئاسۆ کەریم: بەلای منەوە رێوشوێنێکی کاتی نییە، بەڵکە دیموکراسیی تەوافووقی پێویستە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە هۆموجین نەبێ لە باری ئیتنی، نەتەوەیی، ئایین، تایەفە، زمان..و بەناچاریش لەناو یەك دەوڵەتدا بژین، بۆیە رەچاوکردنی بەرژەوەندی هەموویان خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە. بێ لەوە چار نییە لە ماوەی (گواستنەوە بۆ دیموکراسی) و، بۆ هێورکردنەوەی گرۆ و کۆمەڵە پێکناکۆکەکان و رێگەگرتن لە پێکدادان و شەڕی ئەهلی، ئەو مۆدێلە تاکە رێگەچارەیە وەك ئێستای عێراق. بێ لەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکی پلورالیستی وەك عێراق، بەسروشت، هاتنەئارای تەنگژەو ئاریشەی گەورە، کاتی نییە، بۆیە پرەنسیپی تەوافووق کارێکی پێویستە.

*** پەیڕەو کردنی تەوافووق بۆ عێراقی دوای سەددام وەك وڵاتێکی فرە ئاینزاو نەتەوەو ئیتنیی جیاواز چەند گرنگە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم سیستەمە پێڕەو نەکرێت چ ئەلتەرناتیڤێکی تر هەیە؟**

ئاسۆ کەریم: جارێ دەوڵەتی عێراق لە دامەزراندنییەوە تا 2003، هەرگیز وڵاتێکی دیموکرات نەبووە بەتایبەتی لە دوای 1958-ەوە. لە عێراقدا، حوکمڕانی بە دەست کەمایەتییەکی عەرەبی سوننەمەزەب بووە (15-17٪ی دانیشتوان دەبن). لەرووی تایەفییەوە خۆی بەسەر زۆرینەی عەرەبی شیعەمەزەب سەپاندبوو (کە50-55٪ی دانیشتوان دەبن)، لە رووی نەتەوەییشەوە بەسەر کورد (20-25٪) و تورکمان و کلدان و ئاشووریدا. ئەم خۆسەپاندنە بەزەبری هێزو تۆقاندن بووە. هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتدا نەکراوە.. لە دوای رووخاندنی سەدام، لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی کاتیی حوکم و دواتر لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گواستنەوەو پاشان لە

دەستووری هەمیشەیی و لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پێکهێنانی کابینەکاندا ئەو کۆڵەگانەی دیموکراسیی تەوافووقی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، بەرچاو دەکەون. لە هەڵبژاردنی گشتیی کۆتاییساڵی 2005دا، ئەگەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بهێنینە بەرچاو، ئەو دابەشبەندییە قووڵە ئیتنییە، تایەفی، ئایینییەی ناو عیراقمان بۆ روون دەبێتەوە، کوشتن لەسەر پێناسە، یەکێکە لە هێماکانی ئەو دابەشبەندییە قووڵە. پێموایە لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا، ئەو (**استقطاب**)ە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ئەو حزبانەی لەسەر ئاستی عیراق رێکخستنیان هەیە، کزو لاوازن. ناوبەناو، ئیئتلافی شیعە، پرەنسیپی تەوافووق لەبیر دەکەن و هەوڵی تاکڕەوی دەدەن. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئیئتلافی شیعە بەیەکجاری ئایدیای حوکمڕانیی زۆرینە (لەباری ژمارەوە) لە مێشك و ئەجێندای خۆیان نەبەنە دەرێ و بەراستی کار بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بنەماکانی تەوافووق لە نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەدا، نەکەن، ئەوا عێراق لەو تەنگژەو توندوتیژ=ییەی تێیکەوتووە دەرباز نابێ و بەرەو شەڕی ئەهلی و دابەشبوون دەڕوا. چونکە ئەلتەرناتیڤی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن، لەماوەی هەشتا ساڵدا کارەسات و ماڵوێرانی بەدواوە بووەو تاقیکراوەتەوە.

*** لە کوردستانیش دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، تەوافووق لە هەموو دەسەڵاتەکان و تەنانەت سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکانیش بووەتە واقیعی حاڵ، بەبڕوای ئێوە بە چ پاساوێك ئەمە دەکرێت و تا کەی بەپێویست دەزانرێ بەردەوام بێت؟**

ئاسۆ کەریم: کوردستان، بۆ خۆی مۆزاییکێکە. لە رووی نەتەوەییەوە بێ لە کورد کە زۆرینەیە، تورکمان، کلدان-ئاشووری، ئەرمەن، عەرەبیشی لێ دەژی. لە رووی ئایینییەوە، بێ لە ئایینی ئیسلام کە ئایینی زۆرینەی خەڵکە، شوێنکەوتووانی ئایینی ئێزدی، مەسیحی، کاکەیی هەن و ئێستا سابیئەی مەندائیشیان هاتۆتەسەر. لەناو خەڵکی موسڵماندا، بێ لە ئەهلی سوننەت کە



زۆرینەن، شیعەمەزەبیش لەناو کوردان و لەناو تورکماناندا هەن، لەناو پێڕەوانی ئایینی مەسیحییشدا، پێرەوانی ئەم یان ئەو کەنیسە هەن..لە باری دیالێکتەوە، سۆرانی و بادینی و هەورامی و..مان هەن. لەباری سیاسی و حزبیشەوە، دیسان بێ لە هەردوو حزبی سەرەکی: پارتی و یەکێتی، چەندین حزب و کۆمەڵەی ئیسلامی سیاسی، شیوعی و لایەنی تر لە مەیداندان. کەواتە فاکتەر و هەلومەرج بۆ گرتنەبەری دیموکراسیی تەوافووقی هەیە و ئەو پلورالیستییە کە هەندێکیان سروشتین ناسڕێنەوەو بەردەوامییان هەیە. بێ لەوە مخابن لە کوردستاندا شەڕی ناوخۆ هەبووە، دیموکراسیی تەوافووقی، وەك گەرەنتییەك بۆ سەرهەڵنەدانەوەی شەڕی ناوخۆ و سەقامگیربوونی ئاشتی و حکوومەتی وەحدەی وەتەنیی کوردستانی و گواستنەوە بۆ دیموکراسی پێویستە. لەمبارەوە پێویستە لە دەستووری کوردستاندا، کورسی پەرلەمانیی بۆ تورکمان، کلدان و ئاشووری و ئێزیدی و کاکەیی و عەرەب... بەگوێرەی رێژەی دانیشتوانی هەر یەکەیان دابندرێ (لانی کەم 1 کورسی لە بارێکدا ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەر یەك لەو کۆمیونیتانە لەو رێژەیە کەمتر بوو کە بۆ یەك نوێنەر دادەندرێ). هەر بۆیە (نوێنەرایەتی رێژەیی) بەبێ دانانی هیچ لەمپەرێك، هەم بۆ کوردستان و هەم بۆ عێراق رێگە هەڵبژاردنێکی لەبارە. هۆکارێکی تری تەوافووق، ئەوەیە کە کوردستان، هێشتا، بەشێکی زۆری ناوچەکانی (زێتر لە 40٪ی رووبەری کوردستانی عێراق) نەخراوەتەوە سەر و بەپێی ماددەی 140 یەکلا دەکرێنەوە، پێویستی بەهاودەنگی هەیە، ئەمە بێ لە (تەحەددیات) و هەڕەشەی دەرەکی (وڵاتانی ئەقلیمی وەك ئێران و تورکیا کە لە ئێمە بەهێزتر و پڕ ژمارەترن)و هەڕەشەی ناوەکی وەك تیرۆر... سەرباری ئەوانەش، ژینگەی دەوروبەری ئێمە، هاندەر نییە بۆ پێرویکردن لە دیموکراسی، بۆیە دیسان دیموکراسیی تەوافووقی بژارێکی (خیار) لەجێیە بۆ کوردستان.

*** لە هەموو ئەو وڵات و کۆمەڵگایانەی بە سیستەمی تەوافووقی دەبرێن بەڕێوە، شتێك بوونی دەبێت بەناوی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر نییە ئەمە پێچەوانە نابێتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی، ئەگەر هەیە رۆڵ و ئەرك و پێگەو سروشتی کاری ئەو ئۆپۆزیسیۆنە چۆن دەبێت؟**

ئاسۆ کەریم: لەو وڵاتانەی کە دیموکراسیی تەوافووقییان تێدا پەیڕەو دەکرێ، خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە سەرکردە سیاسییەکان بەیەکەوە لە ناو ئیئتلافێکی بەرفرەواندا کار دەکەن. بەم مانایە شتێك بەناوی ئۆپۆزیسۆن وەکو لە مۆدێلی وێستمینستەر (حوکمی زۆرینە)دا باوە، وجودی نییە. دیارە لە حوکمی زۆرینەشدا، ئیئتلاف لەنێو ئەم حزب و ئەو حزبدا دەکرێ بۆ ئەوەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان)دا، لانی کەم دەنگ کە بۆ پێکهێنانی کابینە پێویستە، بەدی بهێنرێ. ئێستا، لە تورکیا کە پێڕەوی لە حوکمی زۆرینە دەکا، پێش هەڵبژاردنی گشتی کە بڕیارە لە 22ی تەمووزی ئەمساڵدا بکرێ، هاوپەیمانی و تێکەڵبوونەوە لەنێو ئەم حزب و ئەو حزبدا دروست بووەو دەبێ، رەنگە ئەم پرۆسەیە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانیش بەردەوام بێت، بەتایبەتی ئەگەر حزبێك، یان ئیئتلافێك نەشیا، دوو لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا بەدەست بێنێ. لە نموونەی تورکیادا، حزبی حوکمڕان، یان ئیئتلافی حوکمڕان هەیە کە زۆرینەی پەرلەمانیی هەیەو لە هەمانکاتدا ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەماندا. ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆن-ن، هەوڵ دەدەن لە دەورەیەکی تری هەڵبژاردندا، ببنەوەو حوکمڕانی بکەن. لێ لە مۆدێلی تەوافووقیدا، ئۆپۆزیسیۆن بەم شێوەیە نییە، ئەمە دەوەستێتە سەر جۆری "ئیئتلاف"ی نێوان حزب و لایەنەکان، چونکە چەندین شێوەی ئیتلاف هەیە. بۆ نموونە، کابینەی کوردستان، کابینەیەکی ئیئتلافیی بەرفراوانە، بەڵام پۆستە ئەساسییەکان، سیاسەت دانان... بەدەست دوو حزبە سەرەکییەکەوەیە، چونکە لە هەڵبژاردنی گشتیدا، زۆرینەی رەها (زێتر لە 70٪)یان هێناوە. بەڵام مەرج نییە، ئەمە لە ئایندەدا وەکو خۆی



بمێنێتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە، ئازادییە گشتی و فەردییەکان، بەتایبەتی ئازادی بیروڕاو بڵاوکردنەوە، پەرەیان پێ بدرێ و هەوڵی چەسپاندنی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەهاو کلتووری ئاشتی و تەساموح و یەکدی قبووڵکردن، هاووڵاتیبوون و (ولاء) بۆ کوردستان، حوکمی قانوون، بەربەرەکانێی تیرۆرو سەرەرۆیی و گەندەڵی، بدرێ.. بۆیە لەو رووەوە، پێموایە و لە ئایندەی بەرچاویشدا هەروای دەبینم، کە هەردوو حزبی سەرەکی کە بڕیارە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەیەکەوە بێنە خوارەوە، زۆرینەی رەها بەدەست بێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئیئتلافیبوونی کابینە بە پێویست دەزانم و کایەو ئاقارێکی زۆریش بۆ حزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بکرێتەوە کە بەپێی پرەنسیپی (**تضامن و کفاح**) کار بۆ خۆیان بکەن و دەوری گروپگەلی فشار وازی بکەن.. کێ لە دەرەوەی ئەو مەنتیقە جولایەوە، بە ئەنتی دیموکرات و ڕێزشکێن بدرێتە قەڵەم. چونکە گەلی کوردستان لە مێژووی خۆیدا، زۆری بەدەست دووبەرەکی و ماڵ-ماڵۆکێی چەشتووەو زیانی زۆری پێگەیشتووە، بۆیە لەبەرانبەر (لەرێز چوونە دەر) حەساسە.

*** ئەم دیمانەیە لە گۆڤاری (پەیامی راستی، ژمارە 80 ، هاوینی 2007) بڵاوکراوەتەوە.**

# لەوەتەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراق لکێندراوە، ئەو دەوڵەتە سەرچاوەو مایەی کارەسات و نیگەرانی بووە بۆ کوردستان(*)

"چەند مانگێکە بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندەم) لە کوردستاندا سەرقاڵی کۆبوونەوەو ئیمزاکۆکردنەوەیەو دوای گەڵاڵەکردنی ئامانج و داخوازییەکان، شاندێکی ئەم بزووتنەوەیە بە نزیکەی 1700000 ملیونێك و حەفت سەد هەزار ئیمزاوە کە داوای ریفراندەمیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق کردووە، روویانکردە بەغداو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکمدا کرد.

بۆ بەدیارخستنی دواهەڵوێستی ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، بەرانبەر بە بیرۆکەی ریفراندەم و بۆ ئاگابوون لە ئەرك و کارەکانی ئەو بزووتنەوەیە، دیدارێکمان لەگەڵ ئاسۆ کەریم ئەندامی شاندی بزووتنەوەی راپرسی لە کوردستان بۆ بەغدا ساز کرد کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی".

**پرسیار: لەناو ئەنجوومەنی حوکمدا چیتان گوت؟**

ئاسۆ کەریم: لە دیمانەیەکدا لە 24ی شوبات لەگەڵ سەماحەتی (سەید محەمەد بەحر ئەلعلوم) سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم بە وەکالەت، دوای وتووێژ و راگۆڕینەوە بەڵێنی پێ داین (بە هەڵکەوت عەبدوڵڵا و من) کە ئەو یاداشتەی بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندەم) ئاراستەی ئەنجوومەنی کردووە، دەخاتە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ گفتوگۆ.. دوو رۆژ بەسەر ئەم بەڵێنەدا تێپەڕی، کەچی



ئەو کارە ئەنجام نەدرا، ئەمە لەکاتێکدا ئەنجوومەن رۆژانە سەرگەرمی لێدوان بوون سەبارەت بە (قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە).. دواتر توانیمان لە رێگەی هەندێ کەناڵی تایبەتییەوە، بچینەوە ئەنجوومەن و یاداشتی بزووتنەوەی راپرسی بخرێتە ناو دەستووری کاری کۆبوونەوەی 27/شوبات.. بەڵام لەئاکامی هەڵوەشانەوەی بڕیاری ژمارە 137ی تایبەت بە ئافرەتان و چوونە دەرەوەی هەندێ ئەندامی گروپی شیعە لە کۆبوونەوەی ئەو رۆژەی ئەنجوومەن، دانیشتنەکە داخرا. ئەوە بوو رۆژی پاشتر لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆی ئەنجوومەن و لەسەر پێشنیاری بەرێز (حەمید مەجید) لە دەسپێکدا شاندی بزووتنەوەی راپرسی (هەڵکەوت و من بووین)، وتارێکی خوێندەوە.. لەو وتارەدا گوتمان "بزووتنەوەی راپرسی، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆی کوردستانەو نوێنەرانی هەموو نەتەوەو ئایین و تایەفەکانی تێدایە" و ئامانجی بزووتنەوەکە ئەوەیە کە "دەرفەت لەبەردەم گەلی کوردستاندا بکرێتەوە کە خواست و ویستی خۆی سەبارەت بەرێگەی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆی بەپێی پرەنسیپ و مافی چارەی خۆنووسین دەربڕێ لە رێگەی سازدانی ریفراندەمێکی گشتییەوە". هەروا لە وتارەکەدا هێما بۆ ئەوەکرا "دوای نەمانی رژێمی بەعسی، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەبوون کە هێزەکانی دوێنێی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ، پابەندی بەڵێن و راگەیاندنەکانی لەمەڕ پێشتریان بوونایەو لە نیگەرانییەکانی گەلی کوردستان حاڵی بوونایە" چونکە "لەوەتەی کوردستانی خواروو بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە، ئەو دەوڵەتە مایەی کارەساتی بەردەوام بووە بۆ کوردستان و چەوساندنەوەو داپڵۆسین دەرهەق بە گەلەکەمان تەنیا لە سەردەمی سەدام حسێندا پەیڕەو نەکراوە، بەڵکە پێش ئەویش هەبووە. بەڵام لە سەردەمی سەدامدا داپڵۆسین گەیشتە دوا ئاستی خۆی". لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا سەبارەت بە بڕیاری گەلی کوردستان هاتووە "دوا بڕیاری گەلی کوردستان بەندە بەوەی کە عێراقی ئایندە تا چەند مافەکانی بۆ دەستەبەر دەکات و تا چەند لە دەستووردا "ضمانات"ی قانوونی دەچەسپێ!"، چونکە "گەلەکەمان بەکەمتر لەو دەسکەوتانەی تا ئێستا

بەدیهێناون رازی نابێ و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەکانیش، مەرجی پێشوەختی سەقامگیری و تەنایی و دیموکراسییە لە عێراقدا". لە کۆتایی وتارەکەدا، هەندێ داخوازی بەپەلەمان خستەڕوو، سەبارەت بە تایبەتمەندیی کوردستان و مانەوەو چەسپاندنی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و راپەراندن و قەزایی و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تەعریب و تەهجیرو پاکتاوکردنی نەژادی لە شارەکانی کوردستان، لە کەرکووك، خانەقین و مەندەلی، مەخموور، سنجار، گەڕانەوەی ئەو شارانە بۆ هەرێمی کوردستان، نەهاتنەوەی سوپا بۆ کوردستان، وەبەرهێنانی سەروەت و سامانی سروشتی وەکو ئاوو نەوت.. لە کۆتایی وتارەکەدا، جەختمان لەوە کردەوە کە "یەکێتیی ئارەزوومەندانە، یەکێتییەکی تاسەر نییە، مەرج و پاساوی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە لە دەستووردا بڕگەیەکی قانوونی سەبارەت بە مافی گەلی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا لە رێگەی ریفراندەمی گشتیی بێ مەرجەوە بچەسپێ.". دوابەدوای وتارەکە، هەر یەك لە ئەندامانی ئەنجوومەن: دکتۆر مەحمود عوسمان، غازی یاوەر، یۆنادم یوسف، حەمید مەجید، سەمیر شاکر، نوێنەری وائل عەبدولەتیف" باری سەرنجی خۆیان دەربڕی و بەگشتی جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ رەچاوی ئەو نیگەرانییانە بکرێ و مافەکانی گەلی کوردستان پارێزراو بن.. لەسەر پێشنیاری (حەمید مەجید) بڕیاردرا، کە ئەنجوومەن نامەیەکی دڵنیاکەرەوە لە رێگەی بزووتنەوەی راپرسییەوە ئاراستەی خەڵکی کوردستان بکات.

**پرسیار: ئەوانەی ناوت هێناون و سەرنجی خۆیان دەربڕیوە، کەمیان شیعەمەزەب بوون، ئەی راوبۆچوونی کەسایەتی وەکو ئەحمەد چەلەبی و کەسانی دیکە چۆن بوو؟**

ئاسۆ کەریم: چ ئەحمەد چەلەبی و چ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم ئەو رۆژە لە کۆبوونەوەکە ئامادە نەببوون، بەڵکە نوێنەریان لەوێ بوو، بەڵام رۆژی پێشتر، لە چاوپێکەوتنێکی کورتی ئەحمەد چەلەبیدا کە بەخێرهاتنی لێکردین، گوتی: ئەو



لە ساڵی 1991 بەدواوە لەگەڵ هەموو مافەکانی گەلی کوردە بە سەربەخۆییشەوە.

**پرسیار: چیتر؟**

ئاسۆ کەریم: لەو سەردانەماندا، نەمانتوانی لەگەڵ خوێندەوارو روناکبیرانی دانیشتووی بەغدا کۆببینەوەو لەوێش لیژنەیەکی راپرسی پێکبهێنین، بەڵام لەمبارەوە زەوینەسازییەك کراوە، بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەغدا بکەینەوە، بەڵام پێویستە لیژنەی باڵای راپرسی بەزووترین کات کۆببێتەوەو لە قۆناخی دوای پەسندکردنی "قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە" بکۆڵێتەوەو رێوشوێنی گونجاو بدۆزێتەوە.

**پرسیار: لەناو ئەنجوومەنی حوکمدا، دەستەیەکی کوردستان هەیە، تواناو بەرجەستەبوونی قسەو بۆچوونەکانیان چۆن بوو؟**

ئاسۆ کەریم: ئەو دەرفەتە بۆ من هاتە پێشەوە کە دووجار لە نزیکەوە ئاگام لە گفتوگۆی ئەندامانی ئەنجوومەن بێ. وەکو رۆژنامەنووسێ دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم کە گروپی کوردی سەنگ و رەنگ و دەنگی تایبەتی خۆی هەیە. بەتایبەتی بەرێزان سەرۆك مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی.. بێ لەوە، ئەو گروپە یەك دەنگ و خیتابێکی روون و پڕ بەمەنتیق و واقیعی و دیموکراتانەی هەیەو گوێی بۆ رادەگیرێ. ئەو گروپە، وێرای سووربوون و پێ داگرتن لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاسوورییەوە، داکۆکیکاری بەهێزی بەدیموکراتیکردن و بە عەلمانیکردنی عێراقیشە.. بەکورتی ئەوان وەکو نوێنەرانی نیشتمانێك و گەلێك هەڵسوکەوت دەکەن...

**پرسیار: دەکرێ لە دیمانەی (سی پی ئەی) دا، سەرنج و تێبینییەکانیان باس بکەی؟**

ئاسۆ کەریم: دوابەدوای کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکەی 25ی شوبات لە هوتێلی بابلی بەغدا لە ئێوارەی 26ی شوباتدا (هەڵکەوت و حەمید بڵباس و دڵدار

مەجید کتانی و من) چاومان بە بەرێوەبەری پێوەندییەکانی دەرەوەی (سی پی ئەی)، باڵیۆز رۆنالد ئی. نیومان و رێکخەری سی پی ئەی لە باکوور، ئیما سکای کەوت. لە دیمانەکەدا، رۆنالد نیومان بەراشکاوی گوتی: ئێمە چ لەپێش شەڕو چ لە کاتی شەڕو چ لەدوای رووخانی سەدامیشدا، هەمیشە جەختمان لەسەر یەکگرتوویی عێراق کردۆتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەتەنگ پاراستنی مافەکانی پێکهاتە جوداجوداکانی ناو عێراقیشەوەین، بەتایبەتی کورد کە هاوپەیمانمان بوون. دیارە لەناو هەر پێکهاتەیەکیشدا (مەبەستی کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە بوو) چەندین سەمت و لایەنی جودا هەن، ئەگەر هەر یەك لەوانە بەتەنیا بیر لە مافەکانی خۆی بکاتەوەو پەرۆشی دراوسێکانی دیکەی نەبێ، ئەوا زەوینە بۆ هەراو شەڕی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی خۆش دەبێ.

سەبارەت بە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوەش (ئەودەم هێشتا قانوونەکە ئیمزا نەکرابوو) گوتی: ئێوە سەیری قانوونەکە وا بکەن کە کورد دەتوانێ چەند سوودی لێ وەربگرێ. پێویستە سیاسەتوانی کوردستان، لە بەغداش رۆڵی سەرەکیی خۆیان بگێرن، چونکە کورد دەتوانێ دەوری بەلانس لەنێوان پێکهاتە جوداجوداکاندا بگێرێ. پێویستە ئێوە دەرفەتێك بۆ فیدرالیزم بکەنەوەو تاقی بکەنەوە.. بەکورتی نیومان گوتی: مەرج نییە، ئێمە لەگەڵ هەموو داخوازییەکانی ئێوەدابین، بەڵام رێگاتان لێ ناگرین کە قسەی خۆتان بکەن.. بەڵام حیساب-یش بۆ هەموو ئیحتیمالەکان دەکەین و دەرگای وتووێژیش داناخەین.

*** ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی (خەبات، ژمارەی رۆژی 2004/3/7) بڵاوکراوەتەوە.**

# 17 ساڵ دوای راپەرین: کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی دادپەروەرانەتر هەیە ★

راپەڕینی بەهاری 1991-ی خەڵکی کوردستان، ئاکامی تاکە فاکتەرێک نەبوو، بەڵکو:

- لە بەسراو شارەکانی دیکەی شیعەنشین راپەرین دەستی پێکردبوو، ببووە هاندەر و زاتی بەبەر خەڵکی کوردستان نابوو،
- ستەموزۆری رژێم کە لە ئەنفالەکاندا گەیشتبووە ئەوپەڕی، زۆریان بەسەردا تێنەپەڕیبوو، هێشتا لە زەینی خەڵکدا مابوون،
- عێراق لە شەڕی کوێتدا شکابوو، شیرازەی هێزەکانی سوپا بەتەواوی لەبەر یەکترازا بوو، بەشێکی زۆری سەربازو پلەدارانی خوارەوە فیراریان کردبوو، بەکورتی رژێم داتەپی بوو، مەرجەکانی شەڕ راگرتنی لە خێوەتەکەی سەفوان لە هاوپەیمانان قبوڵ کردبوو،
- بۆشی باوك داوای لە خەڵکی عێراق کرد لە دژی رژێمی سەدام راپەڕن.

راپەرینی 1991، تا رادەیەك رابوونێکی میللی خۆبەخۆی عەفەوی بوو، بەو مانایەی پێشتر نەخشە و پلانی تۆکمەی بۆ دانەندرابوو، کات و سات و ئامانجەکانی بۆ دیاری نەکرابوو. راستە بەرەی کوردستانی هەبوو، هەندێ پێوەندی بەم و بەو (بە سەرۆك عەشیرەت و سەرۆك جاش و ئامیر مەفرەزە) کرابوو، هەندێ شانە و دەستەی چەکداری ئەم حزب و ئەو حزب لە بەیندابوون،



ئێزگەکانی بەرەش دەورێکیان لە زات نانەبەر و بەگڕخستندا هەبوو، بەڵام راپەرین، خەڵك کردی و هیچ هێزێکی سیاسی هەق نییە ئیدعای سەرکردایەتیکردنی بکات. بەکورتی بەرەی کوردستانی لەئاست ئەو رووداوە مەزنە مێژووییەدا نەبوو. ئازادکردنی کەرکووك لە 20ی 3دا، لوتکەی راپەرین بوو، وەکو چۆن راپەرین عەفەوی بوو، پاشەکشە و نسکۆیەکەش (واتە کۆڕەو) عەفەوی بوو. بەڵام رووکردنە سەرسنوورەکان و کارەساتەکە، ویژدانی مرۆیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری 688ی لە 5ی نیسانی 1991دا دەرکرد کە دواتر ئەم بڕیارە بە "بڕیاری کوردان" ناوزەد کراو، لەسەرینی ئەم بڕیارەشەوە، هاوپەیمانان ناوچەی پرۆڤاید کۆمفۆرتیان لە سەرووی هێڵی پلە 36 بۆ پاراستنی کوردان داناو خەڵك وێرایان بێنەوە سەر جێگە و رێگەی خۆیان و بەرەی کوردستانی دەسەڵات بگرێتە دەست و دواتر هەڵبژاردنی گشتی 19ی ئایاری 1992 بکرێت و حکوومەتی کوردستان دابمەزرێت.

پاش 17 ساڵ لە راپەرین، کە بەو مێژووە و ئەوەی بەدەست هاتووە و نەهاتووە دادەچینەوە، پێویستە هەردوو دیو ببینین:

1- کورد کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمە، حوکمی خۆی دەکات، لە دەرەوەی خۆیدا حکوومەتی بەسەردا نەسپێندراوە و حوکمڕانیی بێگانەی لەسەر لاچووە و تا رادەیەك بە ئەمن و ئەمانەت، دوور لە تیرۆر و تۆقاندن، دەژی و ئەمەش بۆ خۆی دەسکەوتێکی کەم نییە.

2- ئەو رژێمەی نەك هەر مافەکانی کوردی نەدەسەلماند، بەڵکە هەڕەشەی لە بوونی کورد دەکرد، لەسەر کار لادرا و ئەو کردەوانەی لە ئەنفالەکاندا دەرهەق بەکوردی کردن، لە دادگادا بە "تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی شەڕ، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی" ناسران. ئەم ناساندنەش بۆ خۆی مەغزایەکی گەورەی هەیە و دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، وەك چۆن جولەکە سودیان لە (هۆلۆکۆست) بینی.

3- لە دەستووری عێراقدا، دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی و بەکورتی لە ئاکامی راپەرین و خەباتی بەرودوادا، لە نێوان حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمدا دەسەڵاتەکان بە سەرچاوەکانی داهاتیشەوە دابەشکراون.

4- لە ئاکامی راپەرین و خەباتی بەرودوادا، کێشەی کورد، سنووری ناوخۆی عێراقی بەزاند و رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و لە هاوکێشەکاندا، نمرەیەکە حیسابی لەسەر دەکرێت.

5- دیارە ناکرێ ئەو پێشکەوتنەی لە ماوەی 17 ساڵدا، لە بوارەکانی خوێندن و پەروەردە، لەشساغی، ئاوەدانکردنەوە، ئاوو ئاوەڕۆ، رێگاوبان، کولتوورو رۆشنبیری...هاتۆتەئارا بەکەم بگرین.

لەگەڵ ئەوانەشدا، هەم تەحەددییاتمان لەپێش ماوەو هەم ئاریشە و گرفتی ناوەخۆمان هەن کە باس نەکردنیان وێنەکە تەڵخ دەکات:

- جارێ ستاتۆ و باری کەرکووك و ناوچە کوردنشینەکانی تر کە ماددەی 140 ناوی لێناون "المناطق المتنازع عليها" ساغ نەبۆتەوە.
- هێشتا دەستووری عێراق، کە ئێمەی کورد زۆرمان شایی پێ دێت بە قسەی (همام حمودی) 58 ماددەی ئەو دەستوورە کێشەیان لەسەرە، واتە هێشتا دەستوور جێگەی خۆی نەگرتووە و مەترسی پاشەکشێکردن لەو دەستوورە ماوە کە یەك لەو ماددانە وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی نەوت و گازە.
- جێگیر نەبوونی بارو رەوشی ناو عێراق بەگشتی کاریگەریی لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێمی کوردستان دادەنێت کە داخوا وڵاتەکە بەرەو چ ئاقارێك مل دەنێت: دیموکراسی، دیکتاتۆری یان شەڕی ناوخۆ و دابەشبوون. ئەمە بێ لە هەڕەشەو پلانی ناحەزانەی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی دراوسێی کوردستان.

لەناوخۆی کوردستانیشدا، دەکرێ کۆمەڵێك پرسیاری زۆر بخرێنە روو: ئەرێ بەراست توانیومانە حوکمڕانییەکی "ساڵح" دابمەزرێنین، بەو مانایەی حکوومەتێك بێت، خەڵکی بەتایبەتی چین و توێژە کەمدەرامەتەکان لێی رازی



بن؟ ئەرێ ماڵە شەهید و ئەنفالکراوەکان لانی کەمی ژیانیان بۆ دابینکراوە؟ ئەرێ ئەو داهاتەی لەبەردەست حکوومەتە توانراوە بەپێی پلانێکی دیراسەکراوو (ئەولەویات)ەکان، بۆ ئاوەدانکردنەوە، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، بوژاندنەوەی وڵات و دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەرەوسەربردنی ئاستی ژیان خەرجکراوە؟ ئەرێ لانی کەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هاتۆتە دی؟ ئەرێ تا چەند لەم حەڤدە ساڵەدا توانراوە، چەمکی هاووڵاتیبوون و ئینتیما بۆ کوردستان بچەسپێندرێ و حوکمی یاسا پەیڕە و بکرێت؟ ئەرێ تا چەند کراوە، وڵات لەسەر بنەمای (بەدامەزراوەییکردن) نەك (شخصنة) حوکمڕانی بکرێ؟ ئەرێ تا چەند توانراوە ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ بېڕینەوە؟ ئەرێ تا چەند ماف و ئازادییە گشتی و فەردییەکان، بە قانوون پارێزراون و حکوومەت دەیانپارێزێ و مەترسی هەڵگەڕانەوە لێیان لەسەر نییە؟ ئەرێ پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان چیان بەدەستەوەیە بۆ بەربەرەکانێی (ئافاتی گەندەڵی) و دانانی رادەیەك بۆ چاوچنۆکی ئەو توێژە بیرۆکراتییە مشەخۆرەی لەدوای 1991-ەوە دروست بووە؟ ئەوانە و دەیان کێشەی تر کە وەڵامیان دەوێ.

بەکورتی، کوردستان لە قۆناخێکی راگوزەر دایە، بەرای من، ئەرکی لەپێشەوە ئەوەیە: سروشتی نەتەوەیی حوکمڕانیی کوردستان بپارێزرێ و سنووری کوردستان، پاش جێبەجێکردنی ماددەی 140 دیاری بکرێت و لە دەستووری عێراقدا بچەسپێندرێ و پاشان دەستوورێك بۆ کوردستان دابندرێ و لە راپرسییەکدا میللەت بڕیاری لێبدا. هاوکات لە هەموو بوارەکاندا دەست بە ریفۆرم بکرێ و بەجیددیش بەربەرەکانێی گەندەڵی بکرێ و لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات و خزمەتگوزارییەکاندا، سیستەمێکی عادیلانە پەیرەو بکرێت، دەنا نارەزایی کۆمەڵایەتی بەرفرەتر دەبێت و بەرەی ناوخۆمان درزی تێدەکەوێ و بوار بۆ ناحەزان خۆش دەبێت کە زەفەرمان پێ ببەن.

(*) **ئەم وتارە لە سایتی نیقاش، 2008/3/19، بڵاوبۆتەوە.**

# مسألة حق تقرير المصير في كردستان العراق[*]

### المعطيات الدستورية على مستوى العراق وكردستان،
### الفرص الاستراتيجية، التحديات القانونية والسياسية والاستراتيجية

يؤكد العديد من الوثائق الدولية والاقليمية على حق الشعوب في تقرير المصير وبمقتضى ذلك الحق أنها تقرر وضعها السياسي وتتابع بحرية انمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي. ولضيق المجال هنا لا نقتفي الآثار والجذور الفكرية والسياسية لهذا المبدأ وكيفية تطوره من مبدأ مثالي واخلاقي ومطلب سياسي الى حق قانوني للشعوب كافة صغيرها وكبيرها. الا أن ما لا جدال عليه هو أن حق تقرير المصير، حق قانوني أساسي للشعوب وله صفة قانونية آمرة وجزء من القانون الدولي العرفي وشرط مسبق للتمتع بالحقوق الأخرى المثبتة في الاتفاقيات الدولية لحقوق الانسان، كما ان محكمة العدل الدولية واللجنة الامريكية لحقوق الانسان قد ساندتا وضعية erga omnes لهذا المبدأ، أي كواجب قانوني ملزم ازاء المجتمع الدولي ككل.

كما انه ليس هناك جدال يذكر بشأن منح الاستقلال السياسي الناجز للشعوب والاقاليم المستعمرة والمحتلة كنتيجة مقبولة لممارسة حق تقرير المصير، الا أن الحال يختلف بشأن الشعوب والامم التي تعيش ضمن أراض الدول القائمة كما هو حال شعب كردستان في العراق اذ هناك موقفان عموما:

1- الانفصال والاستقلال السياسي عن الدولة المعنية، اي حق تقرير المصير الخارجي مثل انفصال اريتريا عن اثيوبيا.



2- البقاء ضمن اطار الدولة القائمة وفقا لترتيبات دستورية معينة سواء أكان على أساس اتحادي أم حكم ذاتي أم اي ترتيب آخر يتفق عليه، اي حق تقرير المصير الداخلي.

ويرجع البعض اصل هذا الخلاف او التباين في ممارسة الدول وفي وجهات نظر الفقهاء الى عدم وجود الاتفاق على معنى كلمة "الشعب" وكذلك "تقرير المصير"، مما ادى الى ظهور تفاسير متباينة لان كل طرف يقدم وفقا لمصالحه الذاتية تفسيرا انتقائيا لهذا الحق. وعموما تمانع الدول، الا ما ندر، تثبيت حق تقرير المصير في دساتيرها للشعوب والقوميات التي تعيش الى جانب القومية السائدة ضمن حدودها الاقليمية. كما ان الوثائق الدولية لا تلزم الدول بادراج هذا الحق في دساتيرها، فهذا متروك لارادة شعوب هذه الدول.

ولا ينكر احد بان الكرد في العراق يشكلون شعبا متميزا عن باقي التكوينات العراقية الأخرى ولاسيما العرب الذين يشكلون الأكثرية السكانية في العراق وأقر الدستور المؤقت لعام 1958، الدستور المؤقت لعام 1970، وكذلك الدستور الدائم لعام 2005 بان الشعب الكردي يشكل القومية الثانية الى جانب القومية العربية.

وبناء على ما سبق يحق للكرد ممارسة حقهم في تقرير المصير الا أن الحكومات العراقية المتعاقبة ولاسيما حكومة صدام حسين لم تنكر عليهم ممارسة هذا الحق فقط بل ارتكبت بحقهم انتهاكات خطيرة للقانون الدولي الانساني والقانون الدولي لحقوق الانسان والتي يعرفها العالم أجمع، وزيادة على ذلك ان الكرد الحقوا من دون ارادتهم بالدولة العراقية حديثة التكوين في 1925، وبالتالي لم يكن لهم دور يذكر في صياغة الدساتير العراقية المتعاقبة ما عدا الدستور الأخير الذي أقره شعبنا ايضا الى جانب القوميات الاخرى في الاستفتاء الذي جرى في 2005/10/15.

ان دساتير الدولة العراقية منذ تأسيسها بما فيها الدستور الدائم الذي اقره الشعب العراقي في الاستفتاء الذي جرى في 10/15/ 2005 تخلو من أية مادة تتطرق صراحة لحق تقرير المصير لشعب اقليم كردستان العراق، لا بل كان ينص بعضها كالدستور المؤقت لعام 1970 في مادته الثالثة على أن "أرض العراق وحدة لا تتجزأ ولا يجوز التنازل عن اي جزء منها".

صحيح ان الدستور الحالي ينص في مادته الاولى بان نظام الحكم في العراق "نظام جمهوري نيابي ديمقراطي اتحادي" وكذلك يقر بان " العراق بلد متعدد القوميات والاديان والمذاهب" وان "اللغة العربية واللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق" وان "اقليم كردستان وسلطاته القائمة أقليما اتحاديا" وهذا هو الحد الادنى الذي رضى به الكرد حاليا، الا انه لا توجد مادة في هذا الدستور تعترف صراحة بحق تقرير المصير كما هو الحال في دساتير دول معينة ك"اثيوبيا، سانت كيتز ونفيس، جنوب افريقيا.." على الرغم من ان تثبيت هكذا المادة مطلبا كرديا ملحا حيث صوت 98.76٪ من المصوتين في استفتاء غير رسمي "نظمته حركة الاستفتاء في كردستان" في 2005/1/30 لصالح انفصال كردستان العراق عن الدولة العراقية. فأرى عدم وجود اشارة واضحة بان للاقاليم المكونة لدولة العراق الاتحادية ممارسة حقها في تقرير المصير، لا يبقى للاتحاد الاختياري اي معنى.

ومما يجدر ذكره هنا وردت في ديباجة الدستور الدائم عبارة تنص على أن "الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعبا وأرضا وسيادة".

يفسر البعض بان هذه العبارة اشارة ضمنية على الاتحاد الاختياري فيما بين المكونات الرئيسية للشعب العراقي، ففي حالة اخلال بهذا الميثاق، سيكون للكرد حق ممارسة تقرير مصيرهم وفقا لما يرتئونه لتحديد مركزهم السياسي وتطورهم الاقتصادي والاجتماعي والثقافي وبناء على ذلك التفسير تم ادراج مادة بهذا الشأن في مسودة دستور اقليم كردستان.

على الرغم من انه لم يذكر في الدستور العراقي بان الديباجة تشكل جزءا منه ولكن الديباجة هي روح الدستور ومفسرة لغاياته.

وعلى المرء أن يقف عند خلفية ادراج الفقرة أعلاه حيث كان بمبادرة والحاح من الجانب الكردي في لجنة صياغة مسودة الدستور كبديل عن ادراج مادة صريحة تخص الكرد في ممارسة حقهم في تقرير المصير في حالة الاخلال بهذا العقد.

أما على صعيد اقليم كردستان، فلا يوجد لحد الآن دستور اقر عليه، كل ما هنالك ان برلمان الاقليم يضع لمساته الأخيرة على مسودة دستور للاقليم بغرض طرحها



على الشعب فيما بعد لمناقشتها. فالمسودة المذكورة على الرغم من عدم نشرها بصيغتها النهائية، تنص في الباب الأول، المباديء الاساسية، المادة (8) على:

حق شعب كردستان- العراق في تقرير مصيره بنفسه وبمقتضى ذلك الحق انه يقرر بحرية وضعه السياسي و ويسعى بحرية لتحقيق نمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي وانه اختار اتحادة الحر مع العراق شعبا وأرضا وسيادة ما دام العراق يلتزم بالدستور الاتحادي والنظام الفدرالي الديمقراطي التعددي ويحترم حقوق الانسان الفردية والجماعية. ويحق لشعب كردستان أن يعيد النظر بخيار تقرير مستقبله ومركزه السياسي في الحالات التالية:

**اولا:** انتهاك حرمة الدستور الفدرالي من قبيل عدم الالتزام بالنظام الفدرالي والمباديء الاساسية للدستور والديمقراطية وحقوق الانسان الفردية والجماعية.

**ثانيا:** انتهاج سياسة التمييز العنصري وتغيير الطابع الديموغرافي لكردستان أو العمل على ابقاء آثار ونتائج السياسة السابقة والذي يعد تراجعا عن الالتزام الدستوري بمادة (140) من الدستور الاتحادي.

فبتقديري ان هذه المادة (المادة 8 من مسودة دستور الأقليم)، هي تجسيد للعبارة الواردة في ديباجة الدستور العراقي وتستند اليها، حيث ان ممارسة الكرد لحقهم في تقرير المصير، بموجب هذه المادة مشروطة ومقيدة بالحالات التي ذكرتها أعلاه.

**أما أهم التحديات القانونية والسياسية والاستراتيجية التي تواجه هذه المسألة هي:**

★ لا تزال هناك اطراف عربية، شيعية وسنية، لا تؤمن بتمتع الكرد بادارة مناطقهم والتمتع بحقوقهم القومية المشروعة، وبالرغم من وجود الحظر الموضوعي الجزئي على تعديل الدستور فانها تعمل بجدية لاجراء تعديلات جوهرية على الدستور الدائم فيما يخص الفدرالية وتوزيع الصلاحيات بين المركز والاقاليم وبالتالي لا تزال هناك مخاطر جدية تهدد الترتيبات الدستورية الحالية

فيما يخص العلاقة بين اقليم كردستان والحكومة الاتحادية. ومن هنـا قـد تـصبح المادة (8) من مسودة دستور اقليم كردستان، في حالة اقرارها، مادة للجدال السياسي والقانوني فيما بين الأطراف المختلفة.

* وفقا للدستور العراقي من حق اقليم كردستان "وضع دستور له، يحدد هيكل سلطات الاقليم، وصلاحياته، وآليات ممارسة تلك الصلاحيات على أن لا يتعارض مع هذا الدستور". الا انه كما نعرف بان "تفسير نصوص الدستور"، "الرقابة على دستورية القوانين والانظمة النافذة" و "الفصل في المنازعات التي تحصل بين الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم..." من اختصاصات "المحكمة الاتحادية العليا" والتي يجب على مجلس النواب العراقي سن قانون يحدد عدد اعضاء المحكمة، وطريقة اختيارهم وعمل المحكمة. بمعنى اذا حصل النزاع حول هذه النقطة، فان المحكمة هي المعنية بالفصل في هذا النزاع وان "قراراتها باتة وملزمة للسلطات كافة". ويمكن للمحكمة الاتحادية العليا، الاستئناس و الاستدلال برأي المحكمة العليا الكندية في رأيها حول قانونية انفصال اقليم كيوبيك واستفتاء اكتوبر 1995، حيث اقرت المحكمة المذكورة بقانونية الانفصال في حالتين هما: 1- اذا كان الشعب خاضعا للاستعباد الاجنبي وسيطرته واستغلاله، او 2- اذا لم يسمح لهذا الشعب بممارسة معقولة لحق تقرير المصير الداخلي.

* ان ديمقراطية الاغلبية العددية كا ينادي بها البعض تحت غطاء المواطنة العراقية او الهوية العراقية الواحدة في عراق متعدد الاعراق والديانات والمذاهب وبعد سنوات طوال من القمع و الاضطهاد والاقصاء، ليست لمصلحة قيام وديمومة حكومة دستورية وبالتالي تعميق العملية السياسة الديمقراطية وعدم تمركز السلطات في المركز وظهور سياسة التمييز القومي والديني والطائفي مجددا. من هنا اية محاولة للقفز على هذا الواقع وعدم مراعاة مبدأ التوافق بين مكونات العراق الرئيسية ينجم عنها اللااستقرار ودوامة العنف والعنف المضاد.

* التغيير الديموغرافي لبعض مناطق كردستان لا يزال يشكل تحديا كبيرا، صحيح ان المادة (140) وضعت آلية لمعالجة هذه القضية ومن ثم حددت حكومة الدكتور



المالكي في برنامجها سقفا زمنيا "للتطبيع، الاحصاء، وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الأخرى المتنازع عليها، لتحديد ارادة مواطنيها". الا أن على الصعيد العملي لم تخطو الحكومة لحد الآن خطوة باتجاه عودة الوافدين وكذلك عودة المهجرين كل الى مناطق سكناهم الأصلية. فاستدلالا بقرار الامم المتحدة فيما يخص الاشخاص الذين استوطنوا بعد 1975 في الصحراء الغربية بتحريض او تشجيع من الحكومة المغربية، الذي يمنع مشاركتهم في الاستفتاء المزمع اجراءه لحسم وضعية الصحراء الغربية، لا يحق للوافدين العرب الذين استوطنتهم حكومة صدام حسين في كركوك وغيرها المشاركة في الاستفتاء المزمع اجراءه في نهاية عام 2007 فيما لو بقوا في مكان اقامتهم الحالي بصورة مؤقتة لحين اسكانهم في مناطق سكناهم الأصلية.

* هناك قوميات تعيش مع الكرد في مناطق كركوك، بدرة، مندلي، خانقين، جلولاء، سنجار وغيرها، فلبعض منها او اقسام منها شكوك او حساسية تجاه الحاق هذه المناطق باقليم كردستان وليس من المستعبد أن تصوت بالضد في الاستفتاء المزمع اجراءه في نهاية عام 2007، فمن هنا اعطاء ضمانات دستورية لهذه القوميات بشأن تمتعها بحقوقها السياسية والادارية والثقافية قد يساعد على التقليل من هذه الشكوك والحساسيات.

* الحدود الجغرافية لاقليم كردستان: حيث تم الاعتراف رسميا بالمناطق التي كانت خاضعة لسيطرة الكرد قبل 2003/3/19 وفقا لمادة (53-أ) من قانون ادارة الدولة العراقية في الفترة الانتقالية والتي تم تثبيتها ثانية في الدستور الدائم باعتبارها تقع ضمن حدود اقليم كردستان العراق، اما بالنسبة للمناطق الكردستانية الاخرى والتي تدار حاليا من قبل الحكومة المركزية وهناك نزاع على عائديتها، أمرها متروك للمادة (140) من الدستور والتي يجب حسمها بنهاية عام 2007.

* ان الدول المجاورة والتي يعيش فيها الكرد ولاسيما تركيا لا تناهض فقط ممارسة الكرد لحقهم في تقرير مصيرهم وانما تقف ضد تمتع شعبنا باية حقوق ثقافية

وادارية وسياسية مشروعة وتعلن صراحة انها تقف بقوة ضد اقامة دولة كوردية اينما كانت ولذا ليس غريبا أن تقوم هذه الدول بخلق مشاكل لحكومة اقليم كردستان وحالة عدم الاطمئنان واللااستقرار لعرقلة تطورها وانمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي.

* توسع نشاط وفعاليات الجاميع والشبكات الاسلامية المتشددة في العراق وتسللها الى اراض الاقليم وايجاد موطيء قدم فيها لتعكير حالة الاستقرار والامان الموجودة حاليا وبالتالي خلق ثغرات في جبهة الكرد الداخلية لقطع الطريق أمام اي تطور مستقبلي فيما يخص الكرد في العراق.
* ان تحالف الحزبين الرئيسين في كردستان وتكاتفهما بعد سنوات من الاقتتال الداخلي هو عامل مهم في انجاز المكاسب المتحققة وانهما أمام امتحان صعب في تقديم نموذج ديمقراطي للحكم مبني على سيادة القانون واحترام حقوق الانسان ومناهض للفساد في كردستان، فان افتراقهما او فشلهما في هذا الاداء يشكل ضربة قاصمة لطموحات الكرد الآنية والمستقبلية.
* الابقاء على التحالف مع امريكا والعالم الديمقراطي والتمسك بمعايير حقوق الانسان والديمقراطية ومحاربة الارهاب والعنف والمساهمة في مشروع الشرق الاوسط الجديد.
* ان انسحاب مبكر لقوات التحالف الدولي من العراق، في الوقت الذي لم تترسخ بعد اقدام نظام الحكم الديمقراطي الاتحادي، وتحديات تفاقم الارهاب والعنف الطائفي والقتل على الهوية وحالة اللااستقرار وغيرها ...قد يخلق مصاعب غير قليلة، داخلية واقليمية، أمام الكرد وطموحاتهم.

**(*) نشر هذا المقال في موقع النقاش الالكتروني، 6 ايلول 2006**